# کێشەی ڕۆژهەڵات و ڕاپەڕینی بەدلیس

ناوی کتێب: کێشەی ڕۆژهەڵات و ڕاپەڕینی بەدلیس

ناوی نووسەر: ڕەسوڵ بۆسکێنی

دیزاینی بەرگ‌و ناوەوە: ئومێد محەمەد

پیتچنی: نووسەر

پێداچوونەوەی زمانەوانی: شێروان حسین خۆشناو

چاپ: چاپی یەکەم ٢٠١٧

چاپخانە: حەمدی

تیراژ:٦٠٠

لەبەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی ( ١٧١٤ )ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە

# کێشەی ڕۆژهەڵات و ڕاپەڕینی بەدلیس

ڕەسوڵ بۆسکێنی

## سوپاس

بۆ ساڵح ئەحمەد لێپرسراوی کۆمیتەی  رێکخستنی قەڵادزێی (ی. ن. ک) کە هاوکاربوو لەبەچاپگەیاندنی ئەم بەرهەمەو بۆ بەرپرس‌و کارمەندان چاپخانەی حەمدی‌و هەموو ئەوانەی هاوکارییان کردم، لە بەدیهێنانی ئەم بەرهەمەدا.

## پێشکەشە:

بە هاوسەر و منداڵە خۆشەویستەکانم، کە زۆربەی کاتم تەرخان کـردووە بۆ نووسین و کەمترین کاتم بە ئەوان بەخشیووە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر هاوکارم بوون.

# ناوەڕۆك


پێشەکی........................................................................................................٧

**بەشی یەکەم:**

بارودۆخی دەوڵەتی عوسمانی لەسەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا..............................١٥

کێشەی ڕۆژهەڵات..........................................................................................١٥

بارودۆخی سیاسی کوردستان دوای جەنگی قەرم (١٨٥٣- ١٨٥٦).......................................٢١

جەنگی ساڵانی (١٨٧٧-١٨٧٨) لەنێوان روسیا و دەوڵەتی عوسمانی وکاریگەری لەسەر کورد..........٣٢

خراپی باری ئابووری، برسیتی، نەخۆشی و راپەرینی خەڵکی کوردستان...............................٤٨

لەڕووخانی میرنشینەکانەوە بۆ دەسەڵاتی شێخەکان.......................................................٥٩

شێخ عوبەیدوڵڵا و پەیوەندی لەگەڵ تایفە مەسیحییەکان.................................................٦٥

هەڵوێستی رووسیا بەرامبەر هەوڵەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا...................................................٧٨

هەڵوێستی ئینگلیز و سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر بەکورد..................................................٨١

ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە١٨٨٠-١٨٨١....................................................٨٥

یەکەمین پێکداهەڵپژانی کورد و عوسمانی ١٨٧٩............................................................٨٨

یەکێتی کوردان: فەزای خێڵەکی، رەهەندی ئیتنیکی.......................................................١٠٣

شکستی ڕاپەڕینی ١٨٨٠ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات.........................................................١١٦

ڕاکردنی شێخ عوبەیدوڵڵا لەئەستەمبوڵ بۆ کوردستان......................................................١٢٦

هەوڵدانی شێخ بۆ پێکهێنانی ڕاپەڕینێکی نوێ..............................................................١٢٨

**بەشی دووەم:**

بارودۆخی کوردستان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا...........................................................١٣٧

سوپای ئەنکشاری..........................................................................................١٤٥

عەشیرت مەکتەبی..........................................................................................١٤٨

سوارەی حمیدیە-حمیدیە ئالایلری (ئێستر سوار)..........................................................١٥٢

١: چۆنیەتی پێکهێنانی سوارەی حەمیدیە:.....................................................................١٥٣

٢- هۆی دروست بوونی سوارەی حەمیدیە......................................................................١٦٨

٣- زیانەکانی سوارەی حەمیدیە.................................................................................١٧٢

پەیوەندی کورد و ئەرمەن....................................................................................١٧٨

پیلانی تورکیا و کوشتاری ئەرمەن....................................................... ١٨٤
ئاماری ئەو نەتەوانەی لەسەردەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و تورکیا کۆمەڵکوژ کراون.......... ١٩٨
ڕەوشتی سوڵتانەکان و خەریك بوونیان بەڕابواردنەوە....................................... ١٩٩
ژۆن تورك و ئیتحاد و تەرەقی و بزوتنەوەی تۆرانیێتی (پان تۆرانیزم)..................... ٢٠٥
چۆنیەتی پێکهێنانی ئیتحاد و تەرەقی:....................................................... ٢٠٥
بەشداری کورد لە ڕێکخراوی اتحاد و تەرەقی و هۆی بەشداربوونیان....................... ٢١٥
داواکاری چاکسازی.......................................................................... ٢١٨
مادەکانی چاکسازی.......................................................................... ٢٢٢
کودەتای ١٩٠٨ و بارودۆخی کوردستان...................................................... ٢٢٤
پاشگەز بوونەوەی ئیتحاد و تەرەقی لەبەڵێنەکانی بەرامبەر بەکورد........................ ٢٢٩
بزوتنەوە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان........................................................... ٢٣٥
کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان لەباکوری کوردستان........................................ ٢٣٨
دەستێوەردانی دەوڵەتان لەکاروباری دەوڵەتی عوسمانیدا.................................... ٢٤٣

## بەشی سێیەم:

بارودۆخی کوردستان لەسەرەتای سەدەی بیستەم............................................. ٢٥١
ڕاپەڕینی مەلا سەلیم و شێخ شەهابەدین و هاوڕێکانی...................................... ٢٦٥
بدلیس مەڵبەندی ڕاپەڕینەکە................................................................. ٢٧١
کەسایەتی مەلا سەلیم........................................................................ ٢٧٦
گەڕانەوەی مەلاسەلیم و هاوڕێکانی بۆ کوردستان.......................................... ٢٨٠
خۆئامادە کردن بۆ ڕاپەڕینەکە................................................................ ٢٨٢
سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکە...................................................................... ٢٨٦
دوا هەنگاوەکانی ڕاپەڕینەکە................................................................. ٢٩٥
ڕووبەڕووبوونەوەکەی شێخ سەعید عەلی لە خێزان (قەرسۆ) لە ساڵی ١٩١٤............... ٢٩٨
تەقینەوەی ڕاپەڕینەکە........................................................................ ٣٠٣
کۆتایی هاتنی ڕاپەڕینەکە..................................................................... ٣١٦
دەربارەی ڕاپەڕینەکە لەڕۆژنامە و بڵاوکراوەکاندا.......................................... ٣٣١
هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی ڕاپەڕینەکە....................................................... ٣٣٥
ئەنجام......................................................................................... ٣٤١
سەرچاوەکان.................................................................................. ٣٤٣

# پێشەکی

مێژووی گەلی کورد پڕیەتی لە ڕووداوی ناخۆش و کارەساتی دڵتەزێن، لە ئەنجامی بەرخودان و فیداکاری بۆ نیشتمان و سەرفرازی نەتەوەی کورد، سەدان داستانی قارەمانێتی و بەرگری لە نیشتمانی خۆشەویست و گەلی سەربەست ڕوویان داوە، هەندێك لە مێژووی ئەو کارەساتانە زۆر کەم لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر کراوە، لەرووی سەرهەڵدان و شکست و لەناوچون، هۆکارەکانی چین و لەئەنجامی چیەوە سەریان هەڵداوە و ئاکامی بەچی گەیشتووە، بۆ داهاتوو سوودمان لی وەرنەگرتوون، لە کاتێکدا زۆر جێگای مێژووی کورد بەدەست نەیارەکانیەوە مێژوویەکی نادیار و شێوێنراوە، لەبەرئەوەی زۆربەی جار نووسەرانی مێژووی کورد دوژمنانی نەتەوەی کورد و خەڵکی بیانی بوون، هەندێك جار لەبەر نەشارەزایی و هەندێك جاریش بەئەنقەست مێژووی کوردیان شێواندووە.

بێ گومان هەموو لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیەک تاڕادەیەک کۆمەڵێک کۆسپ و تەگەرەی دێتەبەردەم، چونکە مێژووی کورد بەشی زۆری لەلایەن نەیارەکانیەوە نووسراوە، لەو نووسینانەشدا هەرچی نووسینی دەوڵەتە داگیرکەرەکانە بەهۆی کۆنەپەرستی و شۆڤێنیەوە، لەڕووی زانستیەوە هیچ گرنگیەکیان نییە، چونکە ئەرکی سەرەکی ئەو نووسەرانە چەواشەکردنی خوێنەران و ڕای گشتییە، بەهۆی بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی ناشیرین دەربارەی مێژووی گەلی کورد، هەرچەندە ئەو نووسینانە نکوڵی لە بوونی گەلی کورد و زمان و فەرهەنگ و مێژووەکەی دەکەن، سەرەڕای ئەوەش دەکرێت لەناو دێڕی ڕووداوەکاندا زۆر وشەی بەسوود بدۆزینەوە، دەربارەی قارەمانێتی و ئاستی گەشەکردنی لایەنی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی کورد بۆ هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی سەربەخۆیی، دڵڕەشانی دوژمنی نەتەوەی کورد نەیانتوانیوە ئەو ڕاستیانە لەناو نووسینەکانیاندا بشارنەوە. لەلایەکی دیکە نووسینی مێژوونوسانی ئەورووپا و ڕۆژئاوا ئەوانەی بۆ کاری سیخوڕی و ڕاوێژکاری سیاسی و گەشتیاری هاتوونەتە کوردستان ئەوانەش زۆربەی زۆریان لەشێوەی یادەوەری و ڕاپۆرتدا لەبەرژەوەندی وڵاتەکانی خۆیان نووسیویانە، نووسەرە ئینگلیزەکان لەهەموویان زیاتر گرنگیان بەمێژووی کورد داوە، هەڵبەت لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەتایبەت ئینگلیز پێش هەرەس هێنانی دەوڵەتی عوسمانی مرخیان لە میراتی (پیاوەنە خۆشەکە) خۆش کردبوو. ئەوانە بێ ئەم لاو ئەولا پاکانە بۆ سیاسەتی کوشت و بڕی

دوژمنانی کورد دەکەن، بەتایبەت تورکەکان. زۆرجار لە نوسینەکانیاندا ئاماژەیان بەوە داوە کورد نەتەوەیەکی دڕندە و شەڕانی و تاڵانی و دزی و ڕاوەڕووت و جەردەن و پەلاماری دانیشتوانی شارەکان دەدەن و ناهێڵن دەوڵەتی عوسمانی چاکسازی بکات، یاخود کورد بەهاندانی بێگانە ئەو ڕاپەڕینانەی هەڵگیرساندووە، ئەمە بەمەبەستی پاکانە دارێژراوە، بۆ کاڵ کردنەوەی تاوانەکانی تورکە دڕندەکان، بێ گومان دەوڵەتانی کۆنەپەرستی دوژمنی کورد، کەڵکی زۆریان لەم جۆرە نووسیانە وەرگرتووە، بۆ مەسەلەی تواندنەوی نەتەوایەتی کورد لەناو خۆیاندا. لەگەڵ ئەوەشدا نووسینەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا دەربارەی کورد زانیاری و بەڵگەنامەی زۆریان تێدایە، باسی لایەنە جۆربەجۆرەکانی کورد دەکەن. ئەگەر بەئاگاییەوە سەیر بکرێن دەتوانرێت سوودی زۆریان لێ وەربگیرێت.

ئەگەرچی بەشێوەیەکی بابەتی ئەوانەی لەبزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد دەکۆڵنەوە، پێیان وایە بزوتنەوەکانی سەدەی هەژدە و نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست بزوتنەوەی دەرەبەگایەتی بوون، چونکە پێیان وایە لەڕووی زانستیەوە بزوتنەوەی نەتەوایەتی لەشارەوە سەرهەڵدەدا و لەبنەڕەتدا بزوتنەوەی نەتەوەیی بزوتنەوەیەکی شارییە و چینی بۆرژوازی شارەکان ڕێبەرایەتی دەکەن، بەپێچەوانە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد زۆربەیان لە لادێوە بەڕێبەرایەتی دەرەبەگ و پیاوە ئاینیەکان سەری هەڵداوە، بەڵام لەڕاستیدا ناکرێ ئەو ڕاپەڕینانەی کورد لەسەدەی هەژدە و نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست بە بزوتنەوەی دەرەبەگی ناوببەین،

چــونكە لەڕاســتیدا ئــەو ڕاپەڕینانــە خــەباتی نەتەوایــەتی كوردیــان بەرەوپێشەوە برد و گەشەیاندا بە بزوتنەوەی ڕزگـاریخوازی و نەتەوایـەتی گەلی كورد، لەلایەكی تریشەوە لەنیوەی دووەمی سەدەی نـۆزدەوە پیـاوە ئاینییەكانی كوردستان ڕۆڵێكـی گرنگیـان لەخـەباتی نەتەوایـەتی كـورد دا گێڕاوە، بەڵام زۆرجـار ئـەو نووسـەرانە هـەر تـەنیا لەبـەر ئـەوەی ڕێبـەری ڕاپەڕینەكە پیاوێكی ئـاینی بـووە، زۆر بەئاسـانی تۆمـەتی كۆنەپەرستیان داوەتە پاڵ ڕاپەڕینەكە، ئەمەش هەندێك جار لەنرخی ئەو نووسـینانە كـەم دەكاتەوە.

سـەدەی بیسـتەم لـە مێـژووی گـەلی كـوردا سـەردەمێكی ئـاڵۆز و پـڕ كێشەیە، لـەو ماوەیـەدا كوردەكـان هاتنـە نـاو چوارچـێوەی بەرژەوەنـدی سیاســی وڵاتــە گــەورە و بڕیاربەدەســتەكانی، وەك رووســیا و وڵاتــانی ئەورووپای ڕۆژئاوا، ئەمە وای كرد ژیانی كۆمەڵایەتی گەلی كـورد گۆڕانكـاری زۆری بەسـەرداهات، پەیوەنـدی بازرگـانی و سـەرمایەداری هاتـە ئـاراوە، دواتــریش ڕاپــەڕین و بزوتنــەوە نەتەوایەتیــەكانی دەرەبــەگ و پیــاوە ئاینیەكان دژی داگیركەری ئیمپڕاتۆری عوسمانی و ئێرانی بوونە ڕاپـەڕینی گشـتی و جـەماوەری، بەمەبەسـتی ڕزگـاربوون لـە دەسـەڵاتی بێگانـە و بەدەست هێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، ئەمانە هەمووی دیاردەی بـاوی ئـەو سەردەمە بوون. ئەم كارەی بەردەستتان یـەكێك لـە ڕاپەڕینـە گرنگـەكانی بزوتنــەوەی ڕزگــاریخوازی ســەرەتای ســەدەی بیســتەمی گــەلی كــوردە، بەسەرۆكایەتی مەلا سـەلیم و شـێخ شـەهابەدین و هاوڕێكانیـان لـەپێناوی

سـەربەخۆیی وڵاتەكـەیان دژی زۆرداری و چەوسـاندنەوەی نەتـەوەیی و كۆمەڵایەتی لە دەوڵەتی عوسمانیدا، خەباتی بێ وچـان و هـەوڵی زۆریانـدا لەپێناوی سەربەخۆیی نیشتمان، ئەگەرچی بەهۆی بارودۆخی تایبەتی ئـەو كاتـەی كوردسـتان، كـاتی هەڵگیرسـاندنی ڕاپەڕینەكـە لـە ڕووی كاتـەوە پێشكەوت، چونكە هێشتا نەتوانرابوو، وەك پێویست بۆ ئەو ڕاپەڕینـە خـۆ ئامادەبكرێـت، بـەڵام بـەبێ ویسـتی مەلاسـەلیم و هاورێكـانی ڕاپەڕینەكـە تەقیەوە و بەناچاری ئەوانیش ڕێگای ئازادی و سـەربەخۆیی كوردسـتانیان هەڵبـژارد، بەداخـەوە دواتـریش بەشـێوەیەكی كارەسـاتبار و چـاوەڕوان نەكراو كۆتایی بە ڕاپەڕینەكە هات.

هەرچەندە لەسەرچاوە مێژووییەكاندا زۆر كەم دەربارەی ئەم ڕاپەڕینە نووسـراوە، بـەڵام ئێمـە لـەم نووسـینەدا ئەوەنـدەی دەڕۆسـت هـاتبین و بڕستمان هەبووبێت، هەوڵمان داوە هۆكارەكانی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەكە و گەشـە كـردن و شكسـتەكانی ڕاپەڕینەكـە ڕوون بكەینـەوە، باسـەكەمان بەسەر سێ بەش دابەش كردووە بەم شێوەیە:

بەشـی یەكـەم: هەوڵمانـداوە ڕوودا و هۆكارەكـانی پـێش ڕاپەڕینەكـە ڕوون بكەینەوە، كە خۆی لە كێشەی ڕۆژهەڵاتـدا دەبینێتـەوە، بـۆ ئـەوەی خوێنـەر بەرچـاوی ڕوون بێـت، لـە كاریگـەری هۆكارەكـانی سـەرهەڵدانی ڕاپەڕینەكە، چونكە ڕاپەڕینەكە درێژكراوەی ڕووداوەكانی بەرلەخۆی بـوو، ڕوون كردنەوەی كێشەی ڕۆژهەڵات ئەوەندەی پێویست بێت بۆ ئـەم باسـە بەشـێوەیەكی كـورت پێشچـاومان خسـتووە، بەتایبـەت بـارودۆخی كـورد

لەسەدەی نۆزدەدا، کوردستان لەلایەن سەرۆك خێڵە کوردەکانەوە بەڕێوەدەبرا، میرنشینەکوردەکان بەشی زۆری کوردستانیان بەدەستەوە بوو، لەرووی دەزگا و دامەزراوەی میرنشینەکانیانەوە بەڕێوە دەبرا. بەڵام لەناوەراستی سەدەی نۆزدە دەوڵەتی عوسمانی شکستی بەدەسەڵاتە میرنشینە خۆجێیەکان هینا و دەسەڵاتی ناوەندی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشا. دواتر شەڕی نێوان رووس و تورك و هاتنە پێشەوەی پیاوە ئاینییەکان لەبزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد، بەتایبەت ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری. هەروەها ڕاپەڕینەکانی کوڕەکانی بەدرخان پاشا و ئەنجامەکانی ئەو ڕووداوانە.

بەشی دووەم: ڕووداوەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدە لە خۆی دەگرێت، وەك بارودۆخی نالەباری دەوڵەتی عوسمانی، سوارەی حەمیدیە، کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان، چیرۆکەکانی کۆشکی سوڵتان، سەرهەڵدانی کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی، گەشەکردنی بزوتنەوەی ڕۆشنبیری و سیاسیەکانی کورد و سەرهەڵدانی کۆمەڵە و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کورد. بڵاوکردنەوەی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەناوی "کوردستان" لەلایەن میقداد مەدحەت بەدرخان لەقاهیرە، ئەستێرەیەکی گەش و پرشنگداربوو، لەژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری و فەرهەنگی و کۆمەلایەتی نەتەوەی کورد لەو ڕۆژگارەدا.

بەشی سێیەم: سەرەڕای بارودۆخی نەتەوەی کورد لەسەرەتای سەدەی بیستەم، ئەم بەشە کە مەبەستی سەرەکی ئەم نووسینەیە

تەرخان کراوە بۆ سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی بدلیس و گەشەکردن و شکست هێنانی ڕاپەڕینەکە و هۆکارەکانی شکستی ڕاپەڕینەکە، هەرچەندە ئەم ڕاپەڕینە کەمترین زانیاری لەسەر نووسراوە، یان هێشتا لەناو بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی و وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەورووپا و وڵاتانی تردا ڕووناکیان نەبینیوە، ئێمە بەپێی دەستکەوتنی سەرچاوە و بەدەست هێنانی زانیاری لەسەر ڕاپەڕینەکە ئەوەندەی بۆمان کرابی بارودۆخی ڕاپەڕینەکەمان ڕوون کردۆتەوە، هیواداریین لەداهاتوودا بەڵگەنامەی زیاتر بکەوێتە دەست بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی ڕاپەڕینەکە و ئاشناکردنی خوێنەران و دڵسۆزانی مێژووی نەتەوەی کورد بە تەواوی ڕووداوەکانی ڕاپەڕینی بدلیس بەسەرکردایەتی مەلا سەلیم و شێخ شەهابەدین.

هەرچەندە بەداخەوە ئێمە ئەو هەلەمان بۆ نەڕەخساوە بتوانین دەستمان بگاتە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی وڵاتە پەیوەندیدارەکانی، وەك دەوڵەتی عوسمانی و ئێران و رووسیا و بەریتانیا و فەرەنسا و وڵاتانی تر و لێیان بکۆڵینەوە، بەڵکو لەم کارەدا هەژارانە و بەشێویەکی گشتی کار لەسەر ئەو نووسینانە کراوە، پێشتر لەلایەن نووسەرانی تر لێرە و لەوێ دەربارەی ڕاپەڕینەکە نووسراون، وەکو بەڵگەنامە پێشچاو خراون. ئەوانەی جێگای بڕوای ئێمە بوون و سەرنجیان ڕاکێشاوین، بەتایبەت ئەو بەڵگەنامانەی لەئەرشیڤی وڵاتانی پەیوەندیدارەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی شیرینی کوردی، زۆرجاریش هەر لەسەر زمانی نووسەرەکان وشەکانی ئەوانمان دووبارە کردۆتەوە. هەرچەندە ئەم وشانە بەلای

ئێمــەوە ناپەســند و لەســەرزار خــۆش نــین، بــەڵام بــۆ ئــەوەی لــەگرنگی نووســینەکە کــەم نەکەینــەوە، ئێمــە وشــەکانمان ڕەونەقــدار نــەکردووە و نــەمان ڕازاندوونەتــەوە، بــەڵکو هــەر بەشــێوەی بــەکارهێنانی نوســەرەکە دووبارەمــان کردوونەتــەوە، چــونکە مەبەســتی ئێمــە دەرخســتنی لایەنــە ڕاســتیەکانی مێــژووی گــەلی کــوردە، نــەك دڵنــەوایی و پیاهەڵدانی هەنــدێ کەس، لــەو ڕووەوە ئەگــەر کەموکوڕیــەك هــەبێت یــاخود لەبەردیــدی ئێــوە شێوەیەکی نەشیاوی هەیە، داواکارم بەگەورەیی خۆتان بمانبوورن.

**ڕەسوڵ بۆسکێنی**

**٨- ٥- ٢٠١٦**

# بەشی یەکەم

# بارودۆخی دەوڵەتی عوسمانی لەسەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا

## کێشەی ڕۆژهەڵات

کێشــەی ڕۆژهــەڵات مێژوویــەکی قــوڵی هەیــە، ئەمــەش بــەلاواز بــوونی دەوڵەتی عوسمانی و هاتنــە نــاوەوەی دەســەڵاتی وڵاتــانی ئــەوروپایی بــۆ ناوچەی ڕۆژهەڵات دەرکەوت، کێشەی ڕۆژهەڵات وەك زاراوە بۆیەکـەم جـار لەکۆنگرەی (ڤیرۆنا) لەتشرینی یەکـەمی سـاڵی (١٨٢٢) بـەکارهات، کـاتێ کۆنگرەکە لە شاری (ڤێرنا)ی ئیتالی گرێدرا.[١] ئەم کێشەیە بریتـی بـوو لـە

---

[١] کامەران محەمەد حاجی، کوردستان لەبازنـەی کێشـەی ڕۆژهەڵاتـدا، ١٨٠٠– ١٩٠٠، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٧.ل ١٦.

ململانێی ئاڵۆز و دژوار لەنێوان وڵاتە زلهێزەکانی جیهان لەڕۆژهەڵاتدا.[٢] هەندێك لە مێژوونووسان پێیان وایە کێشەی ڕۆژهەڵات بریتیە لەململانێ و ناکۆکی بەشێك لەوڵاتانی ئەوروپایی بەرامبەر بەدەوڵەتی عوسمانی، لەسەر بنچینەی بوونی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، هەندێکی تریان لایان وایە بریتیە ناکۆکی و ململانێ لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لەسەردەمە جیاوازەکاندا وەك هەڵمەتەکانی یۆنان و فارس و شەڕەکانی ڕۆمان و عەرەب و شەڕی خاچ هەڵگرەکان...هتد. لەلایەکی تر کێشە و ململانێی نێودەوڵەتی لەنێوان وڵاتانی ئەوروپایی و سەرهەڵدانی کێشەو لاوازی دەوڵەتی عوسمانی هاتبووە ئاراوە، تا ڕووخانی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی و بەرجەستەکردنی بەرژەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی و چاوتێبڕینی وڵاتانی ئەوروپا لەدەوڵەتی عوسمانی، کەواتە دەتوانین بڵێین کێشەی ڕۆژهەڵات بریتی بوو لە کێشەی دەسەڵاتی عوسمانی لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا، لەباشووری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و هەڵپەکردنی زلهێزە ئەوروپاییەکان بۆ دەست کێشانە ناو کاروباری ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی بەبیانوی کێشەی ناوچە بن دەستەکان.[٣]

سەبارەت بەتێگەیشتن و توێژینەوە لەکێشەی ڕۆژهەلات لەپەیوەندی و کاریگەری ڕووداوە مێژووییەکانی ئەم ماوەیە (١٧٧٤-١٩٢٣) کارێکی ئاسان نییە، هەر لەبەر ئەمەش مێژوونووسان و پسپۆڕانی تایبەت بەم

(٢) مصطفى محمد کریم، جەنگی (قەرم) ١٨٥٣- ١٨٥٦ ز هۆکار و دەرەنجامەکانی، گۆڤاری مێژوو، ساڵی سێیەم، ژ١٠ بەهاری ، ٢٠٠٩ . ل٩٧.
(٣) مصطفى محمد کریم، هەمان سەرچاوە ، ل٩٧- ٩٨.

دۆزە پـەنایان بردۆتەبـەر دابەشـکاری و قۆنـاغ بەنـدی جـۆراو جـۆر هـەر یەکەیان لەڕوانگەی خۆیەوە مامەڵەی لەگەڵ کردووە، لەبەر ڕۆشـنایی ئـەو زانیاریانە هەروەکو (هاشم ساڵح تکریتی)

وای بۆدەچێ دەتوانین کێشەی ڕۆژهـەڵات دابـەش بکـەین بەسـەر سـێ قۆناغدا:

**قۆنـاغی یەکـەم:** لـە پەیماننامـەی (کوچـوك کەینارچـی)ەوە، کـە پەیماننامەیەك بوو لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و ڕووسیای تەزاری بەسترا، بەپێی ئەم پەیماننامەیە ڕووسیا بووە خاوەنی جیاوگەی زۆر گـرنگ لـەناو دەوڵەتی عوسمانیدا، و وازهێنانی دەوڵەتی عوسمـانی لەناوچـەیەکی زۆری خاکەکەی لەقەفقاس، ئازادی هاتوچۆ کەشـتیگەلی ڕووسـیا لـەدەردەنیل و وەرگرتنـی مـاف بـەپاریزگاری کـردن لەڕەعیەتـەکانی ئەرسەدۆکسـی لەناودەوڵـەتی عوسمانیـدا.[٤] لەسـاڵی (١٧٧٤)، تـاکو کۆتـایی جـەنگی کریمە( Crima) لە ساڵی (١٨٥٦) لـەگرنگترین سـیماکانی ئـەم قۆناغـە، دەرکەوتنی ڕۆڵی ڕووسـیایە لەکێشـەی ڕۆژهەڵاتیـدا، زۆربـەی جەنگـەکانی نێـوان ڕووسـیا و دەوڵـەتی عوسمـانی لـەم قۆناغـەدا لەپێگـە و زاڵ بـوون بەسەر کەنارەکانی دەریای ڕەش و ناوچەکانی قەفقاز و باڵکان، هـەروەها ڕووبـەڕوو بوونـەوەی هەوڵـەکانی ڕووسـیا لەلایـەن فەڕەنسـا و بـەریتانیا لەسـیماکانی تـری ئـەم قۆناغـەن. بەتایبـەتی دوای گرێـدانی پەیماننامـەی (کوچوك کەینارچی) و پەیماننامەی (ئونکیار سکەلەسی) لەساڵی (١٨٣٣) لەنێوان ڕووسیا و دەوڵەتی عوسمانیدا، دەستکەوتی زۆری بۆ ڕووسیا تێدا

---

(٤) مصطفی محمد کریم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٤.

بوو، لەلایەك و لەلایەكی تر پاڵپشتی كردنی دەوڵەتی عوسمانی لەلایەن فەڕەنسا و بەریتانیاوە.[٥]

**قۆناغی دووەم:** ئەم قۆناغە لەكۆتایی جەنگی قەرەم دەست پێدەكات تاكۆتایی سەدەی نۆزدەیەم، لەگرنگترین سیماكانی ئەم قۆناغە لاواز بوونی ڕۆڵی ڕووسیایە لەكێشەكەدا، توندبوونی ململانێی نێوان زلهێزە ئەوروپاییەكان بەتایبەت بەریتانیا و فەڕەنسا لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەكانیان لەدەوڵەتی عوسمانی و گرنگی دان بەكێشەی ڕۆژهەڵات[٦]، هەروەها گۆڕانكاری لەسیاسەتی بەریتانیا و فەڕەنسا لەم قۆناغەدا لەپاڵپشتی كردن لەدەوڵەتی عوسمانی، بۆ داگیركردنی چەندین ناوچە لەدەوڵەتی عوسمانیدا وەك قوبرس و میسر و تونس...هتد. [٧]چەكەرەكردنی بیری نەتەوەیی لەناوچەی باڵكان، دووبارە ڕووسیای هێنایەوە مەیدان، لەڕێگای پشتگیریەكانیەوە بۆ شۆرش و ڕاپەڕینەكان لە (بۆسنە، هرسك، بولگاریا، سێربیا، و چیای ڕەش)دا. [٨]

هەڵگیرسانی شەڕی ساڵانی (١٨٧٧– ١٨٧٨) لەنێوان ڕووسیای تزاری و دەوڵەتی عوسمانی، یەكێك بوو لەڕووداوە گرنگەكانی ئەم قۆناغە، سەركەوتنەكانی ڕووسیا و نزیك بوونەوەیان لە ئاستانە، بووە هۆی وروژاندنی زلهێزەكانی تر بەتایبەت بەریتانیا، ناچار بوونی دەوڵەتی

---

[٥] كامەران محەمەد حاجی، سەرچاوەی پێشوو ل ١٩.
[٦] كامەران محەمەد حاجی، هەمان سەرچاوە ل ٢٠.
[٧] مصطفى محمد كريم، سەرچاوەی پێشوو ل١٠٣.
[٨] كامەران محەمەد حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

عوسمانی و مۆرکردنی پەیماننامەی (سان ستیڤانۆ)[٩] ئەوەی گەلێ بەندی قورسی خستەسەرشانی دەوڵەتی عوسمانی، سەرەڕای ئەوەش بەریتانیا بێزار بوو لە زیادبوونی دەسەڵاتی ڕووسیا لەباڵکان، بووە هۆی پەیمانێکی نهێنی نێوان بەریتانیا و دەوڵەتی عوسمانی، بەریتانیا دورگەی قبرسی دەستکەوت بەرامبەر بە بەرپەرچدانەوەی ڕووسیا.[١٠] ئەمەش بووە سەرەتای دابەشکردنی موڵکەکانی دەوڵەتی عوسمانی.

**قۆناغی سێیەم:** ئەم قۆناغە لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەم دەست پیدەکات تا ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی لەساڵی ١٩٢٣، یەکێك لەسیما گرنگەکانی ئەم قۆناغە بریتییە لە کەم بوونەوەی ڕۆڵ و کاریگەری کێشەی ڕۆژهەڵات لەپەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان.[١١] بەریتانیا وازی هێنا لە پەرتەوازە نەبوون و پارێزگاری کردن لە موڵکەکانی دەوڵەتی عوسمانی، لۆرد سالزبێری (Salisbury) (١٨٣٠– ١٩٠٣) سەرۆك وەزیران، بەئاشکرا گوتبووی دەوڵەتی عوسمانی :" چاری نییە و دەبێ لەماوەیەکی کورتدا دابەش بکرێت." فەرەنسا چەند ناوچەیەکی ڕۆژئاوای عەرەبی داگیرکرد. لەسیماکانی تری ئەم قۆناغە پەرەسەندنی زیاتری ڕۆڵی ئەڵمانیا بوو لە کێشەکەدا، بووە هۆی توندوتیژی لە زۆرانبازی نێوان

---

[٩] پەیماننامەی سان ستیڤانۆ لە (٢٩ سەفەری ١٢٩٥ ك = ٣ مارس ١٨٧٨ ز ) لەنێوان رووسیا و ئیمپراتۆری عوسمانی بەسترا، لە کۆتایی جەنگی رووسی– تورکی ١٨٧٧– ١٨٧٨) لە سان ستیڤانۆ لە ڕۆژئاوای ئەستەمبوڵ – تورکیا.
https://ar.wikipedia.org/wiki/%

[١٠] کامەران محەمەد حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.

[١١] مصطفى محمد کریم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣.

زلهێزەکان، کە پێشتر نموونەی نەبووە. بەتایبەت کاتێ ئەڵمانیا بووە یەکێك لەدەوڵەتە پێشکەوتووەکان لەبواری پیشەسازی و ئامێر و سەربازیدا، دواتریش بەنزیك بوونەوەی لە دەوڵەتی عوسمانی و زاڵ بوونی بەسەر ڕۆڵی بەریتانیا و خۆی بەپارێزەری دەوڵەتی عوسمانی دانا، ئەو ڕکابەرێتیە بووە هۆی نزیك بوونەوەی بەریتانیا و فەڕەنسا و ڕووسیا پێش جەنگی یەکەمی جیهانی، لەئەنجامدا بووە هۆی لێك هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی، دواتریش لەساڵی (١٩٢٢) کۆتایی بەدەسەڵاتی سوڵتان نشینی عوسمانی هێنا.(١٢)

باسی کێشەی ڕۆژهەلات باسێکی دوور و درێژ و ئاڵۆز و تاقەتپڕووکێنە، باسەکەی ئێمەش ڕاپەڕینی (بدلیس)* بەسەرۆکایەتی مەلاسەلیم، دەکەوێتە کۆتایی قۆناغی دووەم و سەرەتای قۆناغی سێیەم، لەبەرئەوە ئێمە خۆمان لەباس کردنی قۆناغی یەکەم و سێیەم دەبوێرین و

---

(١٢) کامەران محەمەد حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥-٢٦.

*سەبارەت بەناوی بدلیس، شرفخانی بدلیسی، لەلاپەڕە ٦٣٥، شرفنامەدا، دەڵێت: نوسەرانی تورك و فارس هەندێك جاران بەپیتی (ت)ی یان نوسیووە، بەڵام هەر دالەکە ڕاستە، چونکە ئەوی زۆر لەباوە و لەزمان زانای بەئاگاوە دەگێڕنەوە: قەڵای بدلیس شوێنەواری ئەسکەندەری یۆنانییە، بدلیس ناوی یەکێك لە پیاوانی ئەسکەندەر قەڵا و بازێڕی بدلیس ئەو پیاوە بنیاتی ناوە. بدلیس بەفەرمانی خونکار دوو فرسەخ دوور لەو سەرچاوە، لەنێوانی کسور و ڕەبات قەڵاو شارێکی بنیاتنا. ئەسکەندەریش فەرمانڕەوایی بدلیسی هەر بەخۆی بەخشی. شارەکەشی هەر بەناوی ئەوەوە ناونا (بدلیس). لەلایەکی تریش (محمدالدین کوڕی یەعقوبی فەیروزئابادی) خاوەنی قاموسی (لوغەتی قاموس) لەمەڕ ئەو ناوە دەنوسێ: "بدلیس بەجێگایەك دەڵێن: ئاو و هەوای سازگار بێ" (شرفخانی بدلیسی، شەرەفنامە، وەرگێڕاوی: هەژار، چاپی دووەم، تاران ١٩٨١، ل٦٣٥.

لێکۆڵینەوەکەی ئێمە تەنیا قۆناغی دووەم دەگرێتەوە، هەوڵ دەدەین بەپێی توانا ڕووداو و کێشەکان ڕوون بکەینەوە و ئەوەندەی پەیوەندی بەکێشەی کورد و کاریگەرییەکانی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی (بدلیس)ەوە هەیە لێی دەدوێین.

## بارودۆخی سیاسی کوردستان دوای جەنگی قەرم (١٨٥٣- ١٨٥٦)

لەدوای ڕوخاندنی میرنشینە کوردییەکان کۆتایی بەقۆناغێکی گرنگی مێژووی کورد هێنا، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد پێینایە قۆناغێکی تازەوە، ئەوسا کورد هاتەوە هۆش خۆی و گومانی لە هەستی ئەو برایەتی ئیسلامییە پەیدابوو، کە دەوڵەتی عوسمانی هەمیشە پەنای بۆ دەبرد و هاووڵاتیەکانی بە ناوی سۆزی ئاینی و خزمەت بەئاینی ئیسلام لەخشتە دەبرد، ئیتر لەوەدوا چەند شۆڕش و ڕاپەڕینێك بەرپابوون، شێخانی تەریقەت وەك دەرکەوتنی توێژێکی کۆمەڵایەتی نوێ ڕێبەرایەتی ئەو ڕاپەڕینانەیان گرتەدەست و لە ئاراستەکردنی گەلی کورد بۆ ڕاپەڕین دژی دوژمنەکانی جێگای میرەکانی پێش خۆیان گرتەوە، بەڵام سەرەڕای هەوڵی شێلگیرانە بەهۆی کزی هەستی ناسیۆنالیزمی کوردی و پێنەگیشتنی ئەو شۆڕشانە، بێ ئەوەی ئاکامێکیان لێ دەستگیر بێ و هیچ ئەنجامێکی دڵخۆشکەریان لێ بکەوێتەوە، یەك لە دوای یەك لەلایەن دوژمنانی کورد و دەسەڵاتدارەکانی تورکەوە بەزەبری ئاین یا لە ڕێگەی فرۆفێڵ و فریوخواردنەوە بەهاوکاری و یارمەتیدانی دەوڵەتانی زلهێزی جیهانی لەناوچەکە کپ کرانەوە.

لەسەدەی نۆزدە بەدواوە ڕووسیا لەهەوڵی فراوانخوازی دابوو، بەئاڕاستەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕووسیا دەیویست دەست بەسەر ئاسیای بچوك و باكووری ئەفریقادا بگرێت، تا چنگی لەهیند گیربێت و دەستی بگاتە قەفقاز و دەریای سپی ناوەڕاست، بەمەبەستی پتەوكردنی بازرگانی لەباشووردا.[١٣]

بەریتانیا لە فراوانخوازیەكانی ڕووسیا نیگەران بوو، لەبەر ئەوە لەزۆربەی پەیماننامەكانی ڕووسیا و هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێران دەستێكی باڵای هەبوو، بۆ ئەوەی ڕووسیا گیرۆدە بكات و بەهەندێك بەرژەوەندی بچوكتر ڕازی بكات. ئەویش زیاتر بەخشینی ناوچەكانی كوردستان بوو لەنێو خۆیاندا بەش دەكرد.[١٤]

سەبارەت بە چاوتێبڕینی لەتوركیا و بەرژەوەندیەكانی بەریتانیا ڕووسیا پێشنیارێكی بۆ بەدابەش كردنی دەوڵەتی عوسمانی لەساڵی (١٨٥٣) وەك پێشنیارێك لەلایەن ڕووسیا بەشێوەیەكی فەرمی بەباڵیۆزی بەریتانیا لە ڕووسیا كرا، ناوەرۆكەكەی بریتی بوو لە وەرگرتنی تەنگەبەری بسفۆر و داگیركردنی ئەستانە لەلایەن ڕووسیای قەیسەری بەشێوەی كاتی، هەرێمەكانی دەوڵەتی عوسمانی لەئەوروپا دەوڵەتێكی سەربەخۆ بێت، لەبەرامبەردا ئەگەر بەریتانیا ڕازی بێت ئەوا میسر و قبرس وەردەگرێت. پڕۆژەی ئەوكاتی بەریتانیا پارێزگاری كردن بوو لەمانەوەی

---

[١٣] هەستیار محەمەد عەلی، پێشینەی پەیوەندییەكانی نێوان كوردو ڕووسیا، گۆڤاری. كەلتور، ساڵی یەكەم، ژمارە(١) تشرینی ٢٠١٠، ل ٧٠.
[١٤] هەستیار محەمەد عەلی، هەمان سەچاوە، ل ٦٣.

دەوڵـەتی عوسمـانی لەبەرامبـەر فراوانخوازیـەکانی ڕووسـیادا.[١٥] بـەڵام پشـتگیری کردنیـان خۆشەویسـتی بـۆ دەوڵـەتی عوسمـانی نـەبوو، بـەڵکو دەیانویست دەوڵەتی عوسمانی بەلاوازی بمێنێتەوە، تـاکو وەکـو نێچـیرێك ئاسـان بێـت بۆیـان. و دانـانی دەوڵـەتی عوسمـانی وەك بەربەسـتێك لەبەرامبەر قەڵەمڕەوی ڕووسیا بۆ وەدەست هێنانی پارێزگاری لـە ڕێگـای هیند.[١٦]

هەڵگیرساندنی جەنگی قەرم ساڵی (١٨٥٣– ١٨٥٦) لەنێوان ڕووسـیا و ئیمپڕاتۆریـەتی عوسمـانی کاریگـەری خراپـی کـردە سـەر ناوچـەکە، لەئـەنجامی زوڵـم و زۆری دەوڵـەتی عوسمـانی دژ بـەکورد لـەکاتی شـەڕی قەرم و بەسوود وەرگرتن لەو بارودۆخـە، ڕاپـەڕینێك لـە کـانوونی یەکـەمی سـاڵی (1854) لـەناو جەرگـەی کوردسـتان، بەسـەرۆکایەتی یەزدانشـێر هەڵگیرسا، بەماوەیەکی کەم تـوانی هـەموو مەڵبەنـدی نێـوان گـۆڵی وان و ورمێ ڕزگار بکات. لە باشوری ڕۆژهـەڵاتی ئـەنادۆڵ بۆتـان و هـەکاری ئـەو دوو ناوچـە مێژووییـە، زۆری نەخایانـد بـدلیس کەوتـە دەسـتی شۆڕشگێڕەکان، یەکێك لەبەرچاوترین سروشتەکانی ئەم ڕاپەڕینە ئـەوەبوو زۆربەی توێژەکانی گەل پشتیوانیان لێ دەکرد.[١٧] ئەمەش بـووە هـۆی ورە بەرزی شۆڕشگێڕەکان پاشان پەرەیاندا بەشەڕەکە و توانیان دەست بگرن

---

[١٥] مصطفى محمد كريم، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧.

[١٦] مصطفى محمد كريم، هەمان سەرچاوە، ل١٢٤.

[١٧] د. عبدالرحمن قاسملو، كوردستان و كورد، و: عبدالله حسن زادە، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٦.، ل ٤٤.

بەسەر ناوچەیەکی نزمی فـراوان دەکەوێتـە باشـووری دەریاچـەی وان، بـە پشت بەستن بەو هێزە کوردانـەی تـالی بـەگ و کورەکـانی بـەدرخان پاشـا سـەرکردایەتیان دەکـرد. ئـەم یەکانـە سـەرلەنوێ پەیوەنـدیان بەشۆڕشگێڕەکانەوە کرد بـوو. هـەروەها لەسـەرەتاکانی سـاڵی (1855) ناوچەکانی شۆڕشـەکە فـراوان بـووەوە بـەرەو باشـوور و ڕۆژهـەڵات کشـا، دوای ئەوەی بەشی باشووری کوردستان و باشووری ڕۆژئاوای گرتەوە، لـە کـانوونی دووەم کوردەکـان دەسـتیان گـرت بەسـەر موسـڵدا. مەڵبەنـدی ئابووری و کارگێری سەرەکی لە باکووری میسۆپۆتامیا. [(١٨)]

دوای دوو ساڵ لەتێپـەڕینی ئـەو ڕاپەڕینـە پاشـان بـەریتانیا هێزەکـانی خۆی نـاردە هـاواری تورکیـا و تـوانی (یـەزدان شـێر) ڕازی بکـات، لەگـەڵ سوڵتان ڕێك بکەوێ. یەزدان شێریش بەو بەڵێن و پەیمانە فریـوی خـوارد و چووە ئەستەمبوڵ و ڕاپەڕینەکە کۆتایی هات. [(١٩)]

ئەو تەنگ و چەڵەمە سیاسیەی، لە ئەنجامی شەڕەکەی نێـوان ڕووسـیا و تورکیا تووشی تورکیا بـوو، دۆخێکـی ئـابووری ڕووخـاوی پەککـەوتووی بەدوای خۆیدا هێنا. کـردەوە جەنگیـەکان کـارێکی تـەواو خراپیـان کـردە سـەر دۆخـی ئـابووری ناوچـە ڕۆژهەڵاتیـەکانی ئیمپڕاتۆریـەتی عوسمـانی. بەزۆر سەرباز گرتن و کزبوونی ژمارەی هێزی پیاوانی ئیشکەر، بووە هـۆی

---

(١٨) ن. لازاریـف، مێـژووی کوردسـتان، و:وشـیار عەبـدوڵڵا سـەنگاوی، چـاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠٠٨، ل ٢٢٢.

(١٩) د. عبدالرحمن قاسملو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.

ئەوەی ژمارەی جوتیارەکان تەواو بێتە خواریّ و ناحەزیی و ناڕەزایی جەماوەری جوتیارەکان تین بستێنیّ و بەرە و ڕاست بوونەوە هانیان بدات.[٢٠]

هەرچەندە کوردەکان لەم ڕاپەڕینەدا توشی شکستی کاتی هاتن، بەڵام بەیەکجاری لەناو نەبران، دەستگرتنی ڕووسەکان بەسەر قەڵای (قارس) کە یەکیّ بوو لە قەڵا پتەو و تۆکمەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، لە تشرینی دووەمی ساڵی (١٨٥٥)، وەك ئاوازی کۆتایی بوو، بۆ ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان لەسەر شانۆی تورکیاری ئاسیایی لەشەڕی قرم، ئەمەش دەرفەتی ڕەخساند بۆ ڕووسەکان تا فشارە زۆرەکانی کۆتایی شەر بەگشتی لەسەر خۆی ئاسان بکات. سەبارەت بەوەی هێزە چەکدارەکانی تورکیا شکستێکی زۆر گەورەیان خوارد لەم شەڕەدا، هەرچەندە ناوی ڕووسەکان تۆمار کرا لە تۆمارگای سەربازگە سەرکەوتووەکان، بەڵام فەزڵەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کوردەکان.[٢١]

ڕووسیا لەگەرمەی شەڕی (١٨٥٣– ١٨٥٦) بایەخێکی زۆری بەکورد دەدا. بایەخ پێدانی حکومەتی ڕووسیا بەکوردەکان، کە بەنەتەوەیەکی ئازا و شەڕکەر ناسرابوون، بۆ ئەوە بوو لەدژی هێزەکانی سوڵتانی عوسمانی و شای ئێران شەڕیان ببیّ و بەکاریان بێنیّ. یان لانی کەم وایان

---

[٢٠] دکتۆر جەلیلی جەلیل، ڕاپەڕینی کوردەکان ساڵی ١٨٨٠، وەرگێڕ لەڕووسیەوە: دکتۆر کاوس قەفتان، چاپخانەی الزمان–بەغدا، ١٩٨٧، ل ٦١.

[٢١] ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٦.

لێ بکا بێ لایەن بن و دژی ڕووسیا شەڕ نەکەن.[22] جەنگی قەرم زۆر بەڕوونی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دیاری دەکات، بەتایبەتی یارمەتیدانی دەوڵەتی عوسمانی لەلایەن فەڕەنسا و بەریتانیا دژ بەڕووسیا، هەریەکەیان لەڕوانگەی بەرژەوەندەکانی خۆیانەوە هەڵسان بەم کارە.[23]

ڕووسیالەدوا ئەنجامی جەنگی قەرمدا شکستی خوارد و گەورەترین زەرەرمەندی جەنگەکە بوو، دواتر بۆماوەی (١٥) ساڵ ڕووسیا دوورکەوتەوە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وەرگرتنی جڵەوی دەسەڵات.[24]

جەنگی قەرم بووە هۆی لاوازکردنی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی، زیاتر پاشکۆیەتی کردنی بۆ وڵاتە داگیرکەرە گەورە ڕۆژئاواییەکان، بەتایبەتیش لە جاران زیاتر پێگە و شوێنەکانی خۆی لە دەستدا، لەناوچە کوردیەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و باکووری ئێران و باکووری سوریا.[25]

دەوڵەتی عوسمانی دوای پەیماننامەی پاریس هەڵسا بە پەیڕەوکردن و دەرکردنی فەرمانی (هەمایۆن) لەساڵی (١٨٥٦) تیایدا هەڵسا بەگۆڕانکاری لەسیستەمی دەوڵەت و چاکسازی کردن، هەرچەندە ئەم فەرمانە لەئەنجامی گوشاری وڵاتانی ئەوروپایی هاتە ئاراوە، وڵاتانی ئەوروپایی سودمەندی گەورە بوون بۆ بەدەست هێنانی جیاوگەی زیاتر بۆ

---

(٢٢) د. عبدالرحمن قاسملو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦.
(٢٣) مصطفى محمد كريم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢.
(٢٤) مصطفى محمد كريم، هەمان سەرچاوە،ل١٤٥.
(٢٥) ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٤.

ژێردەستەی خۆیان و دواتر هاندانیان دژی دەوڵەتی عوسمانی، دەرکردنی فەرمانی (هەمایۆن) لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی ڕاکێشانی سۆزی وڵاتە ئەوروپاییەکان بوو بۆ لای خۆیان، هەروەها یارمەتیدانی دەوڵەتی عوسمانی لەهەر هێرشێکی چاوەڕێکراوی ڕووسیا.[٢٦]

دوای کۆتایی هاتنی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان، مەرسومێکی سوڵتانی (خط الهمایون) لەبەرواری (١٨) ی شوباتی (١٨٥٦) دەرکرا و تیایدا هاتبوو بەڵێن دەدا بەچاکسازی، لەڕاستیدا ئەو بەڵێنەی درابوو بە بەخشینی مافەکان بەکەمە نەتەوایەتیە مەسیحیەکان بارودۆخەکەی خراپتر کرد لەم ناوچەیە، ڕۆڵی هاندەرانەی بینی بۆ زیاتر هاتنە ناوەوەی بێگانە. هەروەها چەند بەڵێنێکی تیدا بوو بۆ مەسیحیەکان، بەدیهاتنی زۆر زەحمەت بوو، بووە هۆی زیاتر بەدبەختی ئیسلامی– مەسیحی لەوانەش جیاوازی کوردەکان و ئەرمەنییەکان، ئەم جیاوازیەش دەسەڵاتی تورکی لێزانانە کاری لەسەر دەکرد، بەڵام بارودۆخی کورد بەردەوام زیاتر لە تێکچوون و خراپتر بوو.[٢٧]

لەساڵی (١٨٦٥) لیژنەی دیاری کردنی سنووری تورکیا و ئێران کۆتایی بەکارەکانی هێنا و بەرنامەیەکی دانا ناودەبرا بەنەخشەی (مشابهە). هەروەها ساڵی (١٨٦٩) لەسەر داوای ئینگلتەرە و ڕووسیا ڕێکەوتنامەیەك بەسترا لەنێوان ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی و ئێران، سەبارەت بەوەی

---

[٢٦] مصطفی محمد کریم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣.
[٢٧] ن. لازارێفسەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٦.

بارودۆخی سنوورەکان، وەك خۆی بمێنێتەوە تا چارەسەرکردنی زۆرێك لە و کێشـانەی ناکۆکیـان لەسـەری هـەبوو.[٢٨] پێویسـت بـوو بەرژەوەنـدی ڕووسـیا و بـەریتانیا بـەردەوام لـەکارەکانیان ڕەچـاوبکرێت، وەك: (م.ی. ڤینیکـۆڤ) دەلێـت: " چـاکە و داخـوازی وڵاتـە ئاسـیاییەکان لەباسـەکانی کۆمیتەی سەرسنوور دەکەوتە دوای هەموو شتێکەوە"[٢٩] ڕووسـیا هـەوڵی دا سـوود لـە بێـزاری کوردەکـان وەربگـرێ و سـەرنجیان بـەلای خۆیـدا ڕابکێشێ، لـەنێوان سـاڵانی (١٨٦٠– ١٨٧٠) سـەرکەوتوو بـوو لەبەدەست هێنانی پەیوەندی لەگەڵ عەشیرەتە کوردەکان.[٣٠]

لەسـاڵی (١٨٨٠) بـەریتانیا لـەپێناوی پاراسـتنی بەرژەوەندییـەکانیان، پەیوەندیـەکی زۆر تونـدیان لەگـەڵ دەوڵـەتی عوسمانیـدا بەسـتبوو، بـۆ ئـەوەی بـەناوی پاراسـتنی ئاشـتی سـنوور دەسـت بخەنـە کاروبـاری ئیمپڕاتـۆری عوسمانیـەوە، ئەمـە کاریگـەری زۆر خراپـی بـۆ سـەر کـورد هەبوو، ڕووسیاش بەهەمان شێوە گرنگی بەزانیار و بـارودۆخی کوردسـتان دەدا (ئۆبیرمیللەر)ی کونسۆڵی رووسیا لەئەرزروم بۆ(ئیگناتۆڤ)ی باڵیۆزی ڕووسیا لەئەسـتەمبوڵ دەنوسـێت: لەمەسـەی کـوردا دەوری هـەرە گـرنگ ئینگلیز دەینوێنێـت نـەك تـورك، بەرنامـەیان هەیـە هـەتا هەتایـە بـەرگری

[٢٨] ن. لازارێف، هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٠.

[٢٩] هەستیار کەمال کوردی، سیاسەتی رووسیای قەیسەری بەرامبەر بەکورد(١٨٥٠– ١٩١٤)، سلێمانی ٢٠١١، ل ١٦٠.

[٣٠] د. فاضل رسول، کردستان والسیاسة السوفیتیة فی الشـرق الاۆسـط، ترجمـة عـن الالمانیة: غسان نعسان، ٢٠٠٨. ص ١٣١.

کوردەکان لەناوبەرێت، هەر بۆیە ناوی کوردە (ترسناکەکان) دەدرێت بە (د.ئیلیۆت)ی باڵیۆزی ئینگلیز لەئەستەمبوڵ ئەویش لە کوردستان دەریان پەڕێنێت.[٣١]

ئەم دوو وڵاتە مەزنە هەرگیز بیریان نەدەکردەوە لەبەرژەوەندیەکانی کورد. هەروەکو جوگرافیاناسی ڕووسی و نووسەر و ڕۆژنامەنووس (م. ن. ڤنیوکف) دەڵێت: " کوردەکان دوایین کەس بوون پرسیان پێ کرا دەربارەی دیاری کردنی سنوور". بەم جۆرە دیاریکردنی سنوور بەدبەختی مێژوویی گەلی کوردی زیاتر کردبووە هۆی دابەش کردنی.

لەساڵی (١٨٧٢– ١٨٧٣) کێشە و ناکۆکی دروست بوو لە نێوان تورکیا و ئێران، ئەویش بەهۆی کۆکردنەوەی باج و سەرانە لە (میرگەوەر) کە هەرێمێکی سنووری بوو لەناوچەی ئورمێیە. لە هەمان کاتدا دانیشتوانی کوردستانی تورکیا دەیانناڵاند لەبەردەم سەختی ژیان و نەبوونی، هەروەها بارودۆخی ئابووری ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی زۆر خراپ ببوو، چونکە هیچ دەستکەوتێکی بەدەست نەهێنا لەبەرامبەر بەشداربوونی لە شەڕی قرم، هەروەها پاشکۆیەتی بۆ سەرمایەداری بێگانە زۆر توندتربوو، بەجۆریك زۆری نەخایاند وڵات هەموو سەربەخۆییەکی ئابووری خۆی لەدەست دا.[٣٢]

لەناوەڕاستی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە چەندین نەتەوەی جۆر بەجۆر لەژێر دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی دابوون، بەهۆی بیری

---

(٣١) هەستیار کەمال کوری، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٦٠.

(٣٢) ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٠– ٢٣٢.

ڕزگـــاریخوازی نەتـــەوەکانی ڕۆژهـــەڵات و ڕۆژئـــاوا تووشـــی تـــەنگ و چـــەڵەمەیەکی سیاسـی و ئـابووری سـەخت بـوو، بـارودۆخی دەوڵـەتی عوسمانی ئـاڵۆز بـوو، پەیوەنـدی نێـوان ڕووسـیا و عوسمـانی ئـاڵۆز بـوو، ئەمەش چۆن کـاری دەکـردە سـەر ئـەرمینیا ئاوەهـاش کاریگـەری لەسـەر کوردستان هەبوو، دەوڵەتە مەزنەکانی ئەوروپا سـوودیان لـەلاوازی دۆخـی ئابووری و جەنگی و سیاسی ئەستەمبوڵ دەبینی و هێندەی تـر دەسـتیان دەخســتە کاروبــاری نــاوەوەی دەوڵــەتی عوسمــانی و هــەوڵیان دەدا بەرژەوەندییـەکانیان بەچارەنووسـی نەتـەوەکانی دەوڵـەتی عوسمانیـەوە گرێ بدەن. هەستی ناحەزی و توڕەیی کوردەکان دژی دەوڵەتی عوسمانی دوای کردەوە خوێناویەکانی ڕەشید پاشا تەشەنەی کرد، دواتر لە ڕۆژانـی شەڕەکەی قرم دا لەڕاپەڕینێکی وەها توند و تیژدا لەکوردستان تەقیـەوە، بوو بە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە بۆ ئەستەمبوڵ. ئینگلیزە هاوپەیمانەکانی عوسمانی لەشـەڕەکەی قـرم دا لەکوژاندنـەوەی ئـەو ڕاپەڕینـەدا دەورێکـی کەمیان نەبوو.

بـاجی قـورس و گـران لەلایـەك و هـەژاری و بـێ دەرامـەتی جوتیـاران لەلایەکی تر تەنگی بەکوردەکان هەڵچنی بوو، ئەو باجانـەی لەسـەر مـاڵ و موڵـك دانرابـوون قـورس و گـران بـوون. لەهـەموو ناوچـەکانی وڵاتـدا ئـەم باجانــە وەکـو یــەك نــەبوون، بــاج گرەکــان ســوودیان لەمــە دەبینــی و جووتیارەکانیان ڕووت دەکردەوە، لەکۆکردنەوەی باجدا گوێیان نەدەدایـە ژمارەی کـەمی دانیشـتوانی گوندەکـە و ڕادەی مـاڵ و مڵکیـان لەبەرئـەوە

جوتیارەکان بـەماڵ و منداڵـەوە گونـدەکانیان بـەجێ دەهێشـت و ڕوویـان دەکردە گوندێکی تر یا شارەکان تا ڕزگاریان بێت لەو باج و سەرانەیە.[٣٣]

لە ساڵی (١٨٧٥) کێشەیەکی سیاسی نوێ لە ئیمپڕاتۆریەتی عوسمـانی سـەری هەڵـدا، لـە هەرێمـەکانی ڕۆژئـاوای ئیمپڕاتۆریەتەکـە نەتـەوە سلاڤیەکان ڕاسـت بوونـەوە، بەرژەوەنـدی ڕووسـیا و نەمسـا و مەجـەر و بـەریتانیا و دەوڵـەتانی تـر یـەکی دەگرتـەوە، ئەمـەش ئەوەنـدەی تـر دۆخەکـەی ئـاڵۆز کـرد، لـە سـرب و شـاخی ڕەش پشـتگیری ڕاپـەڕینی گیرتسیگۆن و بۆسنەیان کرد و بولگارەکـانیش دایانـە پـاڵ ڕاپـەڕیوەکان. کێشەی چارەنوسی دواڕۆژی دەوڵەتی عوسمـانی لـە ناوچـە سلاڤیەکان و یۆنـان و ئـەلبانیا و دەسـت بەسـەراگرتنی گـەروەکانی دەریـای ڕەش لەبەردەمدا بوو.[٣٤] لەم دۆخە پڕ کێشە و تەنگ و چەڵەمەیەدا ئەستەمبوڵ لەهەوڵی ئەوەدا بوو هەستی عەشیرەتە کوردەکان بەلای خۆیدا ڕاکێشێت، بـەڵێنی دیـاری و بەخششـی پـێ دەدان، بـەڵام سـامی پاشـای موشـیری ئەرزڕۆم سـەرەڕای زۆرزانـی و دنیادیـدەیی، نـەیتوانی سـوارە بـۆ جـەنگی ئاینـدە ئامادەبکـات، ئـەوە بـوو لـە (٢٩)ی تشـرینی یەکـەمی (١٨٧٦) دا بروسکەیەکی لە موتەسەریفی وان و موشەوە پێ گەیشت، کوردەکـان ئـەو ژمارە سەربازە نادەن کـە لێیـان داوا کرابـوو، لـە دەرسـیم و کوزیجـان و ناوچەکانی تریش ئامـادە نـەبوون لەبەرامبـەر داوای پـارە و پـول و زێـڕ و

---

[٣٣] دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو..ل ٣٢.

[٣٤] دکتۆر جەلیلی جەلیل، هەمان ،سەرچاوە، ل ٤٤.

ولاخ و کەل و پەل لایەنگیری دەوڵەت بکـەن، نـاڕەزایی خۆیـان دەربـڕی و ئامادەیی خۆیان پیشان دا نەسەرباز و نەباج بەمیری بدەن.[٣٥]

لەڕۆژانی شەڕەکەشدا بێگارێکی تریش پەیدا بوو، واتە دابـەش کردنـی سـەربازەکان بەسـەر مـاڵی جوتیارەکانـدا، ئەمـەش لەسـەر ئـارەزووی قائیمقـام وەسـتا بـوو، نارێـك و پێکـی ئازوقـە هـاتن بـۆ سـەربازەکان و هـەروەها دواکـەوتنی مانگانـەی سـەرباز و ئەفسـەرەکان دەبوونـە هـۆی پەیدابوونی دزی و جـەردەیی و تـاڵان کـردن. ئـەم بارودۆخـە دانیشـتوانی کوردستانی تەواو بێزار کرد بوو، لەتوانایاندا نەمابوو لـەوە زیـاتر بەرگـەی ئەو هەموو مەینەت و ئازار و کێشەیە بگرن.

## جەنگی ساڵانی (١٨٧٧-١٨٧٨) لەنێوان روسیا و دەوڵەتی عوسمانی وکاریگەری لەسەر کورد

دەسەڵاتدارانی تورکی ڕێگای توندوتیژیان گرتەبەر بـۆ دامرکاندنـەوەی بێـزاری کوردەکـان کـە تادەهـات زیـاتر دەبـوو، نوێنـەری ئینگلیزەکـان لەڕۆژهـەڵاتی ئـەنادۆڵ یارمـەتی تورکیـای دەدا بـەناردنی لیسـتێك لـەو سەرکردە کوردانـەی جێگـای گومـانن، دژواربـوونی کێشـەی ڕۆژهـەڵات تـا ناوەڕاسـتی حـەفتاکانی سـەدەی نـۆزدە و نزیـك بوونـەوەی هەڵگیرسـانی شـەڕی نێـوان ڕووسـیا و تورکیـا بـووە هـۆی تێکچـوونی بارودۆخەکـە، سیاسەتی هەردوو نەیارە سـەرەکیەکەی ڕۆژهـەڵات رووسـیا و ئینگلتـەرە، بێ جگەلە لەخراپ کردنی بارودۆخی کورد هیچی تر نەبوو، وەکـو جـارانی

---

[٣٥] دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥.

تر ئینگلتەرە پشتگیری تورکیای دەکرد و رووسیاش پشتگیری ئێرانی دەکرد، بەڵام ڕووسیا نەیدەویست وەکو هاوپەیمان خۆی پیشان بدا نەکو ئینگلیز دەست بخاتە کاروباری ئێرانەوە، بەڵام تورکیا سەکردە کوردەکانی هان دەدا لەدژی ئێران.[٣٦]

ڕووسیا بەنزیك بوونەوە و دەست تێوەردانی بەریتانیا لەکاروباری دەوڵەتی عوسمانی نیگەران بوو، (پرنس غورچکۆغ)ی وەزیری دەرەوەی روسیا لە (٢١-١-١٨٧٧) دا نامەیەکی نارد بۆ دەوڵەتەکانی ئەورووپا داوای لێکردن کارێکی وابکەن لە دەوڵەتی عوسمانی دا چاکسازی دەستووری بکرێ، ئەگەر ئەوان

نەیکەن ئەوا قەیسەر ناچار دەبێت خۆی ئەو کارە بەجێ بهێنێت. (پرنس غورچکۆف) وەزیری دەرەوە بڵاوی کردەوە دەوڵەتی عوسمانی نایەوێ چاکسازی دەستووری بکا بۆیە پێویستە بەشەڕ ناچار بکرێ چاکسازی دەستووری بکا، بەو جۆرە لەنیسانی (١٨٧٧) دا شەڕی نێوان روسیا و تورك دەستی پێ کرد و هەشت مانگی خایاند.[٣٧]

لە بەهاری ساڵی (١٨٧٧) شەڕی نێوان تورکیا و ڕووسیا هەڵگیرسا. شەڕەکە لەدووبەرە دەستی پێ کرد. بەرەی باڵکان بەرەی سەرەکی بوو لەگەڵ بەرەی قەفقاز. ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانی بەرەی قەفقاز لەو ناوچەیە بوون دانیشتوانەکەی کورد و ئەرمەن بوون. ئەستەمبوڵ لە

[٣٦] ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٤.

[٣٧] محەمەد ڕەسوڵ هاوار، کوردوباکوری کوردستان لەسەرەتای مێژووەوە هەتا شەری بەرگی یەکەم، دووهەمی جیهان، چاپی دووەم، ٢٠٠٦.ل٤٦١.

سـەرەتادا هـەوڵی دا هەسـت و سـۆزی ئاینیـان بـەکاربێنیّ. دەوڵـەتی عوسمانی بۆ ئەوەی ڕیّ لە ڕووسیا بگرێت دەسەڵاتی خۆی بەسـەر ناوچـە ڕۆژهەڵاتیـەکانی ئیمپراتۆریەتەکـەی دا بڵاوبکاتـەوە، هـات بـانگی جـەنگی ئـاینی (غـەزا)ی دا. بـەڵام دەسـەڵاتدارانی تورکیـا نـەیانتوانی دەمـارگیری ئاینی زۆرینەی کوردەکان بـوروژینن لـە ئـەنادۆڵی ڕۆژهـەڵات. ژمارەیـەکی زۆر لـە سـەرکردە و پیـاوانی ئـاینی کـورد ڕازی نـەبوون بەکۆمـەك کردنـی هەوڵە سەربازیەکانی ئیمپڕاتۆریەت. ئەوانەش ئامادەییان دەربڕی بەگـەرم و گوڕی بەشداریان نەکرد، تەنانەت (شێخ عوبەیدوڵڵا) لە ئۆپەراسیۆنەکان بەشێوەیەکی پراکتیکی بەشداری نەکرد.[٣٨]

لــەکاتی جـــەنگی نێـــوان رووســـیا و عوسمـــانی (١٨٧٧-١٨٧٨) کاربەدەستانی عوسمانی داوایان لـەکوردەکانی دەرسـیم کـرد (٢٥) هـەزار جەنگاوەر بنێرن بۆ بەشداری شەڕەکە، بەڵام کوردانی دەرسیم بەشداریان نـەکرد و بەسـامح پاشـای[٣٩] فەرمانـدەی سـوپای چـواری ئـەنادوڵیان ڕاگەیاند، کوردانی دەرسـیم سـەربازی ناکـەن، سـەرباری ئـەوەش کەوتنـە ئاژاوە نانەوە و داوای مافەکانی خۆیان دەکرد، دەرفەتی چوونی سوپایان بۆشەڕ قۆستەوە و کارمەندە تورکـەکانیان دەرکـرد و ڕازی نـەبوون بـاج و

---

(٣٨) ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٤.-٢٥٣.

(٣٩) سـامح پاشـا سـەرەتا وەکـو کۆمیسـێری فـەوق ئـەلعادە extraordinaire ڕەوانەکرا، بەڵام دواتر کردیـان بەسـەرکردەی لەشـکری چـوارەم کـە شـوێنی رەجـەب پاشـای گرتـەوە لەبەرامبـەر ئـەوەدا لەشکرکێشـی رەجـەب پاشـا دواخـرا-نـەجاتی عەبدوڵڵا، راپەرینی شیخ عوبەیدوللا ل ٣٩.

پیتاك و سەرانە بدەن. دەوڵەت لەشكری ناردە سەریان دەرسیمیەكان لەچیای توژیك خۆیان قایم كرد و ئەرمەنەكانیش پشتیوانی و هاوكاریان كردن، دەوڵەتی عوسمانی سەرچاوەكانی ئاو و خۆراكی لێ بڕین و كەوتە تۆپبارانی چیاكە، دەرسیمییەكان چیاكەیان بەجێ هێشت و كەوتنە شەڕی پاتیزانی دژی دوژمن.[٤٠] هەروەكو(پ.ی. ئوریانۆف) گوتوویەتی: بەپێی تەلگرافێكی (سامح پاشا) لەمانگی ئۆكتۆبەری (١٨٧٦) گوتوویەتی كوردەكانی موش و بدلیس و وان باج و سەربازیان نەدەدا بەحكومەت، توركەكانیان ناچار كرد ئەو ناوچانە بەجێ بێڵن، بەپێی قسەی شەڕكەرێكی (توجیك) توركەكان لە ئەنجامی ئەوەدا دەستیان كرد بەتۆپبارانی دانیشتوان و خانوەكانیان كاول كرد خەڵكەكە ناچاربوون دایانە چیای (توجیك) بۆ شەڕی پارتیزانی.[٤١] بێ گومان (شێخ عوبەیدوڵڵا) وەك سەرۆكی یەكێك لە تەریقە موسڵمانە هەرە گەورەكان نەدەبوو لەو بانگی غەزایە دوورە پەرێز بوەستێ. لەبەرئەوە لەگەڵ (٣٠٠) لە موریدەكانی بەرەو باكوور، لای هێڵی سنوور كەوتەڕێ، هەر لەوێش پاش ماوەیەك شەڕ دەستی پێ كرد. بێ گومان ئەمەش لە ئامانجی سیاسی دوور نەبوو دەیویست لە داهاتوودا ئەو هێزانە دژی دەوڵەتی عوسمانی بەكاربێنێ.[٤٢]

---

[٤٠] دكتۆر عبدوللا عەلیاوەیی، كوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر ٢٠٠٤.ل ٩٣.

[٤١] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو ل٣١٠.

[٤٢] دكتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.

(زۆرێز ZOREZ) کاپیتانی سەرکردایەتی گشتی ئەتاشەی سەربازی، لە تێراپیا (١٢)ی ئۆکتۆبەری (١٨٧٩) لە باڵوێزخانەی فەرەنسا لەلایەن بابی عالیەوە بەشی ئەتاشەی سەربازی لەڕاپۆرتی ژمارە (١٤٦) لەشیکردنەوەی شۆڕشی کوردستان دا کە بۆ وەزیری ناردەوە دەڵێت: لەکاتی جەنگی (١٨٧٧) دژ بەرووسەکان شێخ عوبەیدوڵڵا دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر دوو دڵ بوو بەشداری لەجەنگدا بکات، دواجار بڕیاری دا هاریکاری تورکەکان بکات و لەیەکەم بانگەوازیەوە (٨٠٠٠) تا (١٠٠٠٠) هەزار خۆپێشکەشکار (متطوع) ی لەدەوری خۆی کۆکردەوە، دەلێن دەسەڵاتی زۆر گەورەیە و دەتوانی لەکاتی تەنگانەدا تا (٥٠٠٠٠) چەکداریش کۆبکاتەوە.[٤٣] لەساڵی (١٨٧٧) تا ڕادەیەك دۆخەکە گۆڕانی بەسەر دا هات. ڕازی بوونی (شێخ عوبەیدوڵڵا)ی سەرۆکە ناسراوەکەی کورد بەبەشداربوونی لەو شەڕەدا گەلێك لە کوردەکانی بۆ لای تورکیا ڕاکێشا. وەك (ئیڤانۆڤ)ی کونسوڵی ڕووسیا لە ئەرزرۆم، لەنامەیەکیدا دەربارەی کوردەکانی بۆتان لەوە دەدوێ، نە(شێخ عوبەیدوڵڵا) و نە(شێخ حوسەین)ی باپیری و نە باوکی (شێخ تاها) قەت حەزیان لەوە نەکردووە هەڵوێستێکی ناحەزیان لەگەڵ نەتەوەکەی خۆیان هەبێت، بەپێچەوانەوە هەرگیز دۆستی عوسمانی نەبوون" هەمیشە لەژێر پەردەی پاراستن و پارێزگاری چوون بەدەنگ ئەو بنەماڵە سەردارانەی

---

[٤٣] نەجاتی عەبدوڵڵا، شۆرشی عوبەیدوڵڵای نەهری لەبەڵگەنامەکانی فەرەنسیدا (١٨٧٩-١٨٨٢)، سلێمانی ٢٠٠٤.ل ٤٣.

میسۆپۆتامیاوە کە دژی میری ڕاست دەبوونەوە و دەستی یارمەتیان بۆ درێژ دەکردن". [٤٤]

بەماوەیەکی کەم دوای بەشداریکردنیان هێزەکانی (شێخ عوبەیدوڵڵا) بێزاری خۆیان لەبارودۆخە دەربڕی و بەرەکانی شەڕیان بەجێ دەهێشت، لەوبارەیەوە لە بروسکەی (فایق پاشا)دا کە لە (١٧)ی تەموزی ساڵی (١٨٧٧) دا بۆ موختار پاشای نارد بوو، بە ئاشکرا ئەو ترسە گەورەیەی تێدا دەردەخات. چۆن کوردەکانی سەر بە شێخ عوبەیدوڵڵا بەهۆی کەمی ئازوقە و نەبوونی چادرەوە نیازی بڵاوە لێ کردنیان هەیە، چەکە کۆنەکانیان فڕێ دەدەن و چەکی نوێ تر و شتی کۆدەکەنەوە و دەیبەن. [٤٥] بێگومان ململانێ و جەنگی ڕووسی – عوسمانی بۆ کورد زیانی زۆر بوو ژیانی لێ تێکدان، کاتێك کورد خراپەکاری و زوڵم و ستەمی عوسمانیەکانیان بۆ دەرکەوت وردە وردە بەخۆیان و چەکەکانیانەوە بەرەکانی جەنگیان بەجێ هێشت. ڕووسەکان ویستیان قارس داگیر بکەن، کوردەکان هاوکاری ڕووسەکانیان دەکرد لە (٦)ی تشرینی دووەمی (١٨٧٧) قارس گیرا، پاش ئەوەی ڕووسەکان قارس و باریەزیدیان گرت، هەستیان بەبێزاری کورد کرد بەرامبەر بەعوسمانیەکان، وەك (ئیڤانۆڤ)ی کونسوڵی ڕووسیا لەئەرزڕۆم لەپاش داگیرکردنی قارس دەنووسێت: " بڕوام وایە کوردستان بیر لە ڕاست بوونەوە دەکاتەوە و بگرە خۆی بۆ

---

[٤٤] دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١.

[٤٥] دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤.

ئامادە دەکات." کوردی ناوچەی دەرسیم دوای سەرکەوتنی ڕووسیا لەبەرەی قەفقاسدا ڕاپەڕینیان بەرپاکرد.(٤٦)

ئالۆزی و کێشەی ئابووری و بێ نانی و کێشەی ناو دەزگاکانی کارگێڕی دەوڵەتی عوسمانی گەندەڵ کرد، لەناوچە کوردیەکان و جەنگیەکانی باڵکان بۆ ڕزگاری لەدەوڵەتی عوسمانی زەرەرمەندی زۆر بوون لەشەڕ دژی ڕووسیا.(٤٧) خەڵکی ئەرزڕۆم لەکاتی جەنگدا دووچاری گرفتی زۆر بوون لەلایەن هێزەکانی عوسمانیەوە، لەبەر ئەوەی سەرکردە سەربازیەکان موچەیان پێنەردرابوو، پەلاماری خەڵکی ناوچەکەیان داو پارەیان لێوەرگرتن، لەبەرئەوە خەڵکی ناوچەکە دژی سوپای عوسمانی بوون، (فیلیسپۆڤ) سەرۆکی لەشکری (یێریڤا)ی لە (٨)ی کانوونی دووەمی (١٨٧٨) نووسی" هەر هەوڵێکی تورکەکان بۆ هەستانی کورد دژی ئێمە دابوویان، بەفیڕۆچوو".(٤٨)

کوردەکان بەرەکانی شەڕیان لەسوپای عوسمانیدا جێ دەهێشت و دەگەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان، (شێخ عوبەیدوڵڵا) لەو پێنج هەزار چەکدارەی لەگەڵیدا بوو لە ڕیزی سوپای نانیزامی دابوون، تەنیا (١٤٤٣) کەسیان مایەوە، واتە سێ جار کەمتر. ئەمە (شێخ عوبەیدوڵڵا)ی ناچارکرد

---

(٤٦) هەستیار کەمال کوری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٤.
(٤٧) د.فاضل رسول، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٣٢.
(٤٨) هەستیار کەمال کوری،سەرچاوەی پێشوو ل١٧٧.

واز لـەو هێـزە بهێنـێ کـە ئابڵوقـەی بایەزیـدی دابـوو بـەرەو (بـارگیر) بگەڕێتەوە.[٤٩]

تورکیـا لـەم شـەڕەی دژ بەڕووسـەکان تووشـی شکسـتێکی گـەورە و نەخوازراو هات. بۆیە چارەسەر کردنی کێشەکان بەشێوازێکی ئاشتیانە لـە داهـاتوودا کوردسـتانی تورکیاشـی دەگرتـەوە، یەکـەم: لـەڕووی هەرێمایەتیـەوە دووەم: چـونکە بەشـێك بـوو لـە ئیمپڕاتـۆریی عوسمـانی. بەپێی ئەو پەیماننامە ئاشتیەی لە نێوان ڕووسیا و عوسمانیـدا بەسـترا لـە (سان ستیڤانو) لە ڕێکەوتی (١٣-٣-١٨٧٨) تورکیا دەسـتی هـەڵگرت لـە ئاجاریا ( هەرێمی باتۆمی) و ئەردەهان و قارس و دۆڵی یەشگرد و بایەزید بۆ ڕووسیا. (قوتور) و دەوروبەرەکەی کەوتە دەست ئێران.[٥٠]

لە کاتی بەستنی پەیمانی ئاشتی (سان ستیڤانۆ) کەلەنێوان ڕووسیا و عوسمانیدا بەسترا، ڕووسەکان داوای سەربەخۆیی ئەرمەنیەکانیان دەکـرد (لەدووتوێی بەنـدی ١٦) لەسـەر داوای ئەرمەنـەکان ئەمـەش لەبەرژوەنـدی ڕووسیا بوو.[٥١]

لەدوای کۆنگرەی (سـان سـتیڤانۆ) ڕووسـیا بـۆ بەدەسـت هێنانـەوەی مافەکانی لەئیمپڕاتۆری عوسمانی ویستی پەیوەندی خۆی لەگەڵ سـەرۆکە کوردەکان پەرە پێ بدات، بەڵام ئامانجی لەم پەیوەندییـە هاوکـاری کـورد نەبوو، کە ئەوان مەبەستیان پێکهێنانی سەربەخۆیی کورد بوو لە دەوڵەتی

---

[٤٩] دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٤.
[٥٠] ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٨.
[٥١] هەستیار کەمال نوری، سەرچاوەی پێشوو ل ٢٠٧.

عوسمانی، بەڵکو ئەو تەنیا مەبەستی گوشار خستنەسەر تورکیا بوو نەك مەبەستی بۆ هاوکاری کورد لەبەدەست هێنانی سەربەخۆیی لەدەوڵەتی عوسمانی.[٥٢] لەکۆتایی هاتنی شەڕ و بەستنی کۆنگرەی (سان ستیڤانۆ) ڕووسەکان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، ئینگلیزەکان ویستیان بەر لە چوونە پێشەوەی ڕووسیا بگرن لە ئەستەمبوڵ نزیك نەبنەوە، بۆ ئەم مەبەستە پەرلەمانی بەریتانیا بڕیاری دا کەشتیگەل بنێرێتە دەریای مەڕمەڕە، بڕی شەش ملیۆن لیرەشی بۆ ئەم کارە تارخان کرد، کەشتیگەلیان ڕەوانەی ماڵتا و دواتر دەردەنیل کرد، بەناوی پاراستنی دیانەکانی نێو ئەستەمبوڵ، بەڵام لولەی تۆپی کەشتیەکانیان لە ڕووسەکان بوو. بەم جۆرە دەسەڵاتی ڕووسیا دەگەیشتە دەریای ناوەڕاست، عوسمانییەکان دانیان بەسەربەخۆیی ڕۆمانیا و سڕبیا و چیای ڕەش و هەرسك دانا پاشان ڕێگایان دا بولگاریای گەورە دروست بێت.[٥٣]

پشتگیری ڕووسیا بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکانی باڵکان ناوەرۆکێکی مەعنەوی و سیاسی گەورەی بۆ نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیك هەبوو، بەتایبەتی بۆ ئەرمەن و کوردەکان لەپێناوی سەرفرازی تێدەکۆشان. لە جەنگی ساڵی (١٨٧٧- ١٨٧٨) ڕووسیا هەوڵی دا پەیوەندی لەگەڵ کورد پتەو بکات، بەهۆی کەموکوڕیەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی و فارسی دا.[٥٤] بەهێزبوونی

---

[٥٢] د.فاضل رسول، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٣٣.

[٥٣] هەستیار کەمال کوری، سەرچاوەی پێشوو ل ١٧٨.

[٥٤] د.فاضل رسول، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٣١.

هەڵوێستی ڕووسیا بەپێی پەیماننامەی سان ستیڤانۆ بووە هۆی ووروژاندنی زلهێزەکان، بەریتانیا و نەمسا دژی ئەم کارە بوون. هەوڵی هەموارکردنی پەیماننامەکەیان دا بەبەستنی کۆنگرەی بەرلین.[٥٥] بەئامادەبوونی هەریەك لە بەریتانیا، ئەڵمانیا، ئیتالیا، فەرەنسا، ڕووسیا پەیمانی بەرلینیان بەست.[٥٦] ئەنجامی بارودۆخە پێچەوانە بووە و بووە هۆی سەرنەکەوتنی ڕووسیا لەکێشەی ڕۆژهەڵاتیدا.[٥٧] بەهاندانی وڵاتە زالهێزەکان و لەسەر داواکاری تورکیا و بە پشتگیری بەریتانیا لە کۆنگرەی بەرلین کە لە (١٣-٧-١٨٧٨) بەسترا جارێکی تر چاویان گێڕایەوە بەپەیماننامەکەی (سان ستیڤانو) بۆ بەرژەوەندی تورکیا.[٥٨]

ئیمپراتۆری عوسمانی لەکۆنگرەی بەرلین لەساڵی (١٨٧٨) دا بەشداری کرد لەبەرامبەر ڕووسیا بەبەشداری هەریەك لە بەریتانیای مەزن و ئەڵمانیا و فەڕەنسا و نەمسا، وە بەناچاری دانی نا بەئیدارەیەکی ئەرمەنی سەربەخۆ، بەڵام دوایی جێبەجێ نەکرا.[٥٩]

لەکۆنگرەی بەرلینی (١٨٧٨) کێشەی ئەرمەنەکان دانپیانانی نێودەوڵەتی بەدەست هێنا، ڕووسیا بەبێ خاوەخاو کردن بەکاری هێنا، ئینگلتەرە و ئەڵمانیاش لەژێر پەردەی پارێزگاری کردن لە ئەرمەنە

---

(٥٥) کامەران محەمەد حاجی، سەرچاوەی پێشوو ل ٢٤.
(٥٦) هەستیار کەمال کوری، سەرچاوەی پێشوو،ل ١٧٨.
(٥٧) کامەران محەمەد حاجی، سەرچاوەی پێشوو ل٢٤.
(٥٨) ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٨.
(٥٩) د. فاضل رسول، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٤٠.

مەسیحیەکان لەبەرامبەر موسڵمانە داگیرکەرەکان، دەستیان خستە کاروباری تورکیا.[٦٠]

بەریتانییەکان لەهەوڵی بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا بوون، بەهیچ جۆرێك لەگەڵ قەوارەیەکی سەربەخۆی ئەرمەنی ناکات، بەریتانیا بەردەوام دژی دروست بوونی قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردی بوو.[٦١] دروست بوونی قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردی و ئەرمەنیدا نەبوون، بەبەڵگەی گۆڕینی بەندی (١٦) بەندی پەیمانی سان ستیڤانۆ بەمادەی (٦١)ی پەیمانی بەرلین بەهیچ جۆرێك باس لەئەنجامی کۆنگرەکە و لەژێر گوشاری دەوڵەتە گەورەکانی ڕۆژئاوا بەتایبەت ئینگلتەرە. ئەوەبوو بایەزید و دۆڵی یەلاشگرد گەرایەوە سەر تورکیا، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێك لە زەویە مێژووییەکانی ئەرمەن هەژمار کرا لەسەر ئیمپڕاتۆریەتی رووسی. کوردیش هاوشانی ئەرمەن تێیدا نیشتەجێ بوون. کێشەی قوتور لەبەرژەوەندی ئێران چارەسەرکرا، نوێنەرانی ڕووس و بەریتانیا پرۆتۆکۆڵێکیان مۆر کرد قوتور بەشێوەیەکی کۆتایی سەر بەئێران بێت. وەك هەموو جارانی پێشوو هیچ حیسابێکیان بۆ کورد دانەنا بۆیە چارەسەری کۆتایی بۆ کێشەکان ئاستەم بوو بێتەدی.[٦٢]

لە کۆنگرەی بەرلین (١٣)ی تەمووزی (١٨٧٨) و هێنانە پێشەوەی پرسی ئەرمەن لەڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، بەپێویستیەوە ڕووبەڕووی

---

[٦٠] ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو ل٢٥٥.
[٦١] هەستیار کەمال کوری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١١.
[٦٢] ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٨.

بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی کورد بوونەوە، پرسی کورد و پرسی ئەرمەن زیاتر ڕەهەندێکی نێودەوڵەتیان بەخۆوەگرت و بوون بەکارتی گوشار و ململانێی جیۆپۆلەتیکی. بەگوێرەی مادەی (٦١)ی کۆنگرەی بەرلین دەوڵەتی عوسمانی دەبێ بێ دواکەوتن چاکسازی بکات لەو هەرێمانەی کە ئەرمەنەکانی تێدا دەژین و گرەنتی ژیانیان بدات دژ بەدەستدرێژی چەرکەسەکان و کوردەکان.[٦٣] یامەتیدانی دەوڵەتی عوسمانی لەلایەن وڵاتە زلهێزەکانەوە پارێزگاری نەبوو لەدەوڵەتی عوسمانی، بەڵکو هۆکاری ڕاستەقینەی بریتی بوو لە لاوازکردنی ڕۆڵی ڕووسیا لەناوچەی ڕۆژهەڵات و دانانی عوسمانی وەك بەربەستێك لەبەردەم فراوانخوازیەکانی ڕووسیا.[٦٤]

ڕووسیا و بەریتانیا ئەم دوو وڵاتە مەزنە هەرگیز بیریان نەدەکردەوە لەبەرژەوەندیەکانی گەلی کورد. هەروەکو جوگرافیاناسی ڕووسی و نووسەر و ڕۆژنامەنووس (م. ن. ڤنیوکف) دەڵێت: کوردەکان دوایین کەس بوون پرسیان پێ کرا دەربارەی دیاری کردنی سنوور. بەم جۆرە دیاری کردنی سنوور بەدبەختی مێژوویی گەلی کوردی زیاتر کردبووە هۆی دابەشکردنی خاکەکەی.[٦٥] هەرچەندە کوردەکان شوێنێکی گەورەیان لە سیاسەتی عوسمانی و بەریتانیا و ڕووسیا و دەوڵەتانی تردا هەبوو، بەڵام نەلە ڕۆژانی شەڕ و ناکۆکیدا، نەلەکات و ساتی گفتوگۆی ئاشتی خوازەکەی (سان ستیڤانۆ)دا و نە لە کۆنگرەکەی بەرلیندا وەك هەموو جارانی پێشوو

---

(٦٣) نەجاتی عەبدوڵلا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨.

(٦٤) مصطفى محمد كريم، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٣٨.

(٦٥) ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٠.

کێشەی کورد بەرەو پێشەوە نەبزوا و بەشێوەیەکی جیا و لاوەکی سەیری دەکرا. [٦٦]

لەکاتی جەنگی ساڵی (١٨٧٧–١٨٧٨) ناڕەزاییەکانی کورد دەستی پێکرد لەناوچەکانی بدلیس و موش و وان، زۆری نەخایاند گەیشتە ناوچەکانی هەکاری و بۆتان، کوردەکان لەکاتی جەنگی ڕووسی– تورکی دا بەسەرکردایەتی حوسێن بەگ و عوسمان بەگ کوڕانی ئەمیر بەدرخان جارێکی تر ڕاپەڕین. [٦٧]

کوڕەکانی (بەدرخان) سەرکردایەتی ڕاپەڕینەکەیان گرتەدەست، دوای ئەوەی شۆڕشگێڕان دەستیان گرت بەسەر جزیرە و دەسەڵاتی خۆیان سەپاند بەسەر بەشێکی زۆر لە باشووری ڕۆژهەڵات، بەشێکی گرنگ لە کوردستانی باشوور و باشووری ڕۆژئاوا، سەربەخۆیی ئەم هەموو ناوچانەیان ڕاگەیاند، عوسمان بەگ خۆی بەمیرێکی سەربەخۆ دامەزراند. [٦٨] لە هەرچوار لای وڵاتەوە کوردی چەکدار دەستە دەستە ڕوویان تێ کرد. دوابەدوای ئەمەش کاربەدەستانی تورک ڕادەی زوڵم و زۆریان بەسەر دانیشتوانە کوردەکاندا تیژ تر کرد. هێزێکی گەورەی سوپاییان ڕژاندە هەرێمی ڕاپەڕینەکەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی

---

[٦٦] جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠.

[٦٧] د. وەلید حمدی، کوردو کوردستان لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، و:محەمەد نوری تۆفیق، سلێمانی ١٩٩٩، ل ٢٤٦.

[٦٨] ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٠.

ڕاپەرینەکە پێی نەکرێت لە دواڕۆژدا گەشە بکات و فراوان بێت وای کرد ڕاپەڕیوەکان لەهەموو یاریدەدانێکی چاوەڕوان کراوی ناوچە کوردییەکانی تر دابڕێت.[٦٩]

لە(شێرینها)وە ڕاپەڕیوەکان تووشی یەکەم نەهامەتی بوون، عوسمان بەگ سەرکردەی هێزەکانی کورد، ناچار بوو بەرەو جزیرە بکشێتەوە، حوسەین بەگیش لەگەڵ ئەو هێزە عوسمانیانەی لە بدلیسەوە هاتبوون بەیەکاچوون. خۆی پێ ڕانەگیراو ئەویش ناچار بەرەو جزیرە کشایەوە. ئەم نەهامەتیە کوردەکانی سارد کردووەوە. ڕاپەڕیوەکان کەبینیان لەهەموو لایەکەوە گەمارۆ دەدرێن، ناچار بوون ڕووبکەنە شاخ و هەردە سەختەکان کەبە دوژمن داگیر نەدەکران.[٧٠] ئەوسا سولتان لەڕێی نێردراوە تایبەتیەکەی خۆیەوە لە ئەستەمبوڵەوە ناردی، سەرۆکە کوردەکانی ڕاپەڕینەکەی لەوە ئاگادار کردەوە، ئامادەیە لێیان خۆش بێت و دان بە دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتیان بەسەر کوردەکاندا بنێ، بەمەرجێك ڕازی بن لەگەڵیدا بکەونە گفتوگۆ. سولتان بۆ ئەوەی نیازپاکی خۆی بەبەڵگە دەربخات فەرمانی دا هەموو ئەندامەکانی بنەماڵەی بەدرخان بەگ لەبەندیخانە ئازاد بکات. سولتان زۆرزانانە داوای کرد خوێن ڕژاندنی موسڵمانان بوەستێ و لەڕێی گفتوگۆوە کێشەکانی نێوان هەردوولا

---

[٦٩] دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٧٣.

[٧٠] دکتۆر جەلیلی جەلیل، هەمان سەرچاوە، ل ٧٦.

چارەسەر بکرێن. کوڕەکانی بەدرخان بەگ بڕوایان کرد و لەگەڵ کاربەدەستانی عوسمانی بکەونە گفتوگۆ.

عوسمانیەکان لەڕێی فرت و فێڵەوە حوسەین بەگیان گرت و ڕەوانەی ئەستەمبوڵیان کرد. هەرچی عوسمان بەگە ئەوە ناچار بوو دان بە دەسەڵاتی تورکدا بنێ. هەرچەندە هەوڵی یەکەمی تورکەکان دژی ئەم ڕاپەڕینە شکستی هێنا، بەڵام لەئەنجامدا هێزەکانی حکومەت توانیان ئەم ڕاپەڕینە سەرکوت بکەن سەرکردەکانیشیان ناچارکرد گوێ ڕایەڵ بن بۆ دەسەڵات، بەم جۆرە ڕاپەڕینەکە لەناوچوو. بەڵام ڕاپەڕینی کوڕەکانی (بەدرخان بەگ) بووە بەرکوڵ و ڕێ خۆشکەری ڕاپەڕینێکی گەورە لە ساڵی (١٨٨٠) تەقیەوە.[٧١]

هەرچەندە ڕاپەڕینی (حوسێن بەگ) و (عوسمان بەگ) کوڕانی ئەمیر (بەدرخان) شکستی هێنا، بەڵام ئەم هێمنی و بێ دەنگیە زۆری نەخایاند، لە ساڵی (١٨٧٩) بنکەیەکی نوێی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد لەجۆش سەندن دابوو لەناوچەی هەکاری بەسەرکردایەتی (شێخ عوبەیدوڵڵا)ی نەهری ئەو کاتە تەمەنی گەیشتبووە (٥٠) پەنجا ساڵ. (شێخ عوبەیدوڵڵا) ئەوە نەبوو تەنیا خاوەنی دەسەڵاتێکی ئاینی بێت وەك سەرکردەی ڕێبازی نەقشبەندی، بەڵکو یەکێ بوو لەناودار و دەوڵەمەندەکانی کوردستان. لەو سەردەمە سەرکردەی کوردەکانی تورکیا بوو بێ ڕکابەر.

---

[٧١] دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧.

ئینگلیزەکـان هــەوڵیان دەدا لــەڕێگای دیـاری و بەڵێنــەوە ســەرۆکە کوردەکـان لـە ڕووسـیا دووربخەنـەوە و بـەلای خۆیـان دا ڕایـان بکێشـن، لەهــەمان کاتــدا کۆششــیان دەکـرد ئەرمــەن و نەتــەوە گاورەکـانی تــر لەخواسـتی سـەرفرازی بـوون دووربخەنـەوە، بـەڵام هــەوڵ و تەقەلاکـەی ئینگلیز سەری نەگرت، ئەستەمبوڵ دژی داخوازیەکانی بەریتانیا بوو. ئـەو شـەڕەی نێـوان تورکیـا و ڕووسـیا لەسـاڵی (١٨٧٧-١٨٧٨) بـووە هـۆی چـەندین گۆڕانکـاری هەرێمایـەتی لـەڕووی دیموگرافیـەوە لـەو ناوچـەیەی کوردەکان تێیدا نیشتەجێ بوون، بەڵام ئەنجامەکانی ئەم شـەڕە دروسـتی کـردن لەسـەر ئیمپڕاتۆریـەتی عوسمـانی زۆر گـرنگ و بایـەخ دار بـوو بـۆ چارەنووسی گـەلی کـورد و کوردسـتان لـەداهاتوودا. هـەروەها بـووە هـۆی خێراکردنـــی بەئـــەنجام گەیانـــدنی پرۆســـەی ملکەچـــی وڵات لـــەڕووی ئابووریـەوە، لـەماوەی هـەردوو دەیەیـەی دووەم و سـێ یـەمی سـەدەی نۆزدەیـەم دەسـتی پێکردبـوو. دوای ڕاگەیانـدنی ئـیفلاس کردنـی لەسـاڵی (١٨٧٩) ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی کەوتە ژێر چاودێری دارایی و سیاسـەتی دەرەوەی، ئیمپڕاتۆریەتەکـەش کەوتــە ژێـر دەسـەڵاتی وڵاتــە ئەورووپییــە گـەورەکان، ئەمـەش هـەلی زیـاتری بـۆ ڕەخسـاندن تـا دەسـت بخەنـە نـاو کاروباری ئابووری و سیاسی ناوخۆی وڵاتی عوسمانی.[٧٢]

---

[٧٢] ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٩

## خراپی باری ئابووری، برسیتی، نەخۆشی و راپەرینی خەڵکی کوردستان

کوردستان لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم بەسەر عەشیرەتەکانی کۆچەر و نیوەکۆچەر و نیشتەجێ دابەش ببوو، بەپێچەوانەی باوەڕی گەلێك کەس کوردەکان ژمارەیەکی گەلێك کەمیان کۆچەرن، بەشی هەرە زۆریان خەریکی وەرزێرین، لە پاڵ ئەوەشیدا چەند سەر ئاژەڵ ڕادەگرن،[٧٣] عەشیرەتە کۆچەرەکان بەشێوەیەکی سەرەکی ژیانی ئابووریان لەسەر بەخێوکردنی مەڕومالآت بنیات نرابوو بەتایبەتی مەڕو بزن، بەهۆی گەڕان بەدوای لەوەڕگای پێویست و ئاو وهەوای گونجاودا گەرمیان و کوێستانیان دەکرد، بەشێوەیەکی گشتی ژیانیان لەسەر بەرهەمی خوری و پەنیر و ڕۆن و هەنگوین و هی تر بوو، بارودۆخی ژیانیان بەهۆی ئەو باجە زۆرەی دەخرایە سەریان بەرەو خراپی دەچوو، باجی مەڕومالآت قورسترین باج بوو، چەوسانەوەی دەرەبەگایەتی و نەبوونی لەوەڕگای پێویست، شەڕوشۆڕی بەردەوامی عەشیرەتەکان لەسەر شوێن و لەوەڕگا، دروست کردنی ئاستەنگ و کێشەی زۆر لەلایەن هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی بۆیان ئەوەندەی تر ژیانی ئاڵۆزتر کردبوون.[٧٤] عەشیرەتە نیوەکۆچەرەکان لەزستاندا لەگوند نیشتەجێ بوون و خەریکی کشت و کاڵ بوون، ئابوریەکی تۆکمە و فرەچەشنیان

---

[٧٣] مارتین ڤان برونەسن، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، و: د.کوردۆ عەلی، بەرگی یەکەم، سلێمانی ٢٠١٠.، ل ٥٢.

[٧٤] کامەران محەمەد حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩.

هــەبوو، خــەریکی ئاژەڵــداری بــوون و ڕانیــان گــەورەتربوو و هاوینــە هەواریشیان لە نزیك گوندەکانیانەوە بوو. کاتی هاتنی کاری ناو کێڵگە پیاوان دەچنەوە بۆ کار و هەر کە تەواو بوون دەچنەوە زۆزان لای خاو خێزانیان.[٧٥] کوردە نیشتەجێکان لەشار و گوندەکاندا جێگیرن، زۆربەی خێڵە کۆچەرەکان لەسەدەی نۆزدە بەخواستی خۆیان یان بەزۆری دەوڵەت نیشتەجێ بوون.[٧٦] کوردە نیشتەجێکان لەپاڵ کشتوکاڵ، کاری دەستیشیان دەکرد. ئەوان زیاتر چەوساونەوە و نەهامەتیان چەشتووە، بەهۆی بێ بەشبوونیان لە مافی سیاسی، لەڕژێمی عەشیرتگەری دا، زۆر جاریش کەوتونەتە بەر هێرشی کوردە کۆچەرەکان و بەرهەمەکانیان تالان دەکرا و مەڕوماڵاتیان دەبردن، سەرەڕای ئەوانەش قورسی باجەکان و بەرزبوونەوەی بەردەوامی ڕێژەکەیان هۆکاری تری خراپی گوزەرانی نیشتەجێکان بوو.[٧٧] بەکورتی نەتەوەی کورد بەهۆی ئەو باجە زۆرەی خرابووە سەریان لەوپەڕی ناخۆشی و کوڵەمەرگیدا دەژیان.

لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا کوردستان لەناو ڕەوشێکی تا دوا ڕادە بەرباد و وێراندا دەژیا. جەنگ و شوێنەوارەکانی جەنگ هەموو گۆشەیەکی ئاوەدانی کوردستانیان وێران کردبوو، لەئەنجامی ڕوودانی دوو جەنگی گەورە لەنێوان تورکیا و ڕووسیا، وە خراپی و ئاڵۆزی بەردەوام لەناو دەوڵەتی عوسمانی دا بەتایبەت کوردستان، بارودۆخی ئابووری دەوڵەتی

---

(٧٥) مارتین ڤان برونەسن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩.
(٧٦) مارتین ڤان برونەسن، هەمان سەرچاوە، ل ٥٠.
(٧٧) کامەران محەمەد حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥.

عوسمانی بەرەو داتەپین چوو، لە شەڕی نێوان تورك و ڕووسیا لە ساڵی (١٨٥٣) دەوڵەتی عوسمانی ئەنجامی شەڕەکەی دۆڕاند، لەهەمان کاتدا تووشی زەرەو زیانێکی ئابووری زۆر بوو، کاربەدەستان بۆ ئەوەی خەزێنە بەتاڵ و حەتاڵەکەی دەوڵەت پڕ بکەنەوە، کەوتنە بەرزکردنەوەی ڕادەی باج سەندن، لەتەك باج سەندنیشدا زۆرداری و ڕووت کردنەوەی خەڵك لەلایەن موچەخۆرە عوسمانی و دەرەبەگەکانەوە دەستی پێ کرد.[٧٨]

باجی زۆر و زوڵمی باجگرەکانی هەردوو دەسەڵاتی ناوەندی ئێران و تورکیا، جوتیارانی هەردوو دیوی سنووریان دادۆشیبوو. قورسایی زۆری بودجەی جەنگەکانی عوسمانی و سەربازگیری کوردەکان بڕستی لە کوردەکان بڕیبوو. داڕزانی ئابووری ئیمپڕاتۆریای عوسمانی و قاجاری هێندەی دیکە بینی لە ئابووری کوردستان گیرکردبوو، زۆربەی جار سوپای ناوەند بەسەرەنێزەو چەك باجی زۆریان بۆ خەزێنەی بەتاڵبوویان کۆدەکردەوە و گوند و شارۆچکەکانیان خەڵتانی ناوخوێن دەکرد، ڕەنگە ڕووداوی کانوونی یەکەمی (١٨٧٢)ی مەرگەوەڕ کە سوپای فارس بۆ باج سەندن و ماڵیان وەرگرتن ئاوریان لەو ناوچەیە بەردا و ڕانەمەڕیان دەدزی نموونەیەکی زۆر بچوك بێت.[٧٩] لەلایەکی دیکەش بەهۆی بێ بارانی و نەبوونی دەغڵ و دان نرخی نان زۆر بەرز بۆوە، کاربەدەستانی ناوخۆیی ئەوانەی بازرگانیان بەپارووی خەڵکەوە دەکرد، دەستیان لە بازاڕی ڕەشدا

---

[٧٨] دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢.

[٧٩] نەجاتی عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢.

هەبوو هەوڵیاندا هێندەی تر دانیشتوان بڕوتێننەوە و خوێنیان بمژن.[٨٠] کەمکاری و دەستەنگی زۆر خێزان ناچار دەکەن، چەند کەسێکیان بۆ وەرزێك یان بەهەمیشەیی بۆ ئەو شوێنانە بنێرن وەرزێری زیاتری لێیە، یاخود بۆ جەرگەی شوێنە پیشەسازیە گەشەکردووەکان، واتە بۆ دەرەوەی کوردستان.[٨١] ئەنجامدانی شەڕ لەگەڵ نەیارانی دەوڵەتی عوسمانی ماوەیەکی زۆری خایاند و کاردانەوی هەبوو لەسەر کەم بوونەوەی دەستی کار، ئەمەش هۆکارێك بوو لایەنی کشتوکاڵی و بازرگانی و پیشەسازی ڕوولەکەم بوون بکات و بارەکە زیاتر قورس بکات لەسەر دەوڵەت، جگەلەمەش خراپی بارودۆخی ڕێگاکانی بازرگانی و سەپاندنی باج بەسەر خەڵك ئەمانەش گرفتی ئابووریيان دروست کردبوو.[٨٢]

کزبوونی دەوڵەتی عوسمانی دوای شەڕی ڕووس و تورك باری ئابووری وڵاتی بە جۆرێك کزکرد بوو، حکومەت بۆی چارەسەر نەدەکرا، ئەو باج و سەرانە زۆرەش حکومەت بەزۆری لە خەڵکی دەسەند ئەوەندەی تر خەڵکی بێزار کرد بوو، برسێتی لەنێوان سالانی (١٨٧٨– ١٨٨٠) دا گەیشتە ڕادەیەك ئیتر کەس لەتوانای دا نەمابوو بێ دەنگ دانیشێ و دژایەتی حکومەت نەکا، ڕۆژنامەی (تایمس)ی لەندەن لە ژمارەی ڕۆژی (٥) مارس (١٨٨٠) لەباسی ئەو ڕۆژانەدا گوتوویەتی: هەژاری و برسێتی و گرانی لەناوچەکانی دیاربەکر و موسڵ گەیشتۆتە ڕادەیەك دانیشتوان

---

[٨٠] دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧.
[٨١] مارتین ڤان برونەسن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣.
[٨٢] مصطفى محمد كريم، سەرچاوەی پێشوو،ل١٠٩.

لەلایەن کاربەدەستانی حکومەتەوە ڕووت دەکرانەوە، خەڵك ئەوەندەی بۆ نەدەمایەوە بەشی ژیانی بکا، لە شوێنێکی وەکو ناوچەکانی هەکاریدا نزیکەی بیست هەزار کەسیان لێ مردن"[٨٣]

حکومەت لەئەنبارە گەنمییەکانی خۆیەوە بڕیاری دا ئارد دروست بکات، لەهەمووی قورستر دۆزینەوەی ژمارەیەکی وڵاخ و چارەوێ بوو بۆ گواستنەوە، دواجار ئەم ئەرکە سەپێنرایە سەر خەڵکی ئاواییەکان، بەڵام ئەم هەنگاو هەڵگرتنانە کۆسپ و تەگەرەی زۆری بۆ جوتیارەکان دەهێنایە پێشەوە، چونکە ناچاردەبوون لەناوەندی وەرزی چاندندا کارەکانیان جێ بهێڵن. [٨٤] چەوساندنەوەی زۆری جوتیاران و سیستمی پڕ لەستەمی بەکرێدانی زەوی بوو بەهۆی خراپتر بوونی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی جوتیاران و کەمبوونەوەی داچاندن و بەرهەمی زەوی. [٨٥]لەساڵی (١٨٨٠) گرانیەکی بێ ئامان هەموو ئازەربایجانی گرتبۆوە تەواوی هەرێمەکە لەبەریەك هەڵوەشابۆوە، زۆر کەسی کوشت و کردەی تالآن و بڕۆیی گەیشتە بەرزترین ئاست، [٨٦] ڕۆژنامەی (مشاك) ی تفلیس لە ساڵی (١٨٨٠) هەموو ڕۆژێك هەواڵی برسێتی ناوچەکانی تورکیا و ئێرانی بڵاودەکردەوە، بەشێوەیەکی کارەساتاوی لە دۆخی هەژاری و برسێتی ئەرمەن و کوردەکان دەدوا، " مشاك دەنوسێت: برسێتی پەرە دەستێنێ، خەڵکی لەهەموو شوێنێك ڕەش و ڕووت و شەکەت و لەڕ و

---

[٨٣] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٠.

[٨٤] نەجاتی عەبدوڵلا، سەرچاوەی پێشوول ٦٧.

[٨٥] جەعفەر عەلی رەسول، سەرچاوەی پێشوو،ل ١٤٠.

[٨٦] گیلان، سەرچاوەی پێشوو ل ٤١.

پەککەوتەن، لەناو دەرد و نەخۆشی و برسێتی پێستیان بە ئیسکیانەوە نووساوە، بەشەقامەکاندا دەسوڕێنەوە، بەهەناسە بڕکێو و نزگەرەوە، بێ وەستان داوای یارمەتی دەکەن، گەلێك لە برسانا مردن."[87]

دۆخی ژیانی دانیشتوانی جزیرە و دیاربەکر و موسڵ و ناوچەکانی تر لەمە باشترنەبوو، (یاکیمانسکی) لەو ڕاپۆرتەیدا بۆ باڵیۆزی ڕووسیای نارد لەئەستەمبوڵ، ئەوەی دەست نیشان کرد، خەڵکی لەتاو برسێتی ناچار بوون گۆشتی کەر یا گژوگیا و ڕەگی ڕووەك بخۆن.[88] بۆیە وەکو هەموو جارەکانی تر دەسەڵاتی ئەستەمبوڵ بۆ ڕزگار بوونی لەو بارودۆخەی هاتبووە پێش پەنای بردەبەر زیادکردنی باج و سەرانە لەدانیشتوان، بەتایبەتی لەو کەمە نەتەوەییانەی بێ بەش کرابوون لەهەموو مافەکانیان لەوانەش کوردەکان، هەروەها کاریان دەکرد بۆ ئیفلاس کردنی کورد، بەڕێگا(مەشروعەکان) بەوەرگرتنی باج و سەرانە بۆ چەند ساڵێك، زۆر ڕێگای تری ناڕەوایان دەگرتەبەر بۆ وەرگرتنی پارەو ماڵ. هەروەها بەزۆر بەسەرباز کردن لە سوپای تورکی ناڕەزایەتیەکی زۆری دروست کردبوو.[89]

ڕەنجی زۆر و زیادکردنی بەرهەم بەهیچ جۆرێك باری گرانی دەرەبەگەکانی لەسەرشانی جوتیارە چەوساوەکان سوك نەدەکرد و جوتیارەکان بەتەواوی بەوانەوە بەسترانەوە. جوتیار هەر ئەوەندەی لەسەر نەبوو سێیەك یا نیوەی بەرهەمەکەی بدا، بەڵکو زۆر بار و ئەرکی

---

(87) دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٨.
(88) دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠.
(89) ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٢.

دیکەشی لەسەر شان بـوو. جوتیارەکـان زۆر بەتونـدی دەچەوسـێنرانەوە، هێندیٚ کات ناچار بوون لـە (٨٠ ٪) ی دەغـڵ و دانـەکانیان بەدەوڵـەت یـا مڵکـدار بـدەن.[٩٠] ئەنـدامانی عەشـیرەت بـیٚ جگەلـە لـەوەی دیـاری و پێشکەش دەدەن بەسەرۆك عەشیرەت، دەبیٚ خـەرج و بـاجی دەوڵـەتیش بدەن، عەشیرەتە کوردیەکان دوو چەشنە پیتاکیان لەسەر بوو: بیٚ جگەلە و خـەرج و باجـەی خرابـووە سـەر ئـاژەڵ و لـەوەڕگاکان، عەشـیرەتەکان دەبـوو سـەربازیش بـدەن و هێنـدێك جـار هـەموو پێداویسـتیەکانی سەربازیشی لەگەڵ دابوو. بۆ نموونە ئەسپ و جل و بەرگی هێزی سـوارەی لەشـکر لەسـەر عەشـیرەتەکان بـوو، ناچـاردەکران لـەماوەی خزمـەتی سـەربازی ژیـانی سـەربازەکانیش دابـین بکـەن.[٩١] شـتێکی سـەیرنەبوو جارەهای جـار ڕوو بـدات، کاربەدەسـتانی عوسمـانی داوا لـە جوتیارەکـان بکـەن بەرهـەمی سـاڵی داهاتوویـان بـدەنیٚ. بـۆ نموونـە ئەمـەیان لەگـەڵ هەرێمی باشقەڵا کرد. هەرچەندە شوێن و ناوچـەی وەهـا هـەبوو، ژمـارەی مـەڕ و مـاڵاتی تـەواو کزبـوو. بـەڵام کاربەدەسـتان لیسـتە کۆنەکـەیان ئەخوێنـدەوە و بـەپێی ئـەو لیسـتانە بـاجی مـەڕوماڵاتیان ئەسـەند.[٩٢] دەربارەی ئەو بـاج سـەندنە تورکـەکان لـەجیاتی ئـەوەی بەباشـی لەگـەڵ کـوردا ڕەفتـار بکـەن، دەسـتیان کـرد بـەزۆر کردنـی بـاج و کـار گەیشـتە ڕادەیـەك هـەر کاربەدەسـتێك بەشـێوەیەك و بـەئارەزووی خـۆی بـاجی دەسەند.

---

(٩٠) د. عبدالرحمن قاسملو، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٨.
(٩١) د. عبدالرحمن قاسملو، هەمان سەرچاوە، ل ١٢٧.
(٩٢) دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢.

کۆنسوڵی رووسیا لـه ئـەرزروم لـە (٢٥) ی حـوزەیرانی سـاڵی (١٨٧٢) بەژمارە (١٢٤) بۆ باڵیۆزی ئیمپڕتۆریەتی رووسیا له ئەستەمبوڵ دەنوسیٚ: مـاوەی گەشـتەکەم بـه ویلایـەتی ئـەرزروم دا بەپێویسـتم زانـی بـۆ پایـه بڵندتانی بگێڕمەوه، دەمەویٚ دووپاتی بکەمەوه، میللەتەکـه نـەك هـەر لـه ژێر باری باجی زۆری بیٚ ڕاده و گراندا دەناڵێنیٚ، بەڵکو نارێك و پێکی ئـەو بـاج و سـەرانه وای کـردووه لـه وزەیـدا نـەمێنیٚ، لەوانـەش زیـاتر جـۆری کۆکردنـەوەی ئـەو باجانـه هێنـدەی تـر ئـەرکی سـەر شـانیانی قـورس تـر کــردووه. باجگرەکــان بــەهۆی نــەزانین و تــەماعکاری و دڵڕەقیانــەوه بەئارەزووی خۆیان ئەو باجانه کۆ دەکەنەوه.

کۆنســوڵی ڕووســیا لــه ئــەرزروم دەڵێــت: قوربەســەری لەوەدایــه باجگرەکان ئامانجیان له باج کۆکردنەوه، تەنیا پاره گرد کردنەوەیه، لـه ویژدانی خۆیان بـەولاوه ڕەقیبێکـی تریـان نییـه، واتـه خۆیـان و پیـاوەتی خۆیـان. چـۆنی بـەباش و بەڕاسـت بـزانن وەهـا کـۆی دەکەنـەوه، گـەل و دانیشــتوانه بــیٚ دەســەڵات و نــەزان و چاوترســاوه بــیٚ دەرفەتەکــەش بەناچاری سەر شۆڕ دەکات. ئەم زوڵـم و زۆرداریيـەی باسـم کـردن ناگەنـه ئەو زۆرداریيه بیٚ ڕادەیەی ئەمساڵ لەکاتی باج کۆکردنەوه و سەربازگرتندا له سنجەقەکانی قارس و بایەزید و وان و مـوش ڕوویـدا. ئـەو زوڵـم و زۆره گەیشته ڕادەیەك ئەستەمبوڵ ناچار بوو مانگێك لەمەوبـەر بڕیاریـدا هـەموو موتەسەریفی ئەو ناوچانه لابدات و موتەسەریفی تریـان لەشـوێن دابنێـت، ئەوەندەی من بزانم ئەم موتەسەریفه نوێیانه لەوانەی پێشـوو لایـەق تـرن. ڕەش و ڕووتەکــه بەموســڵمان و گــاوری کاســۆلیك و بگــره هــەتا

نەسـتووریەکانی خۆشمانـەوە، لابردنـی ئـەو موتەسـەریفانە و دانـانی موتەسـەریف و موچـەخۆری دەسـت پـاك تـر و بەویـژدان تـر بـەوە دەخوێننەوە گوایە باڵیۆزخانەی ئیمپڕاتۆریەت (واتە ڕووسیا) زۆری لە حکومـەتی عوسمـانی کـردووە ئـەو کـارە بکـات.[٩٣] لـەوەش زیـاتر بـێ بەزەییانـە ڕادەی باجـەکانیان زیـاتر بـەرز دەکـردەوە و مـاوەی کۆکردنەوەشیان کورت تر دەکردەوە، ژمارەی مـەڕومالاتیان گـەلێك لـەوە زۆرتر دادەنا، لـە ڕاستیدا هـەبوو بـاجی موڵـك و زەوی و بەروبومەکـەی و باجی تریشیان دووقات دەکرد، لەئەنجامی ڕووتاندنەوە و خوێنمـژینی بـێ ڕادە ئابوورییـە لاوازەکـە و ئـەو کشـتوکاڵەی کـورد و ئەرمـەن هـەر ڕۆژە لەبارێکدا بوو، تەواو تێداچوو، گەلێك لە جوتیارەکان لەتاوا بوونـە کرێکـار لای خاوەن زەویە گەورەکان، یان لای خان و بەگە کوردەکان، ژمارەیەکی تریشیان بۆ ئیشوکار دۆزینەوە ڕوویان کردە شارەکان، گوندەکانی خۆیان بـەجێ دەهێشـت، بـۆ مـاوەی چـەند مـانگێگ بگـرە بـۆ چـەند سـاڵێك بـەئاوارەیی دەژیـان. کوردەکـان لـە گـەلێك هەرێمـەکانی ئیمپڕاتۆریـەتی عوسمانییەوە نیشتمانیان بەجێ هێشت و هی وایـان هـەبوو ڕوویـان کـردە باکۆ و تبلیس و شارانی تر.[٩٤]

ڕۆژنامەی "مشاك"ی ئەرمەنی لە ژمـارە (٨٤)ی سـاڵی (١٨٨٠) باسـی ئەوەی کردووە چۆن بەهەزاران لـە دانیشـتوان لەبـەر برسـێتی و نـەبوونی ناچاربوون شوێنەکانی خۆیان بەجێ بێڵن و دەستیان بـۆ ڕووسـەکان پـان

---

[٩٣] دکتۆر جەلیلی جەلیل، هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٦– ٢٠٧.

[٩٤] دکتۆر جەلیلی جەلیل، هەمات سەرچاوە، ل ٦٢.

دەکـردەوە بـۆ ئـەوەی پـاروە نانێکیـان لـەوان دەسـتگیر بێـت، ئەوانـەی بەچیاکانی ئاراراتدا ڕۆیشتوون بەچاوی خۆیان بەسەدان برسی و مردوویان لەو ڕێگا و بانانـەدا دی لەبرسـان دەمـردن، سـەرەڕای ئـەوە بـێ بـارانیش ببووە هۆی کەم بوونی بەرهەمی کشتوکاڵ و بـەجارێك ئاسـایش شـیرازەی تێکچوو بوو.[٩٥] ناوچەکانی کورد لەچاو ناوچەکانی تر گەشەی نـەکردبوو، زۆر جـاریش دەینالاَنـد بەدەسـت سیاسـەتی تالاَنکـاری دەسـەلاَتی شـا و سـولَتانەکانی ئێرانـی و عوسمـانی، کەویسـتی سـەرمایەداری بێگانـەیان جێبـەجێ دەکـرد، هـەروەهـا جۆرەهـا شـێوازی بـاج و سـەرانە و شـێوازی وەرگرتنی پارە و سامان، هەموو ئەمانە بوونە هۆی هەژارکردنی خەلَکی و ئیفلاس کردنیان، هەروەها ئەو گرانی و برسێتیەی بەسەر خەلَکدا هات لـە ئـەنجامی وشکەسـالَی یـەك لـە دوای یەکـەکانی کۆتـایی سـالَی (١٨٧٠) ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە. ئەمانە بارودۆخێکی ئالَوزیان دروست کرد لەناوچەکەدا، نارەزایی دەربڕین و گرژیـی و ئـالَۆزی و نـەمانی دەسـەلاَت بـارودۆخێکی هێنایـە پێشـەوە بـۆ سـەرلەنوێ هەسـتانەوەی بزوتنـەوە ئازادیخوازەکان لە کوردستان دا.[٩٦]

---

(٩٥) محەمەد رسول هاوار، هەمان سەرچاوە ل٣٢٠.

(٩٦) دکتـۆر جـەلیلی جـەلیل، هـەمان سەرچـاوە ، ل ٤٤. بـۆ زانیـاری زیـاتر بڕوانـە کتێبەکەی دکتۆر جەلیلی جەلیل تێیدا ئاماژەی بۆ ڕاپـۆرتی کونسـۆلی رووس.....لـەو راپۆرتــەدا بــەدوور و درێــژی باســی جــۆر و رادەی ئــەو باجانــەی کــردووە لــە هاونیشتمانیەکانی دەولەتی عوسمـانی دەسـتێنران بریتـی بـوون لـە: **بـاجی دەیـەك، بـاجی ئـەملاك،** هامچـوور، بـەیرە، ئیحتیسـاب،خوێ، بـەدەل و خـەراج، ئـەوقاف، سەربازگرتن، راوەماسـی، بـاجی سـەر تەماتـە و شـتی تـر، (دکتـۆر جـەلیلی جـەلیل، ڕاپەڕینی کوردەکان سالَی ١٨٨٠، ل ٢٠٨)

جلیلــی لەلاپــەرە (٢٢٤) نموونەیــەکی ســەیرتری هێناوەتــەوە بــۆ چۆنیەتی بـاج سـەندن، لەسـالی (١٨٧١) (ئەحمـەد بـەگ)ی موتەسـەریفی مووش بەناوی (باجی مەنفەعە) وە سەد هەزار پێسەی کۆکردۆتـەوە، ئـەو پارەیە هەتا گەیشتە خەزێنە بەڕووکەشی غەل و غەشی تێدا نەبوو، بـەڵام هەر پاش ئەوە هەشتا هەزاری بۆ خۆی هەڵگرتووە، دە هەزاری (پـەترۆس ئارامیــانی) خەزنــەدار و دە هەزارەکــەی تــریش دابــەش کــرا بەســەر موچەخۆرانی حکومەت، هەروەکو لە ڕاپـۆرتی ژمـارە (١٠٨٣)ی ئەرشـیفی گشــتی حکومــەتی ڕووســیای ســاڵی (١٨٧٢) باســکراوە حکومــەت تێرخواردنی نەبووە لە سەندنی باج.[٩٧]

لەسـەرەتای نیـوەی دووەمـی سـەدەی نـۆزدە هەنـدێك هـۆی دەرەوە کاریگەری زۆریان کردەسەر گەشـەکردنی نەتەوایـەتی، ئـەویش سـەردەمی بــەهێزبوونی دەســەڵاتی سیاســی و ئــابووری وڵاتــە گــەورەکانی بێگانــە، بەتایبەتی بەریتانیا لەخواروو، ڕووسیا لە باکوور. لەلایەکی دیکەش خـەڵك و دانیشــتوانەکوردەکان لەوپــەڕی ژیــانی ســەخت و ناهــەمواردا دەژیــان، لەسیاســەتی دەوڵــەت بێــزار بــوون، لــەناو ئــەم ڕەوشــە پــڕ برســێتی و تێکشکانە سیاسی و ڕۆحیـەدا، (شـێخ عوبەیـدوڵڵا) وەکـو سـەرکردەیەکی کاریزمایی ڕۆحی و دونیایی بەدیارکەوت.[٩٨]

---

[٩٧] دکتۆر جلیلی جەلیل ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٤.

[٩٨] نەجاتی عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤.

## له ڕووخانی میرنشینەکانەوە بۆ دەسەڵاتی شێخەکان

دوای ئـەوەی پـەردەی دەسـەڵاتی میرنشـینەکانی کـورد دادرایـەوە، خەونی لەمێژینەی سوڵتانە عوسمانییـەکان هاتـەجێ، بـارودۆخی سیاسـی کوردستان ڕاستەوخۆ کەوتە دەست ناوەند و بەسەرپەرشتی ڕاسـتەوخۆی تورکــان بــەڕێوە دەبــرا، بــەڵام لــەو ڕۆژەی میرنیشــینە کورییــەکان هەڵوەشـانەوە دەســەڵاتی عوسمـانیش تووشــی گێـژاوێك بـوو خۆیشـیان سەریان لێ دەرنەدەکرد، دوو جەنگی گەورەی لەگەڵ ڕووسیا تـووش بـوو، جەنگی قرم لە (١٨٥٣–١٨٥٤) کوردەکان ئەو هەلەیان قۆستەوە و چـەند ڕاپەڕین و سەرهەڵدانیان دروست کرد، هەروەها جـەنگی (١٨٧٧–١٨٧٨) لەنێوان ڕووسیا و دەوڵەتی عوسمانی هەڵگیرسا، بارودۆخی وڵات ئەوەندی تر نەهامەتی و بەرەڵایی پەرەی سـەند، دەوڵەتـە گـەورەکانیش دەسـتیان خستە ناو بـارودۆخی دەوڵـەتی عوسمـانی و شکسـتی هێنـا، ئـەم جەنگـە لەبەرەی قەفقاس کوردستانیشی گرتەوە، کورد تووشی زەرەر و زیـانێکی زۆر بـوو، چـونکە خراپـی بـارودۆخی ئـابووری و سیاسـی و کۆمەڵایـەتی بەتایبــەت لــە ویلایەتــەکانی ڕۆژهــەڵات پــەرەی ســەند، زۆربــەی دانیشتوانەکەی کـورد و ئەرمـەن بـوون، ئـیتر دەوڵـەتی عوسمـانی بۆ پـڕ کردنەوەی شکسـتەکانی کەوتـە سـەپاندنی بـاجی زۆر و قـورس، ئەمـەش بووە هۆی بێزاری دانیشتوان و لەتوانایاندا نەبوو ئەو باجـە قورسـە بـدەن لەئەنجامدا حکومەت ناچار بوو بۆ سەندنی باج هێز و سوپا بـەکاربهێنێت، ئەمەش بووە هۆی گەندەڵی و بەرتیلخۆری و کێبەرکێی پارە کۆکردنـەوە، لەلایـەن بـاجگر و سـەربازانی تورکـەوە، سـەرباز و باجگرەکـانیش لەسـەر

ورگی جوتیار و هەژاران دەژیان، لەمەوە برسێتی و قاتوقڕی دەستی پێ کرد و بەشێکی زۆری دانیشتوانە کوردەکان ناچاربوون ناوچەکانی خۆیان جێ بهێڵن و کۆچ بکەن ڕوو لەناوچەکانی تر بکەن. زۆربەی کۆچبەران ڕوویان کردە سنووری ڕووسیا. دوای ئەوەی ناوچەی قارس کەوتە ناو سنووری ڕووسیا سەرەتای کۆچ کردنی بەشێکی گەورە لە موسڵمانەکانی وان دەستی پێ کرد، بەپێی سەرژمێری ڕەسمی بڕوا پێکراو لە (١٥) ی تەموز تا (٢٦)ی ئابی (١٨٨٠) ژمارەی (٦٥٤٤٧) کەس لە ناو تورکیاوە ڕۆیشتن و چوونە ناوچەی قارس.[٩٩] لەئەنجامی ئەم زوڵم و زۆرەی کاربەدەستانی عوسمانی چەندین شۆڕش و ڕاپەڕین سەریان هەڵدا، لەسەدەی نۆزدە بەولاوە ڕاپەڕینە چەکدارییەکان بەرگێکی نەتەوەییان کردە بەر و لەژێر دروشمی نیشتمانی و ڕزگاریحوازانەدا لەپێناوی ڕزگارکردنی کوردستان، لەستەمی بێگانە داگیرکەرەکان بەرپا بوون، دیارە ئەوەش پێچەوانەی ڕاپەڕینەکانی جاران بوو لەڕاستیدا لەڕاپەرین و سەرچڵی بەولاوە هیچی تر نەبوون و ئامانجی سەرەکی یان پاراستنی بەرژەوەندی دەرەبەگایەتی، یاخود یاخی بوون و گێرەشێوێنی بوو.[١٠٠]

لەلایەك بەرەبەرە هەستی نەتەوایەتی لەکوردا پەرەی دەگرت و لەلایەکی ترەوە زۆرداری نەتەوایەتی لەلایەن کاربەدەستانی ئەو وڵاتانە توندتر دەبوو. ئەو زوڵم و زۆرە نەتەوایەتییە ببووە هۆی یەکگرتنی هەموو

---

[٩٩] كنياز ابراهيم ميرزويف ، موسوعة الكرد الصغرى، السليمانية٢٠٠١.، ص ٧٩.

[١٠٠] دکتۆر عەزیز شەمزینی، سەرچاوەی پێشوو ل ٨٨

چـین و توێـژەکانی کۆمــەڵی کـوردەواری جوتیــاران، وردە بــۆرژوازی، ڕوناکبیران و دەرەبەگەکان.[١٠١]

کاربەدەستانی عوسمانی بەئەنقەست و بەئاشکرا هێزە نیزامیـەکانیان بـۆ تـاڵان و ڕاو و ڕووت و چـاو ترسـاندن و سـزادانی ئەوانـەی لـە ڕوویـان دەوەستان و بەرهەڵستیان دەکـردن دژی دانیشـتووانی بـەکاردەهێنا، بـۆ ئــەم مەبەســتە هــەوڵیان دەدا هێــزە نیزامیــەکانیش بــەکاربێنن.[١٠٢] چەوســاندنەوەی کۆمــەڵانی خــەڵك بەتایبــەتی جوتیــاران لەلایــەن کاربەدەسـتانی حکومەتـەوە بـاج و پیتـاکی قـورس و تـەوژمی ئـابووری ژاندرمە و سوپا بۆ سەردانیشتوانی لادێ، هەمووی ئەوانـە وێـڕای زۆرداری نەتەوایـەتی، کۆمـەڵانی بـەرینی جوتیـارانی لـەژێر سـەرکردایەتی سـەرۆك عەشــیرەتەکان و پێشــەواکانی ئــاین و دەرەبەگــەکان بــۆ ڕاپــەڕین هاندەدا.[١٠٣] یەکێك لەهۆیـەکانی ڕاپەڕینەکـەی کـورد سـاڵی (١٨٨٠)، ئـەو تەنگ و چەڵەمە ئابووریەبوو لەناوچەکانی کـورد سـەری دەرهێنـابوو، ئـەو تـەنگ و چـەڵەمە ئابووریـەش لـەو لاوازیـە ئابوورییـە پـەیدا ببـوو تووشـی دەوڵەتی عوسمانی و ئێران ببوو، زۆر لێ کردن و پەرەسەندنی خوێنمـژینی جووتیاران زیادکردنی ڕادەی باج و خاوە سـەندن، کوشـتن و لەناوچـوونی ژمارەیـەکی زۆری خـەڵك لـە ڕۆژانـی شـەڕەکەی نێـوان ڕووسـیا و تورکیـا

---

[١٠١] د. عبدالۆحمن قاسملو، سەرچاوەی پێشوو،ل ٨٢.
[١٠٢] دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٣.
[١٠٣] د. عبدالرحمن قاسملو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٥.

(١٨٧٧–١٨٧٨) كاريگەری زۆری هەبوو، خەڵك نەیدەویست ئەو برسێتیە دووبارە بێتەوە لەوەوبەر ڕوویدا و زۆری لەسەرکەوت.[١٠٤]

بەهۆی نەمانی دەسەڵاتی میرنیشینە کوردەکان سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم بۆشاییەکی سیاسی و ڕۆحی گەورە لەناو کوردستاندا دروست بوو، شێخەکان ئەگەر لەسەردەمی دەسەڵاتی ناوخۆی کورد، زۆرتر پەیامهەڵگری دیووە ڕۆحیەکەی ناو فەزای خێڵەکی کوردبووبن، ئەوا لەگەڵ نەمانی ئەو دەسەڵاتەدا توانیان لەماوەیەکی کەمدا وەکو هێزێکی خەباتکار چ لە ڕووی سیاسی و چ لە ڕووی ڕێکخستنی هۆزە کوردییەکان خۆیان بهێننە پێشەوە.[١٠٥]

سۆفیگەری کوردی لەسەر پلانی خێڵەکی ریکخرا بوو، زۆر چاك لەگەڵ ناوەندە سۆشیال خێڵەکیە کوردییەکە پێکەوە دەگونجان، لەسەرێکی دیکەشەوە ڕەوشی سیاسی ناوچەکەش بۆ خۆی یاریدەدەر بوو، لەسەر دەرهێنانی دەسەڵاتی شێخەکان لەم لاوئەولای بەشە زۆر و زەوەندەکانی کوردستان. بەڕووخانی دەسەڵاتی ناوەندی کورد، تورکەکان دوو مەبەستیان لەبەر چاوگرتبوو، یەکەمیان پاکتاوکردنی میرە کوردەکان، دواتر سەپاندنی دەسەڵاتی ناوەندی بەسەر کوردستاندا، جا کاتێك توانیان یەکەمیان جێبەجێ بکەن، بەڵام نەیانتوانی لە دووەمیاندا سەرکەوتووبن.[١٠٦] هۆکاری سەرەکی ئەمە بۆشایی و نەمانی دەسەڵاتی

---

(١٠٤) جلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٦٣.
(١٠٥) نەجاتی عەبدوڵڵا، ،سەرچاوەی پێشوو ، ل١٨.
(١٠٦) نەجاتی عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٩.

میرنشــینه کوردەکــان بــوو، کــە دەســەڵاتێکی فراوانیــان هــەبوو، ئــەم دەسەڵاتە لەلایەن سوڵتانی عوسمانیەوە دانـی پێـدانرا بـوو، دوای نـەمانی میرنشینە کوردەکان دەرەبەگەکانیش نەیانتوانی بـوو جێگایـان بگرنـەوە، چــونکە ئــەو دەســەڵاتەیان نــەبوو، نەیانــدەتوانی بــەرگری لــە خێــڵ و گوندەکانی خۆشیان بکەن، زۆرجار دانیشتوانیان بـۆ وێـژدانی جەندرمـە و باجگرەکـــان بـــەجێ دەهێشـــت، خۆشـــیان ببوونـــە بـــار بەســـەر ڕەعیەتەکانیانــەوە، ئــەم هــەموو ســتەم و زۆر و نالــەباری و بێکــاری و قاتوقڕیە بارودۆخێکی هێنایە ئاراوە لەوزەی کەسـدا نـەما بەرگـە بکرێـت، پێویست بوو دەسەڵاتێك ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە، لەو ڕۆژگارەدا باشترین جێگـرەوەی میرنشـینە کوردییـەکان شـێخ و تەریقەتـە ئاینیـەکان بـوون، کەسی شارەزا و بەدەسەڵات و کەسایەتی بەهێزیان لەناو خەڵکدا هـەبوو، هەمیشە لەکاتی کێشە و ململانـێ و کەموکوڕیەکانـدا ڕۆڵـی نێوانکارانـەیان دەبینــی، کێشــەکانیان بــۆ چارەســەردەکردن، ئەمــە زیــاتر بــووە هــۆی بەرزبوونەوەی کەسایەتی و پەیداکردنی متمانە لەلای خەڵك و دانیشـتوان، لەو کاتەدا ئەوەی لەهــەمووان زیـاتر جێگـای ڕێـز و متمانـەی خـەڵك بـوو، (شــێخ عوبەیــدوڵڵای نــەهری)[١٠٧] بــوو، عوبەیــدوڵڵا بــەو دادپەروەریــەی

---

[١٠٧] خانەدانی کۆنی شەمدینان، بـەگزادەی عەباسـی یـە لەلایـەن شـێخ شەمسـەدین ناوێکەوە دامەزراوە. یەکێ لەم خانەدانە دەڵـێن نەتـەوەی عەبـدولقادری گـەیلانی یـە، شێخ عەبدولعەزیز بووە، لەئاکرێ (عەقرە) دانیشتووە، شێخ ئەبوبەکری کوڕی چـووە بۆ شەمدینان، لە دێی (ستونی) کە جێگـای ئەسـڵی خانەدانەکـەیان بـوو دانیشـتووە، لەنـەوەی ئـەم شـێخە سـەید عەبـدوڵڵا بۆتـە پۆستنشـین و خەلـەفی مەولاناخالیـد. — ئەمین زەکی بەگ، سەرچاوەی پێشـوو، ل١٧٣) شـێخەکانی نـەهری لەسـەر کـەلاوەی

دەینواند، بەو ژیانە ساکار و خۆبەکەم گرەی هەیبوو، خەڵك و دانیشتوانی ژێـر دەسـتی ناچـار کردبـوو ڕێزێکـی زۆری لێ بگـرن" قـەت ریشـوەتی وەرنـەدەگرت، ڕێگـای نـەدەدا خەڵکەکـەی دەوروپشتیشـی وەریبگـرن، ئەوەی لایدەدا بەشی کوشتن بـوو، مرۆڤێکـی ڕۆشـنبیر بـوو، هـەوڵی دەدا بەپێی توانا لە بیروباوەڕ و جۆری ژیانی کۆمەڵگای خـاوەن شارسـتانیەتی وردبێتــەوە، دژی دزی و جــەردەیی و تــالآنی کــردن بــوو، حــەزی دەکــرد نەتەوەکەی ببێتە نەتەوەیەکی دامەزراوی پێشکەوتوو.". (١٠٨)

لەدەستپاکی و خواپەرسـتی و لێزانـی و ڕابەرایەتیـدا زۆر لەسـەر بـوو، لەناو هەموو کوردەکاندا کەسایەتیەکی پیرۆز بوو، (١٠٩) هەموولایەك بەچاوی ڕێزەوە لێیان دەڕوانی و هەست و نەستی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو، ئەگـەر چـی خـۆی و بـاب و بـاپیرانی قـەت لەدڵـەوە پشـتگیری دەوڵـەتی عوسمانییـان نـەکردووە، هەمیشـە لایـەنی خـەڵکی هـەژار و بـێ نـەوایان

---

میرنشـینەکانی بۆتـان و هـەکاری و بادینـان بۆشـایی سیاسـی و ڕۆحـی ناوچـەکەیان تاڕادەیەك پڕکردبۆوە. شێخەکان دەسەڵاتیان بەڕاست و چـەپی ناوچـە شـاخاویەکاندا بڵاوبوونەوە.(نەجاتی عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩–٢٠)

شێخ عوبەیدوڵڵا کوڕی سەید تەهای کوڕی شـێخ ئەحمـەد شـەهابەدینە. سـاڵی ١٨٣٠ لەگوندی نەهری لەدایك بووە، شێخ عوبەیدوڵڵا لەتەمـەنی ٣٤ سـاڵی و لەسـاڵی ١٨٦٥ دوای مردنـی مـامی بۆتـە جێنشـین و ڕابـەری تەریقـەتی نەقشـبەندی. (جەعفەرعـەلی رسول، ناسیونالیزم و ...ل ١٥٥)

(١٠٨) دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٧.
(١٠٩) گیلان، کوردەکانی ئێران و هێرشـی عوسمـانی ، وەرگێڕانـی لەفەڕەنسـی یـەوە نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٤، ل ٤١.

گرتووه، لە چارەکی سەدەی نۆزدە کەوا هوشیاری نەتەوەیی لەلای نەتەوەکانی ژێردەستی دەوڵەتی عوسمانی پەرەی سەند بوو، کەسایەتی بەهێزی شێخێکی نورانی، وەکو شێخ عوبەیدوڵلا کۆکەرەوە و ڕەنگرێژی هەموو کەسایتیە بچکۆلە و شێخەکانی کورد بوو، شێخ لەناو گێژەنی تەنگژە زۆر و زەوەندەکانی کۆمەڵی کوردستان و تەنگانە زۆرەکانی کۆمەڵی کوردەوە فریاد ڕەسێکی بێوێنە و باوکێك بوو خەڵکەکە چاوەروانی ئەوە بوون ئەو ژیانەیان بۆ بگۆڕێ. شێخ عوبەیدوڵلا باشترین کەسایەتی ئەو سەردەمە بوو ڕابەرایەتی بزوتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی بکات.

## شێخ عوبەیدوڵلا و پەیوەندی لەگەڵ تایفە مەسیحییەکان

لەو بارودۆخەدا ناوبانگ و خۆشەویستی شێخ عوبەیدوڵلا زۆر پەرەیسەند، ناوداریی و پایەبەرزێتی گەیشتە ڕادەیەك کوردە موسڵمانەکان پاش سوڵتان و شەریفی مەکە بەپیرۆزترین کەسی دابنێن. هەزارەها کورد ئامادەبوون وەك نێراوێکی نوێی یەزدان دایبنێن و بێ سێ ودوو شوێنی بکەون. هەتا لای دانیشتووانە گاورە دراوسێکانیش ڕێزێکی زۆری لێ دەگیرا و پەیوەندیەکی دۆستانەی بەهێزیان لەگەڵدا هەبوو، بەوتەی (ویلسن)، شێخ هەمیشە ئەوەی دووبارە دەکردەوە، ئەگەر هاتوو دەسەڵاتی گرتەدەست، ئەوسا گاورەکانیش وەك موسڵمانەکان مافی تەواوی خۆیان وەردەگرن.[١١٠]

---

(١١٠) دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٨.

شێخ عوبەیدوڵڵا لەوە تێگەیشتبوو بۆ سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکەی بەدەست هێنانی متمانەی ئەرمەنی و ئاسوورییەکان، پێویستە پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵیان داهەبێت، لەبەرئەوە شێخ عوبەیدوڵڵا دەستی کرد بەدانوستان و گفتوگۆ دەربارەی خاڵە هاوبەشەکان لەگەڵ سەرکردە کەمە نەتەوایەتییەکانی تر و پتەو کردنی پەیوەندی لەگەڵ پیاوە ئاینیە دەست ڕۆیشتووەکانی ناو ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی، وەکو ئەرمەن و ئاشوورییەکان و عەرەب، ئەوانەی خەویان بەو ڕۆژەوە دەبینی ڕزگاریان بێت لەدەست ئەستەمبوڵ. هەوڵیدا پەیوەندیەکانی پتەوتر بکات، لەگەڵ کەنیسەی ئەرمەنی (الگریگوریە). بێ گومان خاوەنی دەسەڵاتێکی سیاسی زۆر بوو، لەنێو دانیشتوانی ئەرمەنی لە ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیدا. هەروەها لەگەڵ (مارشەمعون) سەرکردەی ئاینی و دنیایی ئاشوورییە نەستوورییەکان بوو. هەرچەندە ئەم پەیوەندیانە نەگەیشتە ئاستی هاوپەیمانی لەگەڵیاندا، بەهۆی دژایەتی کردنی تورکەکان و ئینگلیزەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان هەوڵیان دەدا ئاگری دوژمنایەتی خۆش بکەن لەنێوان کورد و کەمە نەتەوەییەکانی تر.[111]

لەسەرەتاوە نەتەوەکانی تری ناوچە ڕۆژهەڵاتیەکانی دەوڵەتی عوسمانیش هاتنە کۆڕی خەباتکردن دژی زوڵم و زۆری عوسمانی. باشترین نموونە ئاشوورییەکانی ناوچەی چۆڵەمێرگ بوو. (مارشەمعون)ی سەرۆکی بزووتنەوەکە فەرمانیدا دلڕەقانە هەموو ئاشوورییەك سزا بدرێت، دەست درێژی بکاتەسەر کوردە سادەکانی ناوچەکە. (مارشەمعون) ئاگاداری ئەوەبوو پاراستنی دۆستایەتی لەگەڵ عەشیرەتەکوردەکان چەند گرنگە.

---

(١١١) ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٢.

دەبـــی ئـــەوە دەســـت نیشـــان بکرێـــت لـــەو ڕۆژانـــەدا بزوتنـــەوەی مژدەدەر(تەبشیر)کان تیـژ ببـوو، ئـەویش لەبەرچـاوی ڕەشـی گاورەکـانی دەوڵەتی عوسمانی نەبوو، دەوڵەتە ئەوروپاییە داگیرکەرەکان هەوڵیانـدەدا لەڕێی ئاینەوە بەناوی پاراستنی ئەرمەن و ئاشوورییە هاوئاینەکانیانـەوە، دەســەلاتی خۆیــان بەســەر دەوڵەتــدا بســەپینن و بەرژەوەنــدی خۆیــان بپـاریزن. بـۆ ئـەم نیـاز و مەبەسـتە خۆیـان لـە کەمایەتیـە نەتـەوەیی و ئاینییەکانی دەوڵەتی عوسمانی نزیك دەکردەوە. ئەوانەش قەت ئاوریان لێ نەدابوونەوە و وەهایان بەخۆیانـەوە نـەدیبوو. خۆیـان بـۆ ماوەیـەك لـەبیر چــووەوە و لــووت بــەرزیان نوانــد. لــە ئەنجامــدا دەوڵەتــە ڕۆژئاواییــە ئیمپریالیسـتەکانیش پشـتیان کـردەوە ئـەو کەمایـەتی یـە نەتـەوەیی و ئاینیانــە ئەنجامەکەشــی بــووە کارەســاتیکی ناهــەموار و بەســەریانا شکایەوە.[112] پەیوەنـدی کـورد و ئەرمـەن لەسـەرەتاوە تاکۆتـایی خـراپ نەبووە، ئـەم هاووڵاتیانـە هەمیشـە بەیەکـەوە باشـیان ڕابـواردووە ئەگـەر هانـدان و دووبـەرەکی نانـەوەی فەرمانبـەران و کاربەدەسـتانی حکومـەت وازی بهێنایــە، ئــەم پەیوەنــدی و ئاشــتییە بــەردەوام دەبــوو، بــەڵام لەبەرئەوەی عوسمانییەکان هەمیشە هەردوولای بەدوژمنی خـۆی دەزانـی، دەیویست دوژمنایەتییان بخاتـە نێـوان و بیانکـا بەگژیەکـدا، هـەردوولایان لاواز بن و نەتوانن سەربزێوی بکەن.[113]

---

[112] دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٤.

[113] محەمــەد ئــەمین زەکــی بــەگ، خولاصــەیەکی تــاریخی کــورد و کوردســتان، سەرجەمی بەرهەمی محەمەدئەمین بەگ، ئامادەکردنی : ڕەفیق سالح، چاپی چوارەم، سلیمانی ٢٠٠٦. ل ١٨٢.

(ئــا. هـ. لايــارد) لـــە(٧)ی تشـــرینی دووەم (١٨٧٩) بــۆ (مـــارکیز سالیسبێری) بالوێزی فەرەنسا دەنوسـێت: ئەمانـە (تورکـەکان) پـەیڕەوی لەسیاســەتێکی وێرانکــاری دەکــەن، بــەوەی ڕق و دوژمنایــەتی لــەنێوان ئەرمەنەکان و کوردەکان دەچێنن، ئەگەر فـەرمانکارە تورکـەکان بەباشـی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن دەتوانن لە سازانێکی تـەواودا پێکـەوە بـژین.[١١٤] هەر لە سەرەتای بزوتنەوەکـەدا ئاشـکرا دەرکـەوت، شـێخ تـا چ ڕادەیـەك حەز بەچاکە و پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ دانیشـتوانەکان دەکـات، بـەڵام ئینگلیزەکـان بەهــەموو شـێوەیەك دژی ئـەوە بـوون کـورد بـەمافی خـۆی بگات، ئامادەنەبوون هاوکاری شـێخ عوبەیـدوڵڵا بکـە، (ئـابۆت) کونسـوڵی بەریتانیا لە شاری ورمێ لەنوێنەری شێخی گەیاند دووبەرەکیەکـەی نێـوان کورد و ئێرانی بەلاوە گرنگ نییە و گوێی نـاداتێ، لـەوەش زیـاتر (ئـابۆت) ئاگــای لــەوە بــوو (٣٠٠) لــە ئاشــوورییە شــاخاوییەکان بەســەرۆکایەتی (میترۆپــۆل مــار ئیۆزێــف) لایــان داوەتــە تــەك کوردەکــان، هەولێــدا ئاشوورییەکان بەتایبەتی ئەوانەی لە دەوروبەری گۆمـاوی ورمـێ دەژیـان، لـەدوارۆژدا نەدەنـە تـەك کوردەکـان، هـەر بـۆ ئـەو مەبەسـتە خێـرا خـۆی گەیاندە کلێسە و لەوێ لە خەڵکەکەی گەیاند بەریتانیا هەمیشە چـاوی لـە چــاکە و چارەنووســی دانیشــتووە گاورەکانــە، لەبەرئــەوە دەبــێ لــە بزوتنــەوەی کـورد دوورە پــەرێز بووەســتن.[١١٥] لەشــاری وان پــەتریکی ئاشوورییەکان لەگەڵ (کلایتۆن و تروتێـری) کونسـوڵی ئینگلیـزی کـە لـەو

---

(١١٤) نەجاتی عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٢.

(١١٥) دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٠.

ڕۆژانەدا تازە گەیشتبووە وان بەدزیـەوە یـەکتریان دی. پـاش ئەمـە خێـرا گەڕایەوە بارەگاکەی.[١١٦]

(ئا ڤ پ ر، ف) لە باڵوێزخانەی ئەستەمبوڵ لە سـاڵی (١٨٧٩) دەڵێـت: (مارشەمعون) ئاشکرا پاڵی دایە ئاژاوەکەی هەکاری و چووە ریزی "بەرەی ناحەزانەوە" ئـەم هەڵوێسـتەی سـەرۆکی ئاشـووریەکان لەبـەر ئـەوە بـوو، چونکە شێخ ڕەفتار و کردەوەی دۆستانەی لەگەڵ ئاشووریەکانی ناوچەکە هـەبوو، شـێخ دژی ئـەوە بـوو ئاشـووریەکان لەلایـەن چـەند دەسـتەیەکی کوردەوە زۆریان لێ بکرێـت و تـالان بکـرێن. جارەهـای جـار مـەڕو مـاڵاتی تالان کراوی دەگەڕاندەوە بۆ خاوەنەکانیان. ئەم پەیوەندیە دۆستایەتیەی ئاشووریەکان لەگـەڵ کـورددا بـووە هـۆی ئـەوەی نوێنـەرانی بـەریتانیا لـە عوسمانی و ئێراندا نیگەران بکات.[١١٧]

ئینگلیزەکـان نیگـەرانی ئـەوە بـوون ئاشـوورییەکان لـەماوەی ئـەم ڕووداوانەدا یارمەتی و پشتگیری زۆری کوردیان کرد، کاپتن (کلایتۆن) لەو نامەی لە ئەیلولی (١٨٧٩) دا بۆ مێجەر (تروتێر)ی نـارد، بەترسـەوە لـەوە دەدوێ " مارشەمعون و چەند موسڵمانێکی دەست ڕۆیشـتوو لەشـاری وان پەیوەندییان لەگەڵ کوردە ڕاپەڕیوەکاندا هەیە" . سەرەتا لە زۆر شـوێندا ئاشوورییەکان هەسـتی دوژمنایـەتیان بەرامبـەر بـە قەشـە ئەمریکاییـەکان نەدەشاردەوە و بەچاوی دوژمن سەیریان دەکردن. هەمیشە هەوڵیان دەدا ڕێگانـەدەن، ئەمریکاییـەکان شـارەزایی دەربـارەی ڕێگاوبـانی ناوچـەکانی

---

[١١٦] دکتۆر جەلیلی جەلیل، هەمان سەرچاوە، ل ١١٠.

[١١٧] دکتۆر جەلیلی جەلیل، هەمان سەرچاوە ، ل ٩١.

ورمێ و موسڵ پەیدابکەن. ئەمەشیان لەگەڵ ئینگلیزەکان کرد. ئەوانەی پارێزگاری ئەو قەشانەیان دەکرد.[118]

ئینگلیز لەو پەیوەندیەی نێوان کورد و ئاشوورییەکان نیگەران بوو، دەیویست بەهەر هۆیەك بێت کاریگەری لەسەر ئاشوورییەکان دابنێت هاوکاری کورد نەکەن، لەو بارەیەوە ڕۆژنامەی (مشاك) لە ژمارە (١١٣) ی ساڵی (١٨٨٠) دەنووسێت: حکومەتی بەریتانیا ویستی سوود لەو برسێتیە ببینێ لە ئەنادۆڵ تەشەنەی کرد، هەر بۆ ئەوەی گاورەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێ، بەپارە بەخشینەوە کەوتە یارمەتیدانیان، بۆ ئەم مەبەستە (٤٠٠) لیرەی دابە(کلایتۆن)ی یاریدەدەری کۆنسۆل و (١٥٠) دیناری ستێرلنگیشی دا بە کاپتەن (ئیڤێرست)ی یاریدەدەری (کۆنۆڵ) لە ئەرزڕۆم.[119] سەرەڕای هەموو ئەمانە شێخ عوبەیدوڵڵا هەولی زۆری دا بۆ ئەوەیدانیشتووانە ئەرمەنەکان بەلای خۆیدا ڕاکێشێت، کەوتە پەیوەندی بەستن لەگەڵ نوێنەرانی کڵێسەی ئەرمەنیدا. چەند جار شێخ نوێنەرانی باوەڕپێکراوی خۆی ناردە لای (ئەرخیماندرێت وارناپێت)ی سەرۆکی ئاینی ئەرمەنەکان لەباشقەلا، داوای لێ دەکرد چاویان بەیەك بکەوێت، بۆ ئەوەی بەجووتە لەدۆخی وڵات بدوێن و ڕێ و شوێنی بەکەڵك بدۆزنەوە. بەڵام وەك (ئۆگانیس) خۆی دانی پێدادەنێت، هەموو جارێك گوێی لەو داخوازیە کەڕ دەکرد و بەو جۆرە بینینەکەی سەری نەدەگرت.[120] بۆ زیاتر پتەو کردنی

---

[118] دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٠.

[119] دکتۆر جەلیلی جەلیل، هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٥.

[120] دکتۆر جەلیلی جەلیل، هەمان سەرچاوە، ل ١٠٨.

ڕاپەڕینەکـە شـێخ ڕووی کـردە (مارشـەمعون) و داوای لێ کـرد لابداتـە لای ڕاپەڕینەکەی کورد. بەڵام ئەویش وەڵامێکـی دایـەوە هیـوای ڕێـك کـەوتنی تێدانەبوو. لـە کۆتـایی مایسـی ئـەو سـاڵەدا (کامسـاراکان)ی یاریـدەدەری کونسـوڵی رووسـیا لەگـەڵ (مارشـەمعون) یـەکیان دی، (مارشـەمعون) بەئاشکرا ئەو ڕاستیەی بۆ درکاند و گووتی:

" شـێخ هەوڵیـدا بـەلای خۆیـدا ڕای بکێشـێت، بـەڵام ئـەم ڕازی نـەبوو بەشـداری بزووتنەوەکـەی شـێخ بکـات، چـونکە ڕای وابـوو دەوڵەتـە ئەوروپاییەکان ئەمڕۆ بێ یان سبەی باری سەرشانی گاورەکـانی دەوڵـەتی عوسمانی سووك دەکەن". [١٢١]

گومان لەوەدانیە شێخ هێز و دەسەڵاتێکی زۆری هەبوو، کەچـی رووی دەکردە ئەو کەمایەتیە نەتەوەیی و ئاینیانەی کوردستان و پەنای دەبردە بـەریان، ئەمـەش لەبەرئـەوە نـەبوو سـەنگی ئەوانـە لەمەیـدانی خـەبات و شەردا چارەنووسی راپەرینەکە بەلایەکدا دەخات. بـەڵکو بـەهۆی نزیکیـان لەدەوڵەتە ئەوروپاییـەکان، ئـەوان ببوونـە نینـۆکی دەوڵەتـە ئـەوروپایی و ئیمپریالیسـتەکان لـە دەوڵـەتی عوسمانیـدا. لەبەرئـەوە شـیخ دەیویسـت لەڕێی ئەوانەوە پشتگیری ئەو دەوڵەتانە بەدەست بێنێ یان هیچ نەبێ بـێ لایەنیان مسۆگەر بکات، نەچن بەدەنگ دەوڵـەتی عوسمانییـەوە. ئەمـەش بەزۆری بەوە روون دەکریتەوە ئینگلیزەکان هـەوڵیان دەدا ئاشـوورییەکان لە کوردەکان نزیك نەبنەوە. هاتوچۆ کردنـی دیبلۆماسـیە ئینگلیزەکـان و سەردانیان لەگەڵ ئاشوورییەکان و گفتوگۆ و نامە ئالوگۆرکردن لەگەڵیاندا،

---

[١٢١] دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٠.

هەموو ئەمانە بەو نیازە بوو (مارشـەمعون) بەشـداری ڕاپەڕینەکـەی کـورد نەکات. (مارشومعون)یش کەمتەرخەمیەکەی خۆی بەوە پاساو دەدایـەوە، گوایە سەرۆکی ئاینی کوردەکان ناتوانێ و بـۆی ناکرێت جێگـای دەوڵەتـە ئەوروپاییـەکان بـۆ گاورەکـان بگرێتـەوە. (کامسـاراکان)ی یاریـدەدەری کونسوڵی رووسیا لەوان، لەیـەکێك لەنامەکانیـدا لـە (٢٩)ی نیسـانی سـاڵی (١٨٨٠) دا لەم ڕووەوە دەنووسێت: " وا دیارە مارشەمعون هەسـت بـەوە دەکـات ئەگـەر بێتـو لابداتـە لای کوردەکـان، بـەوە دەوڵەتـە گاورەکـان لـەخۆی دەکـات. هـەر لەبەرئەمـە نایـەوێت لەگـەڵ شـێخ عوبەیـدوڵڵا یـەك بگرێ."[122]

ڕووسەکان بەناوی ئاینەوە بەرژەوەنـدی خۆیـان دەپاراسـت و ئاینیـان وەکـو ڕووپۆشـێکی خەڵەتێنەرانـە خسـتبووە بەرچـاوی عوسمانیـەکان و خــەڵکی، ئـەگینا مەسـەلەکە هـیچ بنەمایـەکی نـەبوو بـۆ نموونـە کاتێـك نەستوورییەکان لەچلەکانی سـەدەی نۆزدەیەمـدا داوایـان لەڕووسـیا کـرد هـەموو نەسـتوورییەکان بـەرەو قـەفقاس بـڕۆن ڕووسـیا ئامـادە نـەبوو بیانگرێتەخۆ.[123] سەرەڕای ئەوەی ڕووسـیا وەکـو ویسـتی ئاشـوورییەکان پشتیوانی نەدەکردن لەگەڵ ئەوەشدا وەکو جاری ڕابردوو لـە شـەڕی قـرم (١٨٥٣– ١٨٥٦) بەتریرك ئاشووری (مارشـەمعون) بەڕاشـکاوی ڕایگەیانـد ئـارەزووی ئەوەیـە لەتـەك ڕووسـیا بێـت، پێشـنیاری کـرد ئاشـوورییەکان لـەڕیزەکانی سـوپای ڕووسـدا قارەمانانـە شـەڕ بکـەن. دوای هـەموو ئـەو

---

[122] دکتۆر جەلیلی جەلیل، هەمان سەرچاوە، ل ١٠٩.

[123] هەستیار محەمەد عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣.

ڕووداوە ناخۆش و کارەستبارانەی لە کاتی ڕاپەڕینەکەی کورد ڕوویدا هێشتا بەلای شێخەوە زۆر گرنگ بوو ئاسوورییەکان بەلای ڕاپەڕینە ئازادیخوازەکەیدا ڕابکێشێت، ماوەیەکی درێژ نامەی بۆ (مارشەمعون) نارد، لەسەرەتا ساڵی (١٨٨١) دا مەتران (ئێپسکۆپی) ئاسووری کە لە شەمدینان دەژیا، ناردە لای (مارشەمعون) لە بارەگاکەی (کۆچانیس). ڕۆژنامەی (مشاك)ی ئەرمەنی ئەوەی دووپات کردەوە (مارشەمعون) لەگەڵ (١٥) مەلیکەکەیدا بەڵێنیان بەشێخ دا ئەگەر هاتوو جارێکی تر لە ئێران ڕاست بۆوە پشتگیری بکەن. لەلایەکی تر دەنگوباسی ئەوە هەبوو مەلیکەکان گوێیان نەدایە خواستەکەی (مارشەمعون) و ڕازی نەبوون پشتگیری عوبەیدوڵلا بکەن.[١٢٤]

دوای شکست هێنانی ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵلا نامەیەك بۆ شێخ خەلیفەی ئەلاشکیری بەناوبانگی نارد مایەی سەرنجدانە. بەشێکی زۆری ئەو نامەیە بۆ کێشەی نێوان کورد و ئەرمەن تەرخان کراوە، لەو نامەیەدا شێخ عوبەیدوڵلا دەنوسێت: " هەرچۆنێك بێت من بڕوام بەئەرمەن زیاتر لە ئێران و تورك هەیە، بۆ ئێمە باشتر وایە لەگەڵ ئەرمەندا یەك بگرین.نەك لەگەڵ ئێران و تورکدا. دوای ئەوە داوا لە شێخی ئەلاشکیر دەکات واز لە زوڵم و زۆرداری کردن لە ئەرمەنەکان بێنێ، نەکا بەبەڵێن و زمانلوسی تورکەکان هەڵخەڵەتێ. .... شێخ خەلیفە لە وەڵامدانەوەکەیدا تاعەت و ملکەچی خۆی پیشانی شێخ دا، بەڵام ملی نەدا و ڕازی نەبوو بەدەنگیەوە بچێت.[١٢٥] شێخ هەمیشە هەوڵی دەدا پەیوەندی لەگەڵ ئەرمەنی و

---

[١٢٤] دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٧.
[١٢٥] دکتۆر جەلیلی جەلیل، ن هەماسەرچاوە، ل ١٤٦.

ئاشوورییەکان باش بێت، شێخ کاتێ لە ئەستەمبوڵ ڕای کرد لەسەر داخوازی (ئەرخیماندریت ئورگانیس کاجوونی) لادەداتە کەنیسەی (قەدیس فارفولومیا)ی ئەرمەنی لەهەرێمی وان و لەو کەنیسەیەدا سوپاسی پێشوازی کردنەکەی کرد بوو، بەو کوردانەشی لەگەڵیدا بوون گوتبووی هەرکەسێکتان کردەوەی ناهەمواری لەگەڵ ئەرمەنیەکاندا بکات مانای وایە ئەو کردەوە خراپەی لەگەڵ شێخدا کردووە، کاربەدەستانی عوسمانی ترسیان لەو پەیوەندیەی شێخ لەگەڵ ئەرمەنی و ئاشوورییەکان هەبوو بەترسەوە دەیان ڕوانیە داهاتووی ئەو پەیوەندیە، لەبەر ئەوە پەنایان بردەبەر وروژاندنی خەڵك بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندیە تێك بدەن، ئەوە بوو لەساڵی ١٨٨٢ کاتێك بازاڕی بدلیس سووتا گەلێك دوکانی ئەرمەنی تێدا بوو دەم و دەست کاربەدەستانی تورك کوردیان بەوە تاوانبار کرد و بڵاویانکردەوە ئەو سووتاندنە بەهاندانی شێخ بووە.[١٢٦]

حکومەتی ڕووسیای تەزاری و بەریتانیا دەمارگیریەکی مەسیحیگەری توندیان بەرامبەر بەچارەنوسی ئەرمەنییەکانی تورکیا و بەتایبەتی ئەوانەی لە کوردستانی تورکیا دەژیان نیشان دەدا. مەبەستیشیان هەر ئەوەبوو پاراستنی مافی ئەرمەنیەکان بەناوی مەسیحیگەرییەوە بکەنە بیانوو بۆ ئەوەی لەباری سیاسیەوە تین بۆ سوڵتان بێنن. ئەوەندی پەیوەندی بەکوردیشەوە هەبوو ئەم دوو دەوڵەتە مەسیحییە کوردەکانیان هەر بە مرۆڤ نەدەزانی.[١٢٧]

---

[١٢٦] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٦.

[١٢٧] د. عبدالرحمن قاسملو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦.

ئینگلیزەکان بەناو بۆ پارێزگاری لـه کریسـتیانەکان لـه ناوچـەکەدا لـه چالاکیدا بوون، بەڵام هەمیشە دژی هەموو بزوتنەوەیەکی ئەرمـەنی بـوون، نەوەکو بزوتنەوەکەیان ببێتە هۆی نانەوەی ئاژاوە لەناو وڵاتی عوسمانیدا، ئینگلیزەکـان هەمیشـە مەبەسـتیان نـەبووە وڵاتـی عوسمـانی یـەکگرتوو بـەهێزبێت بـۆ ئـەوەی ڕووبـەرووی رووسـەکان خـۆی رابگـرێ، لەولاشـەوە تورکی عوسمانی بەئاشکرا دژی هەموو مافێکی نەتەوایەتی ئەرمەنی بـوو، بـەوە تاوانباریـان کـردن بـوون بەداردەسـتی روسـیا و ئینگلیـز و وڵاتـە کریستیانەکانی تری ئەوروپا، نەتەوەی کوردیش لەم ناوەدا ئەویش وەکـو ئەرمەنی و ئاشوورییەکان چەوسینرابوونەوە و لەمافی نەتەوایـەتی خۆیـان بـێ بـەش بـوون، هـەوڵێکی زۆری داوە لەگـەڵ ئەرمـەنی و ئاشـوورییدا بەشـێوەیەکی دۆسـتانە بـژی و تەقـەلای ئـەوەی داوە هاوکـاری لەگـەڵ هـەردوولا بکـا، بـۆ ئـەوەی هـەموویان پێکـەوە دژی جـەور و سـتەمی کاربەدەستانی عوسمانی بوەسـتن و بەرامبـەر بـەو تەقەلایانـەی کـورد لـە تەقەلاکانی بەدرخان و شیخ عوبەیدوڵڵا نەهریدا بەئاشـکرا دەسـتی پێکـرد بوو، بـەڵام تەقـەلاکانیان سـەکەوتوو نـەبوون بـەهۆی هەڵوێسـتی رووس و ئینگلیزەکانەوە، میسینێرە دبلۆماسیەکان هـانی ئەرمەنییـەکانیان دابـوو خۆیان لە جموجۆڵی بزوتنەوەکانی کورد نزیك نەکەنەوە و نەبنە هاوکـاری کورد دژی عوسمانی.(١٢٨)

دەوڵەتە ئەوروپییەکان گوشاریان دەخسـتە سـەر دەوڵـەتی عوسمـانی بەناوی چاکسازی بۆ ئەرمەنەکانی دەوڵـەتی عوسمـانی، ئەمـە بـووە هـۆی

(١٢٨) محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢١.

توڕە بوونی عوسمانی لەساڵی (١٨٨٠) عوسمانیەکان بەهەموو شێوەیەك هەوڵیان دەدا کورد بەگژ ئەرمەندا بکەن، وەکو ئامرازێك دژی چاکسازی بەکاری بهێنێت. بەڵام شێخ عوبەیدوڵڵا ڕێگای نەدا ئەو ویستەی عوسمانییەکان بێتەدی.[١٢٩] سەرەڕای هەوڵەکانی کورد بۆ پەرۆشی پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ ئاشوورییەکان، بەڵام حوکمدارانی لەخۆبایی ئاشووری هەمیشە مەیل و ئارەزووی دەسەڵات بوون بەسەر کورددا، لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتەکەیانەوە تا کۆتایی لەگەڵ کورد خەریك بوون، هەمیشە زیانیان پێ گەیاندووە و خۆشیان زیانیان کردووە.[١٣١]

دیبلۆماسیە ئینگلیزەکان بەهەموو جۆرێك دژی پێکهێنانی یەکێتی کوردەکان وەستان، بۆ هێنانەدی ئەو مەبەستەیان هەولێکی زۆریان داو چالاکیەکی تەواویان نواند، لەناو ئەرمەنەکاندا پڕوپاگەندەیەکی زۆریان بڵاوکردەوە، پێك هێنانی یەکێتی عەشیرەتە کوردەکان بەریتانیای بەجۆرێك نیگەران کرد، نوێنەرانی پەرلەمانی ئینگلیز خێرا ئەو کێشەیان خستەبەردەمی پەرلەمان و داوای لێکۆڵینەوەیان کرد.[١٣٠]

دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەمەڵبەندی کوردستان نەك بەتەنیا لای تورکیا جێگای نیگەرانی بوو، بەڵکو ترس و دڵەراوکێی لای دەوڵەتە ڕۆژئاواییە داگیرکەرەکانیش دروست کردبوو، دوای ئەوەی پێگەی ئابووری خۆیان لەناو دەوڵەتی عوسمانی جێگیرکردبوو، ئینگلیز لەو کاتەدا دەسەڵاتێکی زۆری لەناو دەوڵەتی عوسمانی هەبوو، ئینگلیزەکان هاوکاری

---

[١٢٩] هەستیار کەمال کوری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٩.
[١٣١] محەمەد ئەمین زەکی بەگ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٦.
[١٣٠] دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٥.

و كۆمـەكی گـەورەیان پێشـكەش بـە توركـەكان كـرد، سـوڵتان ئـەوەی لەبیرنەچـووە دەمـارگیری و نـاكۆكی نێـوان كـورد و كەمەنەتـەوە مەسـیحییەكانی نیشـتەجێ لەگـەڵیان بـەوروژێنێ، بەتایبـەتیش ئاسـوورییەكان، چـونكە ئەمانـە دەكەوتنـە نێـوان بۆتـان و هـەكاری. ئـەو ئاشوورییانەی (مارشەمعون) سەركردەی دینـی و دنیاییـان بـوو، خـاوەنی ڕێكخسـتن و سـوپایەكی عەشـایری بـەهێزبوون، لەلایـەن (مارشـەمعون) و دەرەبەگە دەسەڵاتدارەكانەوە بـەڕێوەدەبرا، مژدەدەرە(تبشـیر)كانیش بـۆ بەرژەوەندی ئینگلیز كاریان دەكرد. چەندین فێڵ و پیلانیان دروست كرد، دەستیان كـرد بەوروژانـدنی ناكۆكیـەكانی نێـوان كـورد و ئاشـوورییەكان، محەمەد پاشای موسڵ بەڵێنیدا بە(مارشەمعون) كۆمـەك و هاوكـاری لـەناو كوردەكانـدا بڵاودەكـردەوە بەرامبـەر بـەوە موژدەدەرەكـان بكاتـە دژی كوردەكـان، لەهـەمان كاتـدا گومـان و دوودڵـی لـەناو كوردەكانـدا بڵاودەكردەوە، بەرامبەر بـە مـوژدەرە ئاشـوورییەكان، ئـەنجام سـەركردە ئاشوورییەكان پەنایان بردەبەر ئینگلیزەكان بـۆ ئـەوەی كۆمـەكیان بكـەن دژی كورد. ئینگلیزەكـان هانـدەربوون بـۆ ئـەم كـارە دژی كـورد، داوایـان لەدەسـەڵاتی پایەبـەرزی سـوڵتان كـرد یاسـا بسـەپێنن بەسـەر ناوچـە كوردەیەكانـدا، ئاشـوورییەكان داوایـەكی هاوشـێوەیان لـە ڕووسـیا كـرد، ئەمەش بەپێی پرۆژەكەی سوڵتان بوو، لەئەنجامدا كارەساتی گەورەی بـۆ كـوردو ئاشـووری هێنـا ئـەوەی زەرەرمەنـدیش بـوو هـەر ئـەم دوو گەلـە بوون.[١٣٢]

---

[١٣٢] ن لازاریف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٦–٢١٠.

## هەڵوێستی ڕووسیا بەرامبەر هەوڵەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا

شێخ عوبەیدوڵڵا هەر لەسەرەتاوە پەیوەندی لەگەڵ ڕووسیای تزاری پێ باشتر بوو لە دەوڵەتە ئەوروپاییەکانی تر، ڕەنگە هۆی ئەمە ئەوە بووبێ ڕووسیا هاوسنوور و هەمیشە کێشەی شەڕ و سنووری لەگەڵ تورکیا هەبوو، لەلایەکی تریش دەوڵەتەکانی تر بەتایبەت بەرتانیا لەکوردستانەوە دووربوو، هەمیشە هەڵوێستی بەرامبەر بەکورد باش نەبوو. شێخ عوبەیدوڵڵا لە ساڵی (١٨٧٩) نوێنەری خۆی بۆ کونسوڵگەی ڕووس لەئەرزروم نارد بۆ ئەوەی بزانێ هەڵوێستی ڕووس چی دەبێ ئەگەر شێخ شۆڕش بکا، نوێنەرەکە بۆ کونسوڵی ڕوون کردەوە شێخ یارمەتی و کۆمەکی ڕووسەکانی لەهی هەر لایەنێکی تر پێ باشترە.[١٣٣] کاتێك شێخ عوبەیدوڵڵا ئامادەکاری دەکرد بۆ ڕاپەڕینەکەی ڕووسیا بەوردی چاوێری دەکرد، کاربەدەستانی ڕووس لەنامەیەکی نهێنیدا، کە بۆ سەرۆکی قەزای (ئیچمیازدین) نێردرابوو، ئامۆژگاری و ئاگادارکردنەوەی تێدابوو" بەبۆنەی بزوتنەوەی کوردەکانی دەوڵەتی عوسمانیەوە، گومانی تێدا نییە لەتەك ناوەرۆکی سیاسی ناوەرۆکێکی ئاینیشی هەیە، داوا لە جەنابی پایەبەرزتان دەکەین کوردەکانی قەزاکە لەچاو ون مەکەن و بەهیچ جۆرێك ڕێگا مەدەن بەشداری ئەو ڕاپەڕینە بکەن، نەبەپارە و نەبەهیچ شێوەیەك یارمەتیان نەدەن" بەڵام شێخ لەناو کوردەکان ناو و پایەیەکی بەرزی

---

(١٣٣) عەبدوللا عەلیاوایی ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٥.

هـەبوو، خـەڵکی بەخۆشـیەوە پێشـوازی بـیرو ئامـانجی ڕاپەڕینەکـەیان دەکرد.[(١٣٤)]

پاش ئەوەی ڕووس کونسۆڵگەی لەشاری وان کردەوە، شـێخ نوێنـەری خۆی (سەید محەمەد سەعید) بۆ لای (کامسـاراکان) نـارد، نوێنەرەکـە بـۆ کونسۆڵی ڕوون کردەوە کورد دەتوانێ ڕۆڵێکی گرنگـی هـەبێ ئەگـەر شـەڕ لەنێوان ڕووسیا و بەریتانیا هەڵبگیرسێ. چونکە هـەموو ناوچـە گرنگـەکان لەبەردەستی کوردایە. بەڵام (کامساراکان) گووتی باشێخ داواکـانی بخاتـە بـەردەمی دەوڵـەتی عوسمـانی. چـونکە لەوکاتـەدا ڕووس و عوسمـانی پەیوەنـدی باشـیان هـەبوو. پێدەچـێ (کامسـاراکان) دژی هاوکـاری کـورد بووبێ زیاتر لەگەڵ هاوکاری مەسیحیەکاندا بووە.[(١٣٥)]

(ئـەڤریانۆڤ) لەکتێبەکەیـدا دەڵێـت: " هەمیشـە کوردەکـان پێشـنیاری ئـەوەیان کـردووە هاوکاریمـان بکـەن، بـەڵام ئێمـە(ڕووس) هـیچ کاتێـك نـەمانتوانی لەگـەڵ کوردەکـان پێکـەوە بچـین بەگـژ تورکـدا و نـەمانتوانی لەهیچ کاتێکدا نرخی ئەو داخوازیانەی کورد هەڵسەنگێنین"[(١٣٦)]

کـورد هەمیشـە هەوڵیـداوە پەیوەنـدی باشـی لەگـەڵ ڕووسـیا هـەبێت، بەپێچەوانەوە ڕووسیا زیاتر کاریگەری خراپی لەسەر پێوەندی نێوان کورد و ڕووس و کورد و ئەرمەن هەبووە، سەرەتای سـەدەی نـۆزدە ڕووسـەکان مامەڵـەیان لەگـەڵ کوردەکـانی ییریڤـان بـاش نـەبووە و بـاجی زۆریـان لێ

---

[(١٣٤)] دکتۆر جەلیلی جلیل، سەرچاوەی پێشوو ل ١٠٥.

[(١٣٥)] دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٥.

[(١٣٦)] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣٤.

سـەندوون، بـەڵام بـاجی لەئەرمەنـەکان وەرنـەگرت و لەهـەموو شـوێنێك فەرمانـداری ئەرمەنـەکانی بەسـەر موسـوڵمانەکانەوە دانـابوو، بایەخـدانی ڕووسیا بەئەرمەنەکان جگەلە ئاینێکی هاوبەش نەبێت هـیچ شـتێکی دیکـە کـۆی نەدەکردنـەوە، سـەرەڕای ئـەوەی بـەراورد بـەکورد هـیچ سـوودێکی بۆیان نەبووە، سەرکردەی سـەربازی ڕووس (پ.ی. ئـەڤریانۆڤ) دەڵێـت:" لەکاتی پێکدادانی شەڕی ئێمە و عوسمانیەکاندا پۆلیسە ئەرمەنـەکان هـیچ قازانجێکیان بۆ ئێمە نەبووە، ئەوانە هەمیشـە لـەکاتی هێـرش کردنەکانـدا هەڵدەهاتن، وەك دواتر دەرکەوت ئەوانە دوای شەڕەکان تەنیا بۆ کوشتن و سەربڕینی موسڵمانەکانی شـارەکان ئامـادەبوون."[١٣٧] سـەرەڕای هـەوڵی زۆری کورد بۆ پەیوەندی کورد لەگەڵ ئەرمەنەکان، بەڵام بەفیتی دەوڵەتـە بێگانـەکان زۆرجـار ئەرمەنـەکان دەسـتیان لـەتاڵان و سـوتاندنی دێهـات و بردنی مەڕوماڵاتی ناوچە کوردییەکان هەبووە، هـەتا سـاڵی (١٨٥٣) کـورد لەدژی دەزگاکانی یاسایی ناوچـەی ئەرمـەن ناڕەزاییـان دەربڕیـوە، بـەڵام ڕووس زیاتر گرنگیان بە ئەرمەن داوە، ساڵی (١٨٥٥) ڕووسەکان ئاگاداری ئەو ناڕەزاییانەش بوون لەلایەن کوردەوە لەئەرمەن دەکـرا، چارەسـەریان نـەدەکرد، لەسـاڵی (١٨٥٤) ئـەو کوردانـەی کۆچـیان دەکـرد بـۆ ڕووسـیا مەرجیان بۆ دانابوون، کەسـانی ئەرمـەنیان دەکـردە فەرمانـدەیان، بـەڵام کوردەکان ڕازی نەبوون، بەڵکو یان ڕووسی یان دەبێ کـورد بێـت، کەواتـە

---

[١٣٧] هەستیار کەمال نوری ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٢.

ڕووسەکان هۆکارێکی تێکچوونی پەیوەندی نێوان کورد و ئەرمەن بوون.(١٣٨)

دوای سەرنەکەوتنی ڕاپەڕینەکەی شێخ و شکانی شێخ، ڕووس و ئینگلیز گوشاریان خستەسەر دەوڵەتی عوسمانی، پشنیاز بکات بۆ شێخ سەردانی ئەستەمبولێ بکات، بۆ ئەوەی ناچاری بکات لەوێ بمێنێتەوە. بۆ ئەوەی بۆ مەرامەکانی خۆی بەکاری بێنن.(١٣٩)

پاش ڕاکردنی شێخ و گەڕانەوەی بۆ کوردستان شێخ عوبەیدوڵڵا نوێنەری خۆی (عەلی قاسم ئۆغلی) نارد بۆلای (کامسراراکان) جێگری کونسۆڵی ڕووس لە ورمێ، داوای لێ کرد پشتگیری شێخ بکەن و هیچ داوای مەعنەوی و دارایشی لەڕووس نییە، بەڵام ڕای ڕووسەکان وابوو پێویستە شێخ داوای لێ بکرێ گوێڕایەڵی حکومەتی عوسمانی بێ قەید و شەرت بێ. ئەمەش وای لە شێخ کرد هیچ ئومێدێکی بەڕووس نەبێ.(١٤٠)

## هەڵوێستی ئینگلیز و سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر بەکورد

شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ دەستهێنانی پشتیوانی وڵاتانی بێگانە هەوڵی زۆریدا، بەتایبەت بەریتانیا کاریگەری زۆر لەسەر بارودۆخی دەوڵەتی عوسمانی هەبوو، بەڵام بەپێی ئەو نامانەی لەنێوان دیپلۆماتکارە بەریتانییەکان ئاڵوگۆڕکراون، دڕدۆنگی بەریتانیا لەبەرامبەر کورد

---

(١٣٨) هەستیار کەمال نوری ، هەمان سەرچاوە ، ل ٢٠٣.

(١٣٩) دکتۆر عەلی عەلیاوایی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٢٠.

(١٤٠) دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوایی، هەمان سەرچاوە، ل ١٢٧.

بەدیاردەکەوێت، بەتایبەتی بەرامبەر هەوڵەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا و نزیک بوونەوەی ئاشووری و ئەرمەنییەکان بۆ پاڵ شۆڕشەکەی. ڕووسەکانیش هەمان هەڵوێستی بەریتانیەکانیان هەبوو.(١٤١)

لەپاش جەنگی (١٨٧٧- ١٨٧٨)ی نێوان رووسیا و تورکیا ناوەندەکانی بەریتانیا هەوڵێکی زۆریان دا تا تورکیا بەلای خۆیاندا ڕاکێشن، بۆ ئەوەی تورکیا ببێ بەلایەنگیری بەریتانیا، لەململانێکانی لەگەڵ رووسیا. بۆ سەرنجڕاکێشانی دەوڵەتی عوسمانی ئینگلیز هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدابوو گوشاری ڕاپەڕینەکەی شێخ لەسەر دەوڵەتی عوسمانی کەم بکاتەوە، لەسالی (١٨٧٩) (کلایتۆن) جیگری کونسۆلی بەریتانیا سەردانی شیخ عوبەیدوڵڵای کرد.(١٤٢) بۆ ئەوەی لەنزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی ڕاپەڕینەکە بێت. لە دووەم دانیشتندا لەگەڵ عوبەیدوڵڵا، (کلایتۆن) کەوتە باس کردنی هەڵوێستی بەریتانیا و پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانییدا، ئەوەی دووپات کردەوە بەریتانیا ئامادەیە ڕووبەڕووی هەموو جۆرە " گەڕەلاوژەیی" و بێ یاساییەك بوەستێ، کە دەبێتە مایەی هەڕەشە و مەترسی بۆ یەکێتی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی، پاشان (کلایتۆن) ئەوەی ڕوون کردەوە مەبەست لە هاتنەکەی بۆ هەکاری ئەوەیە ڕاستەوخۆ هەموو بارودۆخەکە بەچاوی خۆی ببینێت.(١٤٣)

---

(١٤١) کامەران محەمەد حاجی ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤٣.

(١٤٢) دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٨.

(١٤٣) دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١١.

شـێخ عوبەیـدوڵڵا دەیویسـت لەهــەردوو دەوڵـەتی رووس و بـەریتانیا بگەیـەنێ ئـەو لەڕاپەڕینەکـەی مەبەسـتی خراپـەکاری نییـە و تـەنیا بـۆ سـەربەخۆیی نەتەوەکـەی تێدەکۆشـی، لـەو باریـەوە شـێخ بـە(ئابۆت)ی کونسوڵی بـەریتانیای ڕاگەیانـد نیـازی لـەم ڕاپەڕینـە تـاڵانی نییـە، بـەڵکو ئامانجی ئەوەیە نەتەوەکەی لە زۆرداری ڕزگار بکات. کوردەکان هیچ کـات دەسـتدرێژیان نەکردۆتـە سـەر گونـدە نەسـتوورییەکانیش، چـونکە لـەو ماوەیـەی لەوەوبـەر چـەند کوردێـك بـەهۆی ئـەوەی تاڵانیـان کردبـوو بەفەرمانی شیخ کوژران. بەڵام ئەوەی ئینگلیز بەلایـەوە گـرنگ بـوو تـەنیا بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بوو، نەك پاراسـتنی نەتـەوەکانی ژێـر دەسـتی دەوڵەتی عوسمانی، کاتێك ئینگلیزەکان دەسەڵاتیان گرتەدەست دەسـتی یارمەتیان دریژکرد بۆ ئەوەی سنووری نێوان دەوڵـەتی عوسمـانی و ئـێران کـونبڕ بکرێـت و ڕێ لـە کوردەکـان بگیرێـت، ئـەم دیـو ئـەودیو بکـەن و سـنوورەکانی نێـوان ئـەم دوو دەوڵەتـە دابخـەن، ئەمـە بـووە هۆیـەك تـا ڕاپەڕینەکەی کورد لەناو بچێت. باڵوێزی بەریتانیا لـە تـاران و ئەسـتەمبوڵ لەگەڵ شا و سوڵتاندا کەوتە گفتوگۆ بەو نیازەی توانای هـەردوو لایـان بـۆ لێـدانی بزووتنـەوە کوردەکـانی سـەر سـنوور یـەك بخـەن، (تۆمسـۆن)ی باڵیۆزی بەریتانیا لەتاران بێ وچان لەوێوە لەندەنی لەهەموو ئـەو هـەوڵ و تەقەللایانە ئاگادار دەکرد، لەلایەن هەردوو دەوڵەتەکەوە بۆ یـەك خسـتنی چالاکی و ڕێك کەوتنی ڕەسمی هەردوولایان دەدرا. [١٤٤]

---

[١٤٤] دکتۆر جەلیلی جەلیل، هەمان سەرچاوە ، ل ١١٠.

بەهۆی بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆی بەریتانیا هەمیشە دەیویست خاکی دەوڵەتی عوسمانی بەیەك پارچەیی بمێنێتەوە، ئامانجە دوور و شۆڕشە بێگەردەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا مەترسی ئەوەیان هەبوو بەهۆی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا نەتەوەکانی تریش وریا ببنەوە و بەرژەوەندیەکانیان لە دەوڵەتی عوسمانی بکەوێتە مەترسیەوە، وەك (ئابۆت) سەرکونسۆڵی ئەو کاتەی ئینگلستان لە تەورێز لەنامەیەکیدا بۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی ئینگلستان (ئیرل گرانفیل) دەنووسیێ: ئەم بەرنامەیەی کورد، دەبووە مایەی لەبەریەك ترزانی ئیمپڕاتۆری عوسمانی و بزواندنی عەرەبەکانیش بۆ ئەوەی ئەوانیش داوای جیابوونەوە لە دەوڵەتی عوسمانی بکەن.[١٤٥]

دوای ئەوەی شێخ عوبەیدولا لەئەستەمبوڵەوە گەڕایەوە بۆ باکووری کوردستان، حکومەتی ئێران داوای لە ئەستەمبوڵ کرد، شێخ عوبەیدوڵڵا بەگیراوی بنێرێت بۆ ئێران، لەوەدا حکومەتەکانی بەریتانیا و نەمسا پشتگیری ئەو داخوازیەی ئێرانیان کرد، حکومەتی تورکیایان بەوە تاوانبار کرد، کە ئەو هانی شێخ عوبەیدولای دابوو ئەو شەڕە لە ئێران بکا، حکومەتی عوسمانیش ئێرانییەکانی بەوە تاوانباردەکرد حکومەتی ئێران ڕێگەیان دابوو بەکوردەکانی ئێران لەناو وڵاتی عوسمانیدا لەبەغداد و موسڵ و وان تالانی بکەن.[١٤٦]

---

[١٤٥] محەمەد حەمە باقی، ڕاپەڕینی هەمزاغای مەنگوڕ لەبەڵگەنامەکانی قاجاریدا ١٨٥٤– ١٨٨٠، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٢.

[١٤٦] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤.

ئەفسەری ڕووسی (ی. د. مالاما)، کە لەساڵی ١٨٧٩ سکرتێری کونسوڵخانەی ڕووسیا لەئەرزورۆم دامەزرا، دەڵێت: ئەو کاتە حکومەت نەك هەر نەیتوانیوە کۆنترۆڵی ڕاستەقینەی سەرکردە کۆچەرییەکانی سەربە وڵاتەکەی بکات، بەڵکو نەشیتوانیوە بۆ لاپاڵی خۆیان ڕابکێشێت، هەربۆیە ئەمە وایلێکردون کە ببن بە"ڕەگەزێك دژایەتی حکومەت بکەن، ئامادەشن لەیەکەم دەرفەتی گونجاودا بچنەپاڵ دوژمن."[١٤٧]

## ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە ١٨٨٠-١٨٨١

ئەگەر دەوڵەتی عوسمانی لە کۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی میرنشینەکانی کورد سەرکەوتوو بوو، بەلاّم لە هەوڵەکانی بۆ بەستەوەی تەواوی ئیمپڕاتۆریەت بەناوەندەوە شکستی هێنا، حکومەت نەیتوانی بۆشایی دەسەڵات لەکوردستان پڕبکاتەوە، ئەو بۆشاییەی دەسەڵات بەنەمانی میرەکان دروست ببوو، پشێوی و ئاڵۆزی کەوتە ناو ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان و حکومەتیش بۆ چارەسەری ئەم بارودۆخە ڕێگای هێرش و پەلاماری گرتەبەر و ئەوەی بەپێویست زانی، لەم بارودۆخەدا کوردستان پێویستی بەڕابەرایەتی سەرکردەیەکی لێهاتوو هەبوو.[١٤٨] شێخ عوبەیدوڵڵا وەك ڕابەرێکی دینی گەورە و کەسایەتیەکی بەهێز لەلای سەرۆك عەشیرەتەکانی کورد گوێی لە قسەی دەگیرا، بەو

---

[١٤٧] م. کامەران محەمەد حاجی، کوردستان لە یاداشتی چەند گەریدەیەکی روسیدا، گۆڤاری مێژوو سالی سییەم ژ٩ زستانی ٢٠٠٩. ل٢٣٧.

[١٤٨] جعفر عەلی ڕەسوڵ، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، سلێمانی ٢٠٠٤ ، ل ١٥٦.

هۆیـەوە کەوتـە یەکخسـتنی خێڵـەکان بـۆ بەئـەنجام گەیانـدنی ئامانجـە نیشـتمانی و سیاسـیەکانی پشـت ئەسـتوور بەدەسـەڵاتی ئـاینی و ڕێـز و حورمەتی خۆی.[149]

(سـیۆفی Sioufi) کـارداری جێگـری کونسـوڵی فەرەنسـا لـە موسـڵ دەربارەی خۆشەویسـتی کوردەکـان بـۆ شـێخ عوبەیـدوڵڵا دەنووسـێت: " شـێخ عوبەیـدوڵڵا لەچـاوی خـودی خـەڵکی موسـڵەوە شـێخێکی پـیرۆزە و لەوپەڕی کەماڵی ڕێزلێگرتنەوەیە، بۆ کوردەکان، چەشنە نیمچە خوداییێکە بۆ خۆی، ڕاستیەکەی، کوردەکان پیرۆزیەکی تەواو خودایی پێدەبەخشـن. کاتێك دەیبینن ئەگەر لەدورەوە بێ سەر بەهـەر چینێك بـن، بەتاڵوکـە لـە ئەسـپەکانیان دادەبـەزن و دەسـت لەسـەر دەسـت، سـەربەرەوخوار چـەکەکانیان دادەگـرن، دەچـنە دیـدەنی و یەکبینـە بـۆی دەچـەمێنەوە. یەکجار لە حزووریدا تا زەوی خۆیان خوار دەکەنەوە چاوەڕوانن بۆ ئەوەی شێخ زار بکاتەوە، ئەو خۆی قسان بکات، بەڵام بێ ئەوەی جورئەتی ئەوە بکەن تەماشای بکـەن، کـەمترین خواسـت، کـەمترین ئامـاژە لەلایـەن ئـەم پیرە چیاییە مۆدێرنە فەرمانێکی باڵایـە بـۆ نزیکـەکانی کـەوا دەردەکـەوێ ئامادەبن خۆیان بخەنە ناو ئاگریشەوە بۆ ئەوەی ئەو دڵخۆش بێت".[150]

شـێخ عوبەیـدوڵڵا وەکـو مرۆڤێکـی نیشـتمانپەروەر و خـەمخۆری هاووڵاتیـانی خـۆی، ئەگەرچـی شۆڕشـەکەی ئـەویش لەسـەر بناغەیـەکی عەشـایری بـووە، ڕێکخراوێکـی سیاسـی دانەمەزرانـدبوو بـۆ سەرپـەرشـتی

---

[149] دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٤.

[150] نەجاتی عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.

کردنی شۆڕشەکە، لەڕووی سوپایی و ئابوورییەوە وەکو شۆڕشگێڕەکانی بەر لەخۆی تووشی گەلێك هەڵەبوو، بەڵام تاڕادەیەکیش هەوڵیدا بوو سوود لە بەسەرهاتەکانی پێش خۆی وەربگرێ، بۆ ئەو مەبەستە هەندێ هەنگاوی گرنگی نابوو وەکو:

١- پێوەندی کردن بەسەرۆك عەشیرەت و دەسەڵاتدارەکانی کوردەوە بۆ ئەوەی بەهێز و توانای هەموو لایەك ڕووبەڕووی دوژمن ببنەوە.

٢- هەوڵ و تەقەلای شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ پتەو کردنی پێوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ کریستیانەکاندا.

٣- دیبلۆماسیەتی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ پەیوەندی کردن بەوڵاتانی دەرەوە بەمەبەستی پشتگیری و یارمەتی دانی.[١٥١]

شێخ زۆرباش لەوە گەیشتبوو هەتا کوردەکان یەك نەخات و هەتا سیاسەتێکی دۆستانە بەرامبەر بەکەمایەتیە نەتەوایەتی و ئاینیەکان ڕەچاونەکات ناتوانێ بەئامانجی خۆی بگات. بۆیە کاتێك پێشنیاریان پێ کرد کوشتار لەمەسیحیەکان بکا، لەوەڵامدا گووتی: " تورکەکان دەیانەوێ ئێمە لە مەسیحییەکان بدەین و کاتێك مەسیحییەکانیش بڕانەوە بۆ خۆیان بابدەنەوە سەر ئێمە."[١٥٢]

شێخ عوبەیدوڵڵا لەبارودۆخی نالەباری وڵات و پەرۆشی بۆ نەتەوەکەی خۆی لەهەوڵی بێ وچان دابوو بۆ یەکخستنی کورد و ئاراستەکردنیان بۆ ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری، (وەدیع جوەید) لەو بارەبەوە دەڵێت:

---

[١٥١] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٦.

[١٥٢] د. عبدالرحمن قاسملو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥.

" وادێتەبەرچاو ترس لە حوکمڕانی ئەرمەنەکان لەکوردستان یەکێك لـە گرنگترین ئەو هۆکارانـەبووبێ شـێخی بـۆ یەکخسـتنی کـوردان ورووژانـدبێ. بەبڕوای (ماکداول)یش هۆی داوای شـێخ عوبەیـدوڵڵا لەبـەریتانیا کـورد بـە "نەتەوەیەکی جـودا" بناسـێت، هـەر ئـەم مەترسـیە ئەرمەنییـە بـوو.[١٥٣] شێخ عوبەیدوڵڵا ئەو هەوڵ و تەقەلایـەی بـۆ لێـدان و کزکردنـی دەسـەڵاتی مووچـەخۆر و دەزگاکـانی دەوڵـەتی عوسمـانی تـەرخان کردبـوو، ئـەو دەزگایانەی کاروپیشەیان رووتاندنەوەی خەڵك بوو. جگەلەوەش نیـاز لـەو هـەوڵ و تەقەلایـە چەسـپاندنی دەسـەڵاتی شـێخیش بـوو لەناوچـەکانی دەوروبەردا. نوێنەرانی بنەماڵە ناودارەکـانی کـورد لەبنەماڵـەی ڕەوانـدز و بدلیس و بۆتـان و بنـەماڵانی تـر لـە دەسـەڵات و ئیمتیازەکانیـان درابـوو، بەگەرمیەوە بەشداری بزوتنەوە دژ بە عوسمانیەکەیان کرد.[١٥٤]

## یەکەمین پێکداهەڵپژانی کورد و عوسمانی ١٨٧٩

تائێستا هەموو ئەوانەی لەسەر مێـژووی شۆڕشـی شـێخ عوبەیـدوڵڵایان نووسـیوە، هـیچ زانیاریـەك سـەبارەت بەسـەرەتای یەکـەمین پێکداهەڵپژانەکانی کورد و عوسمانی بەدەستەوەنادەن، ڕاپەڕینێکی گرنگ و فراوانی وەك ئەم ڕاپەڕینە زانیاری زۆر کەم دەربارەی کاتی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکە لەبەردەست دایـە، سـەرەڕای ئـەوەی هـەموویان بـێ جیـاوازی باسی لەشکرکێشـی شـێخ عوبەیـدوڵڵا دەکـەن بـۆ سـەر دەوڵـەتی فـارس،

---

(١٥٣) جەعفەر عەلی ، سەرچاوەی پێشوو. ل ١٦٣.
(١٥٤) دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨١.

کەچی هیچ زانیاریەکی ورد و باوەڕپێکراو لـەبارەی سـەرەتاکانی شۆڕشـی نیـوەی دووەمـی (١٨٧٩) بەدەسـتەوە نـادەن بەتایبـەتی سـەرەتاکانی شۆڕش و پێکداهەڵپژانەکانی کورد و عوسمانی، چـۆن سـەرەتا شۆڕشـەکە دژ بەبابی عالی بەرپا بوو، چۆنیش دواتر ڕەوتی ڕووداوەکان وەرسوڕایەوە بۆ لەشکرکێشی بۆ سەر ئیمپڕاتۆری فارس.[١٥٥] نـاکرێ کۆمـەڵێك هۆکـاری جیۆپۆلۆتیکی و نێودەوڵەتی و هەرێمی ڕۆڵیان لەتەقینـەوەی شۆڕشـەکە و ئاراسـتەکردنی ڕووە و ئیمپڕاتـۆری فـارس نـەبووبێ. بەداخـەوە تائێسـتا ڕوون نییە داخۆ چۆن ڕەوتی ڕووداوەکـان لەگەرمـەی شـۆڕش و ڕاپـەڕینی دژبە بابی عالی کۆنترۆڵ کران، چـۆن شـێخ کۆتـایی بەشـۆڕش هێنـا دژ بـە بابی عالی، لە نیوەی دووەمی (١٨٧٩) و دواتر مەبەست چـی بـوو ئاوەهـا ڕووی لەشکرکێشی و سوپاکەی بـۆ سـەر ئیمپڕاتـۆری فارسـی گـۆڕی. تـۆ بڵێی شێخ هێندە کورت بین بووبێ و لەوە بێ ئاگـابووبێ رووسیای"شـێر" دەوڵـەتی فـارس بەنێچـیری حـەق و حـەڵاڵزادەی خـۆی دەزانـێ و ئامـادە نەبوو ڕێگا بدات بەکەسێکی وەکـو شـێخ دەسـت بـۆ ئـەم نێچـیرەی درێـژ بکـات؟ دیپلۆمـاتی ڕووس (ئیڤـان ئەلکسـیوڤیچ زینۆفیـف) (وەزیـری موختـاری رووس لـە دەربـاری فـارس) لەیاداشـتەکانی خۆیـدا نووسـیویە: ساڵی (١٨٨٠) کاتێك کوردەکانی عوسمانی لـەناکاو هێرشـیان هێنایەسـەر ئازەربایجـان و چـەند ناوچـەیەکیان داگیرکـرد. (ئەلیکسـاندەری دووەم) لەسەرخواستی (ناسرەدین شا) ژمارەیەك لەشکری نیزامی لەسەر سنووری ئازەربایجـان کۆکردبـۆوە تـا کـوردە هێرشـبەرەکانی عوسمـانی تێبگـەن

---

[١٥٥] نەجاتی عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧.

ڕووسیا ناتوانێ لەبەرامبەر داگیرکردنی فارس دەستەوستان دابنیشێ. ئەی تۆ بڵێی شێخ لەڕۆڵی ئینگلیز بێئاگابووبێ لەناوچەکە بەهیچ شێوەیەك دروست بوونی دەوڵەتێکی کوردی لەبەرژەوەندییەکانی ئەودا نەبوو. هاوسەنگی ناوچەکەی تێکدەدا. (کلایتۆن) ڕووبەڕوو بەدوو دانیشتن لەگەڵ خودی شێخ دانیشتبوو ئەوەی بۆ خودی شێخ دووپات کردبۆوە، بەریتانیا ئامادە بوو ڕووبەڕووی هەموو جۆرە "گەڕەلاوژەیی" و بێ یاساییەك بوەستێ ببێتە مایەی هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر یەکێتی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی، داخۆ شێخ چ حسابێکی سیاسیانەی بۆ ئەم "ڕێوی"یە کردبێ؟ ڕەنگە گومان لەوەدانەبێ شێخ عوبەیدوڵڵا ویستویە دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ کورد دابنێ، نامەکانی شێخ بۆ (دکتۆر کۆچران Dr.J.P.Cochran) و وتاری کردنەوەی کۆنگرەی خێڵەکوردەکان لەنەهری (١٨٨٠) ڕەنگە هیچ گومانێك لەم باسە نەهێڵێتەوە.[١٥٦]

ئەوەی لەبەردەستمانە چەند زانیاریەکی کەمن دەربارەی سەرەتای سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکە و پێکداهەڵپژانەکانی ڕاپەڕیوان لەژێر سەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، هەر لەبەهاری (١٨٧٩) دەستی کرد بەئامادەکاری بۆ بەرپاکردنی بزوتنەوەیەکی کوردی لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا، هەروەها کاری دەکرد بۆ ڕاکێشانی ئەو سەرکردە و شێخانەی خاوەنی زۆرترین دەسەڵاتن. لەسەر هەردوو لای سنووری نێوان تورکیا و ئێران بۆ سەربازگەکەی.[١٥٧]

---

[١٥٦] نەجاتی عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠– ٣١.
[١٥٧] ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤١.

دۆخـی قـورس و ناهـەموار کوردەکـانی هانـدەدا پشـتگیری هـەوڵ و تەقەللاکـەی شـێخ عوبەیـدوڵڵا بکـەن، وەك (کلایتـۆن) ڕوونـی دەکاتـەوە، سەیرە ئەوەی رووی دەدا سەربازە عوسمانیەکان حـەزیان نـەدەکرد شـەڕ لەگەڵ هێزەکانی شێخ بکەن. ئەمەش لەبەرئـەوەبوو لـەناو موسـڵمانەکاندا شێخ ناو و پایەیەکی گەورە و بەرزی هەبوو هەمیشـە وەك پیرێکـی پـیرۆز سەیر دەکرا.(١٥٨)

لـەماوەی جـەنگی (١٨٧٧– ١٨٧٨)ی نێـوان ڕووس –تورکـدا شـێخ عوبەیدوڵڵا گەلێك کەرەستەی جەنگی، فیشەك، و چەکی مارتینی وەچـنگ کەوت، ئەمە ڕێگای پێدا کوردەکانی سەر سنوور بۆ لای خـۆی ڕابکێشـێ و دەست بکات بەپەلامار و هێرش بـردن.(١٥٩) بـۆ سـەر هێزەکـانی دەوڵـەتی عوسمانی بەمەبەستی بەدەست هێنانی حوکمی نەتەوەیی سەربەخۆ.

زۆرێز(١٦٠) کاپیتانی سەرکردایەتی گشتی لـە باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە (١٢)ی تشـرینی یەکـەم (١٨٧٩) دەڵێـت: یەکـەمین نیشـانەی ئاشـوبی کوردەکـان دەگەڕێتـەوە بـۆ نزیکـەی بـەر لـە پێـنج مـانگ، شۆڕشـەکە لـە تخووبی هەردوو ویلایەتی دیاری کراوی وان و موسڵ دەستی پێکرد و هـەر لەیەکەم ڕۆژەکانی مانگی حوزەیرانەوە بەڕێز (سیۆفی Sioufi) کـارداری جێگری کونسوڵی فەرەنسا لە موسـڵ، قـامکی بـۆ دەسـتپێکی ئـەم بزاڤـە

---

(١٥٨) دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٠.

(١٥٩) نەجاتی عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٤.

(١٦٠) ZOREZ کاپیتانی سەرکردایەتی گشتی ئەتاشەی سەربازی، لە تێراپیـا ١٢ی ئۆکتۆبەری ١٨٧٩ لە باڵوێزخانەی فەرەنسـا لەلایـەن بـابی عالیـەوە بەشـی ئەتاشـەی سەربازی ژمارە ١٤٦ لەشیکردنەوەی شۆڕشی کوردستان دا کەبۆ وەزیری ناردەوە

لەناو هۆزەکانی نێوان دەربەندی زابی گەورە، لەڕۆژهەڵاتی چیای (Dschoudid) و ناو قەزای ئامێدی و ئاکرێ سەر بەویلایەتی موسڵ هەڵبڕی لەو کاتەوە شۆڕش بەرفراوانیەکی زۆرەوە خوارووی ڕۆژهەڵات بەئاراستەی ڕواندز و تا کەرکوکی گرتبۆوە.[١٦١]

دوا هەواڵنامە لە ٨ی سپتامبەر لەموسڵەوە گەیشتووە، ژمارەی ئەندامەکانی سوپاکەی شێخ عوبەیدوڵڵا بە (١٥٠٠٠) چەکدار دەخەملێندرێ.[١٦٢] لەگەڵ دەست پێ کردنی ڕاپەڕینەکە ئەفسەر گەلێکی زۆر کە بەڕەگەز کوردن هەڵاتوون و داویانەتە پاڵ شۆڕشگێڕەکانەوە.[١٦٣]

کوردەکان بە چاکترین چەکەکانی (مارتینی Martini) و (وینشستەر Wincheste) چەکداربوون بەزۆری لەماوەی جەنگی رووسی – تورکیەوە (١٨٧٧–١٨٧٨) دابەشکرابوون. لەسەرێکی ترەوە کوردەکان لەسۆنگەی خەمخۆری سەرۆکەکەیانەوە تەواو پڕ ئازوقەن و دواجار واپێدەچێ نەستوورییەکانیش بڕیاریان دابێت بەکۆمەڵ لەگەڵ کوردەکان بۆ پرسی هاوبەش ڕەوتار بکەن.[١٦٤]

باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە ئەستەمبوڵ لە (١٨)ی سیپتامبەری (١٨٧٩) دەربارەی ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵا شیکردنەوەیەکی بۆ وەزیری جەنگی وڵاتەکەی ناردووە تیایدا هاتووە: وەزیری بەرێز دەزانی بزوتنەوەیەکی

---

[١٦١] نەجاتی عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢.
[١٦٢] نەجاتی عەبدوڵڵا، هەمان سەرچاوە، ل ٥٢.
[١٦٣] نەجاتی عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٦.
[١٦٤] نەجاتی عەبدوڵڵا، هەمان سەرچاوە، ل ٥٢.

چەکداری کە هێشتا ئامانج و نیازەکەی باش نەزانراوە، بەم دواییە لە کوردستان لەچوارگۆشەی نێوان دیاربەکر، بایەزیدو موسڵەوە بەرپابووە. وەك دەڵێن سەرۆکێکی گەورەی کورد کە شێخ عوبەیدوڵلای ناوە، هێندێکی دیکە پێی دەلێن (بیدوڵلا بیگ) سەربەخۆییەکی نیمچە تەواوەتی لەبەرامبەر بابی عالیەوە وەرگرتووە. لەوانەیە سەرکردایەتی ئەم بزوتنەوە جیاخوازیەی بەدەستەوەگرتبێ. ئەم بزوتنەوەیە چەکداریە کاردانەوەیەکی زۆر زیندوی لای ئەستانبۆڵەوە دروست کردووە، هەر دەمودەست موشیر (سامح پاشا) سەرۆکی (دارالشوری – Dari Choura) ژەنەراڵی سەربازی (رەجەب پاشا) و ژمارەیەك ئەفسەری بالا، کە دوو یا سیانیان لە کامپی سوڵتانەوە هاتبوون بۆ شەڕ لەگەڵ کردنی. هەرچەندە هەندێك لەبروسکەنامەکان لەلایەن خودی سەرۆکی شۆڕشگێڕەکانەوە نێردرابوون، هەوڵدەدەن بەهەق و ناهەق لە گرنگی ڕووداوەکە کەم بکەنەوە، بەلام سەرلەشکر بڕیاری داوە زۆر شێلگیرانە مامەڵە بکات، هەر تەنیا بەوەندە دەستبەردار نەبێ کە نیاز بێ چەند بەتالیۆنێکی سوپایی لەئەستەمبوڵەوە، تیپێکی زرێپۆشی لەشکری چوارەم بەرەو دیاربەکر و ماردین بەڕێ بکات. بەلام بەناچاری لەم کاتانەدا بەشێوەیەکی کاتی ئەم ڕەچاوکردنە واز لێ دێنێ بەهۆی ئەستەمی بەتاڵ بوونی زۆری هەرێمی سوریا کەهەر ئیمرۆ هێزێکی (١٠) هەزار تا (١٢) هەزار سەربازی لێیە، (٥ سریەی تۆپهاوێژ، ١٥ سریە، ١،٢٠ بەتالیۆن (لەگەڵ دووەم تیپی زرێپۆش کەهەمیشە لە کۆزان جیگیرن،) ئەوە لە کاتێکدایە بڕیاردراوە، لەم هەرێمەوە بەشێکی بەتالیۆنەکانی ئەوروپا بنێردرێنەوە و فەرمانیان بۆ

دەرچووە تا بەرەو سالۆنیك بەڕێبكەون، بۆ ئەوەی (١٦) بـەتالیۆنی هێـزە یەدەگــەكانی ســوریا ســەر بــە لەشــكری مەســێدۆنیا و تۆســفالی یــن بەڕێبكەون."[١٦٥]

زۆرێـز (١٢)ی تشـرینی یەكـەم (١٨٧٩) لـە باڵوێزخانــەی فەرەنسـا لەڕاپۆرتی ژمارە (١٤٦) لەشیكردنەوەی شۆڕشـی كوردسـتان بـۆ وەزیـری نـاردووە دەڵێـت: ئـەوەی ئـەوە ئیسـپات دەكـات ئەوەیـە ئـەم سـەرۆكە بــەپۆلێكی (٧٠٠ یــا ٨٠٠) لایــەنگیرەوە دەســتی پێكــردوو و لــەمانگی تــەمووزەوە ژمارەیـان بووبـە (٥٠٠٠) كـەس، لـەو ڕۆژەوە هێزەكـانی ڕۆژ بەڕۆژ زیاد دەكـەن. لەلایـەكی دیكەشـەوە شـێخ عوبەیـدوڵڵا هـیچ شـتێكی فەرامۆش نەكردووە، لەوەتای بڕیاری داوە سەركردایەتی ئەم بزوتنەوەیـە بگرێتەدەست بنچینەكەی واپێدەچیٚ خـۆكردی (عفـوی) بێـت، بـۆ ئـەوەی هـەموو گرنگیـەكی پێبـدات، كـە بشـیٚ بیخاتـە بندەستی خۆیـەوە، شـێخ لەبەرامبــەر هاونیشــتمانیەكانی بەرپرســیارێتی ئــەم چــەك هەڵگرتنــەی خستەســـەر شـــانی خـــۆی و بەئاشـــكرا ڕایگەیانـــد پاڵـــەوانی كـــوردە چەوساوەكانە، بەبانگەواز كردنی كوردەكان بـۆ خۆگردكردنـەوە لـەدەوری ئەو چەندین نامە و بانگەوازی دۆستانەی بۆ هەموو هۆز و بەگەكان نارد تا بانگهێشتیان لیٚ بكات بـۆ ئـەوەی پێوەنـدی پێوەبكـەن، تـەواوی ناوچـەی باشوور و ڕۆژهـەلاّت ڕاسـتەوخۆ لـەژێر دەسـەلاّتی ئـەو دابـوون، یەكـەمین ناوچـە بـوون وەلاّمـی ئـەم دەسـت لـە پشـتدانەیان دایـەوەو هـەموویان بەتەواوی ڕابوون، هەقی ئەوەمان هەیە وابیربكەینەوە كوردەكـانی بـاكوور

---

[١٦٥] نەجاتی عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩.

بـەپیر جولانەوەكـە دەچـن، چـونكە لـە كۆتـایی تـەمووز لەموسـڵەوە نووسـیویانە ژمارەیـەكی زۆر پێوەنـدییان پێـوەكردووە و بـێ وەسـتان دەگەنە ئامێدی و قەزایە هاوسێكانی.[١٦٦]

یەكەم كردەی شۆڕشەكە لەهەموو لایەكەوە لەهەر كوێیـەك هەسـتیان بكردایـە بالادەسـتن كـارداره توركـەكانیان ڕاودەنـا، وەك ئـەوەی دەڵـێن لەبـەرواری ژوورو  و ڕەوانـدز ڕوویانـدا، دەبـێ ئـەوە زیادبكـەین شـێخ عوبەیـدوڵڵا فـەرمانی داوە ماڵیـات بـەناوی خۆیـەوە وەربگـیرێ، ئێسـتا دەستی كردووە بەكۆكردنەوەی باجی مەڕانە لەم دوو هەرێمەدا. دواجار وا دەردەكەوێ شێخ عوبەیدوڵڵا ئاغا، بەگی كوردی زێردار  یا–زێبـار–ی بـۆ لای خۆی ڕاكێشابێ و دەمگۆی وا لەموسڵ باوە، گوایە شێخ ئەمەی دوایی هانداوە بۆ ئەوەی بەهێرشێكی لە ناكاو شوێنی چكۆلەی ناوەندی بـەهێزی ئامێدی بگرێ، دەیەوێت بیكات بە بارەگای حكومەتەكەی.[١٦٧]

شێخ عوبەیدوڵڵا نامەی بۆ هەموو سەرۆكە كوردەكان نووسـی و ڕادەی خراپـەكاری و دۆخـی قـورس و تـاڵی نەتەوەكـەی روون دەكـردەوە و دەیگـووت عوسمـانی و ئێـران مـافی ئـەوەیان نییـە سـەركردایەتی كـورد بكەن، لەگەڵ نامەكاندا كەسـی زیـرەك و قسـەزانی دەنـاردە لای سـەرۆكە كوردەكان تـاكو كاریگـەری لەسـەریان هـەبێت. و بـەلای بزوتنەوەكـەی دا ڕایان كێشێت.[١٦٨] لەهەموو ئەم جاڕنامەدا شێخ عوبەیـدوڵڵا ڕایدەگەیـەنێ

---

[١٦٦] نەجاتی عەبدوڵڵا، هەمان سەرچاوە، ل ٤٧.

[١٦٧] نەجاتی عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧.

[١٦٨] جەلیلی جەلیل، هەمان سەرچاوە ، ل ١٠٥.

بڕیاریداوە دەست بکات بەخەباتێکی تاسەر دژ بەتورکەکان و هەمیشە ئەوە زێدە دەکات کوردەکان بێ تاقەت بوون لەدانی باج و چەوسانەوە، داوای خاوەنداریێتیەکی هاوچەشنی ئەوەی ئەمڕۆکە بولگارەکان هەیانە دەکات، بەپێشکەوتنی ڕووداوەکانەوە، شێخ ڕایدەگەیەنێ سەرکردایەتی ئەم دەولەتە نوێیە وابەستەیە دەگرێتە ئەستۆی خۆی کە سالانە سەرانەیەکی سادە بەدەسەلاتی سولتان بدات، بەپێچەوانەوە شێخ لەبەرامبەر ڕەعیەتەکانی دوا ڕۆژی پەیمان دەدات مالیاتی قورسی ئێستا کەم بکاتەوە.[١٦٩]

هەر یەکەم هەوالی ئەم ئاژاوانە گەیشتە موسل، والی موسل (فەیزی پاشا) بەتالوکە شاری جێهێشت تابچێتە کەرکوك نوختەخالی هەرە نزیك لە شوێنی نشینگەی ئاسایی شێخ عوبەیدوللاوە. والی ویستی ڕاستەوخۆ ڕەفتار لەگەل شێخ بکات، ئەگەر سەریش نەکەوت لەهێنانەوە سەر ڕێگا، ئەوا هەول بدات بەوادە و پیلانی ئاسایی ژمارەیەکی هەرچی زۆرتر لە ئەندامە سەرەکییەکانی لەمەسەلەکە داببڕێ. واپێدەچێ هیچ شتێکی ورد لەبارەی یەکەمین گفتوگۆیەکانەوە لەبەردەست نەبێ، کەنزیکەی یەك مانگی خایاندووە لە ١٥ی حوزەیرانەوە تا ١٥ی تەمووز، بەلام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە ئەم گفتوگۆیانە هیچ ئەنجامێکی ڕەزامەندکارانەیان لێ شین نەبووە، چونکە هەر لەیەکەم ڕۆژەکانی مانگی تەموزەوە فەرمان بۆ سەرکردایەتی سەربازی موسل هات تا بەیەك بەتالیۆن (٤٥٠) سەرباز دابەش دەبن بۆ سەر سێ ڕەتلی گەڕۆك، بەرەو هەرێمەکانی ڕاپەڕیوەکان

---

[١٦٩] نەجاتی عەبدوللا، هەمان سەرچاوە، ل ٤٨.

بەڕێ بکەون. چەند ڕۆژێك دواتر ئەفسەری گشتی ژەنەڕاڵی لیوا، ئەدهەم پاشا بۆ ڕایی کردنی فەرمانێکی نوێی حکومەت دەبوو خۆی سەرپەرشتی ئۆپەراسیۆنەکان بکات، (١٣)ی تەمووز لەگەڵ دوو لەشکری پیادە (١٦٠ سەرباز) و یەك بەشی تۆپخانەی چیایی موسڵی جێهێشت، تا خۆی بگەیەنێتە ئامێدی پێدەچوو هەڕەشەی پەلاماردانی بەسەرەوە بووبێت. کاتێ ئەدهەم پاشا گەیشتە ئامێدی لەترسناکی ڕەوشەکە گەیشت، چونکە بەتاڵوکە لەگەڵ جاری هەڵگەڕانەوەی بەگێکی دیکەی گرینگ، عەلی ئاغای سەرۆك هۆزی نێرڤان (نێروە) داوای هێزی زیاتر دەکات، موستەسەڕیفی موسڵ ماوەیەکی کەم دوودڵ بوو بەم داوایە ئارخەیان بێ، پاشان بەپەلە بڕیاریدا ڕۆژی ٤ی ئاغستۆس لەگەڵ گەیشتنی هەواڵێکی ناخۆش ڕەتلێکی بچوکی ئەدهەم پاشا لەگەڵ زیانی چل سەرباز تێکشکێنراون. هەڵبەت لەشکرە نێردراوەکە ئاوەها مەزن نەبوو، چونکە نەدەشیا ٣ لەشکری پیادە بخرێنەکار، موسڵ ناوەندی ئیدارەی بارەگاکەی هەرێم بەنزیکەیی لەژێر چاودێری ٣ لەشکری سوارە و سریەیەکی بچوکی سوارەدا مابۆوە.[١٧٠]

زۆرێز(١٢)ی تشرینی یەکەم (١٨٧٩) لە بالوێزخانەی فەرەنساوە لەڕاپۆرتی ژمارە (١٤٦) لەشیکردنەوەی شۆڕشی کوردستاندا بۆ وەزیری ناردووە دەڵێت: هەڵبەتە هەواڵەکان هەر ڕۆژ نیگەرانتر دەبوو، هەر زوو زانیمان شێخ عوبەیدوڵڵا پێشتر هاریکاری ژمارەیەکی زۆر سەرۆك هۆزە کوردەکانی بۆ خۆی وەبن دەست خستبوو، دەستی کردبوو بەدۆزینەوەی

---

[١٧٠] نەجاتی عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٩.

ژمارەی ئەندام گەلێکی زۆر لـەناو مەسـیحیە نەسـتوورییەکاندا کـە لەسـەر سنوور نیشتەجێ بوون، کەواتە کردەکە وەرچەرخانێکی هێنـدە ترسـناکی بەخۆوە گرتبوو هەوڵدانەکانی حاکمی گشتی و (ئەدهەم پاشا) بۆ دروسـت کردنی چەند تیپێکی سەربازی لە نـاو کوردەکانـدا بەسـەرکەوتنی ئاسـایی خۆیان نەگەیشتن. ئەو کاتە (فەیزی پاشا) بەتەواوی لەبەرامبەر شۆڕشەکە کە تا دەهات گەورەتر دەبوو دەستەوستان بوو، پێیوا بوو دەبێ پێوەندی بـە بـابی عالیـەوە بکـات، ئامـاژە بـۆ ترسـناکی ڕەوشـەکە داوا بکـات دەستبەجێ هێزی پشتگیری پێ بگات.[171]

پێشتر گوتم ئەم هەواڵە نیگەرانیەکی فرەی لەکۆشکی سوڵتاندا دروست کرد، زۆر بەپەلە ئەو هەنگاوانەی پێشتر بۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی ڕەوشـەکە هەڵگیرابوون و پیادە نەکرابوون لەنوێوە بۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی ڕەوشـەکە هـەڵگیران. سـەرەتا فـەرمان بـۆ والی بەغـدا دەرچـوو بـەخۆی و لیوایـەکی گەڕۆکی چوار بەتالیۆنیەوە پێوەندی بـە موسـڵەوە بکـات. لەهـەمان کـات سریەیەکی سوارە لەئۆردووی موسـڵ و یـەك بـەتالیۆنی پیـادە لـە جزیـرە بەڕێکران بۆ پێوەندی کردن بەئەدهەم پاشـا لـە ئامێـدی. دواجـار موشـیر سـامح پاشـا کۆنـە سـەرکردەی سـوپای ئـەرزڕۆم وەکـو کۆمیسـێری ئیمپراتۆری لە کوردستان دیاری کرا و فەرمانی پێدرا دەست بەجێ هاوڕێ لەگەڵ ژەنەڕاڵی تیـپ ڕەجـەب پاشـا و کۆمـەکێکی زۆر لەلایـەن ئـۆردووی سوڵتانەوە بەڕێ بکەوێ. بێ گومان بەم زووانە لەگـەڵ گەیشـتنی بروسـکە ڕاستەوخۆیەکان لەلایەن شێخ عوبەیدوڵڵاوە بۆ سـەرۆك وەزیـر ( Grand

[171] نەجاتی عەبدوڵڵا، هەمان سەرچاوە، ل ٥٠.

vizir) ڕەوانە کراون، بابی عالی گۆڕانکاریـەك بەسـەر هەڵوێسـتی داهـات. بێ گومان شێخ عوبەیدوڵڵا حەزدەکات خەباتەکەی دوابخـات کـەوا هەسـت دەکات هێشتا خۆی بۆ ئامادە نەکردووە، یا دەیەوێ بەلایەنی کەمـەوە تـا وەرزی سەرما و سۆڵە داهاتن دوای بخات، بەتەواو لە قازانجی پرسـی ئـەو دایە. شێخ لەبەرامبەر بابی عالی نـاڕەزایی دژ بـەو پـڕۆژە جیاوازیخوازیانـە دەربڕی دراونەتە پاڵیەوە، حکومەت ڕایگەیاند شـادمانە بـەوەی سەرچـیخ چووە و بەپەلـە ئـەو دەمگۆیـە بڵاوبـۆوەی نکوڵی لێکـرد و ئـەو هـەنگاوە سەربازیانەی پێشتر هەڵگیرابوون هەڵوەشـێنرانەوە. ئـەم وەهمانـە هێنـدە زۆر دێژە ناکێشن و لەگەڵ گەیشتنی هەواڵەکان ڕۆژ بەڕۆژ لەلایەن ئەدهـەم پاشای ژەنەڕاڵی لیواوە دەگەن نیگەرانتر دەبوون. ئەم ئەفسەرە ژەنەڕاڵە لە (٢٥)ی ئوت ئامێدی بەجێهێشت تا خۆی بگەیەنێتە قەزای بەرواری باڵا، بینی ڕێگاکە بەرلە ڕێگان (یا ڕێزان) لەلایەن سوپایەکی شۆڕشگێڕەکانەوە لەلایـەن کوڕەکـەی شـێخ عوبەیـدوڵڵا و بـەگی نێروەییـەکان عـەلی ئاغـاوە گـیراوە، جـەنگێك بـەرپابوو تورکـەکان تێیـدا سـەرکەوتوو نـەبوون، جگەلـەوەی (٤٥ یـا ٥٠) کـوژراو و برینـداریان داوە، سـریەیەك بـە هـەموو ئەفسەرەکانیەوە بەدیل گیران. بـەڕێز سـیۆفی Souifi ئامـاژە بەجـەنگی سـەرنەکەوتووی ڕێـزان دەکـات، کـە شکسـتی سـوپای عوسمـانی لەلایـەن خەڵکی موسڵەوە پێشوازی لێ کرا.(١٧٢) لەسەرێکی دیکـەوە هێنـدە نابـات شێخ دەمامك لەسەر خۆی لادەبات بەوەی بۆ حاکمی گشتی دەنووسێ تـا پێشنیازی بۆ بکات بەم خاڵانە دوژمنایەتیەکەی دەوەستێنێ:

---

(١٧٢) نەجاتی عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠ –٥١..

١- سەربەخۆیی کوردستان لەلایەن بابی عالیەوە بناسریّ.

٢- خودی- خۆی وەکو سەرۆکی پشتاوپشتی هەرێمە ئۆتۆنۆمییەکە دەست نیشان بکرێت.

٣- تاکە پێوەندی پاشکۆیەتی vassalite ئەوە بێت سەرانەی سالآنە بدات.

ئەم هەوالآنە لەیەکەمین ڕۆژەکانی مانگی سێپتامبەرەوە لەلایەن فەیزی پاشاوە بە ئەستانبۆل ڕاگەیەنران.

سامح پاشا بێجگەلە بەرپرسیاریەکانی دیکەی ئەرکی سەرکردایەتی چوارەمی سوپاشیان پێبەخشی، دەمودەست بەڕێکەوت، هەرچی ڕەجەب پاشا بوو دەبوایە هاوەڵی سامح پاشا بکات، سەرەتا لە ئەستەمبولّ هێڵرایەوە بۆ ئەوەی بەشداری لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی جەنگ بکات، بۆ ئەوەی بزانن چۆن ئۆپەراسیۆنەکان بەڕێوەببەن. دەستبەجیّ ئاڕاستەیەکی نوێی بۆ دیاری کراو ڕاسپێردرا، وەك سەرۆکی سەرکردایەتی گشتی سوپای شەشەم بچێتە بەغدا. ئەگەر سامح پاشا لە (١١)ی سێپتامبەرەوە لە ئەستانبۆڵەوە دەرچووبیّ و نەتوانیّ پێش (٢١ یان ٢٢)ی سێپتامبەر بگاتە ئەرزڕۆم، لەوێشەوە دەبیّ هێشتاکە (١٠ تا ١٢) ڕۆژی دیکە بەڕێوەبێت تا بگاتە وان یا بدلیس، لەلایەکی دیکەوە ڕەجەب پاشا نێردراوە بۆ موسلّ تا ڕەتلێك پێکەوە بنیّ و بەرەو باشوور ئاڕاستەی بکات، هەروەها ئەو سوپایەی لە سووریا دەستی پێکردوە بەرەو ئەکسەندەریە و حەلەب بڕوات دواین جار لەسەرووی بانی ئاسیای بچوك هەر لەگەلّ سەرەتای (١٥) ڕۆژەی مانگی تشرینی یەکەم بەفر دەست

بەبارین دەکات و لەوکاتەوە بەنزیکەی هەموو ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی ئەستەم دەبێت.[١٧٣]

سیۆفی جێگری کونسوڵی فەرەنسا لە موسڵ لەبروسکەی ڕۆژی (٦)ی تشرینی یەکەم (١٨٧٩) دەڵێت: شۆڕشی چەکداری کورد چۆتە ناو قاوغێکی ناسك و گرینگیەکی زۆری بەخۆیەوە گرتووە، لە ژمارەیەك لە مزگەوتەکاندا ناوی شێخ عوبەیدوڵڵا، سەرۆکی ڕاپەڕینەکە لەجیاتی ناوی سوڵتان لەخوتبە یا لەنوێژی هەینیدا خوێندراوەتەوە. لەوەشیان دڵنیا کردمەوە ئەم شێخە نازناوی پاشای بەژمارەیەك لە نزیکەکانی خۆی بەخشیووە، ڕقی زۆری شێخ بەتورکەکان وای لە شێخ کردووە زیندانییەکان مرازنامەی ئاینیان پێ بکات کە خۆی دایڕشتووە، پێش ئەوەی ئازادیان بکات، ئەوەشی ڕاگەیاندووە تورکەکان بەهیچ شێوەیەك موسڵمانی تەواو نین. بۆشیان نووسیوم فەیزی پاشا دوو کەسایەتی کورد، یەکێکیان لە کەرکوك و ئەوی دیکەشیان لە سلێمانیەوە وەکو وەفد ناردۆتە لای شێخ تا ئاگاداری بکەنەوە و هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی بڕیاری ملدان بدات، بەڵام هەوڵەکانیان بێ سوود بووە و سەرنەکەوتوون.[١٧٤]

هەرچەندە وەك ئەوەی دەیویست شێخ نەیتوانی ئامانجە نەتەوەییەکانی بپێکێت و تورکەکانیش هەمیشە هەوڵیان دەدا پیلانگێڕی بەرامبەر بکەن، بەهاندانی مەسیحیەکان و لایەنەکانی تر، لەو بارەیەوە سیۆفی جێگری کونسولی فەرەنسا لە موسڵ بەدوو تێلگرام بەمێژووی (١٩

---

[١٧٣] نەجاتی عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١، ٥٣.

[١٧٤] نەجاتی عەبدوڵڵا، هەمان سەرچاوە، ل ٦٥.

و ٢٠)ی تشرینی یەکەم (١٨٧٩) بۆ باڵیۆزخانەی فەرەنسا لـە ئەسـتەمبوڵ نـاردووە دەڵێـت: تورکـەکانی موسـڵ پێیـان وانییـە شۆڕشـی چـەکداری کوردەکـان تـەواوبووبێ، ڕۆژە سـەرەتاکانی مـانگی تشـرینی دووەم کوردەکـان ژمارەیـەك ڕاوڕووتیـان کـردووە، سـریەیەکی (٥٠) سـەربازیان ڕووت کردۆتـەوە، چـەك و وڵاخـەکانیان لێ بـردوون. لەبرووسـکەی دووەم دەڵێت: ژمارەیەك بەگی کورد هەر ئێستا ئەوە بەدیار دەخەن حەز دەکەن خـۆ بەدەسـتەوە بـدەن، بـەڵام شـێخ عوبەیـدوڵڵا واپێدەچـێ هەمیشـە بەرەنگاری بکات.[١٧٥]

شێخ عوبەیدوڵڵا داوای مافی ڕەوای ڕزگاریخوازی نەتەوەکەی دەکات و هەمیشە داکۆکی لەوە دەکات نابێ وەکو یاخی دابنێن. شێخ جاڕ بـۆ هـەر کەسـێك دەدات گـوێی لێ ڕابگـرێ، ئـەو ئـەوە دەگێڕێتـەوە لەبـەر جـەوری کارگێڕ و کارمەندە عوسمانییەکان تـووڕە بـووە، کوردەکـان ناچـار بـوون جەنگی ملهوڕی بکەن. شێخ ماوەیەکی کەمـە شـوێنی نشـینگەکەی خـۆی لەنەهریـەوە جێهێشـتووە تـا بچـێتە هـەرێمی فـارس، دوای ئـەوەی شـێخ نەیتوانی ئامانجەکانی لە کوردستانی بن دەستی دەوڵەتی عوسمانی بەدی بێنێ بە هۆی کۆمـەڵێك هۆکـارەوە بڕیاریـدا ئاڕاسـتەی شۆڕشـەکە بگـۆڕێ بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان. دەربارەی ئاراستەکردنی ڕاپەڕینەکەی شـێخ عوبەیدوڵڵا بەرەو ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان زۆر سەرچـاوە هـەن ئامـاژەی وا دەردەبـڕن شـێخ عوبەیـدوڵڵا بـەفیتی دەوڵـەتی عوسمـانی یـان بـەریتانیا ئاراستەی ڕاپەڕینەکەی ڕووە و ڕۆژهەڵات گۆڕیـوە، ئەمـە زۆر لەڕاسـتیەوە

[١٧٥] نەجاتی عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩.

دووره، دەكرێ بڵێین گۆڕانی ئاراستەی ڕاپەڕینەكە بەدڵی كاربەدەستانی عوسمانی بوو، چونكە وەك لە داوێنی ڕووداوەكاندا دیارە دەوڵەتی عوسمانی چەندە دژی ڕاپەڕینەكە بوو لە كۆتایشدا چ هەوڵێكی خستەگەڕ بۆ لەناوبردنی ڕاپەڕینەكە.

لەكاتی شۆڕش و ڕاپەڕینەكانی كورددا توركیا و ئێران و وڵاتانی زلهێزی ناوچەكە بێ ئەوەی دان بەڕاستی و هۆكاری ڕاپەڕین و سەرهەڵدانەكاندا بنێن، هەمیشە هۆكاری ئەو ڕاپەڕینانەیان گەڕاندۆتەوە بۆ هاوكاری و دەست لەپشتدانی یەكێك لەدەوڵەتانی ناوچەكە، بەڵام بەپێچەوانەی ئەمانەوە شێخ عوبەیدوڵڵا نامەی بۆ هەموو سەرۆك هۆز و پیاوە گەورەكانی كورد دەنارد و خۆی ئامادەدەكرد بۆ ئەوەی كۆنگرەیەكی گەورە بگرێ بۆ ئاراستە كردنی تەواوی كورد بۆ شۆڕشێكی سەرتاسەری و ڕزگاركردنی خاكی كوردستان.

## یەكێتی كوردان: فەزای خێڵەكی، ڕەهەندی ئیتنیكی

دوابەدوای شكستی یەكەمی شۆڕشە چەكداریەكەی شێخ عوبەیدوڵڵا دژ بەبابی عالی لە (١٨٧٩) و ناڕەزایی برێك لە سەرۆك هۆزە كوردەكان دژ بە شەڕی عوسمانی، ناچار شێخ دەبوایە بەدوای تاكیتیكی دیكەدا بگەڕێ. بەو پێیەی پرۆژە نەتەوەییەكانی ئەرمەن بەهەمان شێوە بەرەو ڕووی بەرژەوەندییەكانی بابیعالی دەبوونەوە، بۆیە زۆر ئاسایی بوو هەر هیچ نەبێ تا كێشەكان دەگەنە بوارێكی قووڵتر عوسمانی لەبەرامبەر بزوتنەوەكەی شێخ عوبەیدوڵڵا چاوپۆشی بكا، دواجار عوسمانی تێگەیشت

بزوتنەوەکەی شێخ چەکێکی دووسەرەیە، هەم بۆ گوشار خستنەسەر ئیمپڕاتۆری قاجاری و هەم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پڕۆژە نەتەوەییەکانی ئەرمەن. پێدەچێت شێخ لەسەر ئەم ئەنجامانەدا هاوکێشەی لەشکرکێشیەکەی پێچەوانە کردبێتەوە و ئەمجارە ویستوویە لە کوردستانی فارسەوە دەست پێ بکات و دواتر کوردستانی بن دەستی عوسمانی ڕزگاربکات و بانگی یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی کوردستان هەڵ بدات. دوای تێکشکانی ڕاپەڕینی یەکەم ئایدیای سەربەخۆیی هەردوو پارچەی کوردستانی ژێر دەستی قاجاری و عوسمانی و دواتر یەکگرتنەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ زۆر بەزەقی لە نامە و وتووێژەکانی شێخدا ڕەنگدەدەنەوە.[١٧٦] ئامانجی شێخ لەو کارەدا یەکخستنی کورد و هەڵگیرسانی شۆڕشێکی ڕزگاریخوازی بوو، ئەمەش یەکێکە لەو هۆیانەی بەشێکی زۆری مێژوونووس و ڕۆژهەڵاتناسەکان شێخ بەکۆنەپەرست بزانن، جوڵانەوەکەی بەجوڵانەوەیەکی ئاینی کۆنەپەرست بدەنە قەڵەم، ئەم تۆمەتانە بەهیچ شێوەیەك ڕاست نین، چونکە ئامانجی جوڵانەوەکە ڕزگارکردنی کوردسستان بوو لە ستەمی تورك و ئێرانیەکان.[١٧٧]

نوسەرێکی وەکو (ناڤاسارديان)ی شارەزا بەڕووداوەکان ئەو جۆرە باسانەی ناو ڕۆژنامەکانی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکانی بەدرۆ دەخستەوە کە

---

[١٧٦] نەجاتی عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨.

[١٧٧] دکتۆر عەزیز شەمزینی، جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان، و: فەرید ئەسەسەرد، چاپی چوارەم، سلێمانی ٢٠٠٦.، ل ١١٩.

گووتبوویـان ڕاپەڕینەکـەی کـورد ڕاپــەڕینێکی کۆنەپەرسـتانە بـووە، لـە کاتێکدا تورکەکان خۆیان لـە هـەموو کـەس کۆنەپەرست تـر بـوون و دژی خواسـت و داخوازیــەکانی ئەرمــەنی بــوون.[(١٧٨)] وتــاری" کوردەکــان و ئێرانیــەکان" لــە ڕۆژنامــەی "ئەنگۆلۆسـك" بڵاوکراوەتــەوە بەشـێوەیەکی ڕاســـت و ڕەوان سروشـــتی ڕاپەڕینەکـــە ڕوون دەکاتـــەوە، مەبەســـتی ڕاپەڕینەکەی کورد سەربەخۆیی و یەکێتی بـوو، نووسـەری وتارەکـە شـێخ عوبەیدوڵڵا بەو ڕابەرە خاوەن بیری نەتەوەییە دادەنێ کە هەوڵیـدا هـەموو کوردەکــانی ئــێران و عوسمــانی یــەك بخــات، بەســەرۆکایەتی خــۆی حکومەتێکی نەتەوەیی دروست بکات. " شێخی کورد هێزە سەرەکیەکانی نــارد بــۆ ڕۆخــە ڕۆژهەڵاتییــەکانی گۆمــاوی وان، ئەمــەش زیرەکــی و سـتراتیجیەتی زانینـی ئـەم سـەرۆکە دەردەخـات، ئـەو سـەرۆکەی ئـەوەی خسـتبووە بەرچـاوی خـۆی نەتەوەکـەی بگەیەنێتـە ژیـانێکی مـادی و مەعنەوەی و ڕەوشت و خووی هاوسەردەمەوە، هوشیارانە سـەرۆکایەتی بزوتنەوەی نەتەوەیی دەکات. باس هەر ئەو باسـە بـوو کـوردە دڕنـدەکان دوژمنانە سەیری هەموو شـتێکی ناموسـڵمانانە دەکـەن. کەچـی هـەر ئـەو کوردانە نەك هەر هەسـتی بـەزەییان پیشـانی گاورەکانـدا، بـەڵکو بـەدڵ و بـەگیان ئاگـاداری ئاسـایش و سـەلامەتیان کـردن، ئەمـە خـۆی لـە خۆیـدا شایەتی دەدات ئەم عەشیرەتە (مەبەستی کوردە یا کوردەکـانی هـەکاری) گۆڕانێکی تەواوی بەسەردا هـاتووە، لەهـەمان کاتیشـدا ئـەوە دەردەخـات هــەر لەســەرەتاوە کوردەکــان حــەزیان بەچــاودێری و لێ پرســینەوەی

---

[(١٧٨)] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو ل٣٨٠.

ئـەوروپای مەسـیحی کـردووە و مەبەسـتیان هەمیشـە ئـەوە بـووە ئەگـەر ئەوروپاییەکان پشتیان نەگرن ئەوە هیچ نەبێ بێ لایەن بووەستن."[١٧٩]

هەر لە سەرەتای بزوتنەوەکە بە ئاشکرا دیاربوو، شـێخ تـا چ ڕادەیـەك حــەز بەچـاکە و پەیوەنـدی دۆسـتانە لەگــەڵ دانیشـتوانەکاندا دەکـات، بەتایبەتی لەگەڵ دانیشتوانە گاور و ئەوروپاییەکان. شێخ بەهەموو جۆرێك هەوڵیــدەدا پارێزگــاریی ژیــان و مــاڵ و مــوڵکی دانیشـتووە گاورەکــان بکات.[١٨٠]

شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ مسۆگەر کردنی هەموو ئەو بیرانەی لای گەڵاڵە بوو، ئامانجی پێکهێنانی کۆنگرەیەك بوو، تەواوی سەرۆك هۆزەکان بانگ بکـات و ئاڕاستەیان بکات، بۆ ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری، بەمەبەستی بـەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد، (ئارشاك سافرستیان) لە کتێبەکەیدا (The Kurdistan Kurds and) چاپی لەندەن ساڵی (١٩٤٨) ئامـاژەی بـۆ باسێکی (ئا.ئا. ئاراکیـان) کـردوە بـەناوی (کـورد لـە ئێـران) دەربـارەی تەقـەلاکانی شـێخ عوبەیـدوڵڵا بـۆ یـەکگرتنی کـورد گوتوویـەتی: " بـیری پێکهێنانی کۆنگرەیەکی عەشایری کوردی لەناو جەماوەری کورد یەکێك لە ئاواتــەکانی شــێخ عوبەیــدوڵڵا بــوو، لەکۆبوونــەوەی ســەرۆکی ئــەو عەشیرەتانەی شێخ عوبەیدوڵڵا کۆی کردبوونەوە، بۆی دەرکـەوتبوو هـەتا نەتوانێ هەموو هێزەکانی کورد یەك بخـا هـەموو هـەوڵێکی بـۆ پەیوەنـدی بەوڵاتانــەوە بــێ ســوودە، بۆیــە لــەو کۆبوونەوەیــەدا بــیری بــەرپاکردنی

---

[١٧٩] دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٢.

[١٨٠] دکتۆر جەلیلی جەلیل، هەمان سەرچاوە ، ل ١٣١.

شۆڕشێك باسكرا، ژمارەیەكی زۆر لەسـەرۆك عەشـیرەتەكان چـوونە ڕیـزی شۆڕشگێڕانەوە لە ناوچەكانی شەمزینان و موكریان و سۆران و شـارەزوور و بادینـان و وان و گـەلێك شـوێنی تـر بـوون بـەهاوكاری،" عوسمانیـەكان زۆرباش ئاگاداری جموجۆڵ و چالاكیەكانی شێخ بـوون، لـەوە ترسـا بـوون شۆڕشێكی تری كورد بەرپابكرێ.[181] بۆ باشتر ڕێكخستنی شۆڕشی كـورد لەدوای شـەڕی نێـوان ئیمپڕاتـۆری عوسمـانی و ڕووسـیا لەسـاڵی (١٨٧٨) بەداواكاری سەرۆكی دینی شێخ عوبەیـدوڵلا بـۆ ڕاپـەڕین دژی ئیمپڕاتـۆری عوسمانی و فارسی، لەتەموزی (١٨٨٠) كۆنگرەیەكی كـرد بـەئامادەبوونی (٢٠٠) لـە سـەرۆكی عەشـیرەتە كوردەكـان، لەكۆبوونەوەیـەكی هاوبەشـدا شـێخ هەوڵیـدا بـۆ بەدەسـت هێنـانی لایـەنگیری سـەرۆكە كوردەكـان بەمەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردی سەربەخۆ.[182]

لـە كۆتـایی مـانگی ئـەیلولی (١٨٨٠) كۆنگرەكـە لـە ناوچـەی بادینـان بەسترا، زیاتر لە دوو سـەد كـەس لەسـەرۆكە كوردەكـان بەشـداریان تێـدا كرد، لەناو ئەوانەدا (٢١ خەلیفە)، (٤٢ میرزا– كاتب) و (٦٨ بەگ) بەشدار بوون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ شێخ عوبەیدوڵلا وەك سەركردەیەكی ئاینی – نەتـەوەیی ویسـتی تێكـڕای چـین و توێـژەكانی كۆمـەڵگای كـوردەوای بەسـودوەرگرتن لـەئاینی ئیسـلام هـەموان ئاراسـتەی خـەباتی ڕزگـاری و سەربەخۆیی بكات، لەو كۆنگرەیەدا بـەئامادەبوونی هـەموو سـەرۆك خێڵـە كوردەكان، ناودارانی كورد پیاوانی ئـاینی و نوێنـەرانی هـەموو چینەكانی

[181] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٧.
[182] د. فاضل رسول،سەرچاوەی پێشوو.ص ١٣٢.

کۆمەڵ تێیدا بڕیاری پێکەوەنانی ( کۆمەڵەی خێڵە کوردەکان) درا، ئەویش بڕیاری بەرزکردنەوەی ئاڵای شۆڕشگێڕانەیدا دژی هەردوو دەوڵەتی تورکیا و ئێران.(١٨٣) شێخ عوبەیدوڵڵا لەو کۆنگرەیەدا وتارێکی بۆ ئامادەبووان پێشکەش کرد، وتارەکەی شێخ لە کۆبوونەوەی نوێنەرانی خێڵەکوردەکان(یەکێتی کوردان) بەڵگەی ئەمە بێت، لەسەرەتای وتارەکەیدا دەڵێت:" ٥٥٠ ساڵ لەمەوبەر ئیمپڕاتۆری عوسمانی دامەزرا. عوسمانییەکان بەناڕەوا هاتنەسەرکار، لەدوای ٤٠٠–٥٠٠—ساڵ لەڕێی موسڵمانێتیەوە لایاندا و ڕێگای خوانەناسیان گرتەبەر...".

ئەو کۆنگرەیەی شێخ عوبەیدوڵڵا بەپەرۆشەوە بۆ پێکهێنانی تێکۆشابوو، کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر یەکگرتنی کورد و گەشەکردنی ڕاپەڕینەکەی.(١٨٤) پلانی کۆتایی بۆ ڕاپەڕینەکە دانرا، لە کۆنگرەی سەرکردەکان، ئەمە یەکەم کۆنگرەی لەو شێوەیە بوو لە مێژووی کوردستان. ئەو کۆنگرەیەی لە شەمزینان بەسترا لە کۆتایی تەموزی ساڵی (١٨٨٠) بەسەرۆکایەتی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری. دواتر کۆبوونەوەیەکی تر بەسترا لەنەهری شێخ عوبەیدوڵڵا لەکۆنگرەی سەرۆکە کوردەکان لەشەمدینان، وەڵامێکی توندی ئەوانەی دایەوە هەندێ لەسەرکردەکان هەوڵیاندەدا ئاراستەی کوردەکان بگۆڕن بۆ شەڕ دژی ئەرمەنەکان.(١٨٥)

---

(١٨٣) د. عەزیز شەمزینی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٧.

(١٨٤) بۆ زانیاری لەسەر وتارەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا بڕوانە دکتۆر عەزیز شومزینی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان ل ١٢٠)

(١٨٥) ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٣.

لــه کوتــایی ئــەیلولی (١٨٨٠) لــەکۆنگرەی ســەرۆکە کوردەکــان لەشــەمدینان وتارەکــەی عوبەیــدوڵڵا و خواســتەکانی بــۆ دامەزرانــدنی کوردستانێکی سەربەخۆ لەلایەن زۆربەی بەشدارانی کۆنگرەکەوە پەسند کـرا، چـەند سـەرۆك عەشـیرەتێك ئەوانـەی عوسمـانی کڕیبویـانن، هـەر لەسـەرەتای کۆنگرەکـەوە ئـەوەیان خسـتەڕوو، ئـەو یـەکێتی سـەرۆکە کوردانــەی بەدەســتەوە بــوو دژی ئەرمەنــەکان و گاورەکــانی تــر بەکاربهێنرێت، ئەمەش بەزۆری لەبەرئەوە بوو بەنـدی (٦١)ی پەیمانەکـەی بـەرلین مـەرجی پێـك هێنـانی خودموختـاری بـۆ ئەرمەنـەکان دانـابوو، کاربەدەسـتانی دەوڵـەتی عوسمـانی پڕوپاگەنـدەیان بـەناو کوردەکانـدا بڵاودەکردەوە، گوایە ئەو بڕیارە دژی کورد و مافەکانی کورد دانراوە.(١٨٦)

عوبەیدوڵڵا بەتوندی دژی ئەو هەڵوێستە وەسـتا، بـۆ هـەموویانی ڕوون کردەوە هەڵوێستێکی وەها مەترسی تا ڕادەی تێداچوون بۆ کورد هەیە لـە دوا ڕۆژدا، شێخ ڕای وابوو" ئەگەر ئەستەمبولّ هەتا ئەو کاتە بەسـەر زاری پشتی کوردی گرتبێت، ئەوە بەو مەبەسـتە بـووە لـە گاورەکـانی ئـەنادۆلّ ڕاستیان بکاتەوە، خۆ ئەگەر هاتوو ئەرمەنەکان لە ئەنجامی ئەو هەڵوێستە تێداچوون، ئەوسا کـورد لای کاربەدەسـتانی عوسمـانی نرخیـان نـامێنیّ و بەفلسـێك نایـان کـڕن"، جگەلەمـەش شـێخ عوبەیـدوڵڵا ئـەو ڕاسـتیەی خستەبەرچاویان ئەگەر هاتوو ڕاپەڕینەکـەی کـورد ئاراسـتەی ئەرمەنـەکان بکرێت، ئەوسا دەوڵەتە ئەوروپاییەکان لەکورد ڕاست دەبنەوە.

---

(١٨٦) دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٤.

"یـەکێتی کـوردان" یا"کۆمەڵـەی کـوردان" وەکـو کۆنفدراسـیۆنێکی خێڵـەکی Confediration tribale لەسەردەستی شـێخ عوبەیـدوڵڵا لەتەموزی (١٨٨٠) دروست بـوو. ئـەم کـۆنگرە خێڵەکیـەی سـەرۆك هـۆزە کوردەکان زیاتر کاریگەری هۆکاری ڕوحانی شێخ عوبەیدوڵڵا و ڕایەڵـە زۆر و زەوەنـدەکانی تەریقـەتی نەقشـبەندی بـوو، نـەك هۆکـاری بابـەتی نـاو کۆمەڵگا، دواتر دەرکەوت ڕۆڵی ڕوحانی شـێخ هـەرگیز لـەڕۆڵی تۆبـۆگرافی بەهێزتر نیە، کۆنگرەی نەهریش چونکە هەلومەرجی بابەتی و مێژوویی بـۆ دروست کردنـی کۆنفدراسـیۆنێکی خێڵـەکی کـوردی لەبارنـەبوو، نـەیتوانی هـــەموو خێڵـــەکان لـــەژێر یـــەك ســـەرکردایەتی یـــەکگرتوو کۆبکاتـــەوەو نەڕەهەنـدێکی ئیتنیکـیش بداتــە کۆنفدراسـیۆنەکە.(١٨٧) ئــەوەی شــێخ عوبەیـدوڵڵا باسـی کـرد لەگـەڵ بـەرز کردنـەوەی دروشمـی دامەزرانـدنی کوردستانێکی سەربەخۆ ئامانجی سەرەکی بـوو، وتارەکـەی عوبەیـدوڵڵا و خواسـتەکانی بـۆ دامەزرانـدنی کوردسـتانێکی سـەربەخۆ لەلایـەن زۆربـەی بەشـــدارانی کۆنگرەکـــەوە پەســـندکرا، لـــەم کۆبوونەوەیـــەدا پلانـــە ستراتیژیەکەی بۆ ڕاپەڕینەکە خستەڕوو. دەبێت یەکەمجار لـەو ناوچـانەوە دەست پێبکات کە دەکەونە ڕۆژئاوای ئێران.(١٨٨)

لە کۆنگرەی سەرۆك عەشیرەتەکاندا بەسەرۆکایەتی شـێخ عوبەیـدوڵڵا لـە ئـەیلولی (١٨٨٠) لـەو کۆنگرەیـە بڕیـاردرا لـە پێشـدا شۆڕشـەکەیان لـە

---

(١٨٧) نەجاتی عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٦.
(١٨٨) ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٣.

کوردستانی ئێرانەوە دەست پێ بکەن.[(١٨٩)] ئەمەش چەند ئامانجێکی لەپشتەوە بوو، دەیانویست سوود لە خەریك بوونی ئێران بەشەڕی خێڵە تورکمانەکاوە وەربگرن، [(١٩٠)] بەرپاکردنی شۆڕش لە کوردستانی ئێران مەسەلەی دابین کردنی ئازوخەی ڕاپەڕیوانی ئاسانتر و مسۆگەر تردەکرد، چونکە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران ناوچەی بەپیت و دەوڵەمەند بوون، لەچاو ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی عوسمانی، ئازوخەی شۆڕشەکەی دابین دەکرد.[(١٩١)] بوونی ژمارەیەکی زۆر لەلایەنگر و موریدانی شێخ لەوێ بوون، ئەمەو بەلای شێخەوە ئێران لەدەوڵەتی عوسمانی لاوازتربوو بەهۆی سەرقاڵی ئێران بە شەڕی عەشیرەتە تورکمانەکانەوە لە ڕۆژهەلاتدا.[(١٩٢)] لەگەڵ چەند هۆکارێکی تر.

مانگی ئووت، شێخ عوبەدیوڵلا دوای ئەوەی هێزەکانی لەدەورەی خۆی گرد کردبۆوە تەنیا چاوەڕوانی هەلێکی لەبار بوو بۆ هێرش کردنەسەر ئێران.[(١٩٣)] هەر چەندە لە سەرەتای بزوتنەوەکەدا شێخ ئاشکرای کرد تا چ ڕادەیەك حەز بەچاکە و پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ دانیشتوانەکاندا دەکات، بەلام رووس و ئینگلیز کەوتنە دژایەتی ڕاپەڕینەکە، (ئابۆت) کونسوڵی بەریتانیا لە شاری ورمێ لەنوێنەری شێخی گەیاند دووبەرەکیەکەی نێوان کورد و ئێرانی بەلاوە گرنگ نییە و گوێی ناداتێ،

---

(١٨٩) محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو ل٣٤٠.

(١٩٠) دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٥

(١٩١) دکتۆر عەزیز شەمزینەی، سەرچاوەی پێشوو ل ١١٧.

(١٩٢) کامەران محەمەد حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٢.

(١٩٣) گیلان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١.

هەولێدا ئاشوورییەکان بەتایبەتی ئەوانەی لە دەوروبەری گۆماوی ورمێ دەژیان، لەدواڕۆژدا نەدەنەتەك کوردەکان، دەبێ لە بزوتنەوەی کورد دوورە پەرێز بووەستن.[١٩٤] لەسەرەتای مانگی تەموزی ساڵی (١٨٨٠) موتەسەریفی ورمێ عەبدولقادری کوڕی شێخی ڕاسپارد، باجەکانی ناوچەی سۆما کۆبکاتەوە و بیدات بەکاربەدەستان، عەبدولقادر ڕازی نەبوو ئەو ڕاسپاردەیە جێبەجێ بکات، ئەوسا موتەسەریف کەوتە بەکارهێنانی سیاسەتی دووبەرەکی نانەوە، بەدرێژایی مانگی ئاب ڕووداوی وەها ڕوویاندا بوونە هاندەری نوێ بۆ هەڵچوونی کورد. هەمزاغای سەرۆکی خێڵی مەنگوڕی ناسراوی کورد، پاش کۆبونەوەی شەمدینان کەوتبووە خۆئامادەکردن، گەلێك لەسەرۆك خێڵەکانی ڕام کردبوو لابدەنە لای ڕاپەڕینەکە. کونسوڵی رووسیا لەوان ئەو هەواڵەی گەیاند: بەهۆی ئەوەی کوردەکان لەلایەن کاربەدەستانی ئێران دەڕوتێنرێنەوە، بەوپەڕی شادیەوە پێشوازی شێخ دەکەن و بەڕزگارکەری دادەنێن.[١٩٥] بەپێی نەخشەی یەکەم هەنگاوی ڕاپەرینەکە لەسەرەتای مانگی ئەیلول شێخ هێزەکانی کرد بە سێ بەشەوە: بەشی یەکەم: بەسەرکردایەتی هەریەك لە شێخ عەبدولقادری کوڕی و هەمزاغای مەنگوڕ، مەهاباد و دوورایی تەورێز داگیر بکات، بەشی دووم: محەمەد سدیق کوڕی شێخ ورمێ بگرێت، بەشی سێیەم: خەلیفە محەمەد هەموو ئەو ناوچانە بگرێت دەکەونە ڕۆژئاوای گۆماوی ورمێ، هەریەك شوێن و ئەرکی ڕزگارکردنی پێ سپێرا، شێخ خۆی

---

(١٩٤) دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٠

(١٩٥) جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٠

سەرکردەی گشتی دوو هێزی دوایی بوو.[196] (کامساراکان) ئەوە ڕوون دەکاتەوە: ڕاپەڕیوەکان وەفا و دڵسۆزیەکی تەواویان بۆ بیروڕای یەکێتی کورد هەبوو. بەم جۆرە ڕاپەڕینەکەی کورد گەیشتە سنوورێکی فراوان.

موقەدەم (بوازدێفر)[197] لەباڵوێزخانەی فەرەنسا لەسانپێترسبوورگ لە ٢٥ی ئەیلول (١٨٨٠) بۆ وەزیری جەنگی فەرەنسا دەنووسێت: (١٥ تا ٢٠٠٠٠) کوردی تورکیا بەپیر بانگەوازەکەی کوردەکانی فارسەوە چوون، سوارچاکەکانی شێخ عوبەیدوڵلا، تەواو چەکدار سنووریان بڕی و هەرێمی ئازربایجانیان داگیر کرد، خۆی، ورمێ، ساباڵغ، بوروا، مەرەش یەك لەدوای یەك داگیر کران.[198] لەنیوەی یەکەمی ئەیلول ڕاپەرینەکە بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو هەموو ناوچەکانی کوردی تەنیەوە. بووە هەڕەشەیەکی پڕ مەترسی لەسەر هێزەکانی ئێران. زۆری نەبرد هێزەکانی کورد گەیشتنە تەورێز. ڕۆژی ١٧ی تشرینی دووەم ڕۆژنامەیەکی لەندەنی نوسی: سەرکەوتنە یەك لەدوای یەکەکانی کورد ئەنجامی پشتیوانی کوردی کوردستانی ئێرانە، لەسەرکردایەتی سیاسی شێخ عوبەیدوڵلا، چونکە فریادڕەسی کوردە.[199] دەوڵەتی عوسمانی لەپەرەسەندنی

---

[196] دکتۆر عەبدوڵلا عەلیاوایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣.

[197] سان پێترسبوورگ ٢٥ سێپتامبەری ١٨٨٠ بالوێزخانەی فەرەنسا لە موقەدەم بوازدێفر Boisdeffer یەکەم ئاتەشەی سەربازی بۆ وەزیری جەنگ (سەرۆکی سەرکردایەتی گشتی) ناردووە.

[198] نەجاتی عەبدوڵلا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢.

[199] دکتۆر عەبدوڵلا عەلیاوایی، سەرچاوەی پێشوو،ل ١١٥.

بزوتنەوەکە نیگەران بوو. شێخ لەمانگی ئەیلول دوو نامەی بۆ (کۆهرانی) ی میسێنێری ئەمریکایی نارد لەورمێ بەڕاستی مایەی سەرنج لێدانن، شێخ داوا لە (کۆهران) دەکات کونسولی بەریتانیا لەو هۆیانە ئاگادار بکات کوردەکانی بەرەو ڕاپەرین هاندا.[٢٠٠] چونکە شێخ دەیویست هەمووان ئەوە بزانن ڕاپەڕینەکەی کورد یاخیگەری نییە و لەپێناوی مافە نەتەوەییەکانی کوردەوە هەڵگیرساوە.

ئەو هێزەی بەسەرۆکایەتی شێخ عوبەیدوڵڵا پەلاماری ورمێیدا کۆسپی هاتەڕێ، کاربەدەستانی ئێران بەیارییدەی هێزەکانی ناوشار توانیان ماوەیەك بەرهەڵستی بکەن، شێخ کاتێ گەمارۆی شاری ورمێ ی دابوو لە ٢١ی تشرینی یەکەمدا دوو نامەی بۆ شارەکە نارد یەکێکیان بۆ شێخولئیسلام میر (جەمالەدین) و ئەوی تریان بۆ گەورە ئاخوندی شیعەی شارەکە (میرزا حسین ئاغا)، ئەوان داوای سێ ڕۆژ مۆڵەتیان لە شێخ کرد تا ئامادەکاری پێشوازی بکەن. بەڵام لەڕاستیدا مەبەستی ئەوان گەیشتنی هێزی ئێران بوو لەو ماوەیەدا، (ئابۆت)ی کونسولی بەریتانیا لەنامەی ٢٢ی تشرینی یەکەمدا دەڵێت: (ئیقبال دەولە) داوای لێ کردم پیاوەتی لەگەڵ بکەم، وا لەشێخ بکەم لەگەڵی بکەوێتە گفتوگۆوە، بەڵکو لەو ماوەیەدا دەنگی خۆی بەپایتەخت بگەیەنێ هێزی بۆ بێت. (ئابۆت) کەوتەکار و داوای لەشێخ کرد پەلاماردانی شارەکە بوەستێنێ، بەڵام شێخ

---

[٢٠٠] جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٢.

گفتوگۆی لەگەڵ (ئیقبال دەولە) ڕەتکردەوە، شێخ ئامانجی بزوتنەوەکەی بۆ (ئابۆت) ڕوون کردەوە، دواتریش خەلیفە سەید محەمەدی دنیادیدەی نارده لای (ئابۆت) تاکو نیازپاکی و چاکەخوزای بەرامبەر بەئەوروپاییەکان بۆ روون بکاتەوە. پاشان دکتۆر (کۆهران) چووە کامپی شێخ و داوای لێ کرد مەرجەکانی خۆبەدەوستەوەدان روون بکاتەوە، وریای کردەوە نابێ مەسیحیەکانی شارەکە زیانیان پێ بکات، شیخ وەڵامی دایەوە پێویستە مەسیحیەکان ئاڵای شین لەسەر بانیماڵەکانیان هەڵکەن، شێخ ٢٣ ئەیلول کاتێك بڕیاریدا پەلاماری ورمێ بدات، (ئابۆت)ی ئاگادارکردەوە بۆ ئەوەی گاورەکانی ورمێ شارەکە جێ بهێلن.[٢٠١] دواتر هێزێك بۆ فریاکەوتنی شارەکە و ڕزگار کردنی لەدەست هێزەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا هات، ئەمە هێزێکی ریکخراو بوو لەسەر دەستی ئەفسەرە ئینگلیز و فەرەنسایی و ئیتالیا و نەمسایی لەگەڵ تۆپخانەی مۆدێرن.[٢٠٢] لەئەنجامی ئەم گەڵەکۆمەکی و پیشتگیری دەوڵەتە زلهێزەکان بۆ پشتیوانی ئێران و لێدانی هێزی ڕاپەڕیوان هێزەکەی شێخ شکا، لێرەدا شێخ هەڵەیەکی سەربازی کرد، سەرەڕای ئەوەی ڕێکخستنی هێزەکانی کەموکوڕی زۆری تێدابوو، شەڕێکی بەرەیشی دەست پێ کرد، دەبوایە بەشەڕی پارتیزانی سەری لەدوژمن بشێواندایە، یاخود لانی کەم حسابی وردی بۆ سیاسەتی دەوڵەتە زلهێزەکان بکردایە.

---

(٢٠١) جەلیلی جەلیل، هەمان سەرچاوە، ل ١٣١.

(٢٠٢) دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٨.

## شکستی ڕاپەڕینی ١٨٨٠ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات

دوای سێ مانگ درێژەکێشان لە گەمارۆدانی شاری ورمێ بێ ئەوەی شێخ ئامانجەکەی بەدیبێنێ، هێزەکەی شکستی هێنا و سوپای ئێران بەدەرونێکی ڕقاوی بێ بەزەیی کەوتە ڕاوەدوونانی شۆرشگێڕانی کورد و لەناوبردنیان. بەهاوکاری ئەفسەرە نەمساوییەکان، ئەوانەی لەسوپای ئێراندا کاریان دەکرد. ئێران بێ بەزەییانە تۆڵەیان لەکوردە ڕاپەڕیوەکان کردەوە، لەلایەکی تر خۆفرۆشتنی بەشێك لە سەرۆکە کوردەکان، ڕاکردن و بەجێ هێشتنی هێزی ڕاپەڕیوان، هێندەی تر نوشوستی بەسەر هێزی کوردا هێنا، لەئەنجامی چەند دەرەبەگێکی بەشدار بووی ڕاپەڕینەکە ئامانج و مەبەستیان تەماع و بەرژوەندی تایبەتی خۆیان بوو. سەربازە ئێرانیەکان تالآنی سەرخۆشی کردبوون.[٢٠٣]

کوردەکان کەزانیان شازادە هەمزەمیرزا بەخۆیی و دوانزە فەوجەوە بۆ سەر سابڵاغ هەڵدەکشێ و لەولای دیکەشەوە بەهۆی شکستیان لەبەرامبەر (بیئاب) لەناوچەکە کشانەوە، تەیموورخان –فارس– لەناکاوێکدا دەستوگیریان بوو، سەدانی لێ کوشتن، هەرچەند کوردەکان دوورکەوتنەوە، بەلآم هەر زوو لەشکرەکانی فارس کەلەلایەن هێزی تۆرۆسەوە نێردرابوون هاوپشتیان لێ کرا، نزیکەی سی هەزار سەرباز لەسێ لاوە تەنگیان بەکوردەکان هەڵچنی.[٢٠٤]

---

(٢٠٣) جلیلی جلیل، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٣٩.

(٢٠٤) نەجاتی عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٧.

گوندنشـینەکان کەوتنـە نێـوان دوو بەرداشـەوە، لەلایـەك هەنـدێ لـەو دەرەبەگانەی پیشـتیوانی سـوپای ئێرانیـان کردبـوو، کەوتنـە سـوتاندن و تالآنی گوندنشینەکان، لەلایەکی تر سوپای ئێران بەرقەوە تۆڵەی لە کـورد بەتایبـەت جوتیـاران دەکـردەوە، لەئەنجامـدا دانیشـتوان ناچـار بـوون گونـدەکانیان چـۆڵ کـرد و پـەنایان بەچـیاکان بـرد. لـەکاتی شـکانی شۆرشەکەدا هێزەکانی ئێران چاویان دەپۆشـی لـە تـالآن و بـرۆی خـەڵکی لەلایەن شکاکەکانەوە، لەکاتێکدا کوردەکانی عوسمانی و تورکەکان دنـەی ڕاپەڕینی هۆزە ئێرانیەکانیان دەدا، لەڕاستیدا هەردوو حکومـەت لەهەڵـەدا بوون بەو شێوەیە ڕەفتاریان دەکرد، بـەڵام تـەنیا ئـەوە حکومـەتی ئێـران بوو دەبوو بەدەست ئەم تێگەیشتنە سەیرەی سیاسەتەوە بناڵێنێ.(٢٠٥)

لەئەنجامی پاڵەپەستۆی هێزەکانی ئێران و شکستی ڕاپەڕینەکە شـێخ عوبەیدوڵڵا بەخۆی و هێزەکانیـەوە لەتشـرینی دووەمـدا سـنووریان بـڕی و چـوونە خـاکی تورکیـا. پـاش ئـەوەی ڕاپەڕینەکـەی شکسـتی هێنـا خـۆی لەشەمدینان لەبارەگاکەیدا قایم کرد.(٢٠٦) دوای کشانەوەی هێزەکانی کورد لەهـەردوو قـۆڵی سـابلاخ و ورمـێ بەسـەرکردایەتی شـێخ عەبـدولقادر و هـەمزاغای مـەنگوڕ فەرمانـدەی تـری هێزەکـان، لـە ١٠ و ١٢-١١-١٨٨٠ سابلاخ و ورمێیـان بـەجێ هێشـت. زۆربـەی ئـەو سـەرۆك خێڵـە کوردانـەی ئێرانیش، کە بەشدارییان کردبوو بۆ پـاڵ ئێـران چـوونەوە، یـان دەوڵـەتی

(٢٠٥) گیلان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣.

(٢٠٦) دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٩.

ئێران تەقەللای هێنانەوە و نیشتەجێ کردنی دان، لەئاکامدا بەتەنیا هەر (هەمزاغای مەنگوڕ) مایەوە، لەگەڵ بەشێك لە خێڵەکەیدا لەناوچەی (سەردەشت) و (لاجان) و سنوورەکانی ئێران– عوسمانی (لە سنووری پشدەر و بیتوێن) مایەوە، جارجارەش شەڕی پارتیزانانەی دژی هێزەکان و پیاوانی دەوڵەتی ئێران دەکرد، هێزەکانی ئێرانیش حەسەن عەلی خانی گەڕووسی سەرکردایەتی دەکردن، بەهەموو توانایەوە تەقەللای گرتن و کوشتنیان دەدا.[٢٠٧]

لەترسی کاردانەوەی پێچەوانەی هێزی ڕاپەڕیوان، دەوڵەتی عوسمانی کەوتە قایم کردنی هێزەکانی خۆی لەکوردستانی عوسمانی، دوانزە تیپی پیادە و تۆپخانەی لە مانگی تشرینی دووەمی (١٨٨٠) نارده وان، نەوەك ڕوداوێکی چاوەڕوان نەکراو ڕووبدات.[٢٠٨]

گەڕانەوەی پاشماوەی هێزەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ ناو وڵاتی عوسمانی بوو بەهۆی کێشەیەکی دوور و درێژ لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و قاجاریدا، حکومەتی ئێران داوایان لەحکومەتی عوسمانی کرد بوو، شێخ عوبەیدوڵڵایان بداتە دەست بۆ ئەوەی سزای بدەن. لەوەدا ڕووسیا و بەریتانیا لایەنگیری ئێران بوون، بەجووتە بەتوندی داوایان لە کاربەدەستانی عوسمانی کرد بوو سزای شێخ عوبەیدوڵڵا بدات.[٢٠٩] دواجار

---

[٢٠٧] محەمەد حەمە باقی، شۆرشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ١٨٨٠ لە بەڵگەنامەکانی قاجاریدا، چاپی یەکەم هەولێر ٢٠٠٣، ل ١٣.

[٢٠٨] دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوایی، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٨.

[٢٠٩] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٠.

فارس و توركیا گەیشتنە ئەو باوەڕەی پێویستە ڕادەیەك بۆ ئەم ڕاپەڕینە دابنێن، سوپاسالار ژەنەڕاڵ (میرزا ڕەزاخان) و (بارۆن) لە (ورمێ) وە بۆ وان بۆ لای نزار پاشا كۆمیسێری حكومەتی عوسمانی نارد بوو تا داوا بكات:

١- كوردەكانی فارس كەپەنایان بردۆتەبەر توركیا بگێڕدرێنەوە لەناویاندا هەمزە ئاغا.

٢- سزادانی شێخ عوبەیدوڵڵا.

٣- بژاردنەوەی ئەو زیانانەی لە فارس كەوتوون.

بەڵام كۆمیسێری عوسمانی ڕایگەیاند ئەو بەرپرسیارێتیە پێویست نیە و لەم بارەیەوە سوپاسالار تارانی ئاگادار كردەوە. لەم ماوەیەدا شێخ عوبەیدوڵڵا پلانی دانا تا هێشتا ناڕازیەكان لەخۆی كۆبكاتەوە و لە خاكەلێوەدا دەست بەجەنگ بكاتەوە. (ژانویەی ١٨٨١).(٢١٠) بەڵام لەبەرامبەر ئەم تەقەللایانەی شێخ عوبەیدوڵڵا و فەرماندەكانی كورد، تەقەللای گەورەتر و سامناك تری گەلەكۆمەكێی دەوڵەتان لە دژی بەرنامەكانی كورد هەبوون، لەسەرووی هەموویانەوە ئێران، هەر لەسەرەتای شۆڕشەكە و بگرە پێش هەڵایسانی شۆڕشەكە، دەرباری قاجاری و خودی (ناسرەدین شا)، بەپەلە و هەڵپە لەگەڵ: ڕووسیا، ئینگلستان، و عوسمانی بەگەرمی كەوتبووە تەقەللای كاری دیپلۆماسی و ڕاوێژ و نامە و نوێنەر ناردن و گۆڕینەوە، بۆ لای یەكتری و ڕێگا گرتن لە

---

(٢١٠) نەجاتی عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٨.

تەنینـــەوەی ڕاپەڕینەکــە، لــەم پێناوەشــدا ئێــران تکــا و داخــوازی لــە ئینگلستان بۆ ئەوە بوو، داوا لە ڕووسیا بکەن، هێز و لەشکری خـۆی، بـۆ سەر سنووری ئازەربایجانی خـواروو بنێـرێ، دواتـریش هـەر ئێـران داوا و تکـای لـە ئینگلسـتان و ڕووسـیاش دەکـرد، گوشـار بخەنەسـەر دەوڵـەتی عوسمـانی، تـا بەهــەموو شـێوەیەك ڕێگـا لەهــەوڵی شـێخ عوبەیـدوڵڵا و ڕابەرانی تری کورد بگریٚ.[211] شێخ عوبەیـدوڵڵا سـوودی لەکێشـەی نێـوان تورکیا و ئێران وەرگرت، ئەم هەلـەی لەدەسـت نـەدا، لەبەرئـەوە هـەر کـە گەیشـتەوە بارەگاکـەی خـۆی لـە شـەمدینان کەوتــە خۆئامـادەکردن بـۆ ڕاپەڕینێکی نویٚ، کەوتە نامە ناردن بۆ سەرۆکە کوردەکان بەشداری بکەن لە ڕاپەڕینە نوێیەکەدا. سەیر لەوەدایە نـەك هـەر کـورد، بـەڵکو عـەرەب و گەلێك لە ئاسووریەکانیش بەدەنگیەوە چوون. هەرچـەندە کاربەدەسـتانی ئەستەمبوڵ درێژەیان بەگفتوگۆ دەدا لەگەڵ ئێران، بەڵام خۆئامادە کردنی شـێخ بـۆ ڕاپــەڕین ترسـاندنی و ناچـاری کـردن هێزێـك لـەوان کۆبکەنـەوە بەسەرکردایەتی سامی پاشا.[212] لـە ئاکامـدا ئێـران دەربـاری عوسمانیـان قایل کرد هاوکاریـان بکـات، بـۆ ئەمـەش دەربـاری عوسمـانی دەیانویسـت بەئارامی و لەسەرخۆ لەگەڵ شـێخ عوبەیـدوڵڵا بجوڵێنـەوە و بەخۆشـی لـە داوی بخەن، تا ڕازی بکەن بۆ ئەستەمبوڵی ببەن.[213]

---

(٢١١) محەمەد حەمە باقی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣.
(٢١٢) دکتۆر جلیلی جلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٨.
(٢١٣) محەمەد حەمە باقی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣.

سوڵتان کۆڵۆنێل ئەحمەد بەگی یاوەری خۆی نارد تا قەناعەت بەشێخ بکات بچێتە ئەستەمبوڵ،[٢١٤] لە زستانی ١٨٨١ کۆڵۆنێل (ئەحمەد بەگ) یاوەری جەنگی و تایبەتی سوڵتان عەبدولحەمید (١٨٧٦- ١٩٠٩) سەردانی شێخ عوبەیدوڵڵای لەبارەگای شێخ لە نەهری کرد و ماوەی (٣) ڕۆژ لەماڵی شێخ میوان بوو، چەندان جار وتوێژی نهێنی و دوو قۆڵیان کرد، بەڵێنی زۆریان بەشێخ عوبەیدوڵڵا دا و زۆر دڵنیایان کردەوە،[٢١٥] بەڵام شێخ بەناوی نەخۆشیەوە خۆی بوارد و لەڕێگای نوێنەرەکانی دڵسۆزی خۆی بۆ سوڵتان دەربڕی.[٢١٦]

حەسەن عەلی خانی گەڕوسی[٢١٧] فەرماندڕەوای سابلاخ لەتەلگرفێکدا (١٨٨١/٣/٤ن) بۆ ناسرەدین شا دەنووسێت: بەهاتنی ئەم ئەفسەرە جەنگیە، واتە (ئەحمەد بەگی کۆڵۆنیل) دیداری لەگەڵ شێخ عوبەیدڵڵا و هێنانی خەڵاتی قایمقام بۆ برا و کوڕی هەمزاغا و ڕێ پێدان و پشتیوانی لە

---

(٢١٤) دکتۆر جلیلی جلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٨.

(٢١٥) محەمەد حەمە باقی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣.

(٢١٦) دکتۆر جلیلی جلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٨.

(٢١٧) حەسەن عەلی خانی گەڕووسی (١٨٢١- ١٨٩٩ن) کوڕی محەمەد سادق خانی کەبودوەندە، خۆی بەڕەگەز کوردی ناوچەی گەڕووسە، خوێندەوارێکی زیرەك و خۆشنوس و ئەدیب و سیاسەتمەدارێکی هەڵکەوتە و بەتوانا بووە، چەند کتێبی نووسیوە، چەندان جار سەردانی ئەورووپای کردووە، بۆتە باڵوێزی ئێران لە دەرباری عوسمانی و لەبەر ئازایەتیش پلەی سەرهەنگ و سەرتیپ و ژەنراڵ ئاجودانی، لەلەشکری ئێراندا پێدراوە، دواتریش چەند جارێك بۆتە وەزیر، لەکاتی شۆڕشی ١٨٨٠ ی کورددا، لەهەمەدانەوە بەهێزێکی گەورەوە، لەسەر داوای خۆی بۆ بەشداری لە سەرکوت و دامرکاندنەوەی شۆڕشەکە، بۆ ناوچەکانی ڕاپەڕینەکە هێنراوەتەوە. (حەمە باقی، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٣)

ئێلی مەنگوڕ، لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە، ئەوەی تائێستا بۆ ئاژاوەی عوبەیدوڵڵا کارێکی وانەکراوە، وا دەردەکەوێ ئەم دەوڵەتە سەبارەت بەم کێشەیە، چاوپۆشی بکات.[٢١٨]

شێخ عوبەیدوڵڵا سەرۆك هۆز و خێڵەکانی هاندەدا پشتیوانی بکەن لە درێژەپێدانی دووبارەکردنەوەی ڕاپەڕینەکەدا، لەو چوارچێوەیەدا حەسەن عەلی خان باسی یەکێك لەو بانگەوازانە دەکات بۆ (محەمەد ئاغای ئاکۆ) لە ناوچەی بیتوێن نێردراوە، لە هەمان تەلگرافدا لە (٤/٣/ ١٨٨١ ز) حەسەن عەلی خان بۆ ناسرەدین شای ناردووە، ڕەشنووسێکە لە دامێنی تەلگرافێکدا، دەنووسێت: لەلایەن ئیبراهیم ئاغای برای خوا لێخۆش بوو، (گوڵاوی ئاغا)وە، کە بۆ ڕاپەڕاندنی هەندێ کار بۆ (سەردەشت) نارد بووم، نامەیەك گەیشت، دیارە یەکێك لەو بانگەوازانەیە (شێخ) ناردوویەتی و بەردەست ئیبراهیم ئاغا کەوتووە، ئاراستەی (محەمەد ئاغای ئاکۆ) یەکێك لە سەرانی عەشایەری قەڵەمڕەوی (عوسمانی)ی کردووە، بەمۆری خودی (شێخ)ەوەیە و ئەمەش دەقی نامەکەیە:

((دۆستی ڕاستگۆی پایەبەرز: محەمەد ئاغای ئاکۆ- خوابتپارێزێ))

دوای گەیاندنی سڵاوی ئەوپەڕی دۆستانە، ئەگەر لەڕووی دۆستایەتی و ڕاستیەوە، لەمن بپرسیت، سوپاس بۆ خوا، دنیا و کاروباریش بەدڵی دڵسۆزانە، لەلایەن دەوڵەتی پایەبەرزی عوسمانیەوە، هێژا و بەختەوەر: جەنابی ئەحمەد بەگی یاوەری تایبەتی حەزرەتی موبارەکی شاهانە، بۆ هەندێ کاری تایبەتی و نهێنی هاتووە، لەهیممەتی پیرانی مەزنەوە ئەوەی

---

[٢١٨] محەمەد حەمەباقی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩.

مەبەست و ئـاواتی ئێمـە بـووە، هـەر ئەمەیـە، لـە دەوڵەتانـدا عەجـەمیان بەناهەق داناوە و هەقیان بەئێمە داوە، بـۆ ڕێنـوێنی شـارەزایش، جـەنابی یـاوەر و هاوڕێکـانی، نـوری چـاوان: شـێخ عەبـدولقادر و شـێخ محەمـەد سەعیدم تا ڕەواندز و هەولێر لەگەڵ ناردون، بۆیە بەپێویستم زانـی پێشـتر ئێوەش ئاگادار بکەمەوە، تا پێشوازی چاوپێکەوتنی ناوبراو بکەن، چونکە لەهـەموو ڕوویەکـەوە ئاگادارییـان لـە هـەموو شـتێکە و هـەموو باسـێکیان بەتەواوی بۆ شیدەکەنەوە. بەکورتی لەلایەن دەوڵەتانەوە، کاروبار بـەدڵی ئێمەیە، ئەوەندە هەیـە، دەبـێ خـەڵکی کوردسـتان یەکدڵ و یـەکگرتوبن، سـوپاس بـۆ خـوا، کوردسـتانی قـۆڵی ئـەناتۆڵ، یەکـدڵ و یـەکگرتوون، هیـوادارم لـەقۆڵی عیراقیشـەوە هـەروابن، غیرەتـی ئـایین و ئیسـلامیش لەدەست مەدەن، هەمیشە چاوەڕێی موژدەی سەلامەتیتانم. ئیتر بەدوعا))

١٢ی ڕەبیعی یەکەمی ١٢٩٨ کۆچی – ١٢/٢/ ١٨٨١ز

حەسەن عەلی خان دەنووسێت: لەم بانگەوازنامەیەوە ئەوە دەسـەلمێ، لەڕێگای ئەحمەد بەگی یاوەرەوە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە، دڵنیـایی و پشتیوانی تەواو بە (شێخ) دراوە، ئەگینا هەر لـە خۆیـەوە و بـێ پـرس، نـاتوانێ ئـاوا بـە ئاشـکرا و ئـەم بانگەوازنامانـە، بـۆ سـەرانی عەشـایەری قەڵەمڕەوی عوسمانی و کەسانی تر و شوێنانی تر بنێـرێ. دەوڵـەتی پایـە بڵندی ئێمەش، بەڵگـەی لەمـە چـاکتری چـنگ ناکـەوێ، لەسـەر ئـەو گـوێ نەدانەی دەوڵەتی عوسمانی، کە نایەوێ خراپەکاریەکانی شێخ لەناوبـەرێ و لەبارەی پشتیوانی کردنی نهێنی و ئاشکرای ئەو دەوڵەتەشەوە، بەڵگەی

لەم بانگەوازنامانە چاکتر بەدەستەوە نین، گیانفیدا بەهەمان نۆکەردا، ئەم تەلگرافنامەیەم پێدا ناردووە، هەمان ئەم بانگەوازنامەیەشم کردۆتە هاوپێچی و بەناونیشانی جەنابی وەزیری کاروباری دەرەوەشدا بۆ تەورێزم ناردووە و لەسەرۆکی پۆستخانەشم سەلماندۆتەوە، دەبێ ئەم نامەیە بەتایبەتی بەتاران، بەجەنابی وەزیری کاروباری دەرەوەش بگەیەنن و بەبەرچاوی ڕووناکی هومایۆنانەشدا تێپەڕبێ.

٣ی ڕەبیعی دووەمی ١٢٩٨ کۆچی- ٤/٣/ ١٨٨١ز. [٢١٩]

ناسرەدین شا تلگراف نامەیەکی نارد بۆ رووسەکان، بۆ ئەوەی بکەونە بەینی ئەوان و تورکەکانەوە بۆ ناوبژی کردن، رووسیا لەسەر ئەوە داوای لە تورکیا کرد بوو ڕێگەنەدا ڕاپەڕینێکی تری کورد سەرهەڵبداتەوە، حکومەتی بەریتانیا دەم و دەست پشتگیری داخوازیەکەی رووسی کرد. حکومەتی تورك لەبەرامبەر ئەو بارودۆخە بۆ ئەوەی زەبروزەنگی خۆی پیشانی کوردبدا، بەهەڕەشە کردنەوە داوای لە شێخ کرد لەگەڵ نوێنەری سوڵتاندا کۆببنەوە بۆ گفت و گۆ کردن. لەهەمان کاتدا هێرشێکی نارد بۆ ناوچەی هەکاری. شێخ بەرامبەر بەو داخوازیەی حکومەت داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی کرد بە مەرجێ دەوڵەتە ئەوروپاییەکانیشی تێدا بەشدار بێ، بۆئەوەی بەشێوەیەکی گشتی لەبارودۆخی ناوچەکە

---

[٢١٩] محەمەد حەمە باقی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣.

بکۆڵنەوە، تا ئەو لیژنەیە لەکاری خۆی دەبێتەوە حکومەت واز لەناردنی هێز بێنیٚ بۆ ناوچەکە.[220]

لەساڵی١٨٨١ دوای وتوێژ و کۆششێکی زۆر دەوڵەتانی ڕووسیا و بەریتانیا شێخ عەبەیدوڵلایان گەیاندە ئەو بڕوایەی پێویستە لەڕێگای وتوێژەوە چارەسەرێك بۆ مەسەلەی کورد بدۆزێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە شێخ سەردانی ئەستەمبولٚ بکات،[221] دەوڵەتی بەریتانیا هەستا بەنێوانگیری لەنێوان شێخ عوبەیدوڵلا و ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی بۆ ڕازی کردنی شێخ سەردانی ئەستەمبولٚ بکات. لەکۆتایدا کەشێخ ڕەزامەندی نیشاندا هەڵوێستێکی ناحەزانەی لەگەڵ کورد دا نواند و لەپایزی (١٨٨٢) بزوتنەوەکەی تێکشکاند.[222] شێخ لە ئەنجامی زۆر لیٚ کردن و سەرکردنە سەری ناچار بوو بچێت بۆ لای سوڵتان. بە مەوکیبێکی شاهانە و ڕێزلیٚ گرتنێکی زۆرەوە، شێخ بەرەو ئەستەمبولٚ کەوتەریٚ، دەستەی پاراستنی شێخ بریتی بوو لە بەتالیۆنێکی سوارە و دوو بەتارییەی تۆپ. ئەوەیان پیٚ سپێرابوو، بەهیچ جۆرێك ڕێگا نەدەن بەشێخ هەڵبێت و ڕابکات. هەرکە شێخ گەیشتە ئەستەمبولٚ تورکیا لەجیاتی وتوێژ گرتیان و خستیانە زیندانەوە. شێخ کەگەیشتە ئەستەمبولٚ لەمانگی تشریتی دووهەمی (١٨٨١) نامەیەکی نارد بۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆئەوەی داوا لە

(٢٢٠) محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو ل.٣٤٤.
(٢٢١) دکتۆر عەزیز شەمزینی، سەرچاوەی پێشوو ل ١٢٢.
(٢٢٢) د. فاضل رسول، سەرچاوەی پێشوو ص ١٣٣.

حکومـەتی ئێـران بکـا، ئـەو زیانانـەی لـە سـاڵی (١٨٨٠) دا لـە کـوردە کوژراوەکان کەوتبوو بدرێ بەخێزانەکانیان. بەرامبەر بەو داخوازیەی شێخ (فـەخری بـەگ)ی بـاڵیۆزی عوسمـانی لـەتاران ڕۆژی (٢٤-١١-١٨٨١) بەناوی حکومەتەوە داخوازیەکەی شێخی گەیاند بوو بە حکومـەتی ئێـران، بەرامبـەر ڕووداوەکـانی سـەر سـنوور.[٢٢٣] حکومـەتی ئێـران بەرپەرچـی داخوازیەکـەی شـێخی دایـەوە و بەحکومـەتی تورکیـای ڕاگەیانـد بـوو، پێداگرتن لەسەر ئەو داخوازیەی شێخ دەبێتە مایەی لاوازکردنی پەیوەندی هەردوو حکومەتەکە.

## ڕاکردنی شێخ عوبەیدوڵڵا لەئەستەمبوڵ بۆ کوردستان

شـێخ عوبەیـدوڵڵا کـاتێ لەئەسـتەمبوڵ دەستبەسـەر بـوو لـە ژێـرەوە بەنهێنی پەیوەندی لەگەڵ شێخ عبدولقادری کوریدا نەپچڕاند بوو، خۆی بۆ ئەوە ئامادەکردبوو خۆی لـە ئەسـتەمبوڵ دەربـاز بکـا، بـۆ ئـەو مەبەسـتە جەژنی ڕەمەزانی کرد بووە بیانوو، لە خەڵکی گەیاند بوو بەدرێژایی مانگی ڕەمەزان خەریکی نوێژ کردن دەبێ و کەس لەو ماوەیـەدا سـەری لێ نـەدا. شێخ ساڵێك لەزیندان مایەوە، تاهەلێکی بۆ هەڵکەوت.[٢٢٤] خـۆی لەبـەرگی بازرگانێکدا گۆڕی و بەپەسـاپۆرتێکی دروسـت کـراوەوە، لـەمانگی ئایـاری (١٨٨٢) سـەرۆکی گـیراوی کـورد شـێخ عوبەیـدوڵڵا بـەرەو جێگـای خـۆی

---

[٢٢٣] دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥١.

[٢٢٤] دکتۆر عەزیز شەمزینی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٢٢.

بەڕێکەوت.[٢٢٥] خۆی گەیاندە یەکێك لەپاپۆڕە فەڕەنسیەکانی شەریکەی (پاك) و دوایی گەیشتە (پۆتی) و لەوێشەوە خۆی گەیاندەوە کوردستان.[٢٢٦] بەرەبەری مانگی ئوت شێخ عوبەیدوڵڵا توانی ئازاد بێت.[٢٢٧] دەربارەی گەیشتنەوەی شێخ بۆ کوردستان ڕۆژنامەی (مشاك )ی ئەرمەنی لەو بارەیەوە باسی کردووە: هەر ئەوەندەی دەنگ بڵاوبۆوە شێخ لەسەر سنوورەکانی رووسیا و تورکیا بەدی کراوە، کوردستان هاتە هەژان، گەلێك عەشیرەت هێزی چەکداریان پێك هێنا بۆئەوەی بەوپەڕی ڕێزەوە پێشوازی شێخ بکەن، شێخ عبدولقادری کوڕی بەهێزێکی چەند هەزار کەسیەوە چوو بەپیر باوکیەوە، شێخ لە ڕێگا لەسەر داخوازی و بانگ کردنی (ئەرخیماندرێت ئۆگانیس کاجوونی) لای دایە کڵێسەی قەدیس (ڤارفۆلومیا)ی ئەرمەنی لەهەرێمی وان، شێخ لەو کڵێسەیەدا وتارێکی خوێندەوە و گووتی: " سوپاس بۆ ئەو پێشوازیە دۆستایەتیەتان. لای ئێمە لە کۆنەوە ئەرمەنەکان وەك مرۆڤی چاکەخواز و پاك و بەناموس ناسراون. ئاشکرایە لە ڕۆژانی دێرینەوە باو و باپیرانمان برایانە و دۆستانە بەیەکەوە ژیاون، ئامانجی ئێمەش ئەوەیە ئەم ڕاستیە لەیاد نەکەین، ئەرمەنەکان لەوە دڵنیا دەکەم لەلایەن نەتەوەکەمەوە زیانیان لێ نادرێت." پاش ئەمە شێخ بەهەموو ئەو کوردانەی ڕاگەیاند لەگەڵیدابوون، ئەرمەنەکان بەبراو دۆستی خۆیان دابنێن و قەت دڵیان

---

[٢٢٥] نەجاتی عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٩١.

[٢٢٦] دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٥٢.

[٢٢٧] نەجاتی عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٩١.

نەشکێنن، خۆ ئەگەر هاتوو بەقسەیان نەکرد ئەوە هەموو کردەوەیەکی ناڕەوایان دژی ئەرمەنەکان بەزۆرداری و کردەوەیەکی ناهەموار دادەنێ لەخۆی وەشابێتەوە.

کاربەدەستانی عوسمانی بەوپەڕی ئاگاداری و لێ پرسینەوە هەنگاو بەهەنگاو شوێن شێخ کەوتن، بەترسەوە دەیانڕوانیە ئەو هەستی دۆستایەتیەی شێخ بۆ ئەرمەن و ئاسوورییەکانی دەنواند، شان بەشانی ئەوەش پەنایان بردەبەر سیاسەتی خەڵك وروژاندن، ئەوە بوو لە ساڵی (١٨٨٢) بازاڕی گشتی شاری بدلیس سوتێنرا، لەو بازاڕەدا گەلێك دووکانی ئەرمەنی لێ بوو، کاربەدەستانی عوسمانی تاوانی ئەو کردەوە ناڕەوایەیان دایە پاڵ کوردەکان و بگرە واشیان پیشاندا گوایە بەهاندانی شێخ بووە و دەستی ئەوی تێدایە.[٢٢٨]

## هەوڵدانی شێخ بۆ پێکهێنانی ڕاپەڕینێکی نوێ

دوای ڕاکردن و گەیشتنەوەی بە کوردستان شێخ چاوی لەوە بوو کات دەست بخات بۆ ئەوەی لەو ماوەیەدا سەرۆکە کوردەکان بۆ ڕاپەڕینێکی نوێ ئامادەبکات، لەناوەڕاستی مانگی ئابدا کەمال بەگی سێیەم سکرتێی سوڵتان هاتە وان بۆ ئەوەی شێخ ڕازی بکات لە یەکێك لە شارە پیرۆزەکانی عەرەب جێ نشین بێت، بەرامبەر بەوە دەوڵەتی عوسمانی هەموو خەرجیەکی دەخاتە ئەستۆی حکومەت و سوڵتان هەموو مانگێك (١٥٠) لیرە بۆ خۆی دەبڕێتەوە، بەڵام شێخ لە ئاست ئەم پێشنیارانە

---

[٢٢٨] دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٥٢.

گوێی داخست و له قەڵای (ئۆرامار) خۆی قایم کـرد، بـەنیازی بەرهەڵسـتی کردنـی هێزەکـانی عوسمـانی کەوتـە خۆکۆکردنـەوە، عوسمانیـەکان خێـرا خۆیان گەیاندە قەڵاکەی شێخ و ئابلۆقەیاندا، بۆ ئەوەی خـوێنی هـەردوولا بەخۆڕایی نەرژێت، شێخ بڕیاریدا بچێت لەشاری موسڵ بژی.[٢٢٩]

ژەنــەڕاڵی سـوڵتانی عوسمـانی سـولەیمان پاشـا هــەڵگری نامەیــەکی دەسـتخەتی لەسـوڵتانەوە بـۆ شـای فـارس بـەیاوەری شـازادە سـولەیمان موراد میرزا گەیشتە تۆرۆس، ئەمە نامـەی ئاشـتی بـوو، دواتـر تێگەیشـتن تورکیا هێزەکانی ناردووە بەشوێنداچوونی شێخ عوبەیـدوڵڵا. سـێ ڕەتڵـی عوسمـانی بـەرەو نـەهری، دیـزە و جۆڵـەمێرگ بەڕێکـەوتوون و بابیعـالی ڕایگەیاندووە کوردەکان ناچار دەکـات بـۆ ئـەوەی هێرشـەکانیان بـۆ سـەر هــەرێمی فــارس ڕابگــرن.[٢٣٠] دەســەڵاتدارانی تورکیــا و ئــێران زەنگــی ترسناکیان لێدا، هێزی گەورەی سەربازیان کۆکردەوە بۆ شـەڕ دژی شـێخ عوبەیدوڵڵا، لەراستیدا ئەم هێزانە گەلێك بەتواناتر بوون. شێخ عوبەیـدوڵڵا خۆی ڕاگرت و له قەڵای (ئورامار) تاناوەڕاستی ئەیلول.[٢٣١]

شـێخ هەنـدێ بڕوبیـانوی دۆزییـەوە بـۆ ئـەوەی خـۆی درەنـگ بخـات لەچوونی بۆ موسـڵ و بەرامبـەر بەوە(موسـی بـەگ) بڕیاریـدا بچـێت بەگـژ شێخدا، بۆ ماوەی (١٨) ڕۆژ قەڵاکەی تۆپباران کرد، لەئـەنجامی تۆپبـاران کردنێکی بێ وچان قەڵاکە ڕوخاو تەپی، قەڵاکە گـیرا و شـێخ بـەدیل گـیرا،

---

[٢٢٩] دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٥.

[٢٣٠] نەجاتی عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٩.

[٢٣١] ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٨.

لەگەڵ چوار بەتالیۆنی عوسمانیدا نێررا بۆ موسڵ.[٢٣٢] دوای ئەوەی بەدیل گیرا و تورکەکان بریاریاندا بیبەن بۆ موسڵ.[٢٣٣] لەسەر دژایەتی توندی تورەیی ئێران بابی عالی لەنوێوە گرتیەوە، ڕەوانەی موسڵی کرد.[٢٣٤] کاربەدەستانی تورك لەوە ترسا بوون شێخ عبدولقادری کوڕی، باوکی ڕزگار بکات، لەبەر ئەوە لەکۆتایی مانگی تشرینی یەکەمدا دوو بەتالیۆنی پیادە لە (گاوار) بەسەرکردایەتی (مستەفا پاشا) خرایەڕێ بۆ ئەوەی ڕێگای نێوان (ئورامار) و (نەهری) بگرێ و دوو بەتالیۆنیش نێررا بۆ (نەهری). شێخ محەمەد سدیقی[٢٣٥] کوڕە گەورەی شێخ بارمتە بوو لە ئەستەمبوڵ، لەبەرئەوە عبدولقار ببوو بە جێگری باوکی، دەربارەی شێخ عەبدولقادر (نلدوف) گووتوویەتی: عبدولقادر هەروەکو باوکی جێگای ڕێز لێگرتنە، سەرکردایەتی هێزەکانی کورد دەکا و نیازی وایە دان بەدەسەڵاتی حکومەتی عوسمانی دا نەنێت. هەرچەندە حکومەتی عوسمانی شێخ عوبەیدوڵڵای نارده موسڵ، بەڵام ئەم هەڵوێستەی

---

[٢٣٢] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو ل٣٤٨.

[٢٣٣] ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٨.

[٢٣٤] گیلان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢.

[٢٣٥] شێخ محەمەد صدیق (١٨٥٥–١٩١١) کوڕی گەورەی شێخ عوبەیدڵڵایە، دوای دوورخستنەوەی باوکی و شێخ عەبدوالقدر بۆ مەککە، دەسەڵاتدارانی عوسمانی بۆ نەپچڕانی هەموو تاڵەداوەکان لەگەڵ ئەم بنەماڵە خاوەن دەسەڵاتە، و بۆ بەکارهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیان شێخ محەمەد سدیقیان لەنەهری لەجێگای باوکی هێشتەوە.

حکومەتی عوسمانی بەدڵی ئێران نەبوو، چونکە هێز و دەسەڵاتی شێخ لـە موسڵ هیچی لێ کەم نەببووەوە، عەشایرەکانی کورد و عـەرەبی ویلایـەتی موسڵ هەمیشە ئامادە بوون هەر ئەوەندەی شێخ ئەموسـتی بەرزبکاتـەوە ئیتر هەموو دەس بدەنە چەك.

محسن خانی باڵیۆزی ئێران لە ئەستەمبوڵ سرەوتی لێ بڕابوو، هەمیشە ئەوەی دووپات دەکردەوەو دەیووت: ئەگـەر شـێخ هـەلێکی بـۆ هەڵکـەوێ دەتوانێ دەست بەڕاپەڕینێکی تر بکاتەوە، بەناوی شای ئێرانەوە داوای لە ئەستەمبوڵ کرد شێخ ڕەوانەی شـوێنێکی تـر بکـرێ، دووربـێ لەسـنووری ئێرانەوە، بـەڵام سـوڵتانی عوسمـانی محسـن خـانی دڵنیـا کـرد کوڕەکـەی بەبارمتە دانراوە تا بەبێ خوێن ڕشتن ئەو مەبەستە سەربگرێ. [(٢٣٦)]

وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێـران گومـانی هـەبووە لـەوەی بەبارمتـە بوونی محەمەد سدیق سوودی هەبێ، چونکە بۆ ئێـران واباشـتر بـوو شـێخ عبدولقادر بەبارمتە دابنرایە، چونکە عبدولقادریش لەبیروباوەڕیدا هەروەکو باوکی وابوو، حکومەتی ئێران بـەخۆڕایی ئـەو مەترسـیەی لێ نەنیشـتیبوو، زۆری پێنەچـوو لـەمانگی تشـرینی دووهەمـدا شـێخ عبـدولقادر بـەهێزێکی بچوکی کـوردەوە لـەنزیك گوندی(شـیتان) کـەنزیکی ٧٠– ٧٥ میـل دوورە لەڕەواندزەوە پەلاماری ئەو هێزەی عوسمانیدا کە ئـەرکی گەیانـدنی شـێخ عوبەیدوڵڵای پێ سپێرا بوو بۆ موسڵ و توانی باوکی ڕزگـار بکـات. کـەمال پاشای سـەرکردەی ئـەو هێـزەی تـورك بـەگورجی داوای یارمـەتی لـە والی موسڵ و بەغدا کرد، ئەو چوار بەتالیۆنەش لەدوای ڕەوانە کردنی شـێخ بـۆ

---

(٢٣٦) محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٨.

موسـڵ بەسـەرۆکایەتی حسـین بـەگ مابوونـەوە هـەموویان بـەرەو (شـیتان)ڕەوانە کـران، لـەنزیك ناوچـە شـاخاوییەکەی (کـورد بوغـازی) هێزێکی کورد لەگەڵ ئەو هێزەی حسـین بـەگ ڕووبـەڕووی یەکتربوونـەوە، هێزەکەی کورد شکا و هێزی حسین بـەگ و کـەمال بـەگ پێکـەوە لـەدوای شـەڕێکی شـەش سـەعاتی شـێخ عەبـدولقادریان ناچـار کـرد خـۆی بـدا بەدەستەوە، بەو جۆرە کوڕ و باوك پێکەوە ڕەوانەی موسـڵ کـران و دوای ماوەیەك شێخ لەگەڵ سەد خێزان بۆ حیجاز.[٢٣٧] بۆ (شاری مەککە) دوور بخەنەوە، دواتر لەوێدا کۆچی دوایی کرد لە ساڵی ١٨٨٣ لـەوێ مـرد.[٢٣٨]، دکتـۆر عـەزیز شـەمزینی دەڵێـت: لـە سـاڵی ١٨٨٨ شـێخ کۆچـی دوایـی کـرد.[٢٣٩] (حسـن عـەلی خـانی گەڕوسـی) دەربـارەی شـێخ دەڵێـت: دوای گەڕانـەوەی دوبـارە لـە (٢١-١٠-١٨٨٢) لەلایـەن دەوڵـەتی عوسمـانی دەگیرێتەوە و بەهێزێکی گەورەوە لەگەڵ (١٠٠) خێزانی لایەنگری ڕەوانەی موسڵ دەکرێن، لە (٢٧-١١-١٨٨٢) دەگەیەنرێتە موسـڵ و تـا (١٤-١٢-١٨٨٢) هـەر لـە موسـڵ دەیانهێڵنـەوە، دوایـی لـە (٢٣-١٢-١٨٨٢) لـە موسڵەوە بەڕێی ئەسکەندەرونە بەیروت، حیجـاز، لـە (تـائیف) نیشـتەجێ دەکـرێن، دوای ماوەیـەك ڕۆژی (٩ی زیلحەجـەی سـاڵی (١٣٠٠) کۆچـی/ (١٢-١٠-١٨٨٣زاینی) شێخ کۆچی دوایـی کـردووە[٢]. بـۆ زانیـاری زیـاتر

---

[٢٣٧] دکتۆر عەبدوڵلا عەلیاوایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٢.

[٢٣٨] د. ولید حمدی، کورد و کوردستان ل٢٤٧.

[٢٣٩] دعزیز شمزینی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٣.

[٢] حسن علی خانی گەروسی، شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لەبەڵگەنامەکانی قاجاری دا، وەرگێڕانی محەمەد حەمە باقی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٧، ل ١٦.

بنواره شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لەبەڵگەنامەکانی قاجاریدا (ل ٢٤٧-٢٤٨)

ساڵی ١٨٩٣ حکومەتی عوسمانی ڕێی بەخێزانەکاندا بگەڕێنەوە بەو مەرجەی کوڕانی شێخ عوبەیدوڵلا لەئیستامبوڵ نیشتەجێ بن.[٢٤٠] بەلام ئەم کێشەیە مایەوە تا شێخ عەبدولقادر لەدوای جاردانی مەشروتە گەڕایەوە تورکیا بۆ ئەستەمبوڵ و کرابە سیناتۆر دوای ئەوەی پرۆکرامی کۆمیتەی ئیتحاد و تەرەقی قبول کرد.[٢٤١] بەلەناوبردنی ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵلا جارێکی تر پەردەی خامۆشی بەسەر خەبات و ڕاپەڕینی کورددا درایەوە، هۆی سەرەکی سەرنەکەوتنی ڕاپەڕینەکەی کوردی ساڵی (١٨٨٠) لەوەدا بوو، کاتی جاڕدانی ڕاپەڕینەکە نەهاتبوو، ڕاپەڕینەکە لەڕووی ڕێکخستنەوە لاواز بوو، دوژمنایەتی نێوان عەشیرەتە کوردەکانیش شێخ عوبەیدوڵلای خستە بارێکی ناجێگیرەوە.[٢٤٢] هەروەها هۆکارە ناوخۆییەکان و دوژمنایەتی نێوان عەشیرەتە کوردەکان کاریگەرییان کەمتر نەبوو لە شکست هێنانی ئەم ڕاپەڕینە، بەهۆی بەهێزبوونی دەسەلاتی دەرەبەگایەتی و شێخایەتی و دووبەرەکایەتی دەرەبەگە دراوسێکانیەوە بوو، یەکێکی وەك شێخ محەمەد بچكۆلە لەو ڕۆژانەدا بەناو خەڵکەکەدا هەواڵێکی بڵاو بکردەوە گوایە شێخەکانی شەمدینان لەڕێی ڕاستی ئاین لایان داوە و ئەوەندەی خاوەنی دەسەلاتی

[٢٤٠] دکتۆر عەبدوڵلا عەلیاوایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٢.
[٢٤١] نەجاتی عەبدوڵلا، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٠٦.
[٢٤٢] دکتۆر جلیل جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٤.

دونیاین هێندە سەرۆك و ڕابەری ئاینی نین.[٢٤٣] چونکە تا ئەوکاتە پێشینە هزری و سیاسی بۆ بزوتنـەوەی نەتـەوەیی و ئـابووری و کۆمەڵایـەتی بـەو جـۆرە گەشـەی نـەکرد بـوو ببێتـە مایـەی سـەرکەوتنی کـورد، شـێخ عوبەیدوڵڵاش نەیتوانی زۆرینەی گەلی کـورد لـەخۆی کۆبکاتـەوە. ئەمـەش ئـەو دەرفەتـە بـوو تورکیـا و بـەریتانیا و ڕووسـیا قۆسـتیانەوە. هـەروەها ئامادەباشی تەواو نەکرا بوو بۆ شۆڕشـەکە لـەرووی سـەربازیەوە. هەڵـەی ستراتیژی کرا لە تەکتیك و بۆچوونەکان.[٢٤٤]

یەکێکی تـر لـەو هۆکارانـەی بـووە هـۆی شکسـتی ڕاپەڕینەکـەی شـێخ عوبەیدوڵڵا، هەڵوێسـتی رووسـیا و ئینگلتـەرە و تورکیـا هەڵوێسـتی دژ بـە ڕاپەڕینەکەی کوردیـان گرتەبـەر. رووسـیا خـاوەنی دەسـەڵاتێکی زۆر بـوو لــەئیران، ئینگلتــەراش لەوکاتــەدا کاریگــەری زۆریــان هــەبوو لەســەر دەسـەڵاتدارانی ئەسـتەمبوڵ.[٢٤٥] پـاش دوورخسـتنەوە شـێخ عوبەیـدوڵڵا ڕاپەڕینەکەی کورد کەوتە کزی و هـێمن بـووەوە، ئەسـتەمبوڵ گـەلێك لـەو سەرۆکە کوردانەی کڕی ڕۆژی خۆی پشتگیری ڕاپەڕینەکەی عوبەیدوڵڵایان کـرد بـوو.[٢٤٦] لەگـەڵ هـەموو ئەمانەشـدا ڕاپــەڕینی کوردەکـان (١٨٨٠) بەسـەرکردایەتی شـێخ عوبەیـدوڵڵا بایـەخێکی گرنگـی هـەبوو، ئەگەرچـی سەرکەوتوو نەبوو، بـەڵام هـەنگاوێکی گـرنگ بـوو بـۆ بـەرەو پـێش بردنـی

---

[٢٤٣] دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٠.
[٢٤٤] ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٧.
[٢٤٥] ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٦.
[٢٤٦] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو ل٣٤٩.

کێشەی کورد. لەڕاستیدا ئەم ڕاپەڕینە لە هەموو ڕاپەڕین و بزووتنەوەکانی پێشووی کورد بەتواناتر بوو لەهەردوو لایەنی سیاسی و ڕێکخستنەوە. دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا نەبووە مایەی ئارامی لە کوردستاندا.(٢٤٧) هەرچەندە ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا نەیتوانی ئامانجە گەورەکەی بەدامەزراندنی قەوارەیەکی یەکگرتوو بۆ کورد بەدیبێنێ، بەڵام توانی جۆرێك یەکێتی کوردستانی ژێر سایەی تورك و فارس نیشان بدات و یەکخستنی نەتەوەی کورد بەگوێی داگیرکەرانی کوردستاندا بچرپێنێ.(٢٤٨)

جوڵانەوە ڕزگاریخوازیەکەی ساڵی (١٨٨٠) نموونەیەکی زیندووی جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان بوو ئامانجەکەی ڕزگارکردنی کوردستان بوو لە ستەمی تورکیا و ئێران، نەك هەر بەفیتی بەریتانیا و تورکیا و دەوڵەتانی تر دروست نەبوو، بەڵکو ئامانجی ڕزگاری نیشتمانی و دژی تورك بوو، ئەمەش بەڕوونی لەوتارەکەی شێخدا دەردەکەوێ، جوڵانەوەیەکی ئایینی و کۆنەپەرستی نەبووە، وەکو هەندێك دەمگۆی بڵاودەکرانەوە، بەڵکو جوڵانەوەکە دروشمی ئامانجی رزگاری نیشتمانی و جیابوونەوەی لە دوو دەوڵەتی تورکیا و ئێران بووکە هەردووکیان موسڵمان بوون، نە شێخ عوبەیدوڵڵا و نەڕاپەڕیوان دز و جەردە و ڕێگر و پیاوکوژ نەبوون، وەك هەندێك بڵاویاندەکردەوە، بەڵکو ڕاپەڕینێکی ئاشتی

---

(٢٤٧) ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٧.

(٢٤٨) کامەران محەمەد حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٣.

خواز بوو، سەرەڕای ئەوەش ئاشووری و ئەرمەنیش بەشدار بوون، گەلی کوردیش بەخۆشحاڵەیەوە بەرەو پیری شۆڕشەکەوەچوون.

هەردوو ئیمپڕاتۆریەتی ئێران و تورکیا لە قۆناغی هەرەسهێنان و داتەپین دابوون، ئاشوب سەرانسەری ئیمپڕاتۆریەتی تەنی بوو، هەردوو ئیمپڕاتۆریەت گیرۆدەی تەنگ و چەڵەمەو نائارامی سیاسی بوون، بەدرێژایی سەدەی نۆزدەیەم سەربەخۆییەکی ڕووکەشیان هەبوو.[٢٤٩] ئەمەش بەهۆی ئەو دژایەتیەی هەبوو لەلایەن وڵاتە ئەوروپاییە گەورەکان، بەتایبەتیش نێوان ئینگلتەرە و ڕووسیا. بەڵام کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم بارودۆخەکە گۆڕانی ڕیشەیی بەسەرداهات. نەیارەکانی دوێنێ، ڕووسیا لەلایەك و بەریتانیا و فەرەنساش لەلایەکی تر بەرەو یەکگرتن دەچوون لەبەرامبەر مەترسیە زۆرەکانی ئەڵمانیا.[٢٥٠]

---

[٢٤٩] دکتۆر عەزیز شەمزینی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٦.
[٢٥٠] ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥١.

# بەشی دووەم
# بارودۆخی کوردستان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا

لەچارەکی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و لەدوایی ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری خەباتی ڕزگاریخوازی لەناو کوردا پەرەی سەند، خەبات دژی زۆرداریی بێگانە لە کوردستاندا تاڕادەکی زۆر لەخەباتی چینایەتی کەم کردبۆوە، ئەوەندەی خەباتی نەتەوەیی لەبرەودابوو، خەباتی چینایەتی ئەو گرنگیەی پێشانی نەما، زاڵ بوونی عەشیرەتگەری لەلادێ خەباتی چینایەتی کزکرد، لەبەر ئەوەی دەرەبەگە کوردەکان زۆرجار شێخ و پێشەوایانی ئاینی بوون، بەشی ئەوان لە چەوساندنەوەی جوتیاراندا زۆر دیار نەبوو، خەباتی جوتیاران زیاتر لەدژی بێگانەکان بوو. دەرەبەگ و خاوەن ملکەکانیش پێیان وابوو بەهێز بوونی دەسەڵاتی

حکومەت دەسەڵاتی ئەوان کەم دەکاتەوە، نەشیان دەویست دەسـەڵاتیان لـەلادێ کـەم بێتـەوە، لەبـەر ئـەوە بەهەرڵسـتی هـەموو کردەوەیـەکی حکومـەتی ناوەنـدییان دەکـرد، بەمەبەسـتی کۆکردنـەوەی دەسـەڵات لەدەسـتی خۆیـان دابـێ. کـەوابوو شـتێکی ئاسـایی بـوو دەرەبەگـەکان پشتیوانی لە جوڵانەوەی نیشتمانی و ڕاپەڕینـە چەکداریەکانی کوردسـتان بکەن.[1]

دەوڵەتی عوسمانی لەدڕندەیی و خراپەکاری و خـوێن ڕشـتندا گەیشـتە لوتکە و هەموو کاربەدەستەکانی بەبەدڕەفتاری و تالان کردن هاووڵاتیـانی ژێردەسەڵاتی خۆیان بێزار کردبوو، لـەم ڕووەوە (ڤـالمێرپیتر) وتویـەتی:" دڕندەیی و خوێن ڕێژی کاربەدەستەکانی تورك گەیشتووەتە ڕادەیـەك ئـەو کاربەدەستە تازانـەی دەسـتە دەسـتە لـە دوای یـەکتر دەنێـرران لەوانـەی پێشتوتر دڕندەتر و چاوبرسیتر بوون، ئەوانەی دەنێرران هەر دەگەیشـتنە شـوێنی کارەکـەیان دەسـتیان دەکـرد بەڕووتاندنـەوەی خـەڵك، سـەرانە و بـاجی زۆریـان لـە خـەڵك دەسـەند، لـەو پارەیـەی بـاج و ڕا و ڕووتانـەی دەستیان دەکەوت دەبوایـە بەشـی کاربەدەسـتە گـەورەکانی ژوور خۆیـان بدایە بۆ ئەوەی چـاویان لـە ڕەفتـارە خراپـەکانیان بپۆشـن، بەرەڵاییـەکی تــەواو لــەناو وڵاتــی عوسمانیــدا بڵاوبــووەوە دانیشــتوان بەتــەواوەتی لــە حکومەت بێزاربوون.[2] بەتونـدی دژی ڕەفتـاری کاربەدەسـتانی عوسمـانی بــوون، زۆر جــار ڕووبــەڕوویان دەبوونــەوە، (أ.م.کوکیوبــاکین) لەســالی

---

[1] د. عبدالرحمن قاسملو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٦.
[2] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣٧.

(١٨٨٥) گەشتێكی بەناوچەكانی باكوری ڕۆژهەڵاتی توركیا كرد دەربارەی بـارودۆخی خراپــی دەوڵــەتی عوسمــانی و ســەربازگرتنی بـەزۆر دەڵێـت: "ئەمەش یەكێكە لە ئەركەكانی تاك بەرامبەر بەدەوڵەت، كەچـی كـارگێڕی خۆجێی لەكاتی بەجێ گەیاندنی ئەم كارە گرنگەدا ڕووبەڕووی ئاستـەنگی گەورە و بەهەڵستی توند دەبێتەوە لەلایەن جەماوەرەكە..."[٣]

ئەمیر مستەفا فازڵی كـوڕەزای محەمـەد عـەلی پاشـای میسـر نامەیـەكی ئاراســتەی ســوڵتان عەبدولعــەزیزی خەلیفــەی عوسمــانی كــردووە، لــەو نامەیـەدا گلـەیی لـەوە كـرد بـوو وڵات گەیشـتبووە ئەوپـەڕی پەڕێشـانی و سەرگەردانی، داوای لە سوڵتان كرد بوو، چارەسـەرێك بدۆزێتـەوە بـۆ ئـەو بارودۆخــەی حكومــەت تێیكــەوتبوو، كاربەدەســتان هەریەكـە لـە شـوێنی دەسەڵاتیان هەرچیەكی ویستبێ كردوویەتی لەئەنجامدا، بەشێكیان بوونـە تـــاقمێكی زۆردار و بــــەزەییان بەكەســـدا نەهاتووەتــــەوە، هـــیچ بەرهەڵســتیەكیش نــەبووە ڕێگــای ئــەو دەســتدرێژیكردنەیان لێ بگــرێ، بەشــەكەی تریــان چەوســێنراوان و زوڵـم لێ كـراوان، كـە بریتـی بـوون لـە زۆربەی دانیشتوانی وڵات و كەس فریایان نەدەكەوت، تاوانبارەكانیش ئـەو ڕەفتارانەیان دەكرد و وایان بڵاودەكردەوە سوڵتان هـەموو دەسـەڵاتێكی داونـەتێ. ئـەو بـاج و سـەرانە زۆرەی حكومـەت بـەزۆرەملێ سـەپاندبووی بەسەر خەڵكی بێ دەرامەتدا، لەكاتێكدا دەنگ و هاوار و دادو بێدادی هـیچ كەسێك نەدەگەیشتە گوێی كاربەدەستانی دەسـت ڕۆیشـتوو، بەشـی گـەلی

---

[٣] م. كامەران محەمەد حاجی،سەرچاوەی پێشوو. ل٢٣٩.

کورد لەو دواکەوتن و بەشخوراویەدا لە هـی هـەموو نەتـەوەکانی تـری نـاو ولآتی عوسمانی زۆر تر بوو.[٤]

دەزگاکـانی بـەڕێوەبردنی کـاگێڕی هـەر لـە فەرمانبـەرێکی بچـوکەوە تادەگاتە سەدری ئەعزەم هەریەکەیان بەشێوەی خۆی هەڵپەی ئەوەی بوو خۆی و خاو و خێزانەکەی تێر بکا، ژیانی ڕۆژانـەیان بـۆ دابـین بکـا، ئەمـە باری ژیانی فەرمانبەرە بچوکەکان بوو، فەرمانبەرە گەورەکانیش بـە پـارە کارەکەی خۆیان دەکڕی بە هەموو جۆرێك خەریکی ڕووتکردنـەوەی خـەڵك بوون و خـەریکی پڕکردنـی گیرفـانی خۆیـان بـوون. لەوەدەچـێ ڕەفتـار و سیاســەتی دڕندانــەی ســوڵتانەکان بــەناو دەمارەکــانی هــەموو والی و ئەفسـەرێکدا تەنانـەت بـەناو ڕۆحـی هـەموو دەسـەڵاتدارانی عوسمانیشـدا ڕۆچوویێت، بۆیە هیچ کتێبێك، هیچ سەفەرنامەیەك، هیچ یاداشت نامەیـەك خـاڵی نیـە لەگێڕانـەوەی چـەندین حەکایـەتی سـەیر و سـەمەرە لـەبارەی دڕندەییی و کافری و زوڵمی تورك بەرامبـەر خـەڵکی نـاتورك، فەیلەسـوفی ئینگلیزی (جۆن میلتۆن)، دەڵێ: "ئەگـەر ئینگلیزێـك، هەرچـی یاسـایەکی مرۆیــی و هەرچــی ڕێســایەکی مــەدەنی و هەرچــی ئــەخلاقێکی دینییــە لەدەستی داو هیچ ڕەچـاوی ژیـانی خـەڵك و ئـازادی خـەڵکی نـەکرد، ئـەوا دەبێتە تورك، و پێی دەڵێن تورك."[٥]

ئەو بارودۆخە گەیشتە ڕادەیەك کەس لەتوانایـدا نـەبوو بەرگـە بگـرێ، ناچار شوێنەکانی خۆیان بەجێ دەهێشت و کۆچیان دەکرد بۆ شوێنی تر،

---

[٤] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣٨.

[٥] د. فەرهاد پیربال، سوڵتانە عوسمانیەکان، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٧، ل ١١.

بەپێی زانیاری (ك. سادوفسکی) لەساڵی (١٨٨٣) بەشێوەیەکی فراوان دانیشتوانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی کۆچیان کرد بۆ قارس، بۆ ژێر دەسەڵاتی ڕووسیا. ئەمە لەگەڵ تێپەڕ بوونی کات فراوانتر دەبوو، چونکە لەساڵی (١٨٨٥) کۆچ کردن بەرەو دەرەوەی ناوچەکانی خۆیان زیادی کرد و هەندێ لەعەشیرەتەکوردەکان لەسنووری تورکیا پەڕینەوە و چوونە وڵاتی ڕووسیاوە، تا کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم چەندین لەو عەشیرەتە کوردانە نەگەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان و لەقەفقاس مانەوە. بەپێی لێك نزیکی و پەیوەندی هاوگوندی و پەیوەندی ریشەیی لەنێوان ئەرمەن و کورد لەتورکیا و ئێران.[٦] زەبروزەنگی زۆر لەسەر هاووڵاتیان، ژیانی کوڵەمەرگی، خەڵکی هاندەدا بۆ ڕاپەڕین و سەرکێشی بەرامبەر بە دەوڵەتی عوسمانی، بەتایبەت کوردەکان لەڕووی چەوسانەوەی نەتەوەیشەوە لەوپەڕی خراپی دابوون، لەبەر ئەوە کوڕانی بەدرخان پاشا جارێکی تر پێشەوایەتی ڕاپەڕینێکیان کرد و نیگەرانی و داوای خۆیان بەدەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیاند.

بزوتنەوەی کوڕانی بەدرخان ئەمین عالی بەدرخان و مەدحەت بەگ لەساڵی (١٨٨٩) لەتەڕابزون ڕێبەرایەتیان کرد، پەیوەندیان بەهەندێك سەرۆك هۆزەوە کرد و دواتر بەهۆی ئاگاداربوونی دەوڵەتی عوسمانی و لەڕێگای جاسوسەکانیەوە، هەردوو میر لە پڕ لەباشوری بایبۆرد کەوتنە نێوان دوو هێزی دەوڵەتی عوسمانی و پێکدادان لەنێوان هەردوولا ڕوویدا،

---

[٦] کنیاز ابراهیم میرزویف، سەرچاوەی پێشوو، ص ٧٨.

هـەردوو مـیر و هێزەکـەیان کشـانەوە چـیای ئەرغـەن و مەعـدەن. بـەڵام نەیانتوانی دەرباز بن و خۆیانـدا بەدەسـت هێـزی عوسمانیـەوە، ئـەوانیش بەدەسـت بەسـەری بردیـانن بـۆ ئەسـتەمبوڵ و بزوتنـەوە چـەکداریەکەیان شکستی هێنا.[٧] ئەگەرچـی ئـەم ڕاپەڕینـەی کـوڕانی بـەدرخان ماوەیـەکی کەمی خایاند و زوو دامرکایەوە، بەڵام ئەمە بەڵگەی ئەوە بـوو کوردسـتان لە کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی نـاڕازی بـوون، هەردەرفـەتێکیان بـۆ هەڵکەوتبایە دەستیان دەکرد بەڕاپەرین.[٨]

لـەو ڕۆژەوەی سـوڵتانەکانی دەوڵـەتی عوسمـانی لەسـەرداروپەردووی نەتەوەکانی تر بوونە دەسەڵاتدار و زوڵم و زۆر و تاڵان و دزی و وێرانکـاری و وەحشـــیگەرانە لەســـەر خـــاکی کوردســـتان و ئەرمـــەن و عـــەرەبیش لەبرەودابوون، بـەڵام بەدرێـژایی مێـژوو دەسـەڵاتی عوسمـانی ئەگـەر چـی توانیبێتیان میرە کوردەکان و دەسەڵاتیان لەناوبەرن و خەڵکی کوردستان تاڵان بکەن و شار و گوندەکانیان بسوتێنن، بەڵام بەشاهێدی ڕۆژهەڵاتناس و گەڕاڵی ئەوروپییـەکان نـەیانتوانیوە زمـانی کـوردی و ڕۆحـی نەتـەوەیی کـورد لـەناو ببـەن. لـەم بارەیـەوە (بوڵتـەنی ئەرمـەنی Bulletin Armenien ) کەلە (٣٠) مارس ( ئەڤریلی) (١٩٢٠) لەپاریس دەرچووە دەڵێ: "ڕۆحی کورد پڕ لە ڕق و کینە دەرهەق بـەزەبروزەنگی تورکـەکان. ئـەم ڕق و کینـەش زۆر بەئاشـکرا لـەناو لاوك و گۆرانیـە فۆلکلۆریەکانـدا

---

[٧] دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوایی ،سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٣.

[٨] کامەران محەمەد حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٤.

ڕەنگی داوەتەوە و نیشانەی جەنگەکانی نێوان تورك و کورد پیشان دەدەن.[9]

وڵات لەژێر دەستی سوڵتانەکانی عوسمانیدا بەدەست کاولکاری و هەژاری و نەخوێندەواری و برسێتیەوە دەیناڵاندا، لەکاتێکدا لە ڕۆژئاوا پێشکەوتن و شارستانێتی هەتا دەهات بەرەو باشی و پێشکەوتن دەچوو، کەچی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا نەخوێندەواری و نەشارەزایی و دواکەوتن بەولاوە هەست بەهیچی تر نەدەکرا. لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەتی عوسمانی (پیاوە نەخۆشەکە) هەتا سەر لەتوانایدا نەبوو ڕێگا لە لێشاوی ئەو شارستانیەتی و ڕۆشنبیریە بگرێ لە ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات دەکشا و دەبووە هۆی پێگەینی هەستی دانیشتوان و چاویان لە نەتەوەکانی وڵاتە ڕاپەڕیوەکان دەکرد، وەکو یۆنان و بولغار و سرب هەریەك لەوانە کەوتبوونە جوڵە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی. لەڕاستیدا جەور و ستەمی کاربەدەستانی عوسمانی هەر تەنیا تاقمێکی نەگرتبووەوە، بەڵکو هەموو چینەکانی وڵات لەژێر ئەم بارودۆخە دەیاناڵاند.[10]

دەسەڵاتداران و پیاوانی ئاینی لەدەوڵەتی عوسمانی تاکە هۆکار بوون بۆ مانەوەی ئەم بارودۆخە بەم شێوەیە دژی هەر گۆڕانکاریەك بوون لەوڵات، یاخود لاسایی کردنەوە و گۆڕانکاری یەکانی ڕۆژئاوا بەتوندی ڕووبەڕووی دەبوونەوە، یان هەرشتێك لەبارەی نوێگەری و زانست و

---

[9] د. فەرهاد پیربال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧.

[10] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣٩.

بەرهەمی چاپ کراو دوور لە زانستە ئاینییەکان بەکوفر لەقەڵەم دەدا، ئەمەش بووە هۆکار بۆ ئەوەی ڕەوتی زانست و پێشکەوتن لەناو دەوڵەتی عوسمانی تووشی وەستان بێت، لەلایەکی تر ئەم هەڵوێستەی دەسەڵات و پیاوانی ئاینی وایکرد گۆڕانکاری لە پێکهاتە و بونیادی کۆمەڵایەتی ڕوونەدات و زۆر بەسستی هەنگاو بنێت.[11] ئەم ڕەفتاری کاربەدەستانی عوسمانی وێرانکاری و نەخوێندەواری و دواکەوتوویی گەیاندە ڕادەیەك لەوسەردەمەدا (زیاپاشا) شاعیری عوسمانی دەسەڵاتی سوڵتانە عوسمانیەکان "کەبەخۆشیان دەڵێن ئیسلام" بەراورد دەکات بەدەسەڵاتی ژیان دۆستی و مرۆڤ دۆستی ئەوروپاییەکان کەپێشیان دەگوترێ "بێ ئیمانەکان" لە شێعرێکدا زیاپاشا جەوهەری ئەو جیاوازیە قوڵ و سەرەکیانە دەردەبڕێ لەنیوان دیکتاتۆریەتی سوڵتانە عوسمانییەکان و مرۆڤدۆستی سیستەمی دیموکراتی ڕۆژئاواییەکان، جەوهەری جیاوازیەکانی نێوان خێر و شەڕ، جوانی و ناشیرینی، تیشك و تاریکیەکان، بەراود دەکات. زیا پاشا شاعیری سەردەمی عوسمانی دەڵێ:

من بەسەرزەمینی
بێ ئیمانەکاندا تێپەڕیم،
چەندین شار و تەلارم دی.
بەڵام کاتێ
بەناو مەملەکەتی ئیسلامدا تێپەڕیم،
لەکەلاوە زیاتر هیچی دیم نەدی.[12]

---

[11] مصطفى محمد كريم، جەنگی قەرم، گۆڤاری مێژوو، ژ١٠ بەهاری ، ٢٠٠٩ ل١٠٨.
[12] د. فەرهاد پیربال، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢.

## سوپای ئەنكشاری

توركـــەكان هـــەر لـــە عەشـــايرەكانی (غـــوز)ەوە بـــەزنجيرە هـــەتا عوسمانييەكان بوون بەدەوڵـەت، لـە ڕەوشـت و ڕەفتاريانـدا كـە گەيشـتنە ئاسياى بچوك (توركياى ئيستا) هەروەكو عەشاير هەڵسوكەوتيان كردووە، تالآن كردن و كوشتار و ڕاوڕووتيان بەشتێكی سروشتی و بەئازايی دانـاوە، بەڵام پاش ئەوەی لە زەمانی سلجوقيەكان و عوسمانيەكان خۆيان گـرت و بەهێز بوون دەوڵـەتيان دامەزرانـد، ئـيتر پێويسـتيان بـەبوونی سـوپايەكی هەميشـەيی هـەبوو.[١٣] دەربـارەی سـەرەتای دامەزرانـدنی سـوپا لەلايـەن توركەكانـەوە گۆڤـاری (هـلال) باسـی دامەزرانـدنی سـوپا و هێزێكـی تـری كردوە پێی وتراوە(ئەنكشـاری= يەنيچـەری): " دوای ئـەوەی (عوسمـان ) زۆربەی ويلايەتی (بروسە= خداوندكار)ی داگـير كـرد و (ئۆرخـان)ی كـوڕی چووە جێگەی (ئۆرخان) (علا الـدين)ی بـرای خـۆی كـرد بـە وەزيـر و عـلا الدين(جندرلی قەرە خليل)ی[١٤] هێنايـە پێشـەوە و كـردی بەسـەر كـردەی هێزی پيادە كە پێی دەوترا (يايا)، بەڵام ترسی ئـەوەيان پەيـدا كـرد ئـەو هێزە ڕۆژێـك لـە ڕۆژان لێ يـان هەڵگەڕێتـەوە، بۆيـە بيريـان لـە پێكهێنـانی هێـزی (ئەنكشـاری) كـردەوە. زۆربـەی سـەربازەكانی تـورك لـە مـەماليك

---

(١٣) محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێوو، ل ٤٤٥.

(١٤) جندرلی قەرە خەليل ناوەكەی گۆڕدرا و كرا بە (خيرالدين پاشا ).

پێکهاتبوو، هەر لەمنداڵییەوە مەشقیان پێ دەکردن زۆربەیان لە تورك و چرکەس و رۆم و کورد و ئەرمەن و تورکمان پێك هاتبوون.

وشەی (ئەنکشاری) لە وشەی (یەنیچەری)تورکیەوە وەرگیراوە مانای (سەربازی تازە) دەگرێتەوە. پاشی ئەوەی عوسمانیەکان بەناوی غەزای ئیسلامەوە پەلاماری رۆژهەلاتی ئەوروپایاندا، لەشەڕەکاندا منداڵی ئەو کوژراوانەی بەکێش دەکرد بۆ لای خۆیان و مەشقیان پێ دەکردن، دەنێرران بۆ لای (حاجی بکطاش = بەکتاش) شێخی تاقمی بەکتاشەکان بوو، ئەمانە کە گەورە کران هێزێکیان لێ دروست کرا بەناوی (ئەنکشاری)ەوە، لەزەمانی سوڵتان سلێمانی قانوونیدا ژمارەیان (١٢) هەزار بووە. " ئەگەر چی هێزی ئەنکشاری لەناو سوپای عوسمانی گەلێك کردەوەی ناڕەوا و تاوانێکی زۆری کرد بوو، بەلام لەڕاستیدا تاوانەکان هەمووی هەر ناکەوێتە ئەستۆی ئەمانەوە، بەڵکو کاربەدەستانی عوسمانی بەرپرسیار بوون بەرامبەر بەوەی نەیانتوانیووە هەستێکی پاك لەناو مێشك و دڵی ئەوانەدا بچێنن و بەرێگای باشیاندا ببەن بۆ ئەوەی ڕەفتاری خراپە نەکەن، بەلام بێ گومان هانیان دابوون و خستبوویاننە سەر ئەو بارە خوار و زیانبەخشە."[١٥]

لەسەدەی نۆزدەدا دەوڵەتی عوسمانی لەڕووی کارگێری و سیاسی و سەربازی چ لەسەر ئاستی ناوخۆ و چ لەسەر ئاستی دەرەوە ئاڵوگۆڕێکی ریشەیی بەسەرداهات، سوڵتان مەحمودی دووەم (١٨٠٨– ١٨٣٩) هەوڵیدا

---

[١٥] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤٥.

هێزێکـی نـوێ لـەجێگای هێزەکـانی ئینکشـاری دابمـەزرێنـێ، دەسـەڵات و سیاسـەتی دەوڵـەتیش بـۆ ناوەنـد بگێڕێتـەوە، ئـەو هەنگاوانـەی سـوڵتان مەحمود سـەرەتایەك بـوون بـۆ ئـەو جوڵانـەوە چـەکداریانەی گـەلانی ژێـر دەسەڵاتی عوسمانی بۆ ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی ناوەند بـەرپایان دەکـرد، لەوانــەش جوڵانــەوەکانی میرانــی بابــان، ســۆران، بۆتــان...بوون لــە کوردستان.[16]

لەکۆتایی سەدەی نۆزدە باری ئابووری دەوڵەتی عوسمانی داتـەپیبوو، هەموو جومگەکانی دەوڵەت ئیفلیج بوون، کێشەی دارایی کاریگـەری زۆری لەسەر وڵات هەبوو، بەڵام ئەوەی باری دەوڵەتی عوسمانی قورس کرد بـوو سوپای دەوڵەت و ئـەو ڕێکخراوانـەی تربـوون، وەکـو سـوارەی حمیدیـە و هێـزی ئەنکشـاری (یەنیچـەری) هـەر بەتـەنیا ژمـارەی هێـزی ئەنکشـاری گەیشـتبووە (١٤٠) سـەدو چـل هـەزار سـەرباز. هەریەکـەیان بەشـێوەیەك کێشەیەکی گەورە بۆ وڵات و هاووڵاتیانی عوسمـانی پەیـدا کردبـوو. پـاش ئەوەی ئەو هێزە بوون بەدەسەڵاتدار دەستیان کرد بەدەست درێژی کردن و خراپەکاری، ئیتر حکومەت بـیری لـە هەڵوەشـاندنەوەی کـردووە، تـا لـە ساڵی (١٨٠٨) بڕیاری هەڵوەشـاندنەوەی درا، لەسـەرەتادا ئەنکشـاریەکان یاخی بوون و کوشتارێکی زۆریـان لێ کـرا لەلایـەن هێـزی حکومەتـەوە.[17] بـەڵام لــەدواجاردا لــەزەمانی ســوڵتان عەبدولحەمیــدی دووەمــدا هێــزی ئەنکشاری هەڵوەشێنرایەوە.

---

[16] جەعفەر عەلی رەسول، سەرچاوەی پێشوو،ل ١٣٩.

[17] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤٤.

## عەشیرت مەکتەبی

دەوڵـــەتی عوسمـــانی هەمیشـــە بـــەخراپترین شـــێوە خـــەڵکی دەچەوساندەوە، بیری لەهەر کارێك دەکردەوە تا بتوانێت زیاتر گـەمارۆی نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی بدات بەتایبەت نەتەوەی کورد، حکومەت بیری لـەوە کـردەوە لـەڕێگای کۆکردنـەوەی منـداڵانی کـورد بۆئـەوەی بتـوانێ سیاسـەت و بەنارمـەکانی خـۆی لەمێشـکیاندا بچەسـپێنێ، لـەم بارەیـەوە قوتابخانـەی بـەڕێگا چارەسـەر زانـی، لەبـەر ئـەوە سـوڵتان عەبدولحەمیـد سیاسـەتێکی نـەرم تـری بەرامبـەر بـەکوردەکان گرتەبـەر[١٨]. کوردەکـان هەستیان بەوەکرد لەڕووی خوێنـدن و زانسـتەوە دواکـەوتوون، بەتایبـەتی لەپاش بڵاوبوونەوەی بیری ناسـیونالیزم لـەئاکامی بڵاوبوونـەوەی کتێـب و تێکـــەڵ بـــوونی کـــورد بەبێگانـــە و ســـەردانی بـــەردەوامی کونســـوڵە ئەوروپیاییەکان بۆ کوردستان. حەڤدە سەر خێڵـی کـورد لـە ناوچـەی وان یاداشتێکیان پێشکەش بەنوێنەری سوڵتان کرد، کـە بەناوچـەکەدا دەگـەڕا بەمەبەسـتی چاکسـازی ئیـداری و بـەناوی چـل هـەزار کـوردەوە داوایـان لەنوێنـەری سـوڵتان کـرد، ڕازی بێـت بەکردنـەوەی چـەند خوێندنگایـەك بەپارەی خۆیان بۆ منداڵەکانیان بکەنەوە. حکومەت بارودۆخی ناوخۆشـی پێویستی بەوەدەکرد ڕازی بێت بەو داواکاریە، بـەڵام حکومـەت دەیویسـت دەسەڵاتی بەسەر خوێندندا هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێـت بـەپێی سیاسـەتی خۆی بەڕێوەی ببات. سوڵتان عەبدولحەمید لە (٢١-٩-١٨٩٠) فەرمانی بۆ دروسـت کردنـی ئـەو خوێندنگایانـە دەرکـرد، بـەپێی ئـەو فەرمانـە داوای

---

[١٨] د. عبدالرحمن قاسملو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦.

لەسەرخێڵە کورد و عەرەبەکان کرد، منداڵەکانی خۆیان بۆ ئەو خوێندنگایانە هەڵبژێرن.[19] بەڵام ئەمە هەر ئاوا مایەوە و جێبەجێ نەکرا، تاکو لە ساڵی (١٨٩٢) چەند قوتابخانەیەك لە ئەستەمبوڵ و بەغدا بۆ عەشیرەتەکان کرانەوە، بەناوی " عەشیرەت مەکتەبلەری" بۆ پێگەیاندنی هێزی سوارەی کورد.[20] لە ساڵی (١٨٩٢) لە ئەستەمبوڵ و بەغدا قوتابخانەی عەشایری کرایەوە بۆ ئەوەی هەست و هۆشی تورکەکان لە بیروگیانی عەرەب و کوردە کۆچەرەکاندا چەکەرە بکا و بەهێز بێ، کورد و عەرەب لە تورك نزیك بکرێنەوە، تێکەڵ بەوان بن،[21] ئەو قوتابیانەش دوای تەواو کردنی خوێندنگا پەیوەندی بە کەتیبەکانی سوارەی حەمیدیەوە بکەن و ئامادەییەکی زیاتریان هەبێت بۆ قبوڵ کردنی بنەما سەرەتاییەکانی مەشقی سەربازی، لایەنگیری سەرۆك عەشیرەتەکان بۆ سوڵتان مسۆگەربکەن، تا ئامادەکردنی فەرمانەکانی دەوڵەت جێبەجێ بکەن و گوێڕایەڵی بن.

یەکێکی تر لەئامانجەکانی دەوڵەتی عوسمانی تورکاندنی خوێندکارەکان بوو لەڕێگای فێربوونی زمان و ئەدەبی تورکی. وە خۆشەویستیان بۆ سوڵتان پتەوتر بێت، بۆ زامن کردنی دڵسۆزی خێڵەکان بۆ دەوڵەت و ئامادەیی ئەوەیان تێدا بێت بۆ وەستان بەرەو ڕووی هەر بزوتنەوەیەکی سەرۆك هۆزە کوردەکان.[22] ماوەی خوێندن تیایدا پێنج

---

[19] ) دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٥.
[20] د. عبدالرحمن قاسملو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦.
[21] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩٩.
[22] دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوایی، سەرچاوەی پێشوو ل ١٤٦.

ساڵ بوو، زۆربەی منداڵانی قوتابی منداڵی سەرۆکە کوردەکان بوون، ژمارەی هەر قوتابخانەیەك ٢٥٠ قوتابی بوو، لەو قوتابخانەیەدا منداڵی عەرەب و ئەلبانیشی تیدا بووە جگەلە منداڵانی کورد. لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت لەو ڕۆژانەدا لەرووی ئابووری دەستی کورت بوو، کەچی هەشت ملیۆن لیرەی بۆ مەبەستی دروست بوونی ئەو قوتابخانانە تەرخان کردبوو بۆ ئەوەی لەڕێگای ئەو خوێندنگایانەوە تاقمێکی تازەی دەرەبەگی ئایندار بهێنرێتە ژێر سایەی سوڵتانەوە.[٢٣] مەرجی وەرگرتنی خوێندکار دەبێ تەمەنی لەنێوان (١٢ بۆ ١٦) ساڵان بێت و حکومەتیش مانگانە ٣٠ قرۆشی پێ دەدا بۆ تەواو کردنی هەر قۆناغێك و لە قۆناغی تر زیادی دەکرد، حکومەت پارەی گوزەران و پۆشاکی خوێندکارانی دابین دەکرد، لەکاتی پشوی ساڵانەشدا مۆڵەتی پێدەبەخشین سەردانی کەسوکاریان بکەن. سەرەتا تەنیا خوێندنگا لە ئەستەمبوڵ و بەغدا کرایەوە، لە سەرەتای ساڵی (١٨٩٥) چەند خوێندنگایەکی عەشایەری دیکە لە شارەکانی وان و بانتۆس و توپرخکال و مۆرداك کرانەوە. لەوەجبەی یەکەمدا پەنجا خوێندکار وەرگیران. بەشی عیراق (١٢) کورسی بوو، واتە ڕێژەی هەر چوار کورسی بۆ ویلایەتێك ( بەغدا و موسڵ و بەسرە) مەرجی دەوڵەت بۆ وەرگرتنی خوێندکار توانای عەقڵی و جەستەیی هەبێت و کوڕی سەرۆك هۆزە دیار و خاوەن دەسەڵاتەکان بن، دیارترین خوێندکاری ئەو خوێندنگایە حەمیدی کوڕی فەرحان پاشای شەمەڕ و عەبدولموحسین

[٢٣] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠١.

سەعدون و عەبدولکەریم سەعدون بوون، عەبدولموحسین سەعدون لەنێوان سالآنی (١٩٢٣–١٩٢٩) بوو بەناودارترین سەرۆك وەزیرانی عیراق.[٢٤]

(ئەڤریانۆڤ) لەباسی ئەو قوتابخانانەدا وتوویەتی لەناو هەریەکێك لەو قوتابخانانەدا مزگەوتێك دروست دەکرا بۆ ئەو منداڵانی کورد لە قوتابخانەدا دەیان خوێند، هەستی ئاینیان تیادا بەهێزبکرێت و فێری زمانی تورکی ببن. (لازارێف) دەربارەی ئەو منداڵانەی دەنێردران بۆ ئەو قوتابخانانە لای وایە تورکەکان ئەو قوتابخانانەیان بۆ ئەوە کردبووەوە تامنداڵانی کورد وەکو بارمتەیەك وابن لای حکومەتی عوسمانی، بەڵام ئاواتەکانی سوڵتان سەری نەگرت، چونکە زۆری پێ نەچوو لەناو ئەو قوتابخانانەدا هی وا پەیدا بوون دژی حکومەتی تورك ڕادەوەستان.

دەربارەی ئەو بۆچوونەی لازاریف، رۆژنامەی (گنتشاك= کمجاك) لەژمارەکانی (٧–٨) لاپەرە (٤٧)ی ساڵی (١٩٠٣) وتوویەتی: منداڵانی کورد لەو قوتابخانانەدا هەرچەندە بەزمانی تورکی دەیانخوێند، بەهۆی ئەوەی تێکەڵ دەبوون لەگەڵ ئەو منداڵانەی بیروباوەڕی ئازادی و سەربەستی لەمێشکیاندا چەکەرەی کرد بوو، ئەو تێکەڵ بوونە کاریگەری کردە سەر منداڵانی کوردیش، ئەوانیش بیری ئازادی و سەربەستیان لادروست بوو، بیریان لەوە کردەوە کوردیش بۆ خۆی حکومەتێك دروست بکات، هەندێکیانی خستبووە سەر سەودای گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان و هەندێکیشیان بەنهێنی گەڕابوونەوە، دەستیان کردبوو بەبیرکردنەوە لە

---

(٢٤) دکتر عەبوڵڵا عەلیاوایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٧.

دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ، ئەو قوتابخانانە بوونە هۆی دروست بوونی هەستی نەتەوەیی لەناو خوێندکاراندا، بۆیە سولّتان عەبدولحەمید لەساڵی (١٩٠٦) دا ئەو قوتابخانانەی داخست. کاتێ تورکەکان هەستیان کرد سەرەڕای پێکهاتنی مەبەستی خۆیان، بەلاّم لەلایەنی تریش کوردەکان هان دەدات بەرەو هوشیاری و بیری نەتەوەیی هەولّیاندا بەهەر هۆیەك بێت ئەو قوتابخانانە دابخەن، لە بەغداد بە هۆی پیلانی عوسمانیەوە کێشەیەکیان پەیداکرد لەنێوان قوتابیانی کورد و عەرەب، والی ئەو کێشەیەی کرد بەبیانوو قوتابخانەکەی بەغدادی داخست.[٢٥]

## سوارەی حمیدیە-حمیدیە ئالایلری (ئێستر سوار)

لەساڵی (١٨٧٦– ١٩٠٩) سولّتان عەبدولحەمید دەسەلاّتی گرتە دەست و هەولّیدا بەسیاسەتێکی حەکیمانە دڵی کوردەکان ڕابگرێ بۆ ئەوەی بەلای خۆیاندا بەرێ، وەك یەکێك لە سیاسەتەکانی سولّتان عەبدولحەمید لەسەرەتاکانی ساڵی (١٨٩٠) دەسەلاّتدارانی تورك دەیانویست دڵی کوردەکان ڕابگرن، بەرهەمی ئەو سیاسەتە سولّتان هێزێکی لەکوردەکان دامەزراند، بەناوی (سوارەی حەمیدیە)، لەسەر ناوی عەبدولحەمیدی دووەم. لە ڕۆژهەلاّتی ئەنادۆڵ دەستیان کرد بە پێکهێنانی هێزێکی کوردی ناحکومی. ئەم هێزە نیشانەی خێڵەکی پێوە دیار بوو.[٢٦]

---

(٢٥) محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠٣.

(٢٦) د. وەلید حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٤.

بەچاولێکەری حکومەتی رووس[٢٧] دەوڵەتی عوسمانی لەسەر پێشنیار و هانـدانی ئینگلیـز، وەك (قـۆزاق)ی رووسـیا هێزێـك لـە عەشـایرەکانی دەوڵـەتی عوسمـانی دروسـت بکـات. هەنـدێك لـە عەشـایرەکانی کـورد و سەرکردەکانی کـە پێیـان سـپێرا بـوو، لـەو هێـزەدا ڕێـك بخـرێن، ڕۆڵێکـی گەورەیان بینیوە لەو سوپایەدا، سوارەی حەمیدیە لەکاتی خۆیدا ڕۆڵێکـی خراپیان گێڕا، خراپەکارییەکانی سوارەی حەمیدی کوێرانە و بێ ویژدانانـە دەخرێنە پاڵ نەتەوەی کورد، بۆیە بەپێویستمان زانی باسـی ئـەو هێـزە و چـۆنیەتی پێـك هێنـانی بخەینـە بەردیـدی خوێنـەری خۆشەویسـت بـەم بەشێوەیە :

١- چۆنیەتی پێکهێنانی سوارەی حەمیدیە.

٢- هۆی پێکهینانی سوارەی حەمیدیە.

٣- زیانەکانی سوارەی حەمیدیە.

## ١-چۆنیەتی پێکهێنانی سوارەی حەمیدیە:

سـوارەی حمیدیـە بریتییـە لـەو هێـزەی وەکـو لاسـایی کردنـەوەی ڕووسەکان چۆن هێزی (قۆزاق)یان دامەزراند بوو، تورکـەکانی عوسمـانیش بەڕاسـپاردە و ڕاوێـژی ئینگلیزەکـان هانـدران هێزێکـی لـەو شـێوەیە لـە

---

[٢٧] حکومەتی رووس بەسەرنجەوە لە گەلی کوردی دەڕوانی، ویستی سوود لە توانـای جەنگیان وەربگرێ، بەم بیرە لـە سـاڵی ١٨٢٩ز ئاڵایـەکی لـە کـورد دروسـت کـرد، لـە دوای شەڕی قرێم (١٨٥٣-١٨٥٨ ز) دوو ئاڵای تریشی لەکورد دروست کرد. (محەمـەد ئەمین زەکی بەگ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٩.

عەشایرە جۆر بە جۆرەکانی ناو وڵاتی عوسمانی، وەکو بەشێك لە سوپای دەوڵەت بەسەرکردایەتی ئەفسەرە بەرزەکانی تورك دامەزرێنن.[٢٨] سوڵتان عەبدولحەمید هەوڵیدا بۆ نزیك کردنەوەی سەردارانی کورد و بەکارهێنانیان بۆ جێبەجێ کردنی مەبەستەکانی خۆی بەپێدان و دابەش کردنی پارە و پول و زەوی و زار و نیشانە لەسەر سەرۆکەکان و پێدانی پلە و پایە و بەکارهێنانی بەشێك لەوان، وەك هێزێکی چەکدار بەناوی سوارەی حەمیدیە.[٢٩]

سوڵتان عەبدولحەمید بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دانراو دەستی کرد بەپێکهێنانی هێزێکی سوارە لە عەشیرەتە کوردەکان، سەمیح پاشا سەرکردەی سەربازی ئەرزرومیان سەرپشك کرد لەو کارە، هەرچەندە سەمیح پاشا زۆر هەوڵیدا و لەکانوونی دووەمی (١٨٧٧) یەکێك لە سەرۆك هۆزە کوردەکان (ئیبراهیم پاشا)ی نارد تا بەناو عەشیرەتە کوردەکاندا بگەڕێت تاجەنگاوەران کۆبکاتەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، دواتر ئەدهەم پاشای والی هەکاری لە ساڵی (١٨٨٤) هەوڵێکی پتریدا تا سەرۆك هۆزە کوردەکان نزیك بکاتەوە، چەندین کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك هۆز و کەسایەتیەکان ئەنجامدا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.[٣٠]

دواتر حکومەتی عوسمانی لەساڵی (١٨٨٥) لە سەردەمی دەسەڵاتی عەبدولحەمیددا بۆ جێگیرکردنی دەسەڵاتی خۆی لە کوردستان و نزیك

---

[٢٨] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩٨.
[٢٩] مەحمەد سالح ئاکرەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧.
[٣٠] دکتۆر عەبدوڵلا عەلیاوایی ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٨.

خستنەوەی کورد لەحکومەت، هەندێ ئالآی عەشایری کوردی پێکهێنا.

کاتێك زەکی پاشا بوو بە فەرماندەی تیپی چوارەم لەئەرزروم، ئەو هەوڵەی دەست پێکردەوە، بۆ پێکهێنانی هێزێك لە سوارەی عەشیرەتەکانی کورد.[٣١] سوارەی حەمیدیە بەپێی بڕیارێکی فەرمی لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لە تشرینی دووەمی ساڵی (١٨٩٠)دا دەرچوو بوو، دواتر کاری بۆکرا.[٣٢] بۆ ئەوەی هێزێك لە عەشیرەتە کوردەکان دروست بکرێ، ئەو هێزە عەشایریە ناوی لێ نرا (حمیدیە ئالایلری– سوارەی حمیدیە) لەلای کوردەکان بە(ئێستر سوار) ناودەبران. سوڵتان عەبدولحەمید ئەم تەشکیلاتەی بۆیە دروست کرد، تاکو بەرامبەر "قازاق"ی رووسی بەکاریان بهێنێ[٣٣]

مینۆرسکی و ئەمین زەکی لە باسی ئەو هێزە بە(خفیف سواری ئالایلری– هێزی سوارەی سوك) و (Robert Olosn) ناوی ئەو هێزەی، وەکو بەتورکی چۆن بووە بەو جۆرە ناوی بردوە ( Hafif suvari Alaylari) خفیف سواری ئالایلری)[٣٤] عوسمانیەکان بەناوی سوڵتانەوە بەڵێنی چەندین ئیمتیازیاندا بەسەرۆکانی کورد، بەمەبەستی

---

[٣١] محەمەد ئەمین زەکی بەگ، سەرچاوەی پێشوو ل ١٧٩–١٨١.

[٣٢] کامەران محەمەد حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٥ – دکتۆر عەبدوللا عەلیاوایی، سەرچاوەی پێشوو ل ١٣٨.

[٣٣] اسماعیل حقی شاوەیس، ناودارانی کورد– مەلا سەلیم ئەفەندی، گۆڤاری ڕۆژی نوێ، ژمارەی ٨، سالی ١، تشرینی دووەم ١٩٦٠، ل٢٨.

[٣٤] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٩٨.

داکـــۆکی کردنـــی کوردەکـــان لەئیمپڕتۆریـــەتی عوسمـــانی. چـــەندین دەعوەتنامــەیان ئاراسـتەی زۆربــەی سـەرۆك هــۆزە کوردەکـان کـرد، تـا لەئەســـتەمبولّ ســـەردانی ســـولّتان بکـــەن، ژمارەیـــەکی زۆری ســـەرۆك عەشــیرەتەکان بــەپیر بانگەوازەکــەوە چــوون، بەتایبــەت هەنــدێ لــە عەشــیرەتەکانی کوردســتانی بــاکوور. ســەردانی ئەســتەمبولّیان کــرد و بەبۆنــەی گەیشــتنیانەوە ئاهــەنگێکی گــەورە ســازکرا، خــودی ســولّتان لەکۆشکەکەی خۆیدا پێشوازی لێ کردن، لەو کاتەدا ئەوە شتێکی دەگمـەن و تازە بوو، سەرۆك هۆزەکان یەك مانگ لەئەستەمبولّ مانەوە، سولّتانیش دیــاری و مــەدالیا و نازنــاو و پلــەی ســەربازی پێبەخشــین، ســەرباری موچەیەکی مانگانە.[٣٥] لەو کاتە بزاڤی (پان ئیسلامی) و بانگەشەکردن بۆ (کۆمەڵەی ئیسلامی) لەئارادا بـوو، بۆیـە بەشـداربوونی کـورد لـەم هێـزەدا بە"بەرگری لە ئیسلام و شەڕەکانیشیان بەجیهادێکی پیرۆز دادەنرا."[٣٦]

(کارتسۆف) لە سالی (١٨٩٦) وتوویەتی ئەو ئاغا کوردانەی هەتا ئێستا لای تورکــەکان بەچــەتە و ڕێگــر نــاودەبران وا بــە هــۆی ئــەو مــدالیا و نیشـانانەی وەریـانگرتووە، ئێسـتا بەبەرچـاوی ئەفســەرەکانی حکومــەتی عوسمانیــەوە خۆیـانی پێـوە هەڵدەکێشـن.[٣٧] سـەرۆك هـۆزە کوردەکـان بەڵێنیان بەسولّتاندا، ژمارەیەکی زۆر لە پیاوەکانیان بنێـرن بـۆ هێزەکـانی سـولّتان، بـەڵام کەگەڕانــەوە شـوێنەکانی خۆیـان هەنـدێکیان پەشـیمان

---

[٣٥] دکتۆر عەبدوڵلا عەلیاوایی، سەرچاوەی پێشوو ل ١٣٨-١٣٩.

[٣٦] کامەران محەمەد حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٠.

[٣٧] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠١.

بوونەوە و هەندێکیشـان نـەیانتوانی هێـز بنێـرن، لـەنێوان پـەنجا سـەرۆك هـۆزی کـورد لەوانـەی سـەردانی ئەسـتەمبوڵیان کـرد و بەڵێنیانـدا هێـز بـۆ سوارەی حەمیدیە بنێرن، تەنیا (١٣) یان پەیوەنـدیان بـەو هێـزەوە کـرد، ئەوانی تر ڕەتیان کـردەوە پەیوەنـدی بەسـوارەی حەمیدیـەوە بکـەن.[٣٨]

هـیچ گومـانی تێدانییـە ئەگـەر مەترسـی حکومـەت لـە جێبـەجێ کردنـی چاکسازی نەبووایـە ئـەم تەشـکیلاتە وازوو دەسـتی پـێ نـەدەکرا، سـودی ئەمەش لەعەسکەری زیاتر ئیداری بوو، چونکە لە سایەی ئەمەوە عەشـایر بوونە لایەنگیری حکومەت، ئەگەر ئەم تەشکیلاتە لەسەر بناغەیەکی بەهێز و زانستی بکرایە سوودی بۆ حکومەت زیـاتر دەبـوو، بـەڵام ئـەو گرنگیـەی حکومــەتی رووس بەقۆزاقیــدا و ئــەو گیــانی ســەربازی و پابەندیــەی لــە ئالاکانی قۆزاق دا هەبوو، لە پێکهێنانی حەمیدیەدا نەبوو، تاکۆتـایش هـەر وا مایـەوە، ئامـادە و پـڕ چـەك نـەکرابوون، بـۆ زانسـت و پـەروەردە هـیچ هەوڵێك نـەدەدرا، تـا حکومـەت بتـوانێ ئـەوەی ڕووس لـە قـۆزاق ئومێـدی هەبوو، ئەویش ئومێدی بەم پێکهاتەیە هەبێت.[٣٩]

دەربارەی قەوارەی ئەو هێزانە (رۆبرت ئۆلسۆن) دەڵێ: هەر یەکێك لـە لکەکانی ئەو هێزە لەشەش فەوج پێکهاتبوو، هەر فەوجێکیش بریتی بـووە لە (٥١٢) سوار و لکەکان لێـك جیـاواز بـوون، نەدەبوایـە بخرێنـە سـەریەك مەگەر تەنیا لەکاتی شەڕدا دەخرانە ژێر سـەرکردایەتیەکەوە ( بـێ گومـان

---

[٣٨] دکتۆر عەبدوڵلا عەلیاوایی، سەرچاوەی پێشوو ل ١٣٨–١٣٩.

[٣٩] محەمەد ئەمین زەکی بەگ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨١.

ئەو سەرکردایەتیە تورك بووە) تەمەنی ئەوانەی لەو هێزەدا قبوڵ دەکران، دەبوایە لە نێوان (١٧-٤٠) ساڵ دابوایە، ئەوانەی دەکران بە ئەفسەر لەناو ئەو هێزەدا دەبوایە لە قوتابخانەی (سوارەی حمیدیە مەکتەبی) بخوێنن، ئەگەر کوردێك لەناو ئەو هێزەدا بگەیشتایەتە پلە و پایەی (کۆلۆنێل) دەبوایە یارمەتیدەرەکەی تورك بوایە، بەشێوەیەکی گشتی ئەو هێزانە دەبەسترانەوە بەهێزی چوارەمی سوپای حکومەتی عوسمانی لە ژێر سەرکردایەتی مشیر زەکی پاشادا بوو، ناوبراو خۆی وا پیشان دەدا گوایە دۆستی کورد بوو.[٤٠] ئەم پێکهێنانە بەهۆی بارودۆخ تا مەشروتیەی عوسمانی مایەوە، لەکوردستاندا بۆ پارێزگاری لە دەسەڵاتی حکومەت، بۆ پارێزگاری لە ماف و دەسەڵاتی سەرۆکەکوردەکان کاریگەری هەبوو.

سوارەی حەمیدیە لەبەر ئەوەی پارە و هیمەت سەرف نەکرا، زۆر نەبوو، وەکو لە خەیاڵمدا بێت لە شەست ئالا زیاتر بوو، لەدوای مەشروتیەت ناوەکەی گۆڕا بە (خەفیف سواری ئالایلری) و هەندێ ئالاکانی هەڵوەشایەوە، تا لە کاتی سەفەربەر، پێکهاتبوو لە چوار فیرقە و لیوایەك یاخود (١٣٥) بلۆك سواری و لە یەکەم ساڵی ئەم جەنگەدا هەڵوەشایەوە.[٤١] فەوجەکانی حەمیدیە لە ئاستی ئەو مەبەست و ئاواتەدا نەبوو ئەمان پلانیان بۆ کێشابوو، نەلەرووی ژمارە و نەلەڕووی چەشن و جۆرەکەیەوە، چونکە لە ژمارەی (٥١) خێڵ و هۆزی گەورە تەنیا (١٣)یان

---

(٤٠) محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠١.

(٤١) محەمەد ئەمین زەکی بەگ، سەرچاوەی پێشوو ل ١٧٩-١٨١.

چـوونە ڕیـزی هێزەکـانی حەمیدیـە. تەنانـەت یـەك خێڵـیش ئەوەنـدەی پێشکەش نەکرد بەتەنیا فەوجێك دروست بکـات. سـەرکردایەتی سـەربازی تورکی لەتوانایدا نەبوو ئەوەندە لـە خـەڵکی کـورد کۆبکاتـەوە، تـا لیـوا و تیپی سەربازی دروسـت بکـات، بتوانێـت بەتـەنیا بەئەرکـەکانی هەسـتێت، بۆیە دەسەڵاتداران تەنیا ئەوەنـدەیان پـێ دەکـرا سـوپای حەمیدیـە، وەك یەکەیەکی یارمەتیدەر و هەواڵگری بەکاربێنـێ و هیچی تر.[٤٢]

(مروان المدور) گوتوویەتی: " ئەو هێزە لـە هـەموو نەتـەوەکانی تـری غەیری تورك، وەکو کورد و ئەلبان و چەرکەس پێك هێنرا بـوون، ژمـارەی کورد لەناو ئەو هێـزەدا تـەنیا بریتـی بـووە لـە (١٠) دەهـەزار سـوار، ئـەم بۆچـوونەی (مـروان المـدور) ئـەوە بـەدرۆ دەخاتـەوە هەنـدێ سەرچـاوەی دوژمنـی کـورد گوتوویانـە ئـەو هێـزە هـەمووی لـە کـورد پێکهـاتبوو، ئـەو کوشتارەی لە ساڵی (١٨٩٥) لە ئەرمەنەکان کرا بوو، بەهۆی ئـەو هێـزەوە کرا بوو، زۆری تاوانەکەش خرابووە ئەستۆی کوردەوە."[٤٣]

(مینۆرسـکی) لەباسـی چـۆنیەتی پیکهینـانی ئـەو هێـزە وتوویـەتی " شاکر پاشای بەناوبانگ لە ساڵی (١٨٩١)دا سـەرکردەی گشـتی چاکسـازی بوو، لـە ویلایەتـەکانی ئـەنادۆڵ هەولێـدا هێزێکـی سـوپایی لـە کوردەکـان دامەزرێنێت، لەشێوەی هێزی قۆزاقدا، زۆری پێنەچـوو شـاکر پاشـا خـۆی

---

[٤٢] ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٥٩.

[٤٣] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٩٩.

کرا بە لێپرسراوی ئەو هێزە و ئەو قوتابخانە.[٤٤] (سادق شەرەف کەندی) لە باسی ناوچەکانی ئەرزڕۆم و دەوروبەری باکوری گۆلی وان و بدلیس دەڵێ: دەبوایە هەموو بنەماڵەیەکی کوردی ئەو ناوچانە سوارێك بە ئەسپەوە یا پیادەیەك ڕەوانەی سوپای حکومەت بکەن، بۆ ئەوەی بکرێن بەسەرباز. دوورنییە ئەو بەزۆر ناردنەی کورد بۆ ناو سوپای تورك وای لە زۆریان کرد بێ بچنە ناو ڕیزی هێزی سوارەی حمیدیەوە، کەلەژێر سەرکردایەتی دەرەبەگەکانی کورددا بوون، ئەمەیان لاباشتر بوو لەوەی بچنە ناو سوپای تورکەوە، کەهەمیشە سەرکردەکانی تورك بوون. بەپێی وتەی (سادق شەرەفکەندی) لکەکانی سوارەی حمیدیە لەسەر بناغەی ڕێکخراوێکی گەورەوە بۆ بچوکی عەشیرەتی دامەزرێنرا بوو، هەموو چەکیان لە حکومەت وەردەگرت و دەبوایە لەپێشدا بۆ ماوەیەکی دیاری کراو لە ژێر چاودێری ئەفسەرە تورکەکاندا مەشقیان پێ بکرایە، پاش تەواو کردنی مەشق دەبوایە چەکەکانیان بدایەتەوە بە حکومەت هەتا کاتی پێویستی[٤٥] تورکەکان باوەڕیان بەسوارەی حەمیدیە نەدەکرد، قانونی ئەساسی کاتی (١٨٩٥) ی تورکیا بەڕاشکاوی دەڵێ: ئەندامانی هێزی سوارەی حەمیدیە نابێ لەکاتی مەشق دانەبێ بەرگی سەربازی لەبەر بکەن و چەك هەڵبگرن. لەکاتی مەشقدا نەبێ ئەندامانی هێزی سوارەی

---

(٤٤) بەپێی کتیبەکەی رۆبەرت ئۆلسۆن شاکرپاشا مێردی خوشکی سوڵتان عەبدولحەمید بووە.

(٤٥) محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠٠.

حەمیدیــە بــۆ دادگــای زەمــانی ئاشــتی بــانگ دەكــرێن.[٤٦] ســەرۆك عەشیرەتەكان هەریەكەیان نازناوێكی سوپاییان پــێ ئــەدرا، وەكو پاشــا، دەســتكەوت و خــەڵاتی ئاشــكرایان وەردەگــرت و لــەناو ئــەو هێزانــەدا دەسەڵاتیان لە دەسەڵاتدارێتی دەرەبەگێتی یا پاشا زۆرتر و بە هێزتربوو، ئــەو هێــزە لەكوشــتاری ئەرمەنیــەكان و عەرەبــە ناسیۆنالیســتەكان بەشداربوون، نەتەوەی كورد خۆشی لــە دەســتدرێژی و تــاوانی ئــەو هێــزە ڕزگاری نەبوو، تاوانێكی زۆریان هــەبووە بەرامبــەر كوردەكــانی دەرسـیم و باشووری كوردستان.[٤٧] ژمارەی كەتیبەكانی سـوارەی حەمیدیـە لەسـاڵی ١٨٩٢ گەیشتە (٤٠) كەتیبە، لەساڵی (١٨٩٣) گەیشتە (٥٦) كەتیبـە و لـە ســاڵی (١٨٩٩) گەیشــتە نزیكــەی ٦٥ كەتیبــە. بــەبێ هەســت كــرن بەكوردایـەتی هەمووشـتێكیان ئـەنجام دەدا، جیاوازیـان لـەنێوان كـورد و ئەرمــەن و ئــەوانی دیكــەدا نــەدەكرد، هەموشــتێكیان تــاڵان دەكــرد، هەمووشتێكیان دەبرد و بەشی شێریشیان دەدا بەزەكی پاشا، لەئەنجامی ئەمەدا هەریەك لە زەكی پاشا و جەنەڕاڵ ئەحمەد پاشا دەوڵەمەند بـوون، ئەمە وای لەسەدری ئەعزەم كـرد لەسـاڵی (١٨٩٩) سـوڵتان عەبدولحەمیـد ئاگاداربكاتەوە كە لەنێو ڕیزەكـانی سـوارەی حەمیدیـەدا هـیچ دیسـپلینێك نــەماوە و ئــاژاوە و بــەرەڵایی بڵاوبۆتــەوە.[٤٨] بەشــداربووانی ســوارەی

---

[٤٦] د. عبدالرحمن قاسملو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦.

[٤٧] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠٠.

[٤٨] دكتۆر عەبدوڵلا عەلیاوایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٢.

حەمیدیە لەو هێزە کوردانە بوون کە(سونی) مەزهەب بوون، ڕێگە نـەدراوە بەکوردە عەلەوییەکان[٤٩] بەشدار بن، دەوڵەتی عوسمانی لەمەدا مەبەسـتی تایبەتی خۆی هەبوو، بـۆ ئـەوەی کـورد و عەلەوییـەکان لـە ڕووی دینـەوە بکاتە دژی یەکتر، دیارە مەبەستەکەشی پێکا، چونکە کوردە عەلەویـەکان دڵیان ڕەنجـابوو لەهەڵسـوکەوتی هەنـدێ سـەرکردەکانی حەمیدیـە، لەبـەر ئـــەوە دواتـــر ئامـــادە نـــەبوون بەشـــداری لـــەو ڕاپەڕینانـــەدا بکـــەن بەسەرکردایەتی کورد سەریان هەڵدەدا. ئەو کارەی تورکـەکانی عوسمـانی نەخشەیان بـۆ کێشـا بـوو، بەمەبەسـتی تێکـدانی نێـوان کـوردی سـوننە و

[٤٩] عەلەوییەکان: ژمارەی عەلەویەکانی تورکیـا بەنزیکـەی بیسـت ملیـۆن، واتـا یـەك لەسـەر چـواری دانیشـتوانی تورکیـا و نیـوەی عەلەوییـەکانی جیهـان دەقـەبڵێنن، کوردەکانیش پێیان وایە یەك لەسەر سێی عەلەویەکانی بـاکوری کوردسـتان و تورکیـا کوردن، عەلەویەکان هیچ کاتێك نێوانیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی سوننەدا باش نـەبووە، گـرنگترین داخـوازی ئـەوان لـەم قۆناغـەدا داوای مۆڵەتـە بـۆ کردنـەوەی پەرسـتگای (خانەی جەمع Cemevi) بەپێی مێژووی فەرمی کۆماری تورکیا عەلەویەت لەماوەی نێوان سـەدەی سـیازدەیەم تـا حەڤدەیـەم لـەتورکیا پەیـدا بـووە. ئەگـەر لەنزیکـەوە سەرنج لە عەلەویەکان و گوتاری سیاسی و ئاینیان بدرێت دەردەکەوێت بەشی زۆریـان خۆیـان بـە موسـڵمان نـازانن و عەلەویـەت بـە ئـاینێکی جیـاواز لـە ئیسـلام دادەنـێن، کەمینەیـەکیش لـە ڕۆشـنبیر و سیاسـەتمەدارانی عەلـەوی بۆچـونیان لەگـەڵ ئەوەیـە بیروباوەڕی عەلەویەت بە کرۆکی ئیسلام دەزانن و باوەڕیان وایە شـوێنی خواپەرسـتی عەلەویەکان تەنیا مزگەوتە. عەلەویەکان بەردەوام بەرەو ڕووی نکـوڵی دەسـەڵاتدارانی تورك بوونەتەوە ، کاتی وا هەبووە لەسەتاییترین مافەکانیان بـێ بـەش کـراون. بـەڵام هیچ کات ورەیان بەرنەداوە و هەمیشە لە تێکۆشانی خۆیـان بـەردەوام بـوون.( شـوان بەکر، تورکیا زیاتر بەرەو ڕووی عەلەوییەکان دەکریتەوە، کوردستانی نوی ژ ٦٠٣١ لە ١٨-٣-٢٠١٣.

کـوردی عەلـەوی  و بەگـژ یەکتریانـدا بکـەن، کاربەدەسـتانی عوسمـانی سوودیان لەم دووبەرەکیە دەبینی، توانیبوویان هەنـدێ لـە عەشـایرەکانی سـەر ڕێبـازی عەلـەوی بـەلای خۆیانـدا ڕابکێشـن، دژی کـوردە سـوننەکان بەکاریان بێنن، لە ناسکترین کـاتی شۆڕشـەکانی کـورد ڕەفتارەکـانی ئـەو هێزە بوو بە هۆی ئەوەی کوردە عەلەویەکان بۆ تۆڵەی خۆیان لە شۆڕشـی سەرکردە کوردە سـونیەکان نزیـك نەکەوتوونەتـەوە و هەنـدێ جـار بگـرە دژیان بوون.[٥٠]

لەڕاستیدا تاوانبـارکردنی هـەموو نەتـەوەی کـورد بـە خراپەکاریـەکانی سوارەی حەمیدی بێ ویژدانییـە، چـونکە دژایـەتی و ملنـەدانی بەشـێك لـە هێزە کوردیەکان بۆ پێکهێنـانی (سـوارەی حەمیـدی)، ئـەوە دەسـەلمێنێ کاربەدەستە تورکەکانی چەند تورە و نیگەران کردووە، بێ شەرمانە دانـی پێـدادەنێن بـەهێزێکی سـەرکوتکەر و توندوتیـژی عەسـکەری و زەبـری ئیداری مەدەنی خێڵەکانی چوارچێوەی فەیلەقەکەیان وێران کردووە، ئـەم بەڵگەنامەیـە وێنـەی شـفرەی تەلگرافنامـەی موشـیر زەکـی پاشـای فەرماندەی فەیلەقی هومایۆنی چوارەمە لەدیاربەکر، لـەبارەی پێکهێنـانی سوارەی حەمیدییەوە لە خێڵاتی پشـدەر و ڕانیـە (بیتـوێن)، زەکـی پاشـا یەکەم کەس بوو پێشنیاری کرد سوارەی حەمیدییە لە خێڵاتی کـورد پێـك بهێنـرێ، بەڵگەنامەکـە لەمێـژووی ١٦ی نیسـانی ١٣٠٨ی ڕۆمـی (١٨٩٢ی

---

(٥٠) محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠٩.

زایینی) بەسەرەوەیە، لە (ل١٩٧)ی سەرچاوەی ناوبراو دا بڵاوکراوەتـەوە، بەم شێوەیە: بروسکەی فەیلەقی چوارەم/ دیاربەکر

ج ١٣ نیسانی ٣٠٨ فەرمانتان بـەپێکهێنانی فەوجـەکانی حەمیـدی، لـە دیاربەکر هەولێك درا و سەری گرت، نیشانە بەفەرمانی ئاماژە بۆ کراوتان، خـێڵات لـەنێو سـنوور و دەسـەڵاتی فەیلـەقی چـوارەمدا نـین و بەداخـەوە نەتوانراوە سـوارەی حەمیـدی لـەخێڵاتی دەرەوەی دەسـەڵاتی ئێمـە پێـك بهێنــرێ، خێڵاتــی دراوســێی حەڵــەب و موســڵ ئــارەزووی پێکهێنــانی فەوجەکانی حەمیـدی یـان هەیـە و ئـەوەش جێـی سـەرنجدانتانە، بـۆ ئـەو مەبەستە هاتنە لام، بەڵام دانی پێدادەنێم نـەمتوانی پێکـی بێـنم، چـونکە ئەو ناوچانە لەدەرەوەی قەڵەمڕەوی فەیلەکانی مندان و زاتم نەکردووە لەو خێڵاتە پێکی بێنم، کەلەنێو چوارچـێوەی فەیلـەقێکی دیکـە و ژێردەسـتی فەرماندەکانی ئەودان، چونکە ئەوە دەبێتە مایەی نـاکۆکی و دووبـەرەکی سەرباری ئەوەی هی وا هەیە دژی ئەم تەشکیلاتەیە، ئەگەرچی نەتوانراوە جیـاوازی و دووبـەرەکی بنرێتـەوە، منـیش بـەردەوام هـانم داون بـۆ ئـەم مەسەلەیە. وێڕای ئەوە سوارەی حەمیدی لەپشـدەر و ڕانیـە پێـك بهێنـرێ یانـا، ئێمـە نـازانین تـاچ ڕادەیـەك کۆسـپ دێتـە ڕێمـان و ئـەم دووسـاڵە بەهێزێکی سەرکوتکەر و توندوتیژی عەسکەری و زەبـری ئیـداری مـەدەنی خێڵەکانی چوارچێوەی فەیلەقەکەمان پەروەردە و چاك کراون، ئەمڕۆ لـەم ماوەیەدا بەسایەی سوڵتانەوە هێزەکانی حەمیـدی پێکهێنـران و هانـدران. ئەوەی جێی تێڕوانینـە لـە جموجـۆڵ کـەوتنی خـێڵات بەڵگەیـەکی تـەواوە

سەرکەوتنی ئەو چاکسازیەیە. بەڵام ناتوانم بۆچونێکی بێ ئەملا و ئەولا لەسەر دۆخی پشدەر و ڕانیە لەو ڕووەوە ئاخۆ یاریدەدەرە یان نا دەرببڕم و فەیلەقی سوڵتانی ئەوێ دەزانێ ڕاستی چیە و بەخێرایی دۆخی ئێستام خستەبەرچاو فەرمانتان. لە ١٦ی نیسانی ٣٠٨دا هاوشێوەی دەقەکەیە.

**موشیری فەیلەقی چوارەم یاوەری ئەکرەم قوللەری جواد دەروێش.**[٥١]

دەربارەی شکستیان لە پێکهێنانی سوارەی حەمیدی لەچەند بەڵگەنامەیەکدا ڕق و توڕەییان بەئاشکرا دیارە و نایشارنەوە، لەئەنجامی سەرنەکەوتنیان نەیانتوانیوە خۆیان بەرزەفت بکەن، سەرەڕای زیانە مرۆییەکان لەڕووی کارگێریشەوە سنوورەکەیان سزا داوە، بۆ نموونە بەهۆی ئەوەی خەڵکی سنووری پشدەر و بیتوێن ملکەچی فەرمان و یاساکانی عوسمانی نابێت بەتایبەت لە پێکهێنانی سوارەی حەمیدی، لەبەر ئەوە ناوچەکە سزادەدەن و پێگە کارگێڕیەکەی لێ بسەننەوە، پێشنیاری گواستنەوەی ناوەندی قەزا لەمەرگەوە بۆ پشدەر، ئەم بەڵگەنامەیە کۆمەڵە پێشنیارێکی ئەنجومەنی تایبەت (مجلس مخصوص)ە

---

(٥١) عبدالرقیب یوسف و سدیق سالح، بیرەوەرییەکانی ئەحمەدی حەماغای پشدەری تۆمارکردن و ئامادەکردنی: عبدالرقیب یوسف، سدیق سالح، سلێمانی، ٢٠٠١.بۆ دەقە بنەڕەتیەکان بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل ١٨٥.

بۆ سولّتان عەبدولحەمیدی دووەم، سەبارەت بەچەند گۆڕانکاریەکی نێو لیوا (سنجاغ)کانی سلێمانی و کەرکوك، لەوانە گواستنەوەی ناوەندی قەزای مەرگە لە (مەرگە)وە بۆ پشدەر (قەلاّدزێ) و دروست کردنی ناحیەیەك لەبەشی باکووری پشدەر و نزم کردنەوەی ڕانیە لە قەزاوە بۆ ناحیە و خستنە سەر قەزای کۆیسنجق و کۆکردنەوەی تفەنگی (مارتینی) لە خەڵکی ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوك و داخستنی چەکسازی. بەڵگەنامەکە مێژووی ٢١ی مایسی ١٣١٣ی ڕۆمی (١٨٩٧ی زایینی ) بەسەرەوەیە.

## دەقی کوردی بەڵگەنامەکە

## بابی عالی

## ئەنجومەنی تایبەت

چەند هۆ و مەرامێك لە جووتە سنجاقی سلێمانی و کەرکوکدا بوونە مایەی خولّقاندنی جموجۆڵ و شەڕ و کوشتار، جا بۆ ڕێگرتن لە سەبەبکارانی ئەم گەندەڵی و تاوانانە، ...............ناوەندی ویلایەتی موسڵ ببرێتە کەرکوك و کەسانی نالێوەشاوە و قایمقام و بەڕێوەبەری نێو ویلایەت و ئەفسەرانی جەندرمەی سلێمانی بگۆردرێن و قەزای ڕانیە بخرێتە سەر قەزای کۆیسنجق و بکرێتە ناحیە و (پشدەرزودی) بکرێتە ناحیە و ناوەندی قەزای مەرگە ببرێتە پشدەر و قشڵەیەك لەوێ دروست

بکریَ، تفـەنگی مـارتینی دەسـتی خـەڵکی هـەردوو سـنجاقی سـلێمانی و کـەرکوك کۆبکرێتـەوە، چـەکی عەسـکەری بـن یـان نـا بـەهی عەسـکەری دابنرێن و کارگەی چەك دروست کـردن بێتـە قەدەغـە کـردن. یادداشـتەکە ١٨ ذی الحجە ٣١٣. .........کۆمەڵێك زانیاری تری گرنگـی تێدایـە، بـەڵام گشـتیە و تایبـەت نیـە بـەم باسـەوە، لەبەرئـەوە لـە تۆمـارکردنی خۆمـان دەبوێرین، بەڵگەنامەکەش لەخوارەوە ناو و ئیمزای ئەوانەی پێوەیە:

| سەرعسکر | وەزیری داد | شێخ الاسلام | سەروەزیر |
|---|---|---|---|
| محەمود ڕەزا | عبدالرحمن پاشا نامزاج | محەمەد جەمالودین | ئیبراهیم کوڕی خەلیل |

| وەزیری ناوخۆ | وەزیری دەرەوە | سەرۆکی شورای دەوڵەت | وەزیری دەریا |
|---|---|---|---|
| محەمەد مەمدوح | ئەحمەد تۆفیق | محەمەدسەعید | حەسەن حوسنی |

| وەزیری مەعاریف | وەزیری ئەوقافی هومایۆن | وەزیری دارایی | موشیر تۆپخانەی عامیرە |
|---|---|---|---|
| ئەحمەد زوهدی | عەبدوڵلا غالب | ئەحمەد ئەزیف | مستەفا زەکی |

| ڕاوێژکاری سەرۆکایەتی وەزیران | وەزیری بازرگانی و ئەشغال |
|---|---|
| محەمەد تۆفیق | محەمەد جەلالودین.[٥٢] |

(٥٢) عبدالرقیب یوسف، سدیق سالح، هەمان سەرچاوە، ل ١٧٨– ١٨٣.

## ٢- هۆی دروست بوونی سوارەی حەمیدیە

حکومەتی عوسمانی بەهۆی باری خراپی ئابوورییەوە، کەوتبووە ژێر بارێکی گران و قەرزێکی زۆری بەریتانیاو گەورە بازرگانەکانی کەوتبووە سەر، بەو هۆیەوە ئینگلیز سەریان کردە سەر سوڵتان و کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی دەستوبرد بکەن، لە دامەزراندنی هێزێکی عەشایری بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی مەترسیەکانی قۆزاق، بۆ دامرکاندنەوەی هەر بزوتنەوە و جموجۆڵێك دژی حکومەت بۆ ئەوەی رووسەکان سوود لەو کێشەیە وەرنەگرن، لەئەنجامدا کاریان کردە سەر حکومەتی عوسمانی و هێزی سوارەی حمیدیە پێکهێنرا. چەند هۆکارێکی گرنگ هەبوون بۆ دروستکردنی سوارەی حەمیدیە گرنگترینیان ئەمانە بوون:

**هۆی یەکەم:** لەدروست کردنی سوارەی حەمیدیە ئەوەبووە حکومەتی عوسمانی لەڕێگای ئەو هێزەوە بەرگری لە سنورەکانی خۆی بکا، دژی هەر هێرشێك لە لەلایەن ئێران و رووسەوە ئاراستەی خاکی عوسمانی بکرێ. حکومەت چەك و پێداویستی پێشکەش کردن، ئەمەش لەیەك کاتدا کۆمەڵێ ئامانجی سیاسی و سەربازی لەپشتەوە بوو.[٥٣] یەکێك لەو ئامانجانە بریتی بوو لە دروست کردنی بەربەستێکی سەربازی کوردەکان لەسەر سنووری ڕووسیا[٥٤]

**هۆی دووەم:** ئەوە بوو لەڕێگای زەبروزەنگی ئەو هێزەوە دەسەڵاتی زۆربەی سەرۆك عەشیرەتەکان لەناو ئەو هێزە گرد بکەنەوە، ئەو هێزە

---

(٥٣) دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤١.

(٥٤) ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٦.

بکـەن بەداردەسـتی خۆیـان بـۆ لێـدانی هـەر بزوتنەوەیـەك دژی دەوڵـەت بکرێ. بۆ ملکەچ پێ کردنی سەرۆك عەشـیرەتە کوردەکـان بـۆ حکومـەتی ناوەنـــدی ڕێگـــای ئـــەوەیان لێ بگرێـــت داوای مـــافی نەتـــەوەیی و نیشتمانیەکەیان بکەن.[٥٥]

**هۆی سییەم:** بـۆ چاوترسـاندنی ئـەو کەمـە ئاینیانـەی دژی حکومـەت دەجولاّنـــەوە، بەتایبـــەتی ئەرمەنـــەکان. کاربەدەســـتانی عوسمـــانی و لەســـەرووی ئەوانیشـــەوە ســـوڵتان عەبدولحەمیـد پێـــی وابـــوو کێشـــەی ئەرمەنەکان پێوەندیەکی تۆکمەی بەسیاسـەتی ئەوروپاییەکانـەوە هـەبوو. لەلایەکی دیکەش دەوڵەتی عوسمانی ترسی ئەوەی هەبوو کـوردو ئەرمـەن کە هـەردووکیان بەشـێکی زۆریـان لـەژێر سـایەی دەوڵـەتی عوسمـانی دان چـالاکییەکانیان یـەك بخـەن و دژی دەوڵـەتی عوسمـانی ڕاپـەڕن.[٥٦] هەرچەندە تورکەکان بـۆ شـەڕی دژی رووسـیا پێویسـتی یـان بـەو هێزانـە هەبوو، بەڵام بۆ لەنێوبردنی ئەرمەنـەکان کـەڵکیان لێ وەرگـرتن. سـوارەی حەمیدیـە لەشـەڕی ڕووس و تورکـدا نەخشـێکی گرنگیـان نـەبوو. بـەڵام کوردەکان بەهۆی سوارەی حەمیدیەوە لای تورکەکانیان گرت.[٥٧]

پێداگرتنی ڕووسـەکان لەسـەر بەجێگەیانـدنی چاکسـازیەکانی هـەرێمی باڵکـان و ناوچـە ئەرمەننشـینەکانی ژێـر دەسـەلاّتی دەوڵـەتی عوسمـانی هێنـدەگران بـوو بەسـەر دەوڵـەتی عوسمانیـەوە، لەفەرهـەنگی سیاسـی

---

[٥٥] دکتۆر عەبدوڵلا عەلیاوایی، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٤١.
[٥٦] کامەران محەمەد حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٤.
[٥٧] کامەران محەمەد حاجی، هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٤.

کێشـەی ڕۆژهەڵاتیـدا مانـای لەدەسـتدانی ئـەو ناچـانە دەگەیـەنێت، بۆیـە سـولتان عەبدولحەمیـد سـوور بـوو لەسـەر ئەنجامنـەدانی، بەئاشـکرا گوتبووی:" من مەرگم لاباشترە لەوەی بـەم چاکسـازیانە ڕازی بم، ئـەوەی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بەرەو جیابوونەوە دەبات".[(٥٨)]

سوارەی حەمیدیە ڕێگرێکی گەورەبوو لەبـەردەم ئـەو هـۆزە کوردانـەی لەکاتی جەنگەکانی نێوان ڕووس و عوسمـانی دەبوونـە لایـەنگیری ڕووس، هـەروەها سـولتان عەبدولحەمیـد دەیویسـت ئـەو جموجۆڵـە کـپ بکاتـەوە لەکوردستاندا بەهۆی ئەرمەنەکان ڕوویدەدا، هەستی دەکرد دوو بزوتنـەوە پەنگی خواردووەتەوە و دەبێ چارەسەریان بۆ دابنێت.[(٥٩)]

ئەڵمانـەکان هەوڵیانـدا بـۆ ئاسایشـی ناوچـە و لێـدانی ئەرمەنیـەکان و قەڵاچـۆکردنیان لەبەرژەوەنـدی خـۆی دا دەبینیـەوە، چـونکە مەترسـیان لەوەهەبوو لەلایەن ڕووسـەکانەوە بـەکاریهێنرێن، نوسـەرێکی ئـەڵمانی ڕای وابـوو پێویسـتە ناوچـەکان لەئەرمـەن چـۆڵ بکرێـت و لـە میسـۆپۆتامیا پەرتەوازە بکـرێن، تـا لەلایـەك بەکشـتوکاڵەوە خـەریك بکـرێن و لەلایـەکی تریش لەپرۆژەی هێڵی ئاسـنی بەغـدادا کاریـان پـێ بکرێـت، بـۆ جێبـەجێ کردنـی ئـەم کـارەش هـانی عوسمانیـەکانیان دەدا لـەڕێی سـوارەی حەمیدیەوە بەم کارە هەستن.[(٦٠)]

---

(٥٨) کامەران محەمەد حاجی ، هەمان سەرچاوە، ل ٢٣١.

(٥٩) هەستیار کەمال نوری ، سەرچاوەی پێشوو ل ٢٢٢.

(٦٠) هەستیار کەمال نوری، هەمان سەرچاوە، ل ١٨٨.

کاربەدەستانی عوسمانی لەنێوان ساڵانی (١٨٩٤- ١٨٩٦) دا (٣٠٠) سێ سەد هەزار ئەرمەنیان لەڕێگای هێزی حەمیدیە و سوپای تورکەوە قەلاچۆکرد، ژمارەیەکی زۆریشیان لێ ئاوارە کرا و زەوی و زارەکانیان لێ زەوت کرا. حکومەت گوێی خۆی کەڕ کردبوو و چاوی نوقاند بوو، لەئاستی ئەو رەفتارە پیس و چەپەلانەی سوارەی حمیدیە دەیکرد. بۆ نمونە لەناوچەی (خوشاب قازی) لەماوەی هەشت ساڵاندا لەلایەن سوارەی حمیدیە وە دەیان کەس کوژران و (٨٠٠) هەشت سەد وڵاخی بەرزە و بەهەزاران مەڕ و ماڵاتیان دەدزی و تاڵانیان دەکرد، حکومەتیش لێی بێدەنگ دەبوو، بەڵام لە دواییدا حکومەت بۆی دەرکەوت ئەو هێزە ئامانجەکانی بە تەواوی ئەنجامنەدا، کورد و ئەرمەنیش بۆیان دەرکەوتبوو تاقە دوژمنی هەردوولایان بریتی بوو لە حکومەتی عوسمانی، بۆیە ساڵانی (١٩٠٣-١٩٠٤) کاتێك شۆرشی ئەرمەنەکان لەناوچەی ساسۆن دەستی پیکرد کوردەکان ژمارەیەکی زۆریان ئەرمەنیەکان پاراست و بەشێوەی نەهینی گرتیاننە خۆیان و زۆریان لە مردن رزگار کردن.[٦١]

سوڵتان عەبدولحەمید کە لەساڵی (١٨٩١) سوارەی حەمیدیەی دروست کرد..لەو کاتەدا وادەزانرا ئەو هێزەی لەکوردە ئیسلامیەکان دروست بووە، گوایە بۆ کوژاندنەوە و سەرکوت کردنی مەسیحیەکانە. بەڵام لەڕاستیدا هەر بۆ دوژمنایەتی کوردەکان خۆیان بەکاردەهێنران و دژی یەکگرتنەوەی خێڵە کوردەکان بوو.[٦٢]

---

(٦١) محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠٤.

(٦٢) د. وەلید حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢.

### ٣- زیانەکانی سوارەی حەمیدیە

هەوڵ و تەقەلاکانی سوڵتان عەبدولحەمید بۆ تێکدانی نێوانی کورد و ئەرمەن هەمیشە لەکاردا بوو، سوارەی حەمیدیەی بۆ ئەو نیاز و مەبەستە دروست کردبوو، بەکورتی دەتوانین زیانەکانی سوارەی حەمیدیە کەژمارەیەك لە دەرەبەگ و سەرۆك عەشیرەتەکانی کورد تێیدا بەشدار بوون، لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کۆبکەینەوە:

**یەکەم:** ئەو سەرکردە و سەرۆك عەشیرەتانەی ناو هێزی سوارەی حمیدیە دەکران بە سەرکردەو ئەفسەر و فەرمانبەر هەروا بەخۆڕایی لەو هێزەدا قبوڵ نەدەکران، بەڵکو هەریەکەیان لەبەر هۆیەك هەڵبژێرابوون، لەوە دڵنیا بوون ئەوانە لە ڕێبازی سوڵتان لانادەن و حکومەت هەر کارێکیان پێ بسپێرێ بێ سڵ کردنەوە بەجێی دەێنن، ئەم هێزە زیانێکی زۆری گەیاندە کورد و ئەرمەن، حکومەت هەر کارێکی پێ سپاردبان بێ سڵ کردنەوە ئەنجامیان دەدا.[٦٣] بەهاندانی تورك و بەتین و تاوی جەنگی نێوان رووس و تورك پەیوەندیەکانی نێوان کورد و ئەرمەن شێواو تێکچوو، بەدامەزراندنی سوارەی حەمیدیە لەنێو کوردەکاندا لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدەوە ئیدی کوردەکان کەوتنە چەوساندنەوەی زیاتری ئەرمەن.[٦٤]

**دووەم:** زڕاندنی ناوی کورد بە هۆی سوارەی حمیدیەوە، پاکانەی کاربەدەستانی تورك بۆ حکومەتی عوسمانی لەو کوشتار و تاوانانەی

---

[٦٣] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو،ل٤٠٨.

[٦٤] مارتین ڤان برونەسن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٧.

سوارەی حمیدیە کردبووی بۆ ئەوەی ئەو تاوانانە هەمووی بدەنەپاڵ کورد لەناو سوارەی حەمیدیەدا، بۆ ئەو مەبەستە بوونی کورد لەناو ئـەو هێـزەدا زیادەڕۆیی تێدا کراوە، مەبەسـتی تورکـەکان ئـەوەبوو هـەموو تاوانـەکانی سوارەی حەمیدیە بخەنە ئەستۆی کورد، هەرچەندە لەدوایدا ئـەو ئەرمەنـە ئازادیخوازانــەی ویســتوویانە دۆســتایەتی لەگــەڵ کــورد بــەهێز بکــەن و تورکەکان ڕیسوا بکەن، بەرامبەر بەوەی ئەوان لێپرسراو بوون بۆ ڕوودانـی ئەو کارەساتە لەدواییدا گەیشـتونەتە ئـەو بڕوایـەی تـاوانی سـەرەکی هـی تورك بووە نەك کورد.

**سێ یەم:** ئەو دەرەبـەگ و ئاغایانـەی هەڵدەبـژێرران بـۆ ئـەو هێزانـەی سوارەی حمیدیە لەو جۆرە بـوون ڕەفتارەکانیـان نـەك بەرامبـەر بـە گـەلی ئەرمەن، بەڵکو بەرامبەر بە جوتیار و دانیشتوانی کورد خـراپتر بـووە، زۆر دڕندانە ڕەفتاریان لەگەڵ کـردوون و ڕەش و ڕووتـی کـورد کـرد و تووشـی زیانێکی زۆر بوون لە زیانەکانی ئەرمەن کەمتر نەبووە.

**چـوارەم:** نەخشـەی تورکـەکان بەئاشـکرا ئـەوە بـوو کـوردە سـونی و عەلـەوی بکـا بەگژیەکـدا بـۆ گەیشـتن بـەو مەبەسـتە تـەنیا هـەر کـوردە سونیەکان ماوەی ئەوەیان هەبوو لە هێزی سوارەی حەمیدیەدا بەشدار بن و بەهیچ شێوەیەك ڕێگانەدراوە بـە کـوردە عەلەویـەکان تێیـدا بەشـداربن، بەپێچـەوانەوە کـوردە سـونیەکانیان هانـداوە لەگـەڵ کـوردە عەلەویـەکان ڕەفتاری خراپ بکـەن، ئـەو قـین و دووبەرەکیـەی لـەو ڕووەوە پەیـدا بـوو زیانێکی یەکجار زۆری گەیاندووە بەو شۆڕشـانەی سـەرکردەکانیان سـونی بوون، هیچ کوردێکی عەلەوی نەیویستووە لەو شۆڕشانە بەشـداری بکـات،

بەڵكو بەپێچەوانەوە كاربەدەستانی عوسمانی سوودیان لەوە وەرگرتبوو توانیبوویان هەندێ لە عەشایرەكانی سەربە ڕێبازی عەلەوی بەلای خۆیاندا ڕابكێشن و دژی كوردە سونییەكان بەكاریان بێنن، وەكو دواتر لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لەساڵی ١٩٢٥ ڕوویدا. (رۆبرت ئۆلسۆن) دەڵێت: لەگەڵ ئەو هەموو زیانانەی بە هۆی سوارەی حمیدیە بەكورد گەیشت، بەڵام هەندێك چاكەی هەبووە بۆ دروست بوونی هەستی نەتەوایەتی، چونكە ئەو هەموو چەكدارەی كورد لەشەڕی بالكاندا لەناو هێزی توركدا لەسوارەی حمیدیە شارەزاییەكی تەواویان دەربارەی شەڕ پەیدا كرد بوو، بە هۆی جوڵاندنی هەستی نەتەوایەتیان ئەوانیش بیریان لەوە كردەوە، وەكو نەتەوەكانی بالكان ڕاپەڕن بۆ بەدەستهێنانی مافی خۆیان. سوارەی حمیدیە تاسەر هەموویان ئەڵقە لەگوێی سوڵتان و عوسمانیەكان نەبوون، جەور و ستەمی توركەكانیان بۆ دەركەوت، هەر چۆنێك بێت سوارەی حمیدیە زیانەكانی یەكجار زۆر بوون بۆ كورد.[٦٥] بارودۆخی كێشەی كورد تەواو ئاڵۆز ببوو، هەموو ئەو بەرتیلەی ئەستەمبوڵ پێشكەشی كرد بەبەشێك لەسەرۆكە كوردەكان هیچ سوودێكی نەبوو. بەڵكو بەپێچەوانەوە ئەمە بووە هۆی تۆكمەكردنی پێگەكانیان و كاری كردە سەر خواست و ئارەزووە جیاخوازیەكانیان و زیاتر هانیدان. دوای ئەو كۆمەڵ كوژیانەی ئەنجامیدا دژی ئەرمەنەكان ململانێ لەگەڵ كوردەكان لەجاران زیاتر پەرەی سەند، بارودۆخێكی دژوار و ئاڵۆز هاتەكایەوە. لەزۆر ناوچەی تری

---

[٦٥] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١٠.

کوردستانی باشوور بەبێ جیاوازی هەموو دانیشتوانەکەی ئامادە نەبوون خزمەت بە هێزەکانی حەمیدیە بکەن.[٦٦]

(رۆبرت ئۆلسۆن) لەباسەکەیدا دەڵێ: کاتێك چاکسازی دەستووری لەساڵی (١٩٠٨) دا مۆرکرا سوارەی حمیدیە هەر مایەوە، بەڵام ناوەکەی گۆڕی بە (Tribal Regiment = فەوجی عەشایری) لە پێشدا هەوڵدرا ناوەکەی بکرێ بە (Ougus Laylan) ئەمە ئاماژە بووە بۆ ئەو فیدراسیۆنەی لەکاتی خۆیدا لەناو عەشیرەتەکانی تورکدا ساز کرا بوو، بەمەبەستی ئەوەی ئەو هێزە هیچ پێوەندیەکی بەکوردەوە نەمێنێ، بەڵام مەحمود شوکت پاشا ئەمەی بەدڵ نەبوو.[٦٧] حکومەت وازی هێنا لە هەڵوەشاندنەوەی حەمیدیە ئەمەش لەترسی ئەوەی بارودۆخەکە زیاتر ئاڵۆزنەبێت. دوای ئەوە ناوی حەمیدییەیان گۆڕی بە (فەوجەکانی سوارە چەکدارەکانی ڕەوەندەکان) بەڵام ئەو ناوگۆڕینەش هیچ شتێکی نەگۆڕی، ئەوەش ئاشکرا بوو خواستی ماڵی کردنی کورد بەتێکەڵ کردنی لەگەڵ هێزە سەربازیەکانی ئیمپڕاتۆریەتەکە شکستی هێنا.[٦٨] بەشداری لە سوارەی حەمیدیە لەلایەن سەرۆکە کوردەکان و ڕۆشنبیرانی کورد بەتوندی ئیدانە کرا لەچالاکانی شۆڕشگێڕ ڕەخنەی زۆری لێ گیرا، بەڵام ئەوانەی لەم کارەدا چالاکیان هەبوو بەشدار بوون کۆمەڵێك لەدەرەبەگ و

---

(٦٦) ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٠.
(٦٧) محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠٦.
(٦٨) ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٨.

بەرژەوەندخواز و توندڕەوی دینی بوون.[٦٩] لەدروست کردنی سوارەی حمیدیەدا ڕۆشنبیرانی کورد لەنیازی کاربەدەستانی عوسمانی شارەزا بوون، دەیانزانی ئەو هێزە چەند سوودی بەسوڵتان و کاربەدەستانی عوسمانی گەیاند، ئەوەندەش زیانی بەنەتەوەی کورد گەیاند و زیانی زۆری بە دۆستایەتی و پێوەندی کورد و ئەرمەنیەکان کە هەردوولا هاودەردی جەور و ستەمی تورکەکان بوون، ئەوەی سوودی لەو هێزە بینی چەند ئاغا و دەرەبەگێك بوون تەنیا بەدوای بەرژەوەندی تایبەتی خۆیاندا دەگەڕان، لە پێناوی دەستکەوتی تایبەتی خۆیاندا.[٧٠]

ئیسماعیل حقی شاوەیس دەڵێت: ئەوەی پێویستە باسی بکەین بەداخەوە حکومەتی عوسمانی (٦٤) شەست و چوار ئاڵای سوپایی لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیادا کە کوردستانە لە خێڵەکانی کورد پێهێنا بوو، بۆ پچڕپچڕ کردنی بزوتنەوەی پیرۆزی گەلی کورد و پارچەپارچەکردنی هێزەکانی، بۆ ئەوەی شیرازەی یەکێتی و برایەتی کورد تێك بچێت و هێزێکی کوردی بەتوانا و ڕێك و پێك بەرامبەر بەسەڵتەنەتی عوسمانی دروست نەبێت، لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا سوودێکی زۆری لەم کوردانە وەرگرت، بەڵام زۆر جێگای سەرسوڕمان و شەرمەزاریە لەم هەموو بزووتنەوە میللیە گرنگانەدا کە بۆ سەربەخۆیی

---

[٦٩] د. فاضل رسول، سەرچاوەی پێشوو ص ١٤١.

[٧٠] ڕۆژنامەی کوردستان لەژمارە ٢٨ی ڕۆژی ١-٩-١٣١٧ی کۆچی (١٩٠١) لە شاری فۆلکستۆن دەرچووە: هێرشی زۆری بردۆتە سەر هێزی سوارەی حمیدیە و باسی زیانەکانی کردووە بۆ گەلی کورد و بۆ تێکدانی دۆستایەتی نێوان کورد و ئەرمەن. ( محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١٠.)

خاکی کوردستان  و ڕزگاری ڕەنج خوراوانی کورد دەکرا، ئەم ٦٤ ئالایە هیچ بەشداری هاوکاری بزووتنەوەکانی کوردیان نەکرد، ئەمانە هەموویان لەگەڵ تورکدا یەك بوون، بەرامبەر بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی کورد بێ لایەن وەستان. شەرمەزاری و ڕووڕەشی بۆ ئەوانەیە خیانەت لەگەلەکەیان دەکەن.(٧١)

ئەوەی جێی داخە بەشێك لە نوسەر و توێژەران لەباسی کوشتاری ئەرمەن و ستەم و زوڵم و زۆریەکانی دەوڵەتی عوسمانی، چاودەنوقێنن لەوەی تورك کارەکتەری سەرەکی و هۆکاری ئاراستەکردنی ئەو هێزە بۆ ئەنجامدانی تاوانی کوشتار و تالانی کردنی دانیشتوانی سایەی دەوڵەتی عوسمانی بەگەلی کوردیشەوە، بەڵکو ئاماژە بەڕۆڵی کورد دەکەن، وەك ئەنجامدەری کوشتاری گەلی ئەرمەن، ئاشکرایە سوارەی حەمیدیە بەکرێگیراوی دەوڵەتی عوسمانی بوون، ئەم دیاردەیەش لەناو هەموو نەتەوە ژێردەستەکاندا بوونی هەبووە، کورد لەو بارەیەوە بێ تاوانە هەموو تاوانەکان سەرچاوەکەی دەوڵەتی عوسمانیە، چەند دەرەبەگی بەرژەوەندخواز و ئەڵقە لەگوێی کورد بۆ تورك هاوکار بوون، ئەوانەش فەرمانی بەرپرسە تورکەکانیان جێبەجێ کردووە. ئەوەش ئاشکرایە نەتەوەی کورد خۆشی لەزیانەکانی ئەو هێزە و ئەو دەرەبەگانە ڕزگاری نەبووە، قوربانی زۆری بەدەستی سواری حەمیدیە لێ کەوتووە. ئەوە سەرەڕای ئەوەی لەڕووی مافی نەتەوەییەوە زۆر دواکەوت و قەرەبوو نەکرایەوە.

---

(٧١) اسماعیل حقی شاوەیس، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

## پەیوەندی کورد و ئەرمەن

دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی سنوورێکی فراوان و هەراوی دەگرتـەوە، چـەندین نەتـەوەی جـۆراو جـۆر لـەژێر دەسـەڵاتی عوسمـانی دابـوون، فرەئـاینی و نەتـەوەیی لـەناو دەوڵـەتی عوسمـانی وایکـرد هاوسـەنگی و تـەبایی لـەنێوان ئـاین و نەتـەوەکان کـارێکی ئەسـتەم بێـت، بـەدیهێنانی تەبایی و یەك ڕیزی لـەنێوان ئـاین و نەتـەوەکان هـەوڵێکی زۆری پێویست بوو، بەتایبەت کە دەوڵەتەزلهێزەکانی وەك بەیتانیا و فەرەنسا و ڕووسیا دەیانەویست مەسیحیەکان بۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان بـەکاربێنن و هەمیشـە لـەدژی کـورد هانیـان دەدان. وەك ئاشـکرایە بـەهۆی شـوێنی جـوگرافی کوردستان لەسـەردەمی گەشـەکردنی مەسـیحیەت ناوچـە کوردنشـینەکان بەشـێکی مەسـیحی بـووە، دوای ئیسـلام بـوونی ناوچـەکەش لەگـەڵ موسـڵمانەکان بەیەکـەوە ژیـاون دێـر و کەنیسـە مەسـیحیەکان لەناوچـە کوردنشـینەکان هـەن. لەکوردسـتان بەتەنیشـت کـوردە موسـڵمانەکانەوە تایفە مەسیحیەکانی کلد و ئاشووری و سریان و ئەرمەنی دەژین، بەئاشتی و تەبایی، چونکە بەپێی شەریعەتی ئیسـلام ئەوانـەش (ئـەهلی کتـابن)[٧٢] نابێ مامەڵەی خراپیان لەگەڵ بکرێ.

شێخ و سەردارانی کورد لەکاتی ڕاپەڕین و سـەرهەڵدانەکانیان هەمیشـە ئـەوەیان لەبەرچـاو گرتـووە بـۆ سـەرکەوتنی هـەر ڕاپـەڕینێك پێویسـتی بەپەیوەندیەکی تۆکمە و بێ کەم و کوڕی دانیشتوانی ئـەو سـنوورە هەیـە بەکەمەنەتەوەیی و ئاینیەکانی تریشەوە، لەبەرئەوە بەردەوام هەوڵیانداوە

---

[٧٢] مصطفی محمد کریم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٨.

لەگەڵ ئەرمەن و ئاسورییەکان پەیوەندیەکی پتەویان هەبێت و دڵنیایان بکەوە لە پاراستنی سەر وماڵیان. کورد بەهاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵێك ڕەگەزی جیاجیادا ژیاون و تا ئەندازەیەك مێژوویەکی هاوبەشیان هەیە، بەتایبەت لەگەڵ ئەرمەن لەهەندێك شوێن دراوسێ بوون و زمانی ئاخاوتنیان دەچێتەوە سەر زمانە هیندوئەوروپییەکان. هەردووکیان دەچنەوەسەر نەژادی ئاری. بەڵام لەڕووی ئاینیەوە لەیەك جودان، ئەرمەنەکان دیانن و نەتەوەی کورد بەگشتی موسڵمانن، بەڵام ئەرمەنەکان لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە پێش کورد کەوتوون، لەڕێگای کلێساو زووتر گرنگیان بەخوێندەواری داوە، بەهۆی چەند هۆکارێکەوە لەوانە لەڕووی ئاینەوە خاوەنی هەمان ئاینی وڵاتانی پێشکەوتووی ئەورووپین، ژمارەیەکی زۆر لە ئەرمەنەکان لەنزیك ئاوەکانەوە نیشتەجێ بوون و خەریکی کاری بازرگانین.[٧٣]

یاداشتی دکتۆر (جۆرج فرم) لەلێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆژی هونەری بەشیکردنەوەیەکی قوڵ و بەڵگەنامەیی گەورە" تۆڕی قوتابخانە مەسیحیەکان، وڵاتانی ئەوروپی هەڵدەستن بەئاژاوەنانەوە لەئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیدا، لەهەوڵەکانی نەوەستاوە بۆ خراپ بوونی کێشەی تایفی و لێك دابڕینیان، کەمە نەتەوە مەسیحیەکان خۆیان هەوڵ دەدەن بۆ بەدەست هێنانی ڕای وڵاتانی ڕۆژئاوا بەڕێگای ناڕاستەوخۆ،

---

(٧٣) الدكتور فرست مرعی، تأريخ التبشير المسيحي فی كردستان، السليمانية ٢٠١١، ص ٢٢–٢٩. – هەستیار کەمال کوری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٦.

ئەمـە دەبێتـە کەوتنـەوەی ڕای پێچـەوانە و ململانێـی نێـوان کەمەنەتـەوە مەسیحیەکان و زۆرینەی ئیسلامی.[٧٤]

کـورد هـەوڵی زۆری داوە بـە ئاسـوودەیی لەگـەڵ دراوسـێکانی بـژی و زۆرجـــار ئەمـــە لـــەڕای بەرامبـــەریش بینـــراوە، کاتێـــك دانـــا پێشـکەوتووخوازەکانی ئەرمـەن گەیشـتنە ئـەو ڕایـەی رووسـیا دەورێکـی گەورەی بۆ سـەرفرازکردنی ئەرمـەن دەبێـت، هیـوای ئـەوەیان دەخواسـت هەمان دەوریشی بۆ کورد هەبێت. لەگەڵ ئەوەشـدا مێژوونووسـە ئەرمەنـە بۆرجوازیەکان هەمیشە گەلی کوردیان وەك نەتەوەیەکی جەردە و زۆردار و خـــوێن مـــژی ئەرمـــەن دەخستەبەرچـــاو. بـــەڵام بیریارەکـــانی ئەرمـــەن بەپێچەوانەوە هەمیشە کوردیان وەك ئەرمەن بەنەتەوەیـەکی بەشـخوراو و زۆرلێکـراو دادەنـا. هاوهەڵوێسـتی خۆشـیان بـۆ جوتیـارە کوردەکـان دەردەبڕی.

لە ڕۆژنامەی (میگوئایاستان) لەتشرینی دووەمی ساڵی (١٨٨٠) وتارێك بەناوی (کورد و ئەرمەن) بڵاوکرایـەوە، مایـەی سـەرنج لێدانـە، نووسـەری وتارەکـە لەبـەر ڕۆشـنایی سەرچـاوەی مێـژوویی، پەیوەنـدی دۆسـتانەی هەمیشەیی کورد و ئەرمەن بەدرێژایی مێژوو دووپات دەکاتـەوە، ڕەخنـەی لەو سەرۆکە بۆرجوازیانە گرتووە کە هەمیشە کوردیان بـەدوژمنی ئەرمـەن زانیـوە، لـەوە دەدوێ نـابێ جیـاوازی ئـاین ببێتـە هـۆی دوژمنایـەتی، هەوڵیـداوە ئـەوە روون بکاتـەوە، چـۆن دۆخـی ئـابووری و کۆمەڵایـەتی ناهەموار وای لـە گـەلێك کوردەکـان کـردووە رووبکەنـە جـەردەیی و رووت

---

[٧٤] الدکتور فرست مرعی، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٨.

کردنەوە. نووسەری وتارەکە لەدەروونەوە هەستی دۆستایەتی پیشانی جوتیارانی سادەی کورد دەردەخات، ڕاستگۆیانە سروشتی شێخ و دەرەبەگە کوردەکان دەخاتە ڕوو بەجۆرێك باسیان دەکات" ئەوانە قەت نوێنەرانی گەلی کورد نەبوون و نین"[٧٥] هەروەها داوا لە کورد و ئەرمەن دەکات ببنە دۆست و برای گیانی بەگیانی، لە ئەنجامی ئەو دۆستایەتیە سوودێکی زۆر بەکورد و ئەرمەن دەگات.[٧٦]

ئەرمەن و ئاشوورییەکان ئەو ڕاستیەیان باش دەزانی ئەگەر چەکدارانی کوردیش لەشەڕێکی دژ بەئەوان بەشداربن ئەوە ڕای گەلی کورد نیە، تەنیا پلانی تورك و دەرەبەگە بەرژەوەندخوازەکانە بۆیە وێڕای بەشداری بێ هەست و خوستی مانگی ئابی (١٩٣٣) ی کوردان لەڕاپەڕینەکەی ئاشوورییەکاندا، (مار شەمعون) لە ڕاپۆرتی (٨) ی ئەیلولی (١٠٣٣) بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان گوتوویە: کوردان دەتوانن لەگەڵ ئاشوورییەکاندا پێکەوە بژین.[٧٧]

لەکاتی تەنگانە و ئاوارە و دەربەدەر بوونی ئەرمەنەکان بەشێکیان روویان لە کوردستانی باشوور کردووە، لەناوچەی شەنگالدا کوردانی ئیزدی خزمەتێکی باشی ئاوارەکانیان کردووە و نزیکەی (٤٠٠) هاولاتی

---

[٧٥] جگە لە بەشێك شێخ و دەرەبەگە بەرژەوەندخوازەکان، کە دەوری خراپەکاری لەگەڵ کوردو لایەنی دوژمنیان گرتووە، ئەگینا بەشی زۆری پیاوە ئاینی و دەرەبەگەکان کاریگەری زۆریان لەسەر بزوتنەوەکانی کورد هەبووە و هەر لەلایەن ئەوانەوە رێبەری کراوە.

[٧٦] دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠١.

[٧٧] عەبدولعزیز یامولکی، بیرەوەریەکانی عەبدولعەزیز یامولکی، وەرگێڕانی: سدیق سالح، ١٩٩٩، ل ١٦.

ئەرمــەنیان دالّــدەداوە. لەکۆبوونەوەیــەکی جەماوەرشــیدا"حەمۆ شــرۆ" یەکێك لەسەرکردەکانی ئەو دەمەی ئیزیدیەکانی کوردستانی باشوور داوای لە کوردانی شەنگال کردووە هاوکاری ئەرمەنەکان بکەن بەپێچەوانەشــەوە ســزا دەدریــت. (هنــری مۆرکنتــاد)، بــالّیۆزی ویلایەتــە یــەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئەستەمبولّ لـە سـالی (١٩١٣–١٩١٦) دەنوسـێت: ئەرمەنـەکان هاوریّ کوردەکانیان بە (کریفا) بانگ کردووە و " سیخۆڤ" یش ڕاوێـژکاری ڕووسیا لـە ئەسـتەمبول بـەم شـێوەیە وەسـفی پەیوەنـدی نێـوان کـورد و ئەرمەنی کردووە. ئەرمەن لە ناوچە شـاخاوی و سـەختەکان لەگـەل کـورد بەشـێوەیەکی تەبایانــە دەژیــن و بــاج دەدەن بــە کــورد، لەبەرامبەریشــدا کوردەکان گێچـەلّیان پێناکـەن و بگـرە لەبەرامبـەر پیلانگێـڕی تورکـەکان بــەرگریان لیّ دەکــەن. هاوکــات لــە بەرامبــەر ئــەو هەلّویســتە جوامێرانــەی کورد، رۆشنبیرانی ئەرمەنیش پیشەنگ بوون لە بانگەواز کردن بۆ خــەباتی هاوبەشی نێوان هەردوو گەل لەدژی چەوسانەوەی نەتەوەیی. (٧٨)

ڕۆژنامەی (مشاك) لەباسـی هاوکـاری کردنـی یـەکتری کـورد و ئەرمـەن تــازە نییــە و (نیرســیس فارجنیــان) و (مــارتین خریمانیــان) و چــەند ئەرمەنیەکی تر بەپێویستی دەزانن لـە کوردسـتاندا بایـەخ بەخوێنـدەواری بــدریّ و حکومــەت لــەناو گونــدەکانی کوردســتان قوتابخانــە بکاتــەوە و (رینۆغالیـان) کەئەرمەنیـەکی ڕۆشـنبیرە داوای ئـەوەی کردبـوو پێویسـتە منداڵانی کورد شان بەشانی منداڵانی ئەرمەنی قوتابخانەیان بۆ بکرێتەوە.

---

(٧٨) ئومیــد عوسمــان، کــورد و ئەرمــەن لــە یــادوەری یــەکتر دا، کوردســتانی نوی،ژ،٦٠٤٨، پینج شەمە، ١١–٤–٢٠١٣،ل ١٦.

ڕاپۆرتێکی (تیللر)ی کونسوڵی ئینگلیز لەئەرزوروم لەباسی پەیوەندی کورد و ئەرمەن دەڵێ: لەم مانگەی دوایدا شتێکی سەیر ڕوویداوە دەربارەی یارمەتیدانی ئەرمەنەکان لەلایەن کوردەوە ئەو یارمەتیدانەی کورد بووە هۆی ئەوەی حکومەت ئەو هێرشەی بەتەمابوو لەم هاوینەدا بیکاتەسەر ئەرمەنەکان لەساسۆن دوای خست، کوردەکان لەناکاو بڕیاریاندا نەچنە ناو هێزەکانی حکومەت دژی ئەرمەنەکان هاوڕێ فەرەنسیەکەم پێی ڕاگەیاندم گفتوگۆی نێوان کورد و ئەرمەنی بەوە گەیشت کوردەکان بێ لایەن بن و ئەگەر حکومەت هێرشی بردە سەر ئەرمەنیەکان کورد ئامادەدەبێ بەرگریەکی چەکدارانە لە ئەرمەنی بکا.(٧٩) سەرەتا نێوانی کورد و ئەرمەن باش بوو، باشیان رادەبوارد، ئەگەر هاندانی کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی وازی بهێنایە، ئەم تێکەڵی و ئاشتیە بەردەوام دەبوو، چونکە حکومەت هەردووکیانی بەدوژمنی خۆی دەزانی، دەیویست دوژمنایەتیان بخاتە نێوانەوە، بیانکات بەگژیەکدا تا هەردوولایان لاوازدەبن و لەترسی یەکتری نەتوانن ببزونەوە و بەئارەزووی خۆی بەسەریاندا زاڵ بێ،(٨٠) بوونی دەمارگیری لەناو کوردانی بەشدار لەبەرژەوەندی ئیمپراتۆری عوسمانی نەیاری لەنێوان هەردوو گەلدا دروست کرد.(٨١)

---

(٧٩) محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢٣-٤٢٤.
(٨٠) محەمەد ئەمین زەکی بەگ، سەرچاوەی پێشوو،ل ١٨٢.
(٨١) د.فاضل رسول، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٤١.

## پیلانی تورکیا و کوشتاری ئەرمەن

لەماوەی رابدوودا کاربەدەستانی تورکیا ئەوەیان رەتدەکردەوە باوك و باپیرانی ئەوان ڕەشەکوژی ئەرمەنیان ئەنجام دابێ، بەڵام بەهۆی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی بەردەوام ماوەیەکە زۆر لە راستییەکان زانراون، بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەوە ئاشکرا بووە ئەو کوشتارە بەپلان و فەرمانی ڕاستەوخۆی کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی بووە و لەلایەن سوپا و دەزگا ڕەسمیەکانەوە ئەنجامدراوە، کارەساتی کوشتاری ئەرمەن  یەکێکە لە ڕووداوە گەورەکانی سەدەی بیست گەورەترین تاوانی کۆمەڵکوژی مێژوویییە بەرامبەر بەگەلێکی مۆدرێن و ئاشتیخواز کراوە، هەرگیز لەبیری مرۆڤایەتی ناچێتەوە لاپەڕە و پەڵەیەکی ڕەشە بەمێژووی مرۆڤایەتیەوە، بەگشتی و مێژووی پڕ لە تاوانکاری تورکە عوسمانییەکان، تاوانی کۆمەڵکوژی ئەرمەن لەو کاتەدا ئاماژەیەکە بەوەی تورك  چەندە زۆردار بوون، بەچ شێوەیەك (٦٠٠ تا ٧٠٠) ساڵ حوکمیان کردووە، بەڵام بەزەبری زۆرداری تورك وەکو نەژادێك لەمێژوودا وەکو پەیامی خوێن و شمشێر ناسراون، هەرگیز شارەستانیەتیان دروست نەکردووە، بەڵکو شارستانیەتی ئیسلامی و مەسیحیش لەڕۆژهەڵاتدا لەسەر دەستی تورك وێران کراوە.[٨٢]

کورد و ئەرمەن دوو گەلی زۆرلێکراوی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بوون، بەتوندی لەلایەن تورکەکان دەچەوسێنرانەوە، سەرۆکانی کورد

---

[٨٢] یاسین کەریم، چارەنوسی ٣ میللەتی جینۆساید کراو، ١٩-١٠-٢٠١٢، www.kurdstanpost.com.

هەوڵیانـدەدا پەیوەنـدیان لەگـەڵ ئەرمـەن بـاش بێـت، بـەڵام ئەسـتـەمبوڵ هەوڵیدەدا ڕێ لە پێکهێنانی یەکێتیەکی وەها بگرێ، لەبەر ئەوە دەیویست وا لەدەوڵەتـە ئەوروپاییـەکان بگەیـەنێ کـورد دژی ئەرمەنەکانـە، بـەوەش پشـتگیری دەوڵەتــە ئەوروپاییــەکان بــۆ لێـدانی کــورد مسـۆگەر بکـات. لەلایـەکی تـر ئەسـتـەمبوڵ ئەرمەنـەکانی بـەوە تاوانبـار دەکـرد، گوایـە ئەرمەنـەکان نیازیـان وایـە لـەڕێی بڵاوکردنـەوەی ئـاینی گاورەکانـەوە کوردەکان بتوێننەوە. ڕۆژنامەی (عوسمانلی) لـە ئەسـتـەمبوڵ دەردەچـوو دەڵــێ: ئەرمەنــەکان منــداڵانی کوردیــان لــە قوتابخانــەکانی خۆیانــدا وەرگرتبوو، " ئەگەر بولگارەکان لـە تـورك ڕاسـت ببنـەوە دەسـت بخەنـە خوێنی، ئەوە ئەرمەنەکان لـەوە خـراپتر دەکـەن دەورەکـەیان هەڕەشـە و مەترسیەکی زۆری تێدایە. دەیانـەوێ کوردەکـان بتوێننـەوە و سـەقافەتی خۆیان بخەنە ناو خوێن و مێشکیانەوە..". دەوڵەتی عوسمانی دەسـتێکی باڵای لەتێکدانی یەکێتی و برایەتی کورد و ئەرمەنـدا هـەبوو، یـەکێتی ئـەو دوو گەلــەی بــۆ ســەر ئیمپڕاتۆریــەتی عوسمــانی بەهەڕەشــە و مەترســی دەزانی، بەریتانیاش ئەم یەکێتی و نزیـك بوونـەوەی بـەدڵ نـەبوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا خـۆی بە"دۆسـت" و "پـارێزەری" ئەرمەنـەکان دادەنـا، بـەڵام دیبلۆماسیەتی بەریتانیا بەلای ئەوە دای دەشـکاند پشـتگیری چاکسـازییە رووکەش و سەرزاریەکان بکات.[٨٣] ڕووسیاش بەهەمان شێوە کاری لەسەر ئـەوە دەکـرد پەیوەنـدی کـوردو ئەرمـەن ئەوەنـدە پتـەو نـەبێت کاریـان بەئەوان نەمێنێ، لەکاتی ڕوودانی هەر کێشەیەك لـەنێوان کـورد و ئەرمـەن

---

[٨٣] دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩-١٠٢.

لەناوچــە ڕووســـەکان لای ئەرمەنـــەکانیان دەگـــرت و لەبەرژەوەنـــدی ئەرمەنەکان کێشەکەیان چارەسەردەکرد.[٨٤]

هەردوو دەوڵەتی ڕووسیا و بەریتانیا کاریان دەکرد بۆ بڵاوکردنـەوەی ناتەبایی تێکدانی پەیوەندی نێـوان کـورد و ئەرمـەن، تـاکو ئـەم هۆکارانـە بکەنە ئامرازێك بەو هۆیەوە دەست بخەنە ناوکاروباری ناوچەکەو دەوڵـەتی عوسمانی و قازانج و بەرژەوەندییەکانیان پەرە پـێ بـدەن.[٨٥] (کلایتـۆن) خۆی ئاماژەی بۆ دەکات و دانی پێدادەنێ. بانگەشەی ئەوروپاییـەکان بـۆ پشـتگیری لـە کێشـەی ئەرمـەن، ئەرمەنیـەکانی زیـاتر دەمـارگیر کردبـوو، چونکە هەسـتیان دەکـرد زلهێـزە ئەوروپاییـەکان لەسـەریان دێنـەدەنگ و کێشەکەیان پەیوەست بووە بە زلهێـزە ئەوروپاییەکانـەوە. شـایانی باسـە ئەوانـەی جـەختیان لەسـەر بەجێگەیانـدنی چاکسـازی لەناوچـە ئەرمـەن نشینەکان کردبووەوە وەکو باقی دەڵێ "بەشێوەیەکی تەماویان داڕشـت" چونکە ئەو ناوچانەی دەبوایـە چاکسـازیان تێـدا بکرێـت لەسەرچـاوەکاندا بەشـــەش ویلایەتەکـــە( وان، بـــەدلیس، ئـــەرزڕۆم، دیاربـــەکر، خـــەرپوت، سیواس) ناویان هاتووە، ئەوەی ئەرمەنەکان بەبەشـێك لـە (ئەرمەنسـتانی گـەورە)یان دادەنـا. ئەمانـە خـاکی کوردسـتان و زۆرینـەی کـورد بـوون، ئەرمەن کەمایەتی بوون لەو ویلایەتانەدا. ئەمـەش ڕقـی کـورد و دەوڵـەتی عوسمانی لەئەرمەن هەستاند.[٨٦]

---

[٨٤] هەستیار کەمال نوری ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٩.
[٨٥] کامەران محەمەد حاجی،سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٣.
[٨٦] کامەران محەمەد حاجی ، هەمان سەرچاوە، ل ٣٤٥.

بەڵگەنامە بەریتانیەکان باس لەوە دەکەن لەماوەی کۆنگرەی سان ستیڤانۆ و بەرلین رووسەکان پەترياکێکی ئەرمەنیان لەگەڵ خۆیان بردبووە کۆنگرەکان، هەرچەندە پەترياکەکە لەکۆنگرەکاندا ئامادەنەبوو، بەڵام رێگای درابوو چاوی بە شاندەکان بکەوێت داواشی لێ کردبوون لاوازی هەڵوێستی عوسمانی بقۆزنەوە و ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بخرێنەسەر ناوچە ئەرمەننشینەکانی ژێر دەسەلاتی رووسیا[٨٧]. ئەم هەڵوێستەی وڵاتە زلهێزەکان کوردەکانی ترساند، لەوەی قەوارەیەکی سەربەخۆ بۆ ئەرمەن دروست بکرێ و کوردستان بخرێتە ژێر دەسەڵاتی ئەرمەن و مافی ئەوان بکرێت بەژێر لێوەوە. بەڵام هەموو ئەم هەڵوێستانەی وڵاتە زلهێزەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان بوو، کە تێگەیشتن کاروبار بەئارەزووی ئەوانە کێشەی ئەرمەنیان پیشت گوێ خست، لەبەر ئەوە ئەرمەنەکان نا ئومێدبوون. دوای نائومێدبوونی ئەرمەنەکان لەچارەسەرکردن و پشتگیری کێشەکەیان لەلایەن زلهێزە

---

[٨٧] داوای دروست کردنی حکومەتێك بۆ ئەرمەن و بەشێك یان شەش ویلایەتی کوردستان بخرێتەسەر ئەو دەسەڵاتە ئەرمەنیە کوردەکانی ترساند، ئەو ترسە کەسایەتی دیار و رۆشنبیرە کوردەکانیشی گرتەوە، وەك حاجی قادری کۆیی لەهۆنراوەیەکدا دەڵێت: خاکی جزیرەو بۆتان، یەعنی وڵاتی کوردان= سەد حەیف و سەد مخابن دەیکەن بەئەرمەنستان، وا رێگەتان دەبەسترێ عیلاتی جاف و بڵباس = گەر مردون لەگەرمێن مەمنوعە بچنە کوێستان...، هیچ غیرەتێك نەماوە، سەدجار قەسەم بەقورئان= پەیدابێ ئەرمەنستان نامێنێ یەك لە کوردان.....(دیوانی حاجی قادری کۆیی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی : سەردار حەمید میران– کەریم مستەفا شارەزا–سنە ٢٧٠٧ کوردی لا ٧٨)–نەوشیروان مستەفا، چەند لاپەرەیەك لەمێژوی رۆژنامەوانی کوردی ، ١٨٩٨–١٩١٨، ب١ سلیمان ٢٠٠١ ل ٥٧.

ئەوروپاییەکانەوە، ڕێکخراوە ئەرمەنییەکان کەوتنە گرتنەبەری شێوازی توندوتیژی تابەو هۆیەوە سەرنجی نێودەوڵەتی بۆلای خۆیان ڕاکێشن، و ئامانجەکەیان بێننەدی کەبە" ڕێگای بولگاریا" ناسرابوو، بەم پێیە دەیانویست کێشەکەیان بەسێ قۆناغ چارەسەربکەن، لەقۆناغی یەکەمدا سوپای شۆڕشگێڕی پێکبێنن، لەقۆناغی دووەمدا بە بەکارهێنانی توند و تیژی تۆقاندن دەوڵەتی عوسمانی بوروژێنن، تاکاردانەوە و کارەساتی مەترسیدار لەدژی ئەرمەن بنوێنن، لەقۆناغی سێیەم: پشتگیری و دەست تێخستنی زلهێزەکان لەکێشەی ئەرمەن بێننە ئاراوە، بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە ڕزگاری ئەرمەن بەدەست بهێنن.[88] ئەگەر دوژمنەکان پیلانیان نەگێڕایە کورد و ئەرمەن هەمیشە پەیوەندیان باش بووە، بەڵام کاربەدەستانی عوسمانی هەوڵیاندەدا بیان کات بەگژ یەکدا، تاکو هەردوولایان لاواز بن و خۆی بەسەریاندا زاڵبێت، بەلای تورکەوە ئەمە سیاسەتێکی باش بوو، بۆ ئەوەی کێشە لەنێوان ئەم دوو نەتەوەیە دروست بکات، لەئەنجامدا توانیان مەبەستی خۆیان بێننەدی لەساڵی (١٨٩٤) لە ساسۆن گەلێ شەڕ لەنێوان کورد و ئەرمەن ڕوویدا، هەردوولا زیانی زۆریان لێکەوت و چەند دێیەك وێران بوو.[89] یەکێك لە گیراوە ئەرمەنیەکان لەکاتی دادگایی کردنی دەڵێ: ساڵی (١٨٩٤) ڕووداوی شەڕ و سەربڕین لەم ناوچەیە ڕوویدا، لەساڵی (١٩١٥) بەردەوام گرفتاری ڕووداوەکانی کوشتار بووین بەبێ ئەوەی هۆیەکەی بزانین، دەڵێن

---

[88] کامەران محەمەد حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٩.

[89] محەمەدمین زەکی، سەرچاوەی پێشوو ل ١٨٢.

حکومـەتی تـازە تورکیـا هەسـتا بـە بـەم کـارە دژی ئەرمـەن.[٩٠] خـاڵی وەرچـەرخان لەپەیوەنـدی نێـوان کـورد و ئەرمـەن بـەپێی سەرچـاوەکان بریتبــوو لــە ئــەو ڕەشــەکوژیانەی ســاڵانی (١٨٩٤– ١٨٩٦) دەرهــەق بەئەرمەنەکان کرا. کەتیایدا هـەزاران ئەرمـەنی بوونـە قوربـانی و بـەدەیان گونـدیش لەلایـەن دەوڵـەتی عوسمـانی و یەکـەی سـوارەکانی حەمیـدی خاپورکران، ئەم کارانە بوونە هۆی وروژاندنی ڕای گشتی جیهانی، هەریەك لە زلهێزەکان دەیویست لەبەرژوەندی خۆی بـەکاری بێنـێ.[٩١] بەهانـدان و پشــتگیری ولاتــە زلهێزەکــان کۆمەڵەچــەکدارە ئەرمەنیــەکان لەهــەردوو کارەســاتە گەورەکــەی ســاڵی (١٨٩٤) ی ساســۆن و ســاڵی (١٨٩٦) ی ئەستانە دەست پێشخەری ڕووداوەکان بوون، ئەوانیش بەشـێکی گـەورەی تۆمەتەکـەیان دەکەوێتەئەسـتۆ، بـەپێی سەرچـاوەکان کۆمـەڵێ چـەکداری تونـدڕەو بـوون و دەیانویسـت لـەڕێگای نانـەوەی ئـاژاوە و توندوتیـژی کێشەی ئەرمەن بکەنە کێشەیەکی جیهانی، (لازارێف) دەڵـێ" لـەم کـات و ڕۆژە (داشناك)ەکان وەکو یارمەتیدەرێکی بـێ فـەڕی ئەرمەنـەکان خۆیـان دەرخست، هانی ئەرمەنەکانیان دەدا و پاڵیـان پێوەدەنـان تـا ڕق و کینـە لەنەتەوەی تورك و کورد هەڵگرن".[٩٢]

---

[٩٠] غسان نعسان، مسـالة ابـادة الارمـن امـام المحكمـة أو قضـيةطاعت باشـا، الطبعـة الثالثة، السنة ٢٠٠٩، ، ص ٥٢.

[٩١] کامەران محەمەد حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٠.

[٩٢] کامەران محەمەد حاجی، هەمان سەرچاوە ، ل ٢٥١.

(هنشـاق دیمـوکراتی کۆمەڵایـەتی) و (حزبـی تاشـناق) دوو ڕێکخـراوی ئەرمەنی بـوون، لـە بزوتنـەوەی نەتـەوەی ئەرمـەنی چـالاکیان لەناوچـەکە هەبوو، لـە بـەرگری ساسـۆن سـاڵی (١٨٩٤) لـەکاتی بزوتنـەوە چـەکداریە نەتەوەییە ئەرمەنیەکان. هانی ئەرمەنیەکانیان دەدا لەسەر ڕووداوەکان و بەردەوامی کێشەکان لەناوچەی نیوان فیدائیە ئەرمەنەکان (هێزی ئەرمەنی نانزامی) و عوسمانیە موسلمانەکان.[٩٣]

چـەکدارەکانی ئەرمـەنیش هەسـتی نەتـەوەیی و ئـاینی تونـدڕەو پـاڵی پێوەدەنان سەدان هەزار مرۆڤی بێ گوناهیان کوشـتووە. ئـەوانیش وەکـو ئێمـەی کـورد بەدەگمـەن ڕەخنـە لـە سـەرکردە سیاسـی و ڕۆحیـەکانیان دەگـرن. ئـەو سـەرکردانەی ئـەوانیش وەکـو ئەوانـەی ئێمـە بەهەنـدێ هەڵسوکەوت و سیاسەت و لێکدانەوەی چەوتیان بوونـە هـۆی مـاڵوێرانی و کارەساتی جەرگبڕ کەبەسەر گەلی ئەرمەندا هێنران.[٩٤]

ئەرمەنییـەکانی دەرەوەی تورکیـاش دەسـتێکی باڵایـان هـەبوو لـە دنەدانی ئەرمەنییەکانی تورکیا، ئەوەبوو سـاڵی (١٨٩٢) پـارتی (هانچـاك) دەستیان کرد بەتێکدانی بارودۆخی سامسۆن و چەندین جار بۆسـەیان بـۆ کـورد نایـەوە، ئیـدی لـەم قەزایـە بەهانـدانی ڕووسـیاو (هانچـاك) لەسـاڵی (١٨٩٤) یاخی بوون ڕادەگەیەنێت، کاتێك پۆلیسـەکانی عوسمـانی بـۆ بـاج وەرگرتن دەچن بۆ ئەوێ باج نادەن، جەنگ لەنێوان پۆلیس و ئەرمەنەکان دروست دەبێت، ئیـدی سـوارەی حەمیدیـە بەشـداری دەکـات بـۆ بـەرگری

---

[٩٣] بدلیس، ویکپیدیا.

[٩٤] جەبار قادر.. www.Dengekan.com.

کـردن لــه پۆلیســەکانی عوسمــانی ژمارەیــەکی زۆریــان لێ دەکـوژێ.[٩٥] لەراسـتیدا ئـەم سیاسـەتە بـۆ حکومـەت لـەباربوو، چـونکە بـەهۆی ئـەم سیاسەتەوە لە دواجاردا لەنێوان ئـەم دوو گەلـەدا ناخۆشـی و شـەڕ پەیـدا بوو، لە هاوینی سـاڵی (١٨٩٤) لـە ساسـۆن گـەلێ شـەڕ لـە نێـوان کـورد و ئەرمەن ڕوویاندا، وە زیانێکی زۆری لە هەردوولادا، چەند دێیەك وێران بوو، ئەم ڕووداوانـە سـەرەتای ڕووداوی تـر بـوون، لـەم ڕووداوانـەدا کوردەکـان چـالاکی زۆریـان نوانـد، هـەوڵی کاربەدەسـتانی دەوڵـەتی عوسمـانی بـۆ بەگژیەکدا کردنی کورد و ئەرمـەن چـەند ڕووداوێکـی ناخۆشـی لێکەوتـەوە بەهاندانی تورکەکان لەساڵی (١٨٩٥) شەڕ لەهـەکاری دەسـتی پـێ کـرد و حکومەت مەبەستی خۆی هەبوو، لەدوایدا کێشەی بـەینی کـورد و ئەرمـەن تــا جــەنگی یەکــەمی جیهــانی بــەو شــێوەیە مایــەوە.[٩٦] ئــەوە بــوو لەناوەڕاسـتی نـەوەدەکان بارودۆخەکـە تەقیـەوە، کاتێـك ئیمپڕاتۆریـەتی عوسمــانی هەســتا بــە ئەنجامــدانی کۆمــەڵ کــوژی دژی ئەرمەنــەکان بەتایبەتیش لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ. تـەنیا سـاڵانی (١٨٩٤– ١٨٩٦) زیـاتر لە (٣٠٠) هەزار ئەرمەنی کوژرا. هەروەها زۆرێکیان هـەڵهاتن بـۆ دەرەوەی وڵات،[٩٧] بەشداری کـورد لەکوشـتاری بـەدناوی سـاڵانی (١٨٩٤– ١٨٩٥) بـووە هـۆی پەیـدابوونی هەسـتێکی دوژمنکارانـە لـەنێوان هـەردوولادا.[٩٨]

---

[٩٥] هەستیار کەمال نوری،سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٢.

[٩٦] محەمەد ئەمین زەکی بەگ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٢.

[٩٧] ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٧.

[٩٨] نێلیدا فوکارۆ، کوردانی سوریا لەژێر دەسـەڵاتی فەرەنسـیدا، و: هـەلۆ بـەرزنجی، سلیمانی ٢٠١٢.ل ٢٥.

تورکەکان بۆ ئەوەی ژمارەی ئەرمەن کەم بکەنەوە، شەڕیان لە دژیان هەڵایساند، کوردیشیان بەناوی ئاینەوە بەگژدا کردن، سەرەنجام ئۆبالی ئەم کوشتنەیان خستەئەستۆی کورد، ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئەوروپا بەچاوی نەفرەتەوە بروانێتە کورد.[99]

ئەگەرچی سوارەی حەمیدیە بەهۆی پیلانی تورکەکان زیانی زۆریان گەیاندە گەلی ئەرمەن، بەڵام هەندێ لەو سەرۆك هۆزانەی ناو سوارەی حەمیدیە ئامادە نەبوون بەفەرمانی تورکەکان ئازاری گەلی ئەرمەن بدەن بۆ نموونە: ئیبراهیم پاشای ملی کەسێکی نزیك لەسوڵتان عەبدولحەمید بوو، نازناوی (میری میران)ی وەرگرتبوو، دوای سەردانی بۆ ئەستەمبوڵ نازناوی (پاشا)ی وەرگرت، بەڵام ڕازی نەبوو لەئەرمەنەکان بدرێ، بگرە توانی دەهەزار کەس لەئەرمەنەکان ڕزگار بکات. ناوبراو ئەوەشی ڕەت کردەوە بچێت بۆ یەمەن دژی عەرەب بجەنگێت.[100]

مەحمود پاشای سەرۆکی هۆزی (قۆچگیری) یەکێك بووە لەو سەرۆکە کوردانەی هەرچیەکی بگووتایە لای کوردەکان دەبووە یاسا و دەبوو بەجێ بهێنرایە، لەساڵی (١٨٩٥) کە کوشتاری ئەرمەنەکان لەلایەن حکومەتی عوسمانی کرا، مەحمود پاشا ڕێگای بەپیاوەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی نەدا بەشداری بکەن، چونکە هەمیشە بەوپەڕی ڕێزەوە دەیڕوانیە ئەرمەنیەکان.[101] ئەگەر کاربەدەستانی تورکیا بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی ئەو ڕۆژگارە بخەنەبەردەستی توێژەران، ئەوا گەلێ

---

[99] عزیز یامولکی، سەرچاوەی پێشوو،ل ٥٣.

[100] دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوایی ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٣.

[101] محەمد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢.

لایەنی تاریکی کوشتاری ئەرمەن ئاشکرا دەبێت، بێ گومان ئەو بەڵگەو دیکۆمینتانە پەیوەندیەکی زۆریان بەلایەنی کوردیشەوە هەیە، وەکو دانیشتوانی ئەو دەڤەرانەی ببوونە گۆڕەپانی ئەو قەسابخانەیە، ئەو بەڵگەنامانە دەتوانن تیشکی زۆر بخەنەسەر باری کورد. بەڵگەنامە تورکیەکان ئاماژە بەژمارەی مەدەنیە کوژراوەکان دەکەن کەبە سەدان هەزار لەقەڵەم دەدرێن. گەلێ لەمانە لەلایەن چەکدارە ئەرمەنەکان کوژران. ئەم چەکدارانە لەرقی دڵیاندا کەوتبوونە پێش سوپای ڕووسیا و لەدڕندەییدا هیچیان لە سوپای عوسمانی کەمتر نەبوو. زۆربەی ئەوانەش لەو دەڤەرە دەژیان کورد بوون. هەندێ سەرچاوەی تورکی باس نیو ملیون کوژراوی مەدەنی دەکەن، بەدەستی ئەو میلیشیا ئەرمەنیانە کوژران. ئەم نیو ملیۆن مرۆڤە مەدەنیە زۆربەیان کورد بوون.(١٠٢)

لەئەنجامی ڕووداوەکانی ساڵانی (١٨٩٠- ١٨٩٦) ڕاگواستنی ئەرمەن بۆ ئەستەمبوڵ و کۆنترۆڵ کردنی بازاڕی ئەستەمبوڵ لەلایەن بازرگانە ئەرمەنەکان لەوانەیە سەرەتا ئاسایی تێپەڕیبێ، بەڵام لەدواییدا کۆنترۆڵ کردنی بازرگانی لەلایەن ئەرمەن بەزیانی تورکەکان دەبینرا، دانیشتوانە تورکەکان هەستیان بەم هۆیە تاڵە کرد، ئەمەیان بەزیانی خۆیان دەبینی، لەمەوە هاندان و هەڵچوون لە دژی ئەرمەن سەری هەڵدا، ئەم هەڵچوون و کوشتارەی ئەنجامدرا پەیوەندی نەبوو بزوتنەوەی نەتەوەیی ئەمە هۆکاری کوشتارەکە نەبوو، بابەتەکە پەیوەندی بە دەرچوونی کار و فەرمانی حکومەتی دامەزراوی تورکی هەبوو، بەرامبەر

---

(١٠٢) جەبار قادر www.Dengekan.co .

چــینی بازرگــانی ئەرمـــەن بەتایبـــەت لەناوەنـــدی بازرگــانی بنـــەڕەتی لەئەســتەمبولّ پەیوەنـدی بەمــەوە هــەبوو، بــە ئــازادی کــڕین و فرۆشــتن بەشـێوەیەك لـە شـێوەکان.[103] لـەدوای کوشـتاری ساسـۆن ئەرمەنـەکان تــاقمێکی چـــەکداریان پێکـــەوەناو پـــەلاماری بانقـــەکانی عوسمانیانـــدا لەئەستەمبولّدا، لـە سـالّی (١٩٠٦) چـەند بۆمبایـەکیان تەقانـد بـۆ ئـەوەی ســەرنجی عوسمــانی و ئەوروپاییــەکان ڕاکێشــن و حکومــەت ناچــاربکەن ئیسـلاحاتی دەسـتووری بکـرێ، بـەپێی ئـەو چاکسـازیە دەبوایـە هـەموو دانیشـتوان بەیـەك چـاو سـەیر بکرانایـە.[104] بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە ئـەنجامی ڕووداوەکــانی کوشــتاری ئەرمــەن، لــەدوای ســالّی (١٨٩٥) لیژنەیــەکی لێکۆڵینـــەوە پێکهــات لەبـــەریتانیا و فەڕەنســا و ڕووســیا و عوسمـــانی سەبارەت بەو دەنگۆیانەی تاوانبارکردنی کورد لەکوشتنی ئەرمەن لیژنەکە بـەهیچ جۆرێـك کـوردی تاوانبارنـەکرد، لیژنەکـە داوای چاکسـازی کـرد بـۆ ئەرمەنیـەکان، لیژنەیـەکی یەکسـان لـەکورد و ئەرمـەن پێکـدەهێنرێت بـۆ سەرپەرشتی کردنـی ئـەم کـارە. هـەروەها لیژنەکـە داوای چـەك دامـاڵینی ســـوارەی حەمیدیـــە و گەڕانـــەوەی ئەرمەنـــە کـــۆچ کردوەکـــان و قەرەبووکردنەوەی ساسۆن و تـایلری کـرد. داوای چـەك دامـاڵینی کـورد و هاتوچۆیان کرا. هەرچەندە سولّتان ڕەزامەندی دەربـڕی، بـەڵام کارەکـەی پشت گوێ خست.

---

[103] غسان نعسان، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٠٤.

[104] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١٤.

هەندێك لە سەرچاوەكان ئاماژە بەگرژی پەیوەندی كورد و ئەرمەن دەكەن، سەرەتا دەبێ ئەوە بزانین ئەوەی لە كردەی ڕەشەكوژیەكانی ئەرمەن بەشدار بوون، كورد نەبوو وەك نەتەوەیەك بەگشتی، بەڵكو كۆمەڵێك تاوانبار و سەرۆك هۆزی كوردی خۆفرۆش بوون، لە یەكە سوارەكانی حەمیدیەدا بەشدار بوون، سوارەكانی حەمیدیەش تەنیا لەكورد پێك نەهاتبوون، بەڵكو لە ڕەگەزی تری جیاوازی وەك ئەلبانی و چەركەسی پێكهاتبوون. تاوانباركردنی كورد وەك نەتەوە بێ بنەما و بێ ویژدانییە، چونكە كود خۆشی لەزیانی سوارەی حەمیدیە بێ كێشە نەبووە. ئەرمەنەكان خۆشیان كاتێ دێنە سەر باسی ڕووداوەكان ئەو چەكدارە كوردانەی سەر بەسوارەی حەمیدیەبوون تاوانباردەكەن.[١٠٥]

ئەرمەنەكان لەناو وڵاتی ڕووسیش لەقەفقاز لەلایەن( پرنس غالینزین) دەچەوسێنرانەوە و چەند كوشتارێكیان لێكرا و زیانێكی زۆری ماڵیان پێگەیشتبوو، لەئەنجامی ئەوەدا ڕێبازی خۆیان گۆڕی و لە (ژۆن تورك) نزیك بوونەوە لەشاری (ڤینا) كۆبوونەوەیەكیان لەگەڵ كردن و بڕیاریاندا بەهەموو لایەك هەوڵ بدەن سوڵتان سەرەنگوم بكەن، و حكومەتێكی دەستوری دابنێن سوودی هەمووانی تێدابێ.[١٠٦] لەساڵی ١٩٠٨ ئەرمەنەكان پەیوەندی و هاوكاری لەگەڵ كۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی كرد، دوای ئەوەی تووشی شكستی بێ هیوایی گەورە بوون، لەئەنجامی تووش بوونی بەكوشتاری بێبەزەییانەی دوایی بەدەستی توركەكان لە

---

[١٠٥] كامەران محەمەد حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٠.

[١٠٦] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١٥.

سـالّی ١٩٠٩ زیـاتر لـه ٤٠ هـەزار مـرۆڤ لـەناوبران.[١٠٧] پـەیوەنـدی ئەرمـەن لەگـەلّ ئیتحـاد و تـەرەقی تاسـەر نـەبوو، بـەپیلانی ئیتحـاد و تـەرەقی کۆمـەلّکوژی بـێ بەزەییانـە دەرحـەق بەئەرمەنـەکان کـرا، بـەلای کاربەدەستانی ئیتیحاد و تەرەقیەوە بـاری شـەڕ و پەیوەنـدی تونـدوتۆلّی نێوان ئەرمەن و ڕووسەکان بەهانە و پاکانەیەکی بـاش بـوو بـۆ دەرکردنـی ئەو قانونە کەدەیان مرۆڤیان بەزۆر راگوێزا و بەملیۆنیان لێ کوشتن.[١٠٨]

لەبـەهاری (١٩١٥) دەسـەلاّتی تورکیـا دەسـتی کـرد بـە پرۆسـەی پاکتـاوکردنی بەکۆمـەلّ لـەدژی دانیشـتوانی ئەرمـەنی بـەبیانوی گواستنەوەیان لەمەیدانی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان بـۆ گرتوخانـەکان لـە سوریا و ولاّتی (بلاد الرافدین).[١٠٩] بەلاّم دەولّەتانی ئـەوروپا بەرژەوەنـدی خۆیـان لەسـەرووی هـەموو شـتێکەوە دانـاوە، زۆرجـار ئەرمـەنی و ئاشوورییەکانیشـیان دەکـرد بـەقوربانی سیاسـەتەکانی خۆیـان، ئەرمەنییەکان بەبەرچاوی ئەوانەوە لەلایەن سـوپای عوسمانیـەوە تووشـی ڕەشەکوژیەکی دڕندانە بوونەوە نزیکەی(١–١،٥) ملیۆن کەس بەدوو قۆناغ ئەنجامدرا، لەقۆناغی یەکەمدا پیاوان و گەنجە پێگەیشـتووەکان بەکۆمـەلّ کوژران، لەقۆناغی دووەمیشـدا ژنـان و منـدالاّن و پیرەکـان برانـە بیابـانی سووریا لەوێ کۆمەلّکوژ کـران.[١١٠] لەکاتێکـدا سـەرەڕای گرانـی و برسـێتی خۆیان زۆرجار هەرچی هەیان بوو لـەنێوان خۆیـان و ئەرمەنـەکان بەشـیان دەکـرد، زۆرجـار بەگـە کوردەکـان ئەرمەنـەکانیان لەنەخشـە و پلانـی

---

[١٠٧] غسان نعسان، سەرچاوەی پێشوو، ص ٧٣.
[١٠٨] جەبار قادر www.Dengekan.co .
[١٠٩] ن لازاریف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٨.
[١١٠] جینۆسایدی ئەرمەن، ١٣–٨–٢٠١٣ سایتی شار پریس Sharpress.

تورکــەکان ئاگــاداردەکردەوە کــە لــە دژیــان ئامــادەدەکرا، ســەرکردە کوردەکــان ئەوانەشــی لــە ئــەورووپا بــوون زۆر بەتونــدی ئیدانــەی ئــەم کۆمەڵکوژیەیان دەکرد، پەیوەندیان دروست کرد لەگەڵ نەتەوەییەکانی ئەرمەن بەمەبەستی هەماهەنگی و یەکخستنی خەبات و تێکۆشانیان دژی دەسەڵاتی تورکی، کاتێ دەسەڵاتی تورکی گەیشتە ئەو بڕوایەی ناتوانن ســوود لــە کوردەکــان ببیــنن لــە سیاســەتی پاکتــاوکردنی ئەرمــەن فــەرمانڕەوایانی تــورك ئامادەکارییــان کــرد چارەنوســێکی هاوشــێوەیان بەســەر کــورد هێنــا، بــەپێی مەرســومێکی ســوڵتان دەســتیان کــرد بــە ڕاگواستنی کورد لە دەوروبەری بەرەکانی شەڕ بەرەو ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ بەڕێژەی (١٠) کورد بەرامبەر (١٠٠) تورك لەماوەی ساڵەکانی شەڕ نزیکە (٧٠) هەزار لە کوردەکان ڕاگوێزرا و زیاتر لەنیوەی ئەم کوردانە لەڕێگا مردن بەهۆی برسێتی و نەخۆشیەوە.[١١١]

ئــەو تویژەرانــەی بایــەخ بــە دۆزی ئەرمــەن و قرکردنیــان دەدەن (جینۆسایدی ئەرمەن) بەسەر سێ قۆناغدا دابەش دەکەن:

١-قۆناغی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی (سوڵتان عەبدولحەمید) ١٨٩٤-١٨٩٩

٢-قۆناغی تورکە گەنجەکان (کۆمەڵەی اتحاد و تەرەقی) کەلە ٢٤ نیسانی ١٩١٥ تاوانەکەیان دەرهەق بەئەرمەن ئەنجام داوە.

٣- قۆناغی تورکیای کەمالیزم ١٩٢٣.[١١٢]

---

(١١١) ن لازاریف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٠.

(١١٢) ئومید عوسمان، کورد و ئەرمەن لە یادوەری یەکتر دا، کوردستانی نوی،٦٠٤٨، پینج شەمە، ١١-٤-٢٠١٣،ل ١٦.

## ئاماری ئەو نەتەوانەی لەسەر دەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و تورکیا کۆمەڵکوژ کراون.

لەسالی ١٨٢٢دا ٥٠٠٠٠ هاوڵاتی گریك لە دورگەی کیوس لەناوبران.

لەسالی ١٨٥٠دا ١٢٠٠٠ هاوڵاتی ئەرمەن و ئاشووری لەناوبران .

لەسالی ١٨٦٠دا ١١٠٠٠ هاوڵاتی لوبنانی و سوریایی لەناوبران.

لەسالی ١٨٧٦دا ١٥٠٠٠هاوڵاتی بولگاری کوژراون.

لەسالی ١٨٧٧–١٨٧٨دا ٦٠٠٠ هاوڵاتی ئەرمەنی لەناوبران.

لەسالی ١٨٩٢دا ٨٠٠٠ هاوڵاتی کوردی ئیزدی کۆمەڵکوژکران.

لەسالی ١٨٩٤دا ٥٠٠٠ هاوڵاتی ئەرمەنی لەناوبران.

لەسالی ١٨٩٦لە دورگەی کریت ٥٥٠٠٠ هاوڵاتی گریك کۆمەڵکوژ کران.

لەسالی ١٩١٦ دا ١٥٠٠٠٠٠هاوڵاتی ئەرمەتی قرکران و دیسان لەسالی ١٩١٧–١٩٢٣ دا ٤٠٠٠٠٠ هاوڵاتی ئەرمەنی کورژران.

لەسالی (١٩٢٢) دا (٥٠٠٠) هاوڵاتی گریك لەماوەی سالانی (١٨٩٤–١٩٢٤) یشدا (٤٥٠٠٠٠) هاوڵاتی ئاشووری قرکران و هەموو ئەو کەسانەش لەسەر دەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ناوچەکانی دەسەڵاتی ئەواندا بوونەتە قوربانی ژمارەیان گەیشتووەتە (٢٢٠٧٠٠٠) کەس.[١١٣]

---

[١١٣] ئومید عوسمان، هەمان سەرچاوە،ل ١٦.

## ڕەوشتی سوڵتانەکان و خەریك بوونیان بەڕابواردنەوە

سولّتانەکانی عوسمانی هەرچەندە بەڕواڵەت ئاڵای ئیسلامیان بەرز کردبووەوە و خۆیان بەنوێنەری هەموو ئیسلام دادەنا، بەناو بەپێی شەریعەتی ئیسلام دەڕۆیشتن بەڕێوە، بەڵام لەراستیدا ژیانی سولّتانەکان لەناو کۆشك و تەلار و شوێنە نهێنیەکانیان سەدان چیرۆك و سەرگورشتەی یەکجار سەیر دەربارەیان نووسراوە. سولّتان عبدالحمید لە سالی (١٨٧٦) بوو بە خەلیفەی موسلّمانان و سولّتانی عوسمانی سالی (١٩٠٩) لابرا، ئەو سولّتانە لە دایکیەوە ئەرمەنی بوو، وەکو ئەوان لووتێکی چەماوەی هەبوو، نرخی خوێندەواری و زانیاری نەدەگرت، زمانی توركی زۆرباش نەدەزانی، هەر لە منداڵیەوە پارە خۆشەویست بووە و زۆر ڕەزیل بووە، عەبدولحەحمید بەر لەوەی ببێت بە سولّتان، مرادی برای پارەی دەدا بەڕۆژنامەی (خیال) بۆئەوەی چیرۆکەکەی ڤۆلتێر بەناوی (ڕەزیل)ەوە بکا بەتورکی و لەسەر شانۆ پیشانی بدا، کە عەبدولحەمید بوو بە سولّتان دەزانێ مرادی برای ئەوەی دژی ئەو کرد بوو بۆیە تۆڵەی خۆی لێ دەکاتەوە. عەبدولحەمید باوەڕی بە بەفاڵچی و فالگرتنەوە هەبووە و گومانی هەبووە بەرامبەر هەموو کەسێك بۆیە دەزگایەکی سیخوڕی دامەزراند بوو، بەو جۆرە ئەو هەموو ستەمکاریەی لە زەمانی عەبدولحەمیددا بەرامبەر بەزانایان و ڕۆشنبیران دەکرا، زۆریانی ناچار کرد وڵاتی عوسمانی بەجێ بێڵن و لەدەرەوە دژی حکومەت کار بکەن. (١١٤)

---

(١١٤) محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣٩ –٤٤٢.

دەربارەی ڕەوشتی سوڵتانەکانی عوسمـانی و زیانیـان بـۆ وڵات (خالـد المقدسـی) لـە گۆڤـاری (هـلال)ی سـالی (١٩٠٨– ١٩٠٩) باسـێکی دوور و درێـژی سـوڵتان و سـەدری ئـەعزەمی کـردووە و کورتیەکـەی: " کۆشـکی سـوڵتانی عوسمـانی و پێگەیانـدن و پـەروەردەکردنی وەلی عهـدەکانی سوڵتان لەسەر هـەمان پێـرەوی خووڕەوشـتی سـوڵتانەکانی مـەغۆل بـوو، بـەپێی ئـەوە حکومـەت وەکـو ڕەشمـاڵێکی گـەورە وابـووە و دەوڵـەت بریتیبووە، لەبابی عالی و سەرۆکی وەزیران پێی وتراوە (صـدری ئـەعزەم) و نوێنەری سوڵتان بووە و هەڵگری مۆری سوڵتان (شێخ الائیسـلام) بـووە کـە پێشـی وتـراوە (قـازی العسـکر) و لێپرسـراوی دارایـی پێـی وتـراوە (دەفـتردار). کاربەدەسـتانی حکومـەت و ئاغاکـانی نـاوخۆ پێیـان وتـراوە (ئەنـدەروون) بـۆ چـاودێری کردنـی ژنـانی نـاو کۆشـکەکانی سـوڵتان و ئاغاکانی دەرەوەی کۆشکی سوڵتان. نوسەر باسـی کێشـەی نـاو کۆشـکی سـوڵتانی کـردووە ئەگـەر دەستڕۆیشـتووەکانیان بیانزانیایـە سـوڵتان زۆر ڕوودەدات بەسـەدری ئـەعزەم ئەوانـە گـەلێك شـتیان بـۆ هەڵدەبەسـت بـۆ ئەوەی ناوی بزرێنن، جاری وا هەبووە، (قاوەچـی باشـی) و (ئـەثـوابچـی باشی) و (بیرەقدارە) و (سجادەباشـی) و (باخـەوان باشـی) و (بـطلـةچـی باشی) زۆرتر دەستیان ڕۆیشتووە لە سەدری ئەعزەم.

نزیکەی پێنج سـەدە بەرلەئێسـتا مـورادی چـوارەم، لـەناو سـەڵتەنەتی خەلافەتی عوسمانیدا بوو، لەکاتێکدا تاعون ڕۆژانە(٥٠٠) کەسی دەکوشت، خەڵك تووشی قاتوقڕی هـاتن، خەلیفـە شـەوانەیەکی پـڕ کـەیف و سـەفای

لەگەڵ ئافرەتـە ئەوروپاییـەکان بەرێدەخسـت، نـەئایۆلۆژیا و نەکـەلتوور و نەئاین نەیاتوانی بەر بەحەزە سیکسیەکانی خەلیفە بگرن.

لەسـەردەمی سـوڵتان عەبدولحەمیـددا مەدحـەت پاشـا کاتێـك دەکـرێ بەسەدری ئەعزەم ، هەمووی سێ مـانگی پـێ ناچـێ لای دەبـەن، چـونکە یەکێك لە خانمەکانی ناو کۆشکی سوڵتان نۆکەرێکی خـۆی دەنێـرێ بـۆلای مەدحـەت پاشـا تـا بیکـا بـە قائمقـام ئـەویش داخوازییەکـەی قبـوڵ ناکـا، لەبەرئەوە لادەبرێ و لەدوای مەدحەت پاشا لە مـاوەی سـێ سـاڵ و نیـودا دە جار سەدری ئەعزەم دەگۆڕێ و بـەرتیل و فرۆشـتنی ڕوتبـە و نیشـانە بەپارە نـاوی دەوڵـەتی زڕانـد بـوو، بـاری ئـابووری و خەزێنـەی حکومـەت بەتەواوەتی کەوتنە کزی.[١١٥] بەهۆی ئەو پارە خەرج کردنە بێشومار و بێ سنوورەی کۆشکی سوڵتانەوە، خەزێنەی دەوڵەت نابوود بـوو. لەئەنجامـدا کاربەدەستان ناچار بوون بکەونە قەرز کردن، سەرکردایەتی جەنگی ناچار کـرد بـوو ڕووبکاتــە خــەڵك و دانیشــتوانی ئــەرزروم و پــارە و پولیــان لێ بستێنێ. هەتا موچەی سەربازەکانی بدات.[١١٦]

حکومەت لەمانگی تشـرینی یەکـەمی سـاڵی (١٨٧٥) (اعلانـی افـلاس-ئابووری) کردووە، لە ٢٢ی مایۆی (١٨٧٦) لە مزگەوتـەکانی ئەسـتەمبوڵدا (٦-٧) هەزار قوتابی کۆبوونەوە چوونەسەر (سەرای دوڵمە باخچەسـی) و لەئەنجامـدا (مـەحمود نـەدیمی) سـەدری ئـەعزەم لابـرا و لـەجیاتی ئـەو

---

(١١٥) محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤٢.

(١١٦) دکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣.

ڕەشیدپاشا کرایە سەرۆکی وەزیران.[117] گەلێك جار ئەم سوڵتانە عوسمانیانە، تەنانەت لەناو بنەماڵەکەی خۆشیاندا پەلاماریان دەدایە شەرەف و ناموسی یەکتریش، دەیان جار و لەدەیان سەردەمدا باوك کوڕی خۆی، برا برای خۆی، مام برازای خۆی، ئامۆزا ئامۆزای خۆی..سەربڕیوە یان لەسێدارەی داوە: لەپێناو دەسەڵات و کورسی سوڵتانەتی. سوڵتانە عوسمانییەکان تەنێ بەوە نەدەوەستان ژن و کچی نەتەوەکانی دیکە لە داگیرکردن و پەلامارەکانیان دەکەوتنە بن دەستیان بەدیلی بیانگرن و ئەتکیان بکەن یان وەك کۆیلە لەناو دوکان و بازاڕەکاندا بیانفرۆشنەوە...بەڵکو منداڵ و مێرمنداڵەکانیشیان بەو دەردە دەبرد.[118]

سوڵتان عەبدولحەمید کاتێ لەسەر کار لابرا شەمەندەفەرێکی تایبەت بردی بۆ سیلانیك، لەوێ لەتەلارێکی گەورەدا جێگیر بوون، باخچەیەکی پان و بەرینی تێدا بوو، دوای لەکارخستنی لەحەریمەکانی سێ ژن و چوار کەنیزەی هەڵبژارد، هەروەها ژمارەیەك لەحاشیەی هەڵبژارد بۆ هاوڕێیەتی، لە کۆشکی یوڵدز (٢١٣) کەنیزە مانەوە سوڵتانی لەسەرکار لابراو لەگەڵ خۆی نەبردبوون، زۆربەیان چەرکەس و ئەڕنائووت بوون، داوایان لەکەس و کاریان کرد بێن بیان بەنەوە. سوڵتانە لەکار لابراوەکە کاتێ کۆشکی یوڵدزی بەجێ هێشت، یازدە کیسەی پڕ لە پارەیان دۆزیەوە، نیوملیۆن لیرەی ئاڵتون بوو، بڕێکی زۆر خشڵیان لە دۆلابێکی ئاسندا دۆزیەوە بایی ملیۆنێك لیرە دەبوو، سوڵتان لە بانکەکانی ئەڵمانیا

---

[117] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤٢.

[118] د. فەرهاد پیرباڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨.

دوو ملیۆن پاوەن پاشەکەوتی هەبوو، پارەیەکی زۆریشی لەلای قەیسەر گڵێۆمی دووەم هەبوو.[119] جاریە و کەنیزەك و ژنە خزمەتکارەکانی دیکەی ناو حەرەمسەرای[120] سوڵتان، ژمارەیان لە (٣٠٠) تێپەڕی دەکرد، بۆیان نەبوو بەهیچ شێوەیەك، لەسوڵتان زیاتر پەیوەندی سێکسی بەهیچ پیاوێکی دیکەوە بکەن، بۆیە ئەم ژنانەی ناو حەرەمسەرا هەمیشە بەدزیەوە پەیوەندیان لەگەڵ عەبد و قولەڕەشەکان دەبەست، یان لەگەڵ پیاوە خزمەتکارەکانی ناوحەرەم، یان ژن لەگەڵ ژن، خەساندنی پیاوی خزمەتکاری ناو حەرەمسەرا بۆیە ببوە عادەتێك لەلایەن سوڵتانەکانەوە بۆئەوەی پەیوەندی لەگەڵ ژنەکانی ناوحەرەمسەرا دروست نەکەن.[121]

ژن هێنانی زۆری سوڵتان لەبێگانە بوو بەهۆی ڕوودانی ئاژاوەو پشێوی لە سەرتاسەری وڵات و خەڵکێکی زۆر بەپیلانی ژنە بێگانەکانی سوڵتانەکان کوژران و زۆر بوونی ژمارەی ژنەکانی سوڵتان لەناو کۆشکەکانی بابی عالی کارێکی کرد بوو، هەر ژنە بەجیا تاقم و دامودەزگای خۆی هەبوو، منداڵەکانی سوڵتان لەچەند ژنێکی دەبوون، کە گەورە دەبوون لەناو خۆیاندا نارێك بوون و هەریەکە تاقم و دار و دەستەی خۆی هەبوو، بەهۆی ئەوە تووشی گەلێ زیان و ئاژاوە بووەوە. دەست تێوەردانی ژنەکانی سوڵتان لە کاروباری ڕۆژانەی دەوڵەت بەتایبەت

---

(١١٩) عەلی وەردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٦.

(١٢٠) حەرەم سەرا وشەیەکە لەکۆندا سوڵتانەکان چەندین ژنیان تێدا رادەگرت و نەیادەهێشت کەس بیانبینێت جگەلە خودی سولتان نەبێت.

(١٢١) د. فەرهاد پیربال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥.

لەدانانی فەرمانبەران و کاربەدەستانی دەوڵەتدا گەلێك کێشەو ناکۆکی لێ کەوتەوە. لەلایەکی تریش لووت بەرزی و خۆبەزل زانینی سوڵتانەکان و دەوروبەریان ببوە هۆی ئەوە دانیشتوان دژی حکومەت بن و بەچاوێکی سوکەوە سەیری دەوڵەت بکەن.[١٢٢]

سەدان حیکایەت و چیرۆکی سەیر و سەمەرە لەکۆشکی سوڵتانەکانی عوسمانی ڕوویانداوە، مێژوونوسان دەڵێن: سوڵتان سەلیمی دووەم ڕۆژێك بڕیاردەدا، چەند ژنێکی تازە بێن لەحەمامەکەی بیشۆن، چەند جاریە و ژنی تازە دێن سەری دەشۆن و لەگەڵی ڕادەبوێرن لەکۆتایدا سوڵتان سەلیم هەر لەناو حەمامەکە و لەناو باوەشی ژنەکاندا دڵی لەخۆدەبێتەوە و کۆچی دوایی دەکات.[١٢٣]

هەموو نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی هوشیاربوونەوە و بڕیاری خۆیاندا و لەدەوڵەتی عوسمانی جودابوونەوە و دەوڵەتی خۆیان دروست کرد، گەیشتنە ئازادی، خۆیان تەنیا نەتەوەی کورد نەبێ، چونکە کورد پێچەوانەی عەرەب و ئەرمەن تا سەر ئێسقانی باوەڕی بەئیسلامەتی خەلیفەی ئەستەمبوڵ هەبوو، واتێدەگەیشت دڵسۆزمانەوەی کورد بۆ خەلیفەی ئەستەمبوڵ، دڵسۆزییە بۆ ئیسلام. بۆیە دەیان جار بەناوی ئیسلامەتیەوە لەلایەن خەلیفەکانی ئەستەمبوڵ بەکارهێنراون و لەخشتەبراون، لەکۆتایدا ئازادی نەتەوەی خۆی دۆڕاندووە.[١٢٤]

---

(١٢٢) محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤٠.

(١٢٣) د. فەرهاد پیربالّ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٣.

(١٢٤) د.فەرهاد پیربالّ، هەمان سەرچاوە، ل ١٥.

## ژۆن تورك و أتحاد و تەرەقی و
## بزوتنەوەی تۆرانێتی (پان تۆرانیزم)

ژۆن تورك و ئیتحاد و تـەرەقی دوو ڕێكخـراوی تـورك بـوون، لـەكۆتایی سەدەی نۆزدە بەدواوە یـەك لـەدوای یـەك هـەوڵی ئـەوەیان دابـوو دەست بەســەر كاروبــاری وڵاتــی عوسمانیــدا بگــرن، گــەلێك سەرچــاوە باســیان كـردووە. ئێمـە بـۆ ناسـین و شـارەزابوون لـەبارودۆخی ئـەو ڕۆژگـارە و كاریگـەرییان بەســەر چارەنووسـی نەتــەوەی كـوردەوە ئاماژەیـەكی پـێ دەدەین:

١– چۆنیەتی پیكهینانی ژۆن تورك و ئیتحاد و تەرەقی.
٢– بارودۆخی كوردستان و كودەتای ١٩٠٨.
٣– بەشداربوونی كورد لە چالاكیەكانی ژون تورك و اتحاد و تەرەقی.
٤– پاشگەزبوونەوەی اتحاد و تەرەقی لەبەڵێنەكانی بەرامبەر بەكورد .

## چۆنیەتی پێكهێنانی ئیتحاد و تەرەقی:

كۆمەڵـەی ئیتحـاد و تـەرەقی لـە كۆتـایی سـەدەی نـۆزدە دەركـەوتن بەمەبەستی چاكسازی و ڕزگاركردنی دەوڵەتی عوسمانی لە هەرەسهێنان، بـەهۆی بارودۆخەكـە و كاریگـەریان لەسـەر خـەڵك زوو گەشـەیان كـرد و باڵادەست بـوون بەسـەر سـوڵتان و كاروبـاری دەوڵـەتی عوسمـانی، بـەڵام بەرلـەوەی ئیتحـاد و تـەرەقی پێـك بێـت ڕێكخراوێـك بـەناوی (ژۆن تـورك) لەلایەن مستەفا فازل پاشای كوڕەزای محەمـەد عـەلی میسـریەوە دروست بوو، بـە عوسمانیـە ئازادیخوازەكـان نـاودەبران. ئامـانج و پرۆگرامـی ئـەو

تاقمه بريتی بوو له هەوڵدان بۆ چاكردنی دەستوور و زۆربەی ئەندامەكانی له توركەكانی نیشتەجێی ئەستەمبوڵ بوون، جگەله تورك چەركەس و ئاسووری و ئەرمەنیشیان لەگەڵ دابوو، بەشێك لەوانە قوتابی ناو قوتابخانە بەرزەكان بوون. مستەفا فازل دامەزرێنەرەكەی تورك نەبوو.[١٢٥] سەرەتای بزوتنەوەی توركیای لاو دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (١٨٦١- ١٨٧٦) بەوەرگێران و لاسایی كردنەوەی فەڕەنسی دەستی پێ دەكات. دواتر دەبێتە بزوتنەوەیەكی سیاسی لیبرال بەمەبەستی بوژاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی و ڕێگەگرتن لەهەرەسهێنانی.[١٢٦]

گۆڤاری (هلال) باسی سەرەتای ئەنجامی چالاكی ڕێكخرواى ژۆن توركی كردووه له ڕۆژی (١٧)ی جمادی الاولی (١٢٩٣)ی كۆچی بەرامبەر (٣٠)ی مایۆی (١٨٧٦) سوڵتان عەبدولعەزیزیان لابرد و مرادخانی برازای خرایە جێگەی بەلام زۆری پێ نەچوو سوڵتان مراد لابرا و عەبدولحەمیدی دووەمی برای كرا بەسوڵتان. كاتێك سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەشوێنی سوڵتان مراد دانرا له ساڵی (١٨٧٦) دا، یەكێك لەو مەرجانەی بۆ عەبدولحەمید دانرا بوو، ئەوە بوو چاكسازی دەستووری بكا، بەڵام دوای دەستبەكار بوونی سوڵتان لەو بەڵێنەی پاشگەز بووەوە بەرامبەر بەوە لەناو توركەكاندا ڕێكخراوی ژۆن و تورك و أتحاد و تەرەقی دروست بوو

[١٢٥] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤٨.
[١٢٦] ئیسماعیل بێشكچی، نێزی مێژووی تورك و ...، و: ئاسۆس هەردی، چاپی یەكەم، سلێمانی ٢٠٠١، ل ٥٠.

دژی سولتان.[١٢٧] لەساڵی (١٨٨٩) کۆمەڵێك خوێندکاری لایەنگیری تورکیای لاو لە قوتابخانەی پزیشکی عەسکەری لە ئەستەمبوڵ ڕێکخراوێکی نهێنی یان دامەزراند ناوی (ئیتحاد و تەرەقی) بوو. ئامانجی ئەم ڕێکخراوە بریتی بوو : لەسەرکار لابردنی سولتان عەبدولحەمید و گێڕانەوەی دەستووری ساڵی (١٨٧٦) و ڕیفۆرمی ئیداری سیاسی– عەسکەری لەسەر شێوەی خۆرئاوا.[١٢٨]

لە ساڵی (١٨٩٤) بەدواوە ئازادیخوازەکان کەوتنە جموجۆڵ و دەربڕینی بێزاری بەرامبەر کارە ناڕەواکانی کاربەدەستانی حکومەت و زۆربەی ئەو ئازادیخوازانە لە قوتابیانی قوتابخانە بەرزەکان بوون چواریان قوتابی کولیەی پزیشکی بوون: ئیسحاق سکوتی و عبداللە جەودەت (هەردوکیان کورد بوون، ئیسحاق سکوتی خەڵکی دیاربەکر (لە ئۆکتۆبەری ١٩٠٨ کۆچی دوایی کرد) کتێبی (ئەرنست رافررو) وتویەتی لەناو ئەندامانی اتحاد و تەرەقی هی وا هەبووە، وەکو ئیسحاق سکوتی و عبداللە جەودەت حەزیان بەوە کردووە لەناو ڕێکخراوەکەدا بە دوو تورك یا دوو هاوڵاتی عوسمانی ناو ببرێن، لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك ئیسحاق سکوتی مردووە ڕۆژنامەی کوردستان لە ژمارە (٣٠) ڕۆژی (١)ی مارت (١٣١٨) کۆچیدا باسی کۆچی دوایی ئیسحاق سکوتی و کورتە باسێکی ژیانی کردووە، لە ژێر ناوی (ضیاع العظیم).[١٢٩] عەبدوڵڵا جەودەت

---

[١٢٧] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٣.
[١٢٨] ئیسماعیل بێشکچی، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٠.
[١٢٩] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧٠.

دکتۆری چاو و بەناوبانگ بوو، حکمت ئـەمینی خـەڵکی قونیـە، و محەمـەد ڕەشید چەرکەس خـەڵکی قـەفقاس بـووە، ئەمانـە لەسـەرەتادا بڕیاریانـدا کۆمـەڵێکی نهێنـی پێـك بێـنن بـەناوی ئیتحـاد و تەرەقیـەوە بەمـەرجێك بناغەی دروست بوونی مەبەستە گرنگەکانی بریتـی بـوون لـە چـاك کردنـی دەستوور و هەموو دانیشـتوانی وڵاتـی عوسمـانی یەکسـان بـن، هـەموویان ئـازاد بـن لـە دەربڕینـی بیروبـاوەڕی ئـیش کـردن و دانـانی سـنوورێك بـۆ دەسـەڵاتی سـوڵتان بۆئـەوەی لەیاسـا لانـەدا.[١٣٠] جێگـای سـەرنجە دامەزراندنی یەکەم جاری ڕێکخراوەکـە کـوردی تـورکێنراو ڕۆڵێکـی گرنگـی بینیـوە، چـونکە چوارکەسـی دامەزرینـەری یەکـەمی ئیتیحـاد و تـەرەقی ئەمانـە بـوون: عەبـدوڵڵا جـەودەت و ئیسـحاق سـکوتی (کـورد) ، تیمـۆ (ئەلبانی)، محەمەد ڕەشید (چـەرکەس).[١٣١] کۆمەڵـەی ئیتحـاد و تـەرەقی چاکەیەکی گەورەی هەبوو بـۆ سـەرکەوتنی مەشـروتەی تورکیـا لـەقۆناغی دووەمیـدا، لێـرەدا بـواری ئـەوەی نیـە بـەدوور و درێـژی باسـی بکـەین، ئەوەندەبەسە بڵێین ساڵی (١٨٨٩) لە ئەستەمبوڵ لـەژێر نـاوی (تورکیـای کیژۆڵە) دامەزرا، نهێنی بوو، بەوپەڕی وریاییەوە لەترسی ئەوەی نەکەونـە دەسـتی سـیخوڕەکانی سـوڵتان عەبدولحەمیـد یـان پۆلیسـەکانی ئیشـیان دەکرد.[١٣٢] ئەو ڕێکخراوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەپەرەسەندن دابـوو، پرۆگـرام و مـەرجیش دانـرا بـوو بـۆ ئەنـدامێتی لـە هـی (ماسـۆنی)یەکان دەچـوو،

---

[١٣٠] محەمەد رسول هاوار، هەمان سەرچاوە، ل ٤٤٨.

[١٣١] ئیسماعیل بێشکچی، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٠)

[١٣٢] عەلی وەردی، چەردەیەکی کۆمەڵایەتیانە لەمێژووی نوێی عیراق، و: غـەفور سـاڵح عەبدوڵڵا، بەرگی سییەم لەسالی ١٨٧٦-١٩١٤،ل ١٧٦-١٧٧.

دەبوایە هیچ ئەندامێك لە ئەندامێکی تر بەولاوە کەسی تر لەناو ڕێکخراوەکە نەناسێت، رێکخراوەکە لە پێشدا لەئەستەمبوڵ دامەزرا و لەدواییدا گوێزرایەوە بۆ (سالآنیك) هەر ئەندامە ژمارەی تایبەتی خۆی هەبوو ئەوەی دەبوو بەئەندام دەبوو بەقورئان یا بە ئینجیل سونێدی بخواردایە و پێویست بوو ئەوەی سوێندی دەخوارد بەدەمانچەیەك و تەبدیلی قیافەت بچوایە بۆ سوێند خواردن. عەبدولعەزیز یامولکی لە کتیبەکەیدا (کوردستان و کورد أختلاللری) وتوویەتی لە ساڵی (١٨٩٥) زۆربەی ئەندامانی ئیتحاد و تەرەقی لە ئەستەمبوڵ گیران و لەناو ئەوانەدا ئیسحاق سکوتی، کەریم سیباگی، عەبدوڵڵا جەودەت، شەرەفەدین مەغمومی، شێخ نائیلی. بۆ یەکەم جار (حاجی ئەحمەد ئەفەندی ) لەسالی (١٨٩٦) دا هەڵبژێرا بۆ سەرۆکایەتی، ناوبراو فەرمانبەرێکی گەورە بوو لە دەوڵەتدا، لقەکانی ئیتحاد و تەرەقی لە ئەستەمبوڵ و سالآنیك لە بیروت و شام و رووس و میسردا هەبووە. مراد بەگی داغستانی یەکێك بووە لە ئەندامە بە ناوبانگەکانی ئەو کۆمەڵەیە ڕۆژنامەی (میزان)ی دەرکرد. پاش ماوەیەك حکومەت حاجی ئەحمەد ئەفەندی ئاوارە کرد بۆ تەرابلس و لەوێ مرد و ئەحمەد رەزا ئەندامێکی چالاکیان بوو ڕای کرد بۆ پاریس و لەوێ ڕۆژنامەی (مشورت)ی دەرکرد. زۆری پێنەچوو چالاکی کۆمەڵەکە کەوتە کزی و مانەوە سەر (ئیسحاق سکوتی و عەبدوڵڵا جەودەت)، لە جنێف ڕۆژنامەی (عوسمانلی) یان دەرکرد لە دواییدا گواستیانەوە بۆ (فۆلکستۆن– بەریتانیا). ئەو کۆمەڵەیە هەروا بەکزی مایەوە تا ئەو کاتەی (داماد محمود پاشا)ی زاوای سوڵتان ڕقی لە حکومەت هەڵستاو

ئەستەمبوڵی بەجێهێشت و خۆی و (سەباحەدین) و (لەتیفوڵڵا)ی کوڕی لەمانگی کانوونی یەکەم (١٨٩٩)لادا بەپاپۆڕ چوونە(مارسیلیا) لەوێوە بۆ پاریس و لەوێ بڕیاری بوژانەوەی اتحاد و تەرەقی دا. [١٣٣]

ڕوناکبیرانی کورد شان بەشانی گەلانی تری ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بەدژی سوڵتان عەبدولحەمید بەشداری چالاکانەیان لەخەباتی هاوبەش لەپێناوی دادپەروەری و یەکسانی و برایەتی و کارکردن بەدەستووردا دەکرد، لەم کاتەدا هیچ نەتەوەیەك بیری لەجیابوونەوە و سەربەخۆیی نەدەکردەوە، کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی وەك دیاردەیەکی نانەتەوەیی لە هێزی گەلانی ناتورك پێکهاتبوو، لەساڵی (١٩٠٢) یەکەمین کۆنگرەی خۆیان لەپاریس بەناوی (کۆنگرەی ئازاد)ەوە بەست، ژمارەیەك کورد لەوانە (عەبدوارەحمان بەدرخان، حیکمەت بابان، ئیسماعیل حەقی بابان...) بەشداری کۆنگرەکە بوون.[١٣٤] لەدوای مردنی داماد مەحمود لە ینایری (١٩٠٣) سەباحەدین کوڕی چووە جێگەی و (٤٧) کەسی ڕۆشنبیری ئەو ڕۆژانەی کۆکردەوە، تێکەڵ بوون لە تورك و عەرەب و یۆنانی و کورد و ئەلبانی و چەرکەس و یەهودی و ئەرمەنی، لەو کۆبوونەوەیەدا سەباحەدین پرۆگرامێکی ئامادە کرد بۆ دوا ڕۆژی وڵات، بەپێی ئەوە ولایەتەکان هەریەکەیان سەربەخۆیی ناوخۆیان دەبوو، بەڵام بەمەرجێك لەژێر ئاڵای عوسمانیدا بن، پرۆگرامەکە بریتی بوو لە:

---

[١٣٣] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤٨– ٤٤٩.

[١٣٤] جەعفەر عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٥.

١- بڵاوکردنەوەی زانیاری و ئەدەب و هاندانی خەڵك بۆ خوێندن و فێرکردن و شارەزا بوون لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاروباری سەربەخۆیی لەناوخۆدا.

٢- بەهێزکردنی برایەتی و دۆستایەتی لەنێوان هەموو دانیشتوان بێ جیاوازی ئاین و ڕەگەز.

٣- پاراستنی سوود و مافەکانی دەوڵەت .

٤- پێکهێنانی ڕێکخراو و کۆمەڵی نیشتمانی و کۆمپانیا بەسەرپەرشتی و ڕێگرتن لە دەستدرێژی زۆرداران و بەرزکردنەوەی ئالآی حەق.[١٣٥]

ئەم کۆمەڵەیە لەئەوروپا پشتگیری لێ دەکرا بەتایبەت لەفەرەنسا و بەریتانیا، ئەوەبوو زۆربەی ئەندامەکانیان ڕایان کرد بۆ ئەوروپا، یا میسر، لەوێ بواری چالاکیان زیاتر بۆ ڕەخسا، لەساڵی (١٩٠٢) کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی لە پاریس کۆنفراسێکی بەست لەوێ دروشمی (ئازادی و برایەتی و یەکسانی) بەرزکرایەوە ئەوەش شاراوە نیە لە بیروباوەڕی ماسۆنیزم و شۆڕشی فەڕەنسا وەرگیراوە.[١٣٦]

لەساڵی (١٩٠٦) ئیتحاد و تەرەقی ڕۆژنامەی (ترقی) دەرکرد، ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیران و نووسەران بوون بەلایەنگیری سەباحەدین وەك تەلعەت بەگ، مەدت بەگ، توانرا فەیلەقی دوو و سێی سوپا لە سالآنیك بکرێ بەلایەنگیری ئیتحاد و تەرەقی. دواتر ئیتحاد و تەرەقی لەناو خۆیاندا تێکچوون و بوون بە دوو تاقمەوە. تاقمی یەکەم (ئەحمەد

---

[١٣٥] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤٩.

[١٣٦] عەلی وەردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٦-١٧٧.

ڕەزابەگ) سەرکردەی بوو بریتی بوون: لە تاقمەکـەی ژۆن تـورك و ئەمانـە ســـوور بـــوون لەســـەر ئـــەوەی دەبـــێ دەســـەڵات هـــەمووی بەدەســـت ناوەند(ئەستەمبوڵ)ەوە بێ و کاربەدەستان بەڕەگـەز تـورك بـن، تـاقمی دووەم بەشی زۆری لایەنگرانی ئەرمەنی بوون و داوای بوونی حکومـەتێکی ناوچەییان دەکرد بۆ خۆیان. بەپێی ماددەی (٦١)ی پـەیمانی بـەرلین ئـەو بڕیـارەی دابـوو بـۆ ئەرمەنیـەکان بەمـەرجێك ئـەو داخوازیـە کـورد و چەرکەسیش بگرێتەوە. بـەو جۆرە تاقمەکـەی ئەحمـەد ڕەزا دەیانویست هەموو نەتەوەکانی تری ناو دەوڵەتی عوسمانی لەبۆتەی نەتەوەی تورکدا بتوێننـەوە. بەرامبـەر بـە تاقمەکـەی ئەحمـەد ڕەزابـەگ تاقمەکـەی تـر بەسەرۆکایەتی سەباحەدین دامەزران بەناوی (تشبث شخصی و عدم مرکز جمعیتی)یان پێکەوەنا(مەبەست لامەرکەزی بوو) لەناو ئەوانـەدا: ئەحمـەد فەزلی کرا بە سکرتێری گشتی و ئیسماعیل کەمال بـەگی ئـەلبانی و دکتـۆر نهاد ڕەشاد، دکتۆر ڕەفعەت، میر ئالای نامق زکی و چـەند کەسێکی تـری تێدا بوو، ساڵی (١٩٠٦) لقێکیان لە تەرابزۆن و ئەرزڕۆم کردەوە و لقێکیش لە شام و لازقیە، هەموو لقـەکان بەسـتران بـەلقی سـەرەکیەوە و ئەوانـەی ئەستەمبوڵ کۆمـەڵێکیان دانـا بـەناوی (انقـلاب جمعیتـی) پرۆگرامەکـەیان بریتی بـوو: لـە بـەڕێوەبردنی کاروبـاری ویلایەتـەکان لەلایـەن ئەنجومـەنی شارەوانی ویلایەتەکانەوە، پێویستە ئەو ئەنجومەنە ئەندامەکانی بەدەنگی نهێنی هەڵبژێردرێن و هەر ناوچەیە دارایی تابیەتی خۆی هەبێت لەسنووری ئـــەو دەســـەڵاتەدا بـــۆی دادەنـــرێ، جگەلـــەوە نوێنـــەری ئەنجومـــەنی شارەوانیەکان دەبێ بەشداربن لە ئەنجومەنی مەبعوسانی پایتەختدا ، هەر

ویلایەتــە جەندرمــەی تایبــەتی خــۆی دەبــێ، والی و موتەســـەریفەکان و ســەرۆکی دارایــی(دفتردار) و ســەرۆکی دادگــا (دفــتر حقــانی مــدیرلری) و سەرۆکی دادگاکان بەپێی پێویست لـە دانیشـتوانی ویلایەتـەکان دابنـرێن. تاقمەکەی ئەحمەد ڕەزا پـرنس سـەباحەدین یـان بـەوە تاوانبـار کـرد بـوو ئامادە بووە داخوازی ئەرمەنیەکان بەجێ بێنێت.

پاش ماوەیەك ئیتحـاد و تـەرەقی سـەباحەدین یـان ناچـار کـرد واز لـە ڕێکخراوەکــەی خــۆی بێنــێ و بایدایــەوە بــەلای ئیتحــاد و تــەرەقی، لــەو لامەرکەزیەتــەی خــۆی پەشــیمان بــووەوە لــە ســالّی (١٩٠٨) (جمعیــت لامرکزی ونشـیت مشخصـی) هەڵوەشـێنرایەوە و ئەوانـەی لـەناو ئیتحـاد و تەرەقیــدا بەڕەگـــەز تـــورك نـــەبوون وردە وردە خۆیـــان کێشـــایەوە و ســەرگەرمەکانی ئیتحــاد و تــەرەقی مەبەســتەکانی خۆیــان ئاشــکراکرد، یــەکێکی وەکــو (حســین جاهیــد) کــە تــورکێکی زۆر ڕەگەزپەرســت بــوو باسێکی بڵاوکردەوە تیایدا وتبووی ئومەتی تـورك هـەتا هەتایـە هـەر ئـەو دەســەڵاتدار بێــت و پێویســتە ئیمتیــازێکی تایبــەتی هــەبێ بــۆ ئەوانــەی بەڕەگـەز تـورکن، ئـەوەی سـەرنج ڕاکێشـە دەربـارەی ئیتحـاد و تـەرەقی ئەوەیە هەرچەندە پرۆگرام و سیاسەتەکەیان بەڕووکـەش بریتـی بـووە لـە تورکچێتی، بـەڵام لەڕاسـتیدا لـە ژێـرەوە دەسـتێك هـەبووە نەخشـەیەکی دورودرێژی بۆ بەڕێوەبەرانی ئیتحاد و تەرەقی کێشابوو، هەندێ سەرچاوە لەم ڕووەوە ئاماژەیان بۆ زایۆنیزم و ماسۆنی کردووە هـەردوولایان تـاقمی ئیتحــاد و تــەرەقیان بــە تاقــە هێزێکــی بــەتوانا هەڵبــژارد بــوو بتــوانن مەبەستەکانی خۆیان لە ڕێگەی ئەو ڕێکخراوە بەجێ بێنن، کـە بریتـی بـوو لــە هەڵوەشــاندنەوەی خەلافــەتی ئیســلامی. بۆنموونــە : عەبدولعــەزیز

یامولکی باسی چالاکی جولەکەکانی ئەو ڕۆژانەی کردووە چۆن چالاك بوون لە بڵاوکردنەوەی نوسینەکانیاندا بۆ لایەنگرێتی ئیتحاد و تەرەقی لە ڕۆژنامەی(طنین) ی حسین جاهددا بڵاویان دەکردەوە.(١٣٧)

نوسەری ئەمریکایی(لوثر. ب) وتویەتی:" بەزۆر خەڵك کردن بەتورك وای لە ژۆن تورك کرد بەوپەڕی بێ عەقڵی و دەمارگیری و ڕەگەزپەرستیەوە ڕەفتار بکەن، ئەنجامەکەی بەوە گەیشت نەتەوەکانی ژێرسایەی عوسمانی هەموو ڕاپەڕن و ڕوو بە ڕوویان ببنەوە، بەتایبەتی لەدوای بڵاوبوونەوەی چەند کتێبێك وەکو کتێبی (تورك یوردی = مەملەکەتی تورك) و (تورك قلیجی= شمشێری تورك) و چاپ کردن و بڵاوکردنەوەی ژیانی تەیموری لەنگ و هۆلاکۆ و جەنگیزخان بەهاندان و چالاکی ژۆن تورك.(١٣٨)

ئیتحادیەکان لەکەش و هەوایەکی ڕاپەڕین دژی دوژمنی ملهوڕ و ستەمکار لەڕێگای کاری هاوبەش لەگەڵ کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی تر بۆ بەرگری کردن لە سوڵتان لەکاردابوون. ئیتحادییەکان دوای جەنگی باڵکان (١٩١٢- ١٩١٣) دوای ئەوەی باوەڕیان هێنا بە "مەبدەئی ئیفلاس" ی عوسمانی و نەمانی توانای ڕزگارکردنی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی لەهەڵوەشانەوە، پێشنیاری بنەمایەکی تازەیان کرد بۆ لێك نزیك بوونەوە لەگەڵ نەتەوەکانی تری ناتورك لەناو ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی.(١٣٩)

---

(١٣٧) محەمەد رسول هاوار،سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥٢.

(١٣٨) محەمەد رسول هاوار، هەمان سەرچاوە ، ل ٤٥٨.

(١٣٩) مجموعة من الباحثين السوفيت، تاريخ تورکيا المعاصر، ترجمة: الدکتور هاشم صالح التکريتي، السلمانية، ٢٠٠٧، ص ١٥-١٤.

## بەشداری کورد لە ڕێکخراوی ئیتحاد و تەرەقی و هۆی بەشدار بوونیان

کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی بەو دروشمانەی بەرزیان کرد بووە هەموو نەتەوە ناتورکەکانی ناودەوڵەتی عوسمانی بەعەرەب و مەکدۆنی و ئەرمەن و کورد و ئەوانی تر، بەشێوەیەکی تایبەت هەوڵی دابوو نەتەوەکانی تری لەدەوری خۆیان کۆکردبووەوە.[١٤٠] ئیتحاد و تەرەقی دروشمی وایان بەرز کرد بووەوە نەتەوەکانی تری ناتورکیش لەناو وڵاتی عوسمانیدا هاوکاری بکەن لە تێکۆشان بۆ چاکسازی دەستووری، سەرەتا دروشمەکانی حکومەتی نویێ بریتی بوون لە : ئازادی، دادپەروەری، یەکسانی، برایەتی، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم سەرکوت کردنی خوێناوی نەیارەکان دەستی پێ کرد. بەتایبەتی کاتێ بزوتنەوەی گەلانی ناتورك گەشەی کرد، لەراستیدا ئیتحاد و تەرەقی سەرچاوەی پەرەسەندن و بەهێزبوونی تەوژمی تورکچێتی و تۆرانچێتی واتە ڕەگەزپەرستی تورکی بوو.[١٤١] تاقمی ئیتحاد و تەرەقی نەخشەی ئەوەیان کێشا بوو، لەئەنجامدا سوڵتان لابەرن و خۆیان کاروبار بگرنەدەست، کوردیش لەو ڕۆژانەدا چاوی کرابووەوە دەیویست لەو چالاکیانەدا بەشداری بکات سوودی کوردی تێدا بێت، نەتەوەی کورد یەکێك بوو لەو نەتەوانەی لەسەرەتادا بەگەرمیەوە پێشوازی لە دروشمەکانی ئیتحاد و تەرەقی کرد، ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیرانی کورد بوون بەئەندام و هاوکار لەو ڕێکخراوەدا بەئومێدی

---

(١٤٠) مجموعه من الباحپين السوفيت، هەمان سەرچاوە، ص ١٤.

(١٤١) ئیسماعیل بێشکچی،سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠.

ئەوەی تاقمی ئیتحاد و تەرەقی لەدوای سەرگرتنی چاکسازی دەستووری کارێکی وادەکەن کوردیش مافی نەتەوایەتی خۆی دەستگیر بێت.[١٤٢]

کوردەکان شان بەشانی عەرەب، ئەلبان، باسناك، ئەرمەن و هی تر لەپێکەوەنانی کۆمەڵی ئیتحاد و تەرەقیدا بەچەشنێکی کاریگەرانە بەشدار بوون، بەڵام پاشان بۆ رابەرانی کورد و هەروەها نوێنەرانی گەلانی تر لە کۆمەڵی ئیتحاد و تەرەقیدا ئەندام بوون، دەرکەوت عوسمانیزم بریتیە لەزەوت کردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلانی ئیمپڕاتۆریەت.[١٤٣] بەڵام کە ئیتحادییەکان بوون بەدەسەڵاتدار لەبەڵێنەکانی خۆیان پاشگەز بوونەوە و ڕێکخراو و کۆمەڵە کوردیەکان و ڕۆژنامەکانیان داخست و کوردیش بەرامبەر بەوە کەوتە خۆی، هەستی نەتەوایەتی جۆشی سەند و دەستی کرد بە خەبات و تێکۆشان بۆ دەستگیر بوونی مافە ڕەواکانی خۆی کە تاقمی ئیتحاد و تەرەقی لێی پاشگەز بووەوە، هەروەکو ئەوەی لە گۆڤاری (ڕۆژهەڵاتی نوێ)ی ژمارە (٤) ی (١٩٢٣) باسێکی (لاهوتی) تێدا بڵاوکراوەتەوە لە هەردوو باسەکەدا دەربارەی سیاسەتی شۆڤینی ژۆن تورك دواون کەچۆن ڕەفتاریان بووە بە هۆی بزوتنەوەیەکی نەتەوایەتی توندڕەوانە لەناو کوردەکاندا بۆ بەر هەڵستی ئەو هەڵوێستەی تورکە شۆڤینیەکان.[١٤٤] لەڕاستیدا کورد ساویلکانە ڕوانیبویانە ئیتحاد و تەرەقی و بەدروشمەکانیان هەڵخەڵەتابوون، (روهات ئالاکوم) وتوویەتی: "

---

[١٤٢] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٣.

[١٤٣] دکتۆر عەزیز شەمزینی ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٧.

[١٤٤] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٣.

کاتێك شەریف پاشا کرا بە باڵیۆزی دەوڵەتی عوسمانی لە (ستۆکهۆڵم) لەو سەردەمەدا سولڵتان عەبدولحەمید لەسەر تەخت بوو، ئەحمەد ڕەزا بەگ بۆ ئەوە چوو بۆ بۆ سوید شەریف پاشا ببینێت و کاتێك دەچێتە سوید (موختار بەگ)ی سکرتێری باڵیۆزخانەی عوسمانی لە ستۆکهۆڵم بەنهێنی باسی ئەو چوونەی ئەحمەد ڕەزابەگ دەگەیەنێت بەکاربەدەستان لە ئەستەمبوڵ، بەمە پەیوەندنی شەریف پاشا و ئیتحا و تەرەقی ئاشکرا بوو، سولڵتان داوای لە شەریف پاشا کرد بوو ئەحمەد ڕەزابەگ بگرێ، بەڵام شەریف پاشا فەرمانەکەی بەجێ نەهێنا بوو، پاش ماوەیەك شەریف پاشا گوازرایەوە بۆ (مەدرید)، بەڵام نەچوو وازی لە کاری دەوڵەت هێنا و بەو جۆرەی ئەحمەد ڕەزا بەگ بەهۆی شەریف پاشاوە لە مەترسیەکی گەورە ڕزگاری بوو، بەڵام ئەحمەد ڕەزابەگ ئەو پیاوەتیەی شەریف پاشای لەبەر چاو نەبوو، دوای ئەوەی ئیتحاد و تەرەقی دەسەڵاتدار بوون ئەحمەد ڕەزا بەگ پیلانی کوشتنی شەریف پاشای نەخشەکێشا بوو.[١٤٥] بەکورتی کورد لە داخی زوڵم و زۆری سولڵتان بەدڵسۆزی و دڵپاکیەوە چوو بوونە ناو ڕێکخراوی ئیتحاد و تەرەقی  و ساویلکانە ڕەفتاریان کردبوو، بەڵام کاتێ لەنیاز و مەبەستەکانی ئیتحاد و تەرەقی گەیشتن لێیان جیابوونەوە و هەوڵیاندا بەجیا کۆمەڵە و ڕێکخراوی کورد دروست بکەن بۆ هوشیار کردنەوەی کورد بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجە نەتەوایەتیەکان.

---

[١٤٥] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦٧.

## داواکاری چاکسازی

لەئەوروپا لەماوەی ناوەڕاستی سەدەی هەژدەوە تا ساڵی (١٨٧٠)ی خایاند لەم قۆناغەدا گۆڕانێك ڕوویدا سەرهەڵدانی چەمکەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و تاکەکان بەو پێودانگەی هاووڵاتی و پێویستە بەیاسا دیاری بکرێت دەرکەوتن.[١٤٦] لەهەمان کاتدا بەرەڵایی و بێ یاسایی لەوڵاتی عوسمانیدا گەیشتبووە ڕادەیەك خەڵك لەوە زیاتر نەیاندەتوانی بەرامبەر بەڕەفتاری سوڵتان و کاربەدەستانی عوسمانی بێ دەنگ بن، لە هەموو لایەکەوە دەنگی بێزاری بەرز بووەوە، دانانی دەستوورێك بۆ وڵات ببوە داخوازی زۆربەی ڕوناکبیران و ڕۆشنبیران، لەبەر ئەوە سوڵتان مراد لەسەر کورسی دەسەڵات لابرا و عەبدولحەمیدی برای لەجێگای کرا بەسوڵتان، کاتێك سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەساڵی (١٨٧٦) بوو بە سوڵتان، یەکێك لەو مەرجانەی بۆی دانرا بوو، دەبوایە فەرمانی بە بەجێ هێنانی دەستوور بکا، حکومەت لە بارودۆخێکی بەرەڵڵاییەوە ببا بەرەو قۆناغێکی دەستووری بۆ ئەو مەبەستە بڕیاردرا (ئەنجومەنی مەبعوسان) پێك بێت.[١٤٧] دەربارەی چاکسازی دەستووری گۆڤاری (هلال) ساڵی (١٩٠٨) وتوویەتی: " لە زەمانی سوڵتان عەبدولحەمید خان (مەبەست سوڵتان عبدالحمیدی یەکەمە کەساڵی (١٨٣٩) سوڵتان بووە، ناچار کرا بڕیاری بەجێ هێنانی دانانی دەستوور بکات، لەتەموزی ١٩٣٩ کاتێك مستەفا ڕەشید پاشای باڵیۆزی عوسمانی لە قاهرە کرا بە وەزیری

---

[١٤٦] عوسمان حەسەن شاکر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩.

[١٤٧] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦٠.

دەرەوە، ئـەو مسـتەفا ڕەشـید پاشـایە ڕۆڵێکـی زۆر گرنگـی هـەبووە، لـە ڕێکخستنی کاروباری وڵاتدا بە بەرچاوی پیاوە گەورەکانی وڵات و بـاڵیۆزی دەوڵەتەکانـەوە (خطـی شـریف سـوڵتانی) لـە (گوڵخانـە) دا خوێندرایـەوە (گوڵخانە) یەکێك بـووە لـە سـەرا کۆنـەکان و پێشـی وتـراوە (طـوپ قبـو) لەتەنیشـت مزگـەوتی (ئـەیا صـوفیا) ) لەبەرئـەوەی ئـەو فەرمانبەرانـەی سوڵتان لەلایەن ڕەشـید پاشـاوە خوێنرابـووەوە لـە گوڵخانـە، بۆیـە نـاوی لێنـرا (خطـی شـریف گوڵخانـە) بـەپێی ئـەو فەرمانـە هـەموو هاووڵاتیـانی عوسمانی دەبوایە بەیەك چاو تەماشا بکرێن.

لەساڵی (١٨٦١) لەلایەن سـوڵتان عەبدولعـەزیزەوە فـەرمانی چـاکردنی باری وڵات دەرچوو، بەڵام دەرکردنی ئـەو فەرمانـە هـیچ سـودێکی نـەبوو، چونکە زوڵم و زۆر و لە یاسا لادان هەروەکو خۆی مابووەوە، تاقە شـتێکی باش کرا بوو بریتـی بـوو لـە هەڵوەشـانەوەی هێـزی ئەنکشـاری. ئەوانـەی چالاك بوون لە داخوازی کردنی دانانی دەستوور بریتی بوون لە: مەدحـەت پاشا، عوسمان پاشا، زیا پاشا، ڕوشدی پاشا، کـەمال بـەگ، بڕیـار وابـوو سـعدوڵلا بـەگ و زیـا بـەگ و کـەمال بـەگ بکـرێن بـە ڕاوێـژکاری سـوڵتان، لــەڕۆژی (٢٣-١٢- ١٨٧٦) دا ســوڵتان عەبدولحەمیــد فــەرمانی قــانونی ئەساسی دەرکرد، لەبەر ئەوەی ڕەشید پاشـا پـیر ببـوو لابـرا و مەدحـەت پاشا بە سەدری ئـەعزەم دانـرا، لـەو دەسـتوورەدا هـاتبوو ئەنجومـەنێکی گشتی لەدوو دەستە پێك بێت:

**ئەنجومــەنی پــیران:** دەسـتوور مـافی هەڵبـژاردنی ئـەو ئەنجومەنـەی بەسوڵتان سپارد، بەمەرجێك ژمارەی ئەندامەکانی لەسـێیەکی ئەنجومـەنی

مەبعوسـان زیـاتر نـەبێت، سـوڵتان ئەنـدامانی ئـەو ئەنجومەنـەی لەوانـە هەڵبـژارد تەمـەنیان لەسـەرووی (٤٠) سـاڵ بـوو، ئەوانـەی ناوبانگێکیـان هـەبوو، خزمـەتی دەوڵـەتیان کردبـوو، ئەندامـەتی بەدرێـژایی تەمـەنی ئەندامەکە بوو زیاتر واباو بوو ئەوانەی بۆ ئـەم ئەنجومەنـە هەڵدەبـژێردران لە وەزیرە کۆنەکان و والییەکان و گەورە ئەفسـەرانی سـوپا و قازیـەکان و بـاڵوێز و مـەلاکان بـوون، موچـەکەیان دە هـەزار قـرۆش بـوو، ئـەرکیان چـاودێری یاسـاکان و بودجـە و ڕەدکردنـەوەی کـەموکوڕی هـەر یاسـایەك بەرامبەر سوڵتان و شەریعەت بێ.[148]

**ئەنجومەنی مەبعوسان:** کاتێـك سـوڵتان عەبدولحەمیـد بـۆی دەرکـەوت دەوڵەتــە ئەوروپاییــەکان ســوورن لەســەر بــەجێ هێنــانی چاکســازی دەستووری، ئیتر دەم و دەس بڕیاری دانانی ئەنجومەنی مەبعوسانی دابوو بۆ ئەوەی ئەو ئەنجومەنە ئەو ئیشە بکـا و لـە (٥-٩-١٨٧٧) ئەنجومـەنی مەبعوسان هەڵبژێرا.[149] ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە لەلایەن ویلایەتەکانەوە هەڵدەبژێران، هەر ئەندامێك نوێنەرایەتی (٥٠) هەزار کەسی دەکـرد، بـەڵام ئافرەت بۆی نەبوو دەنگ بدات، بەپێی خاڵی (٦٥) ی دەستوور هەڵبژاردن بەنهێنی بەڕێوە چوو، نەدەبوو ئەندام تەمـەنی لـە (٢٥) سـاڵ کـەمتر بـێ، هەر ئەندامێك نەدەبوو ئـەرکێکی تـری حکـومی هـەبێت جگەلـە وەزارەت، مـاوەی ئەندامــەتی لەئەنجومــەن (٤) ســاڵ بــوو، دەوایــە ئەنــدامی ئــەو ئەنجومەنە زمانی تورکی بزانێ و موچەی مانگانەی (٢٠) هەزار قرۆش بوو،

---

[148] دکتۆر عبدوللا عەلیاوەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٦.

[149] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦٢.

سـەرەڕای خـەرجی سـەفەر بـۆ پایتـەخت.[150] ئەنجومـەن لە(سـەرای دولمەباغچەسـی) لەگـەڕەکی (بیکطـاش) کۆبـووەوە لـەو کۆبوونەوەیـەدا وتارێکی سـوڵتان خوێندرایـەوە. بـۆ وەڵامدانـەوەی ئـەو وتـارەی سـوڵتان کێشـەیەك پەیـدا بـوو، چـونکە نوێنـەرێکی ڕۆمـی (یۆنـانی) و نوێنـەرێکی ئەرمەنی ناڕەزایی خۆیان دەربڕی بەرامبەر هەنـدێ لەوتارەکـەی سـوڵتان، چونکە مافی نەتەوەکانی تری (جگەلە تورك) تیایدا ڕوون نـەکرا بـووەوە، بەڵام بەزۆری دەنگ جگەلە(١٨) نوێنـەری ڕۆم و ئێلـی و ئەرمـەن کـە دژی بوون، وتارەکەی سوڵتان پەسند کرا (بێ گومان لەو ئەنجومەنەدا نوێنەری کوردیش هەبووە، بەڵام ناڕەزاییان دیارنیە، سەیر ئەوەیە ئەو نوێنەرانـەی کورد هـاوبیری ئەرمـەنی و یۆنانیـەکان نـەبوون لەسـەر ئـەو ڕایـەی بۆچـی جگەلە تورك ناوی هیچ لایەکی تری تێدا نەهێنراوە).[151]

سوڵتان عەبدولحەمید دوای ئەوەی چووە سـەر تـەخت لـە هـەموو ئـەو بەڵێنانەی دابووی پاشگەز بووەوە، لەجیاتی ئەو سێ کەسە بە ئـارەزووی خۆی خەڵکی دانا بۆ ئەوەی خۆی لەبەجێ هێنـان و سـەرگرتنی دەسـتوور دووربخاتـەوە. بـابی عـالی لـە (٢٠-١-١٨٧٧) داخـوازی دەوڵەتـەکانی پشتگوێ خست و ئەمە بوو بە هۆی تێکچوونی نێوان بابی عالی و دەوڵەتـە ئەوروپاییەکان. پاش ئەوەی تەقـەلاکانی مەدحـەت پاشـا سـەری نـەگرت، نامەیەکی نارد بۆ سوڵتان و تیایدا نووسیبووی:

---

[150] دکتۆر عەبدوللا عەلیاوایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٧.
[151] محەمەد رسول هاوار،سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦٢.

" مەبەست لە دانانی دەستوور بۆ وڵات نەهێشتنی زوڵم و جەور و ستەم بوو لەگەڵ دانانی دەستووری، دەسەڵاتی ئێوەش، کارێکی وابکرێ کاربەدەست و فەرمانبەرانی لێ هاتوو دابنرێن بۆ کاروباری وڵات. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێزی خۆم پێشکەش دەکەم، بەڵام بەپێی ئەحکامی شەرع بۆم هەیە و پێویستە لەسەرم عەرزتان بکەم ئەو بڕیار و فەرمانانە بەجێ ناهێنم سوودی میللەتی تیادا نەبێت." لە ئەنجامی ئەوەدا مەدحەت پاشا دوور حرایەوە بۆ ئیتالیا.[١٥٢]

## مادەکانی چاکسازی

دەربارەی ناوەرۆکی مادەکانی چاکسازی دەستووری لەکاتی دەرچوونیەوە هەتا (١٩٠٨) نەخرا بووە گەڕ و کاری پێ نەکرا بوو، بەندەکانی یەکجار دوور و درێژە و بریتی بووە لە (١١٩) بەند، بەڵام گرنگترینیان ئەمانەن:

١- هەموو هاووڵاتیەکی عوسمانی بێ جیاوازی ئاین و نەتەوە، مافی سەربەستی هەیە و دەبێ هەموویان وەکو یەك سەیر بکرێن و ئەرکی سەرشانی هەموویان بەرامبەر بەوڵات وەکو یەك وایە.

٢- نابێ هیچ کەسێك بەبێ دەرچوونی بڕیاری یاسایی بگیرێت و بخرێتە ژێر گوشاری لێپرسینەوە.

٣- نابێ هیچ جۆرە دادگایەك دابنرێت بەبێ بوونی بڕیارێکی یاسایی بۆ دروست بوونی لە دادگا بەولاوە کەسی تر مافی ئەوەی نابێ بەزۆر داوای وەڵامدانەوەی پرسیار بکا.

---

[١٥٢] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦٠.

٤- پێویسته ماڵ و موڵکی هەموو هاووڵاتیەك بپارێزرێ و بەبێ بڕیاری دادگا کەس دەسەڵاتی ئەوەی نییە بچێتە ناو ماڵی هیچ کەسێك و بی پشکنێ یا پرسیاری لێ بکات بۆ وەرگرتنی زانیاری.

٦- هەموو هاووڵاتیەکی عوسمانی مافی ئەوەی دەبێ بۆ هەر وڵاتێك حەز بکات بۆی بچێت بەنیازی بازرگانی یا بۆ گەشت و گەڕان و بۆی هەیە تێکەڵ بەهەموو کەس و هەموو کۆمەڵگایەك ببێت.

٧- پێویست بەبوونی ڕەزامەندی حکومەت ناکا بۆ دەرچوونی چاپەمەنی و ناردنی هیچ نامەیەکی تایبەتی نابێ لەدەزگاکانی پۆستەخانەدا ناردنی دوابخرێ و تەنیا دادگا مافی ئەوەی هەیە تاوان بداتە پاڵ هەر نووسەرێك لە نووسینەکانیاندا لە بواری ڕێگادانی یاسایی لایدابێ.

٨- خوێندن و فێربوون بۆ هەمووانە و کەس نابێ ڕێگا لەوە بگرێ.

٩- نابێ هیچ کارو فەرمانێك بەزۆرەملێ بسەپێنرێ بەسەر هیچ کەسێکدا ئەوکارەی بەدڵ نەبێ.

١٠- جگەلە وەزیری جەنگ و دەریا، پێویستە هەموو وەزیرەکانی تر لەلایەن سەدری ئەعزەمەوە دابنرێن، بێ جگە لەوانەی کاروباری شێخایەتی(ئاینی) ئیسلامی دەبەن بەڕێوە، ناوەکانیان بنێردرێت بۆ ئەنجومەنی مەبعوسان بۆ پەسندکردنیان. باڵیۆزەکان بەپێی بڕیاری وەزیری دەرەوە و والی و ویلایەتەکان بە بڕیاری وەزیری ناوخۆ دادەنرێن.[١٥٣]

---

[١٥٣] محەمەد رسول هاوار، هەمان سەرچاوە،ل ٤٦٢.

## کودەتای ١٩٠٨ و بارودۆخی کوردستان

لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا بەرەڵایی و بێ یاسایی لەوڵاتی عوسمانیدا گەیشتبووە ڕادەیەك خەڵك لەوە زیاتر نەیاندەتوانی بەرامبەر بەدڕەفتاری سوڵتان و کاربەدەستانی عوسمانی بێ دەنگ بن، لە هەموو لایەکەوە دەنگی بێزاری بەرز بووەوە، دانانی دەستوورێك بۆ وڵات ببووە داخوازی زۆربەی ڕوناکبیران و ڕۆشنبیران. ژۆن تورك و ئیتحاد و تەرەقی ئەوەیان بەهەل زانی و نەبوونی دەستورێك بۆ پەیڕەو کردن، دانانی سنوورێك بۆ کاربەدەستانی وڵات بۆ سوڵتان بەتایبەتی کرا بە داخوازی سەرەکی و دەست کرا بە بڵاوکردنەوەی بانگەوازێك بۆ دانانی دەستوور و چاك کردنی باری وڵات، لە ئەنجامدا لەساڵی (١٩٠٨) توانرا سوڵتان ناچار بکرێ فەرمانی بەجێ هێنانی ئەو دەستوورەی مۆرکرد، سوڵتان عەبدولحەمید خۆی لە ساڵی (١٨٧٦) دەری کرد بوو. نەتەوەی کوردیش وەکو بەشێك لە هاوڵاتیانی عوسمانی بێزار بوو بەرامبەر بەو بەرەڵایی و بێ یاساییەی ناو وڵات، ئەویش وەکو ڕۆشنبیرانی تری نەتەوەکانی عوسمانی حەزی بە بوونی یاسایەك دەکرد هەتا لە سایەیدا لەناوچەکانی خۆیدا بەئاسوودەیی بژی، هەموو هاووڵاتیان بەپێی ئەو یاسایە، وەکو یەك بژین و هەمان مافیان هەبێت، ژۆن تورك و ئیتحاد و تەرەقی لەسەرەتاوە خۆیان وا دەرخستبوو ئامادەن ئەو دەستوورە بۆ وڵات دابنرێ وەکو یەك سەیری هەموو دانیشتوان بکەن بێ جیاوازی ڕەگەز و ئاین، کورد بۆ گەیشتن بەو مەبەستە چووە ناو ڕیزەکانی تاقمی ئیتحاد و تەرەقیەوە.[١٥٤]

---

[١٥٤] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥٨–٤٦٠.

لــه (٢٣) تــەموزی (١٩٠٨) تورکــە لاوەکــان کودەتایــان بەرامبــەر دامودزگاکانی سولّتان عەبدولحەمید کرد، توانیان دەسەلأت بگرنەدەست و ســـولّتان عەبدولحەمیـــد ناچـــاربکەن دەســـتووری ســـالّی (١٨٧٦) بگێڕێتەوە.[١٥٥]

ئیتحاد و تەرەقی تـوانی لەکودەتاکـەی سـەربکەوێت و بـەم کودەتایـە قۆنـاغێکی نـوێ لـەژیانی ئیمپڕاتۆریـەتی عوسمـانی و کوردسـتان دەسـتی پێکرد.[١٥٦] لەئەنجامدا سولّتان ناچاربوو دەستووری پـەکخراوی (١٨٧٦) ڕابگەیــەنێ و پەرلــەمان دابمــەزرێنێ.[١٥٧] تورکــەلاوەکان لــەزۆر کاتــدا کۆنترۆڵی شێوازی بەڕێوەبردنی سیاسەتیان کرد بوو، ئەم دەسەلأتە نوێیە کاریگەری لەسەر کوردی نێو قەڵەمڕەوی عوسمانی هەبوو......لێبوردنیان بۆ شێخ عەبدولقادر دەرکرد و کردیان بە ئەندام لەئەنجومەنی پیرانـدا.[١٥٨] لەلایەکی دیکە تورکە لاوەکان داوایـان لەسـولّتان کـرد سـوارەی حەمیدیـە هەڵبوشـێنێتەوە و فــەرمان دەرکــرا بــۆ دادگــایی کردنــی زەکــی پاشــای دامەزرێنــەری ســوارەی حەمیدیــە، بــەبیانوی ئــەوەی نــەیتوانیوە بــەر لــە بزوتنەوەکانی دەرسیم بگرێ، لـە ئـەیلولی (١٩٠٨) فـەرمانی چـەك کردنـی سوارەی حەمیدیە دەرکرا، بەلأم جێبـەجێ نـەکرا،[١٥٩] چـونکە ئـەو کاتـە تورکە لاوەکان خاوەن توانـای پێویسـت نـەبوون، بـەلأم توانیـان شـێوەی

---

[١٥٥] ئیسماعیل بێشکچی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠.
[١٥٦] محەمـەد سـالّح ئـاکرەیی، کـورد و دەولّـەتی سـەربەخۆ بـەپێی بەلّگەنامـە نێـو دەولّەتیەکان، چاپی یەك ، دهۆك ٢٠٠٧، ل ٧.
[١٥٧] فەرید ئەسسەرد، گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستان، ل ٧٤.
[١٥٨] کۆمەلیك نوسەر، بزاڤی رزگاریخوازی کورد، ل ١٠٩.
[١٥٩] کۆمەلیك نوسەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

سوارەی حەمیدیە بگۆڕن بۆ سوارەی هێزی سوکی عەشایری. چاودێرێکی ڕووسی دەڵێت ئیدی شتێك نەما پێی بووترێت "سوارەی کورد"[١٦٠] ژمارەی ئەوانەی ئیتحاد و تەرەقی بوون یا سەر بەوان بوون زۆربەی ئەندامەکانیان پێك دەهێنا و ئیتر ڕێگا لەوە گیرا سوڵتان دەست بخاتە ناو هەموو کاروبارێکی وڵاتەوە. پاش ئەوە نارێکی و تێکچوون و نارێکی تاقمی ئیتحاد و تەرەقی و نەیارەکانیان ئاشکرا بوو لە (١٤-٤-١٩٠٩)دا کۆبوونەوەیەکی فراوان کرا و لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاری لابردنی سوڵتان عەبدولحەمید درا و بەپێی فتوایەکی شێخو لئیسلام محەمەد ڕەشاد بەناوی سوڵتان محەمەدی پێنجەمەوە لەجیاتی عەبدولحمید کرا بەسوڵتان.[١٦١] عەلی وەردی دەڵێ: لە ٢٦ نیسان ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیاوماقوڵان کۆبوونەوەیەکیان بەست، لەو کۆبوونەوەیە هاوبەشەدا بڕیاری لەسەر کارلابردنی سوڵتان عەبدولحەمید درا، شێخول ئیسلامیان بانگ کرد تافەتوای پێویست بدا، کاتێ فەتوایدا بەرلولەی تفەنگ دەورەی درابوو، شاندێك لەچوار کەس پێکهات و فەرمانەکەیان بەسوڵتان گەیاند، سەیر لەوەدابوو ئەندامانی شاندەکە تورکی ڕەسەن نەبوون، تەنیا هاوڵاتی عوسمانی بوون، ئەگینا بەڕەچەڵەك ئەرمەنی و ڕۆمی و جولەکە بوون.[١٦٢]

---

[١٦٠] کۆمەلیك نوسەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠- هەستیار کەمال کوردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٢-٢٩٣.

[١٦١] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦٣.

[١٦٢] عەلی وەردی، چەردەیەکی کۆمەڵایەتیانە لەمێژوی نویی عیراق، و: غەفور سالح بەرگی سییەم،ل ١٩٥.

ئەو چاكسازی دەستووریە هەرچەند سولّتان مۆری كرد بوو، بەلاّم كاتێك تاقمی ئیتحاد و تەرەقی دەستیان گرت بەسەر كاروباری ولاّتدا ئەو شتانەی لەو ماددانەدا بەدڵیان نەبوو هەموویان پشتگوێ خست و هەموو دەستوورەكەیان پێ شێل كرد، ئەوان لە سولّتان زۆرتر بەرەلاّبوون بە ئارەزووی خۆیان كاروباریان دەبرد بەڕێوە، لەهەموو بەڵێنەكانی خۆیان پاشگەز بوونەوە.[١٦٣] ئیتحادییەكان دوو ساڵ كاریان كرد بێ ئەوەی هیچ كۆسپ و لەمپەرێك بێتە ڕێیان و هەوڵ و تەقەلایان بشێوێنی، بەم كارە زۆر گەشبین بوون، لایان وابوو بەم زووانە عوسمانی لەنەخۆشیەكەی ڕزگار دەكەن و لەگەڵ شارستانی نوێ هاوشان دەبێ، ئەوان لەگەشبینی خۆیان دابوون، لە (٢٧)ی ئەیلولی (١٩١١) لەپڕ ئیتالیا ئاگاداریەكی بیست و چوار سەعاتی دانێ، كەنارەكانی تەڕابلوسی ڕۆژئاوا واتە لیبیای ئێستا و گرنگترین شارە گەورەكانی سەر دەریای ناوەڕاستیان داگیركرد.[١٦٤] نكوڵی لەوە ناكرێ سەردەمی دەستوور چاكەی زۆری هەبوو بەراورد بەرابردوو، موحافیزكارەكان لەسەرتەخت لابران و لاوانی خوێن گەرم حەزیان لەكاری بەردەوام نوێ كردنەوە بوو جێگایان گرتنەوە، بەلاّم ماوەیەك تێپەڕی تا خراپییەكانی بەئاشكرا دەركەوتن، لەگەڵ ڕۆژگاردا گەشەیان كرد، خەڵك لە زیادەڕۆیەكانیان بێزار بوون، زۆر گەشبینی بەسەریاندا زاڵ بوو، بەحەماسەتەوە شوێن بیرۆكەیەك كەوتبوون، هەستیان دەكرد دەتوانن بەهێزی ئیرادە بەدی بێنن. سروشتی هەموو كودەتایەك یا شۆڕشێك ئەوەیە خەڵكی توندڕەوی تێدا هەڵدەكەوێت، دەشیانەوێ خەڵك ئەم توندڕەویەیان بۆ حەلاّڵ بكات. دەبێ هەموو

---

[١٦٣] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوول ٤٦٦.

[١٦٤] عەلی وەردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٨.

سەردەمێکی نوێ خەڵکانێك هەبن دژی بن، پیلانی بۆ بنێنەوە، هەرکەسێ کاری لەدەست چوو یا لەسەردەمی نوێ بەرژەوەندی نەما بێگومان دەبێتە دوژمنی. لەسەردەمی دەستووردا ناڕازییەکان زۆر بوون، هەموو هەڵیەکیان دەقۆستەوە و لەناو خەڵکی گەورەیان دەکرد، سروشتی خەڵکی ڕەشۆکیش ئەوەیە مەیلی باوەڕکردنیان هەیەو زوو بڵاوی دەکەنەوە، پیاوانی سەردەمی نوێ زوو یادرەنگ دەبێ ببنە دوو بەشی ناکۆك و دژبەیەك، چونکە لەڕابردوودا تەبابوون لەژێر هەڕەشەی دوژمنێکی مەترسیدار هەڕەشەی لێ دەکردن، کەبەسەر دوژمنەکەیاندا سەرکەوتن لەنێو خۆیاندا بوونە دژی یەکتر بەهۆی ئێرەیی و ململانێی نێوخۆیان، هەر گروپێك لەوان ڕای خۆی بەڕاست دەزانێت، پاشان پەرەدەستێنێ و لەجیاتی سەرقاڵی دوژمنەکەیان بن کەڕووبەڕوویان وەستاوە، خەریکی کێشەکانی نێوان خۆیان دەبن و زۆر جار بەلێکترازان کۆتایی دێت. ئەو جەماوەرەی شوێنیان کەوت نائومێد بوون، متمانەی لەدەست داو چونکە ئەوان وەك دروشمەکانی سەرەتا ئازادی و برایەتی و یەکسانی و دادپەروەریان دەوێ، بەلام کە دەبینێ لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ناتەبان یان لەبەرژەوەندی نەیارەکانیەتی نکوڵی لێ دەکات، بەمەش خەڵك دەیانەوێ حکومەت خەڵکی لەخۆیان بەرزتر یەکسانیان بکات، نەك لەگەڵ خەڵکی لەخۆیان نزمتر یەکسانیان بکات، دەیانەوی هەرچی دەیکەن سەربەست بن، بەلام هەر کە دەبینن خەڵکی تریش سەربەستیان هەیە لێی تووڕەدەبن و جنێوی پێ دەدەن و جنێو بەحکومەتیش دەدەن.(١٦٥)

(١٦٥) عەلی وەردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٤-١٨٧.

## پاشگەز بوونەوەی ئیتحاد و تەرەقی لەبەڵێنەکانی بەرامبەر بەکورد

کاتێك سوڵتان عەبدولحەمید ناچارکرا فـەرمانی چاکسـازی دەسـتووری بکا، لە ساڵی (١٩٠٨) تا ئەوکاتە ئیتحاد و تەرەقی مەبەسـتەکانی خۆیـان ئاشـکرا نـەکرد بـوو، کـورد بەگەرمیـەوە هاوکـار بـوون لەگـەڵ ئیتحـاد و تەرەقیدا، (جنبشهای) دەڵێت: بەرلەوەی ئیتحادیەکان ببن بە دەسـەڵاتدار گەلێ کوردی ناسراوی وەکو سەید عەبدولقادر شەمزینی و شەریف پاشـا و ئەحمـەد زولکفـل پاشـا بـەنیازێکی پـاك چـوو بوونـە پێشـەوە، بـەناوی کـوردەوە هاوکاریـان کـرد بـوو، ئیتحادیـەکانیش لەسـەرەتادا شـێخ عەبدولقادریان کـرد بـە سـەرۆکی ئەنجومـەنی (سـەنا–پـیران) و ڕێگایانـدا بەعالی بەدرخان و شێخ عەبدولقادر کۆمـەڵێکی سیاسـی کـورد پێـك بێـنن، ڕۆژنامەیـەکیان بـەناوی (کـورد تـەعاون تـەرەقی گەزەتەسـی) دەرهێنـا و ڕۆژنامــەی (تــەعاون و تــەرەقی کــورد) بەســەرکردایەتی جــەمیل بــەگ دەرچوو، بایەخێکی زۆریدا بە فەرهـەنگ و زمـانی فۆلکلـۆری کـوردی.(١٦٦) بەڵام ئیتحادییەکان جەختیان لەسەر تۆرانچێتی دەکردەوە، بەشـێوەیەکی دیماگۆگی دەیـانگووت نـابێ لەنیشـتماندا هـیچ نەتەوەیـەك جگەلـە لەیـەك نەتەوە هەبێ، ئەویش نەتەوەی عوسمانیە.(١٦٧) لەوکاتەدا کۆمەڵی ئیتحـاد و تەرەقی بێ هێز بوو، چونکە تازە بانگی مەشروتیەت درابـوو، دەسـتەی سوڵتان عەبدولحەمید هەر بەهێز بوون و دژی ئیتحاد و تەرەقی لە چالاکی

(١٦٦) محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧٢.

(١٦٧) مجموعه من الباحپین السوفیت، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٥.

دابوون دەيانويست دەوری سەڵتەنەت و ديكتاتۆری خەليفەكانی عوسمانی زيندوو بكەنەوە، ئينجا كۆمەڵی ئيتحاد و تەرەقی بۆ ئەوەی خۆی بەهێز بكات لەگەڵ (تاشناق)ی كۆمەڵی ئەرمەنيەكاندا ڕێك كەوت بۆ پشتگيری و يارمەتيدانی يەكتری. كۆمەڵی ئيتحاد و تەرەقی لەسەر بنچينەی (تۆرانيزم) پێكهاتبوو، باوەڕی بەڕەگەزپەرستی هەبوو، هەر نەتەوەيەك لەڕەگەزی تورك نەبوايە دانيان بەمافی دا نەدەنا، ڕێكەوتنەكەشی لەگەڵ تاشناقدا جۆرە پيلانێك بوو لەپێناوی بەهێز كردنی تۆرانيدا.(١٦٨)

لە ساڵی (١٩٠٩) ئيتحادييەكان هێزيان پەيدا كرد وردە وردە لەگەڵ كوردەكاندا ساردی كەوتە نێوانيانەوە.(١٧٤) توركە لاوەكان بەم سەركەوتنە خۆيان لێ گۆڕا و لەبەڵێنەكانی خۆيان پەشيمان بوونەوە، لەنامەيەكی نهێنی بەڕێوەبەرايەتی جەنگی قەفقاسدا هاتووە" حكومەتی توركيای لاو بەهۆی ئەو سەركەوتنە سياسەی چنگی كەوت، ئەوەندە غەررا بووە لەئاست كێشەی كورددا كوێر بووە و ئەوەندە دووربينی پێ نەماوە كوردەكان بناسێت، لەم ڕۆژانەدا كوردەكان بەيەك چاو، بەچاوی دوژمنانە دەڕواننە حكومەتی تورك لەوە دەكات هەموويان بچن بۆ ئێران يا ڕووسيا".(١٦٩)

كوردەكان هەستيان بەمەبەستەكانی تورك كرد و ئەوانيش كەوتنە خۆيان پەيوەنديان بەئەفسەرانی كوردەوە كرد لەناو سوپای عوسمانيدا،

---

(١٦٨) اسماعيل حقی شاوەيس، كۆمەڵی كوردستان، گۆڤاری رۆژی نوی، ژ٦ سالی ١ ئەيلولی ١٩٦٠، ل ٤٣.

(١٦٩) هەستيار كەمال كوردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٤.

لەگـەڵ ئەرمەنیەکانیشـدا نزیـك بوونـەوە و دۆسـتایەتی یـان پەیـدا کـرد تورکەکان بەرامبەر بەوە تەقەلایەکی زۆریانـدا بـۆ تێکدانی نێـوان کـورد و ئەرمەنی و لەگەڵ پیـاوە ئاینیـەکانی کـوردا تەقەلایـەکی زۆریانـدا لەسـەر پێـرەوی کـوردە ناسیۆنالیسـتەکان نـەڕۆن لـە نزیـك بوونـەوەیان لەگـەڵ ئەرمەنیــەکان، بەهانــدانی بێگانــە دەیانویســت لــەناو کوردســتاندا بــبن بەدەسـەڵاتدار و لـە ئەنجامـدا توانیـان کوردەکـان بکـەن بـە دوو بەشـەوە تاقمی بەدرخان و ڕۆشـنبیرەکان دەیانویست دۆسـتایەتی لەگـەڵ رووسـدا پەیدا بکەن، عەبدولرەزاق بەدرخان یەکێك بوو لەو کوردانـەی تەقەلایـەکی بێ سوودی دابوو بۆ پەیوەندی کـردن و دۆسـتایەتی لەگـەڵ رووسـەکاندا، بــەڵام تاقمەکــەی تــر بەســەرۆکایەتی شــێخ عەبــدولقادر لەســەر ئــەو بیروبۆچوونەی ئەوان نەبوون و تورکەکان سودێکی زۆریـان لـەو ناکۆکیانـە نێوان هەردوولادا دەسگیر بوو.[١٧٠] تورکـەلاوەکان گۆڤـار و ڕۆژنامـەکانیان داخست کاریگەری لەسەر چەندین بزوتنەوەی کوردهەبوو.[١٧١]

لەساڵی (١٩١١) دا کۆمەڵی ڕۆشنبیری کوردیـان یاسـاغ کـرد، جگـە لـە ڕۆژنامەی (کـورد تـەعاون تـەرەقی گەزەتەسـی) و قوتابخانـە کوردیـەکان داخران، لەئەنجامی ئەمەدا ژمارەیەکی زۆر لە کوردە ناسـراوەکان وڵاتیـان بەجێ هێشت و ئەوانـەی مابونـەوە بـەنهێنی کاریـان دەکـرد، بەرلـەوە لـە ساڵی (١٩٠٦) دا عەبدولرەزاق بەدرخان و عەلی شامل پاشـا بـەوە تاوانبـار کرابوون دەستیان هەبووە لە کوشتنی بەڕێوەبەری پۆلیسی ئەستەمبوڵ و

(١٧٠) محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧٣.
(١٧١) جەعفەر عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٨.

چەند کەسێك لەسەر ئەوە هەڵواسران و عەلی شامل پاشا ئاوارە کرا بۆ تەرابلس، عەبدولرەزاق خۆی دەرباز کرد. ئەوەی شایانی باسە لەو رۆژانەدا تاقمی ئیتحادو تەرەقی دەسەڵاتیان گرتبووە دەست و مەستی سەرکەوتن بوون، بەڕای ئیتحاد و تەرەقی دوای دەست بەسەراگرتنی تورکیا و پاش کودەتای (١٩٠٨) ئەگەر بێت و مافەکانی ناتورك بدەن چ سەربەخۆیی بێت یاخود ئۆتۆنۆمی کارێکی تێکدانی یەکێتی دەوڵەتی عوسمانییە، ئەم حزبە شۆڤێنیە بڕیاریدا زۆر بەتوندی لەو خەڵکانە بدەن دژیان دەوەستن و داوای مافی خۆیان دەکەن.[١٧٢] ئیتحاد و تەرەقی لەئەستەمبوڵ کۆمەڵێکی تۆرانیزمی تریان دامەزراند، گۆڤارێکی تۆرانیشیان بەناوی (تورك یوردی) واتە (نیشتمانی تورك)ەوە دەردەکرد، ئەم گۆڤارە دەستی کرد بەهێرش بردنەسەر ئەو نەتەوانەی تورك نین، بەشانازییەوە باسی (ئاڵتوون دەوری) دەکرد لەسەر حکومەتە سەڵتەنەتەکەی (ئاڵتای) وە لەسەر (جەنگیزخانی) دەنووسی و داوای دەکرد ئەو نەتەوانەی تورك نین دەبێ بەزۆر بتوێنرێنەوە بکرێن بەتورك، بەم جۆرە ئیتحاد و تەرەقی ڕووی ڕاستەقینەی خۆی دەرخست هەوڵی دەدا دەوری هۆلاکۆ و جەنگیزخان زیندوو بکاتەوە.[١٧٣]

سالّی (١٩١٣) کاتێك ئەرمەنەکان داوای حوکمی زاتیان کرد لە کوردستان (گوایا ئەرمەنەکان داوایان دەکرد دەوڵەتێکی ئەرمەنی دروست بکەن بەمەرجێك بریتی بێت لە خاکی کوردستان) ئەمەش بەهاندانی

---

[١٧٢] محەمەد سالّی ئاکرەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.
[١٧٣] اسماعیل حقی شاوەیس، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.

بـەریتانیا و ڕووسـیای قەیسـەری بـوو، کـاتێ ئەرمەنـەکان خـەریکی ئەمـە بوون، کۆمەڵی ئیتحاد و تەرەقی خۆی لـە کـورد نزیـك کـردەوە و هەنـدێك بـــەڵێنی بەتێکۆشـــەرانی کـوردددا، دەربـــارەی ژیـــانی گــەلی کـــورد، ئـــەم بەڵێنانەش بریتی بوون لە دان نان بەو مافانەی کورد کاتی خـۆی کۆمـەڵی کوردستان داوای دەکرد بەمە کورد لە حکومەتی تورك نزیك بووەوە.(١٧٤)

تورکـــەکان دەیانویســـت هـــەموو کاروبـــارێکی نـــاو ویلایەتـــەکان ببەستێرێتەوە بەناوەندەوە، بەرامبەر زیاردەڕۆیی ئـەوان ڕێکخراوێکـی تـر پەیـدا بـوو بـەناوی (حریـە و ائـتلاف) تاقمێـك لـە ڕۆژهەڵاتناسـانی رووس دەربارەی پەیوەندی ئەو ڕێکخراوە و هەڵوێسـتی کـورد باسـیان کـردووە" لەســاڵی (١٩١١) دا دوای ئـــەوەی عوسمانییـــەکان لـــە لیبیـــا لەلایـــەن ئیتالییەکانەوە شکان و عوسمانیەکان دەرکـران و حکومـەتی تـورك بـەوە پەرێشـان کـرا و کـورد لـەو شـەڕەدا هاوکـاری حکومـەت نـەبوو خـۆی لـە ئیتحادیەکان دوور خستەوە، زۆربەی کورد بە بنەماڵـەی بەدرخانیەکانـەوە بوون بەلایەنگیری (حریە و ائتلاف) و دەستی کرد بـەجم و جـۆڵ و گـەلێك نامەیان نارد بۆ کونسـوڵەکانی رووس و تـاقمی حریـە و ائـتلاف، لـەمانگی تەموزی (١٩١٢) کەوتنە خۆیان و بەڵێنیاندا بە کورد مافی ئەوان پشتگوێ نەخرێ، لەماوەیەکی کەمدا بـەهێز بـوون و توانیبویـان نزیکـی(١٧) هـەزار کورد بکەن بەلایـەنگیری خۆیـان، بـەڵام زۆری پێنەچـوو ئـەو ڕێکخـراوەش هەوڵی ئەوەیدا نێـوانی کـورد و ئەرمـەن تێـك بـدا، بڕیـاری لێخۆشـبوونیان دەرکرد بۆ عەبدولرەزاق بـەدرخان و سـەید تـەها و ئـەو کوردانـەی لەگـەڵ

---

(١٧٤) اسماعیل حقی شاوەیس، هەمان سەرچاوە ، ل ٤٥.

تاقمی ئیتحاد و تەرەقی نارێك بوون، بەڵام پەیوەندی ئەو ڕێکخراوە و کوردەکان زۆر کەم بوو تەنیا نیوساڵ درێژەی کێشا و کوردەکان بۆیان دەرکەوت ئەمانیش وەك ئیتحاد و تەرەقی بوون، جگەلەوە ماوەی دەسەڵاتدارێتی حریە و ائتلاق ئەوەندە درێژەی نەکێشا و دووبارە ئیتحادیەکان دەستیان گرتەوە بەسەر هەڵوێستیان و خۆیان ئامادەکرد دەوڵەتی عوسمانی توشی شەڕی جیهان بکەن و خۆیان ئاڵاندە ئەو شەڕەوە بەدەست پێکردنی شەڕ هەموو جۆرە چالاکیەکی سیاسی وەستێنرا.(١٧٥)

ئیتحاد و تەرەقی بەم کارانەوە نەوەستا لەلایەکی دیکەوە بریاری دا: ناوی (کوردستان) لەکتیبی قوتابخانە و بەلگەنامەکانی حکومەتدا دەربهینریت و ناوی ویلایەتە کوردنشینەکان بگۆردرین بە ویلایەتەکانی خۆرهەڵات یا (شەش ویلایەتەکە) ناوببرین، داوایشی لە فەرمانبەرە تایبەتیەکان و گەورە پیاوانی ناوچەکە کرد بەناوی گەڵاڵەنامەی ڕیفۆرمی کوردستانەوە ڕێکوپێك بکەونەوە بۆ بەجێهێنانی ئەو بڕیارانە.(١٧٦) لەئەنجامی ئەم ڕەفتارانەدا زۆربەی سەرکردە ناتورکەکان بەسەرکردە کوردەکانیشەوە لەکۆمەڵی ئیتحاد و تەرەقی هاتنەدەرێ، ڕێکخراوی سیاسی خۆیان پێکهێنا، ئەو ڕێکخراوانە بوونە پێشەنگی خەباتی ئەو گەلانە لەپێناوی سەندنەوەی مافە نەتەوەییەکانیاندا.(١٧٧)

---

(١٧٥) محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧٣.
(١٧٦) عەبدولعزیز یامولکی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦.
(١٧٧) دکتۆر عەزیز شەمزینی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٨.

## بزوتنەوە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا لەئـەنجامی دەسـەڵاتی تورکـەلاوەکان لێـك ترازانی پێوەندی نێوان کورد و عوسمانی لێکەوتەوە، چەندین بزوتنـەوەی سیاسی و ڕۆشـنبیری کـوردی سـەری هەڵدا، چـەندین گۆڤـار و ڕۆژنامـە و کۆمەڵــە دەرکــەوتن. کــورد لــەدژی دەســەڵاتی تورکــە لاوەکــان و عوسمانیەکان چـەندین بزوتنـەوە و ڕاپـەڕینیان بـەرپاکرد. چـونکە تورکـە لاوەکـان خەلافـەت و ئاینیـان بەهەنـد وەرنـەگرت و بایـەخیان پێنــەدا، کەزۆربەی جار دەوڵەتی عوسمانی بەناوی ئاینـەوە کـوردی بـەکاردەهێنا، دەسەڵاتی نویَ لەڕووی دیبلۆماسی و سەربازییەوە شکستی هێنـابوو.[178] ئەمەش هەستێکی پێش وەختی سـەرەتایی بـوو لـە هوشـیاری نەتـەوەیی کــورد لــە ئایــدۆلۆژیا و سیاســەتدا پێکــەوە، بــیَ گومــان کوردەکــان سـەرکەوتنێکی بەرجەسـتەیان بەدەسـت نـەهێنا، کاریگەریـەکی ئـەوتۆیان نــەبوو لەســەر بــارودۆخی کوردســتان، بــەڵام نیشـتمانپەروەرانی کـورد و نەتەوەییـەکانی پێشـین نۆبـەرەی ئـەم پـرس و کێشـەیان دانـابوو زۆری نەخایاند گەشەی کرد و بەروبومەکەی پێگەیی.[179] ڕوناکبیرە کوردەکـانی ژێـر دەســەڵاتی دەوڵــەتی عوسمـانی بەئــەزمون وەرگــرتن لـە بزوتنــەوە نەتەوەییەکانی وڵاتـانی ئـەوروپا کەوتنـە بـیری نووسـین و بڵاوکردنـەوەی ڕۆژنامە و دامەزراندنی کۆمەڵەی سیاسی تا لـەو ڕێگایـەوە لاوان و خـەڵکی کوردستان هوشیار بکەنەوە و ئامادەیان بکەن بۆ بـەرەنگاری و ڕووبـەڕوو

---

(١٧٨) هەستیار کەمال کوردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٦.

(١٧٩) ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٢.

بوونـەوەی دوژمنـان و ڕزگـارکردنی کوردسـتان. دوای شکسـتی ڕاپەڕینـە چەکداریەکانی کـورد، نیشـتمانپەروەران و دەسـتەی ڕونـاکبیری کـورد بـۆ هەرچی زیاتر هوشیارکردنەوەی خەڵك و بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری و بیری نەتەوەییانە، قورسـایی زیاتریـان خستەسـەر چـالاکی یـە سیاسـی و کولتوریەکانیان و بۆ یەکەمجار لـەدەرەوەی سـنووری دەسـەڵاتی سـوڵتان عەبدولحەمیـد و لــەدەرەوەی کوردســتان یەکــەمین ڕۆژنامــەی کوردیــان بەناوی "کوردستان" لە(٢٢)ی نیسانی سـاڵی (١٨٩٨) لـە قـاهرە بەچـاپ گەیاند.[١٨٠]

هەوڵەکانی پێشتری کوردەکانی دوورە وڵاتیش ڕۆڵێکی گرنگیان هـەبوو لـە بزاڤـی نیشـتمانی ڕزگـاریخوازی کـوردی ئەمـەش بـۆ یەکـەمجار بـوو لەمێژووی کورد، لە توانایدا بوو ڕۆژنامەگەری کوردی نیشتمانی ڕێبخـەن و ڕای گشتی جەماوەری ئەوروپی ئاراستەی کێشەی پرسی کورد بکەن.[١٨١]

زانســت پــەروەری بــێ ئەنــدازەی بەدرخانیــەکان بــەڕوونی لــە (کوردسـتان)ی یەکـەم ڕۆژنامـەی کوردیـدا کەئـەوان دەریـان کـرد ڕەنگـی دایەوە لەوریاکردنـەوەی فێربـوون و بەدەسـت هێنـانی زانسـت و هونـەری کردە دروشمی سەرەکی خۆی بەنیازی هاندانی کورد بۆ خوێندن، داوایـان لە زاناو پیاوانی ئاینی دەکرد هەوڵبـدەن خـەڵکی بـۆ خوێنـدن هـان بـدەن

---

[١٨٠] جەعفەر عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٨.

[١٨١] ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٢

بەرچـاوی نەخوێنـدەواران ڕوون بکەنـەوە.[١٨٢] ڕۆشـنبیرانی بەڕێوەبـەری ڕۆژنامــەی کوردســتان لەســەر ڕێبــازی نیشــتمانپەروەرانی عــەرەب و تورکەلاوەکان ئەوانیش بۆ یەکەمجار ڕۆژنامەیەکی هەفتانـەیان دامەزراند، بیری ڕزگاری نیشـتمانی بڵاودەکـردەوە ئـەم ڕۆژنامەیـە بەهـەردوو زمـانی کوردی و تورکی دەردەچـوو.[١٨٣] بـەئامانجی ئـەوەی بەشـداری بکـات لـە فراوان کردنی چوارچێوەی ئاسۆی گرنگی و هاوکاری لەهەستانی تـازەدا. یەکێك لـە ئـەرك و بنـەماکانی بەشـداری سیاسـەت و ڕۆشـنبیری بـوو.[١٨٤] بزوتنەوەی ڕۆشنبیری کاریگـەری زۆری هـەبوو لەسـەر هەسـتی نەتـەوەیی سەروتاری ژمارە سێ گۆڤـاری (ڕۆژی کـورد)ی ئۆرگـانی کۆمەڵـەی هیڤـی، هــاوینی (١٩١٣) لەئەســتەمبوڵ دەســتی بــە بڵاوکردنــەوە کــردووە، بەسـەردێڕی (قەڵـەم بـەر لەشـیر) ناونیشـانی ئـەو وتارەیـە هـۆی هـەموو دواکەوتن و گیرۆدەی کـورد لـەوەدا دەبینـێ (بایـەخیان بەشـیر داوە نـەك بەقەڵەم) بایەخدان بەزانست و زانیاری لای (ڕۆژی کورد) دەچـێتە خانـەی خواپەرستی و جێبەجێ کردنـی فەرمانـەکانی ئـاین، خـۆ ئەگـەر وانەکـەین نابێ گلەیی لە بەختی خۆمان بکـەین، کـە( لـەم ژیانـە ناخۆشـەدا دەژیـن) گۆڤـاری ڕۆژی کـورد بـیری داڕشـتنی ئەلفبایـەکی لـەبار و سـەربەخۆ بـۆ

---

(١٨٢) د. کــەمال مەزهــەر ئەحمــەد، چــەند لاپەڕەیــەك لەمێــژووی گــەلی کــورد، ئامادەکردنی: عەبدوڵڵا زەنگەنـە ، چاپی یەکـەم ، بـەرگی دووەم ، هـەولێر ٢٠٠١ ، ل ٢٥٩.

(١٨٣) باسیلی نیکیتین، الکرد– دراسة سوسیولوجیة وتأریخیة، المترجم فی الفرنسـیة: الدکتور نوری تالبانی، طبع الثاثة، السلیمانیة ٢٠٠٧، ص ٣٢٥.

(١٨٤) فواد عای احمد ، سەرچاوەی پێشوو، ص ٤٧.

نوسینی کوردی هێنایەکایەوە.[185] (یەك بوون)ی دەستەخوشکی (ڕۆژی کورد) کە بەدرخانیەکان ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لەدەرکردنیدا دووبارە کورد هاندەدا بۆ خوێندن و زانیاری، پێشی وایە نەتەوەی کورد هەر لەبەر دواکەوتنی لە خوێندن لەماف دواکەوتووە، کوردی دانیشتوانی ئەستەمبوڵ و کوردستانی باکور لەو ڕۆژگارەدا پێشەنگی دەستەی ڕوناکبیرانی کورد بوون.[186] لەسالی (١٩١٣) دەرچووە. کاریگەری زۆریان کردە سەر ڕەوتی بزاڤی ڕۆشنبیری کورد.

## کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان لەباکوری کوردستان

ئەگەرچی زۆربەی دانیشتوانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی لەهەستی بێ ئاگایی نەتەوەییدا دەژیان، بەڵام لەپاش شۆڕشی(١٩٠٥- ١٩٠٧)ی ڕووسیا، سەرتاسەری ڕۆژهەڵات پێی نایە قۆناغی شۆڕشی بورژوازی- دیموکراتیەوە. شۆڕشەکەی ڕووسیا هەموو ئاسیای بەئاگاهێنا و لەم جەنجاڵەدا گڕی شۆڕش هەموو شوێنێکی تەنیەوە.[187]

مەشروتەی ئێران (١٩٠٥-١٩١١) پێشتر و لەتورکیاش شۆڕشی تورکە لاوەکان (١٩٠٨) ئەنجامەکانیان بوونە هۆی دەست پێکردنی قۆناغێکی نوێی پڕ لەتەوژم لەڕەوتی ڕوناکی خوازی کورد و هەموو گەلانی تری ناوچەکە.[188] لەساڵی (١٨٧٠) بەدواوە ئەو چەمکانەی تایبەت بوون بە

[185] د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو ل ٢٦٤.
[186] د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٦.
[187] فەرید سەسەرد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٣.
[188] د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٦٤.

شوناسـی نەتـەوەیی و کەسـی سـەریان هەڵـدا و ژمارەیـەك کۆمەڵـەی نائـەورووپی هاتنـە نـاو کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتیـەوە، پرۆسـەی داڕشـتنی نێودەوڵـەتی ئایـدیاکانی تایبـەت بـە مرۆڤایـەتی و پیـادەکردنی پێشـکەوتنێکی گەورەدەسـتی پێکـرد.[189] ئـەرکی تـەواوکردنی بـەرەو پێشەوەبردن و گەشەکردنی پێگەیاندنی بیری نەتـەوەیی لـەنێوان کۆمەڵـە جیاوازەکاندا گرتەئەستۆ.[190]

لەکوردستاندا بزوتنەوەی نەتەوایەتی لەڕەوتی خەباتدا دژی داگیرکەرە بێگانەکان هاتەکایەوە. ئۆرۆستۆکراتی کشتوکاڵ لەقۆناغی گەشەکردنی باڵایدا، بەهاوکاری و پشتگیری خوێندەواران و بازرگانان و پیشەوەرانی شارە گەورەکان ڕابەرایەتی ئەو بزوتنەوەیەی کرد.[191] پاشگەزبوونەوەی ئیتحاد و تەرەقی لەو بەڵێنانەی دابوویان بەنەتەوەکانی تری ناتورك، هەموو ئەو نەتەوانەی ناچارکرد هەر لایە بەشێوەی خۆی خەبات بکات، بۆ ئەو مەبەستە گەلێك کۆمەڵ و ڕێکخراوی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی پێك هێنرا، کورد یەکێك بووە لەو نەتەوانەی کەوتبووە چالاکی بۆ ئەوەی بەرپەرچی ئەو تەقەلایانەی تۆرانیەکانی ئیتحاد و تەرەقی بدەنەوە، بۆ ئەم مەبەستە چەند حزب و ڕێکخراوی سیاسی دروست بوون.لەوانە:

---

(189) عوسمان حەسەن شاکر- سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.

(190) فواد عای احمد ، سەرچاوەی پێشوو، ص ٤٧.

(191) فەرید سەسەرد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٦.

(کۆمەڵی عزمی قـوی– ١٩٠٠)، (کوردسـتان تعـاون و ترقـی جمعیتـی– ١٩٠٨)، (کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی معاریفی کوردی–١٩٠٨)، (حزبـی هیڤـی (هیوا)– ١٩١٠) بەشێوەیەکی گشتی ئەم کۆمەڵانە تێدەکۆشان بـۆ ئـازادی کوردستان، ئامانجی بەشداری سیاسی لەبنەڕەتدا بۆ بەشداری توانای بـیر و توانای ئەزمونی هاوبەش لەنێوان لایەنە کاراکـانی بەشـداری پەیوەنـدیی تاك لە ئامانجەکانی کاری پەیوەنـدی سیاسـی بەشـێوەیەکی گشـتی.[١٩٢]

دوای دامەزراندنی کۆمەڵـەی تـەعاون و تـەرەقی کـورد لـە (٢٥)ی ئـەیلولی (١٩٠٨) لـەدوای سـەرکەوتنی کودەتـای تـەموزی (١٩٠٨) دژی سـوڵتان عەبدولحەمید، کۆمەڵە هەڵسا بـەدەرکردنی گۆڤـاری (کـورد تعـاون وترقـی غەزتسی) وەکو زمانحـاڵی کۆمەڵەکـە، گۆڤارەکـە لـە چـاپخانەی سـیلانیك چاپ کرا و ناوەندەکەشی لە ئەستەمبوڵ بوو.[١٩٣]

ئامانجی کۆمەڵەکە گەشـەپێدانی کوردسـتان و بەرزکردنـەوەی گیـانی کوردایەتی و نیشتمان پـەروەری لـەناو گـەلی کـورددا، پـەیڕەوی نـاوخۆ و بەنارمـەی ڕزگـار کردنـی کوردسـتان بـوو لـەژێر دەسـتەیی تورکیـاو دامەزراندنی دەوڵـەتی سـەربەخۆی کـوردی.[١٩٤] بەئاشـکرا دەسـتیان کـرد بەچالاکی نەتەوەیی، گەلێ سەرچاوە دەربارەی ئەم کۆمەڵەیـە و چـۆنێتی

---

(١٩٢) فواد علی احمد، سەرچاوەی پێشوو، ص ٤١.

(١٩٣) هوگر گاهر توفیق، مجله کورد تعاون و ترقـی غەزتسـی ١٩٠٨– ١٩٠٩، گۆڤـاری مێژوو، ساڵی یەکەم، ژ ٣ هاوینی ٢٠٠٧، ل ٢٢٨) (عەبـدولعزیز یـامولکی، سەرچـاوەی پێشوو، ل ٥٤)

(١٩٤) أرکـان حمـةأمین الـزرداوی، نشـأة وتطـور الجمعیـات والاحـزاب والتیـارات السیاسیةالکوردیة فی العراق.طبعة الاولی ، بغداد ٢٠٠٩،ص٢٥.

پێك هێنانی و چالاکیەکانی نوسیووە. ئەم کۆمەڵەیە بەبەهێزترین کۆمەڵە و ڕێکخراوی کورد دەژمێردرێ لە دوای چاکسازی (اصلاحات)ی دەستووری پێك هاتووە.

(کۆمەڵەی تەعالی کورد) سەرانی کوردی لەوە بەئاگا هێنایەوە ئەم کۆمەڵەیە هیچ مەرامێکی شەخسی نییە. ئەوە نەبێ کورد ئاین و مێژوو و باری کۆمەڵایەتی هەیە، دەبێ ئاواتە نەتەوەییەکانی بەدەست بێنێ و کورد سەربەخۆ کاروبارەکانی بەڕێوە ببات. ئەم کۆمەڵەیە چەندین لقی دیکەی لەشارانی وەك بدلیس و دیاربەکر و موسل و بەغدا و موش و ئەرزڕۆم هەبوو، بەڕادەیەك گەشەی کردووە (تورکانی لاو) ناچاربوون لە ترساندا لە هاوینی (١٩٠٩) دایبخەن.[١٩٥] کۆمەڵی کوردستان لەخەبات کردندا زۆر بەدڵسۆزانە و بە گەرمی هەوڵی دەدا لەبەر ئەوەی ئیتیحاد و تەرەقی ئەم مەسەلەی زۆر لاگرنگ بوو بەشێوەیەکی توند کەوتە لێدانی کورد.[١٩٦] هەر کە هێزی پەیداکرد گورج ڕێگای لەکۆمەڵی کوردستان بەست، نەیدەهێشت کار بکات، لەبەر ئەوە کۆمەڵی کوردستان لە (١٩١٢) دا کەوتە خەباتی نهێنی.[١٩٧]

ئیتر وەنەبوو کورد بەتایبەتی لە کۆمەڵگای ئەستەمبوڵ بێ دەنگ دانیشێ، بەڵکو بەنهێنی کەوتە خۆی و دەستی کرد بەچالاکی نواندن.[١٩٨] لەلایەن کۆمەڵێك ڕۆشنبیری کوردەوە کۆمەڵەی هیڤی دامەزرا، ئامانجیان

---

(١٩٥) عەبدولعزیز یامولکی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤.
(١٩٦) عەبدولعزیز یامولکی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤ .
(١٩٧) اسماعیل حقی شاوەیس، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢.
(١٩٨) محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠٥.

ڕزگارکردنی کورد بوو له ستەم و چەوساندنەوەی لەدەوڵەتی تورکیا.[199]
سەرچاوەکان هەریەکە بەجۆرێك باسی ئەوانەیان کردوە لەبەشدار بوون لە دامەزراندنی هێڤی دا بۆ نموونە: دکتۆر عەبدولستار تاهر شەریف دەڵێت: لەساڵی (١٩١٠) دا قوتابییەکوردەکانی ناو قوتابخانەی کشتوکاڵ لە ئەستەمبوڵ توانیبویان کۆمەڵی (هێڤی کوردی) دامەزرێنن باسیلی نیکیتین دەڵێ: کۆمەڵێك لەخوێندکاری پیاوی قانونی کورد هەستان بەدامەزراندنی لەساڵی (١٩١٠) کۆمەڵەیەك و ڕۆژنامەیەك بەناوی (هیڤی کورد) وە گۆڤارێکی مانگانەیان دەردەکرد بەناوی (ڕۆژا کورد) ئەمانە هەنگاوێکیاندا بەبزوتنەوەی کورد بەئاشکرا بەرەو سەرکەوتن. تاکو جەنگی یەکەمی جیهانی ئەم بزوتنەوە نیشتمانیە کوردیە بەردەوام بوو.[200] کاتی شەری یەکەم دەستی پێ کرد ئەو کۆمەڵەیە لە چالاکی کەوت، بەڵام لەدوای تەواو بوونی شەڕی یەکەمی جیهانی دووبارە دەستی کردەوە بەچالاکی.[201] کۆمەڵە و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کورد کاریگەری زۆریان خستە سەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد و خەڵکیان هاندەدا هەرچی زووترە وڵاتیان لە ژێر چەنگی داگیرکەران ئازاد بکەن.

---

(199) أرکان حمەأمین الزرداوی، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٦.
(200) باسیلی نیکیتین، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٢٥.
(201) زنار سلوبی، فی سبیل کردستان، دکرات" ترجمە: ر.علی گ١، بیروت ١٩٨٧ ص ١٦، ١٧، ١٨، ٤١ ) و ( جلیلی جلیل، المصدر نفسە ص ٩٨، ٩٩، ١٠٠) مەمدوح سەلیم میژوویەك و بەختەوەر کردنیك لەتورکی عوسمانیەوە وەرگیرانی شیرزاد کریم، رۆژنامەی ئالای ئازادی "ژ٢٥٣ لە ٢٧-١٠- ١٩٩٧، و دکتۆر احمد عپمان ابوبکر، کردستان فی عهد الاسلام ، القسم الپالپ والعشرون، مجلە" الپقافە" العدد ١ کانون الپانی ١٩٨٣.

## دەستێوەردانی دەوڵەتان لەکاروباری دەوڵەتی عوسمانیدا

لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا کوردستان لەڕووی سیاسی و ئابوورییەوە بۆ دەوڵەتە زلهێزەکان زۆر گرنگ بوو، ئەم ناوچەیە ببووە بەشێك لە بازاڕەکانی جیهان، ململانێیەکی بەهێز لەنێوان ولاتانی زلهێزی جیهان هاتەکایەوە[٢٠٢] بەڵام کاتێ لاوازی دەوڵەتی عوسمانی دەرکەوت، وەك قەیسەری ڕووس (نیکۆلای) ناوی لێنابوو(پیاوە نەخۆشەکە) لەدوا ڕۆژەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتە ئەوروپییە نەسرانیەکان پیلانی دابەشکردنیان دادەنا، لەڕێگای ناردنی مژدەدەر( مبشیر)ە ئەوروپییەکان بۆ ناو دەوڵەتی عوسمانی و پەیوەندی کردن بەتایفە مەسیحیەکانەوە لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا، خۆتێهەڵقورتاندن لەکاروباری ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی پێداگری بەریتانیا لەسەرپشتگیری پرۆستانتەکان پێداگیری فەڕەنسا لەسەر پشتگیری کاسولیك و کلدان و مارۆن و پێداگری ڕووسیا لەسەرتایفە ئەرسەدۆکسیە خلقدونی و ناخلقدونیەکان، ئەمەش بەهاوکاری سەرۆکەکانی تایفەمەسیحیەکان جێبەجێ دەکرا، هەر خۆشیان دەبوونە قوربانی ئەو پیلانەی بەریتانیا و ڕووسیا، وەك پێشتر لەمیانەی شەڕی عوسمانی و ڕووس لەساڵی (١٨٧٨) لەگەڵ هاوکاری ڕووس بوون دژی دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام خۆیان زەرەمەندبوون. هەریەك لە دەوڵەتانی ئەڵمانیا، فەڕەنسا، ڕووسیا و بەریتانیا بەشێوەی جیاجیا هەوڵی بەدەست هێنانی هێڵی ئاسنیان دەدا لەنێو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، زیاتر پرۆژە

---

(٢٠٢) گۆران ئیبراهیم سالح، کەرکوك لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە نێوان ساڵانی ١٨٧٦-١٩٠٩، ٢٠٠٦، ل ١٨٤.

و بەرنامەیەکیان لاپەسند بوو یەکێتی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی بپارێزێت، وە ڕێگربێت لەبەردەم دابەش بوونی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی و دروست بوونی قەورەایەکی کوردی.[٢٠٣] ئەم بارودۆخە درێژەپێدەری ململانێکانی پێشتر بوو، سەبارەت بەمەسەلەی نەوت و ڕاکێشانی هێڵی ئاسن و گەیشتن بە بەندەرەکان، بەتایبەت جەختیان دەکردەوە کوردستان لەسەر دەریای نەوتە.[٢٠٤]

ئەڵمان هەوڵی زۆریدا، بگات بەئەنادۆڵ و هاتنەناوەوەی بۆ ناوچەی قەفقاس لەپێناوی گەیشتن بەناوچەکانی دەوڵەمەند بەنەوت، ناردنی هێزی سەربازی خۆی بۆ عێراق لەخوارووی قەفقاسەوە، کەخەونی لەمێژینەی بوو.[٢٠٥] کاریگەری ئەڵمانیا بۆ سەر دەوڵەتی عوسمانی شێوازی جۆراوجۆری وەك سەربازی و ڕۆشنبیری و ئابووری وەرگرت، ئاکامی بریتی بوو لە پێدانی مافی دامەزراندنی هێڵی ئاسنینی (بەرلین — بەغداد) لە ساڵی (١٨٩٩) ئەوەی زلهێزەکانی هەراسانتر کرد و ڕکابەرێتی لێ کەوتەوە و ئەنجامەکەی بووە هۆی نزیك بوونەوەی بەریتانیا و فەڕەنسا و رووسیا لەپێش هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانی و بووە هۆی لێکهەڵوەشاندنەوەی موڵکەکانی دەوڵەتی عوسمانی، دواتریش لە ساڵی (١٩٢٢) دا کۆتایی بەدەسەڵاتی سوڵتاننشینی عوسمانی هێنا.[٢٠٦]

---

[٢٠٣] هەستیار کەمان کوری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٠.

[٢٠٤] گۆران ئیبراهیم سالح، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨١.

[٢٠٥] عبدالرزاق محمود القیسی، محطاط اثرت فی حیاة الکرد و حرکاتهم القومیة، ٢٠١١، ص٤٠.

[٢٠٦] کامەران محەمەد حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥.

هەریەکــە لــە بــەریتانیا و فەڕەنســا بەشــێوەیەکی کاریگــەر هاتنــە نــاو کێشەکە، ئەگەر لەسەرەتا وەك دۆستێکی دەوڵەتی عوسمانی بوون، بەڵام لەدوای نەمانی مەترسی ڕووسیا دەستیان کرد بەدەست تێوەردان لەکێشە ناوخۆییەکانی عوسمانی بەتایبەت هەرێمە نەسرانیەکان، دواتـر گـۆڕان لـە هەڵوێستیان ڕوویدا، وەك نێچیرێکی ئاسان سـەیری دەوڵـەتی عوسمانیـان دەکـرد کەوتنــە بــەر دابڕینــی زۆر لەناوچــەکانی دەوڵــەتی عوسمــانی کــە خزمەت بە بەرژەوەندی سیاسی و ئابووریان دەگەیەنێ.[٢٠٧]

ڕووسیا و بەریتانیا بەناوی پاراستنی دیانەکان دەسـتیان دەخسـتەناو کاروباری عوسمانی، تورکەکان خۆیان ڕایان وابوو ڕوسیا هۆکارێك بووە بۆ دروست کردنی ئاژاوە لەناوچە ئەرمەنشینەکان و باڵقانـدا، عوسمانییـەکان ئــەڵمانیایان لەهــەموو هێزەکــانی دیکــە لاباشــتر بــوو، چــونکە هەوڵــەکانی ئەڵمانیا خۆی لەپاراستنی خاکی موسڵماناندا دەدیتەوە، دەبووە هۆی کپ کردنــەوەی جوڵانــەوە نەتەوەییــەکان. هــەروەها ئــەڵمانیا یارمەتیــدا لــە دروســت کردنــی ســوارەی حەمیدیــە، چــونکە لــە کۆتاییــەکانی ســەدەی نــۆزدەدا ژمارەیــەکی زۆر نەتــەوەی نــاتورك داوای ســەربەخۆییان دەکــرد لەوانە کورد و ئەرمەن و عەرەب، ئەڵمانیا هاوشێوەی بەریتانیا و فەڕەنسا هیچ جێگایەکی داگیر نـەکردبوو.[٢٠٨] ناوچـەکانی ژێردەسـەڵاتی عوسمـانی بەتورکیا و میسۆپۆتامیاو ناوچەکانی تری عەرەبەوە کە لـەژێر دەسـەڵاتی تورکدا بوون، ئەمانە هەمووی پـڕ پیـت و بەرەکـەت بـوون، بـەڵام بـەهۆی

---

[٢٠٧] مصطفى محمد كريم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٤.

[٢٠٨] هەستیار کەمال نوری،سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٣.

نەشـارەزایی کاربەدەسـتانی عوسمـانی لەبـەڕێوەبردنی کاروبـاری ئـەو وڵاتانەدا، نەتەوەکانی ئەو وڵاتانە هەمیشە برسـی و دواکـەتوو بـن، سـوود لـەو هـەموو سـامانانە وەرنـەدەگیرا لـەناو وڵاتـەکانیان داهـەبوو. وڵاتـانی سەرمایەداری ڕۆژئاوا ماوەیەکی زۆر بوو گەلێك زانیارییـان دەربـارەی ئـەو وڵاتانـە گۆڕیبـووەوە شـارەزای سـامانەکان بـوون، لەمێـژبوو نەخشـەی ئەوەیان کێشا بوو دەست بگرن بەسەریاندا، باری گرانی ئابووری دەوڵەتی عوسمانی و ئەو هەموو قەرزە زۆرەی بەهۆی شەڕەی خۆیان پێوە تـووش کرد بوو، لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئەوروپا کارێکی وایان کرد بـوو تورکـەکانی عوسمانی کاروباری خۆیان پەکخسـت و بـاری ئـابووری وڵاتیـان خسـتەژێر رەحمەتی ئەو دەوڵەتانەوە.[٢٠٩]

وڵاتــە ئەوروپییــەکان بـۆ ئـەوەی زیـاتر شـارەزای کاروبارەکـانی نـاو دەوڵەتی عوسمانی بن چەندین شارەزایان بەناو وڵاتی عوسمانی دا کەوتـە گەشت کردن، کاپیتان مارك سـایکس لەسـاڵی (١٩٠٢) گەشـتێکی فراوانـی بــەناو دەوڵــەتی عوسمانیــدا کــرد و زۆربــەی ناوچــەکانی کوردســتانی ژێردەسەڵاتی عوسمـانی گـەڕاوە، مەبەسـت و ڕوانینـی سـایکس شـارەزای سیسـتمی کـارگێڕی ئیمپڕاتـۆری عوسمـانی بـووە، ئاگاداریـەکی زۆری دەربارەی هۆزەکان کۆکردەوە.[٢١٠]

---

[٢٠٩] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤٥.

[٢١٠] سیسیل جۆن ئەدمۆندس، کورد و تورك و عـەرەب،و: حامیـد گـەوری، ٢٠٠٤، ل ٤٨.

ئا. هەرتسفلد شوێنەوارناسی ئەڵمانی لە ژوئینی (١٩١١) و جارێکی تریش لە ژوئیەی (١٩١٣) زۆربەی کوردستانی بن دەستی عوسمانی گەڕاوە. و.مینۆرسکی ئەندامی لیژنەی نوێنەرایەتی ڕووسیا و ج. ئی. هابرد" سەر بەدەزگای باڵوێزی ڕۆژهەلات نوێنەرایەتی ئینگلستان لە کۆمسیۆنی دیاری کردنی سنووری نێوان ئێران و عوسمانی لەساڵی (١٩١٤) بەشی زۆری ئەم سنوورە لەمەندەلیەوە هەتا ئارارات گەڕاون بۆ هەرمەبەستێك بووبێت، بەرژەوەندی تایبەتی وڵاتەکانیان کاری سەرەکیان بووە.[٢١١] دانی دەسەلات و ئیمتیاز بەکۆمپانیا و بازرگانە بێگانەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕێگای بۆ ئەوە خۆشکرد دەوڵەتە ئەوروپاییەکان لەڕێی ئەوانەوە دەست بخەنە ناو کاروباری وڵاتی عوسمانی و دەورێکی زۆریان هەبوو لەتێکدان و ناکۆکی نێوان دانیشتوان.[٢١٣] ئەمریکا و بەریتانیا هەوڵیان دەدا لەئیرانیشدا گرفت و ئاژاوە بنێنەوە، تاکو بارودۆخی ڕۆژهەلات جێگیری و ئارامی بەخۆیەوە نەبینێت.[٢١٤]

وڵاتانی ئەوروپا دەستیان خستە ناو کاروباری عوسمانییەوە و میسێنێرەکان بەناوی بەهێزکردنی ئاینی مەسیحی نێردرابوون بۆ ناوچە کرستیاننشینەکانی ئەرمەنی و نەستوری. بەڵام زوڵم و زۆرداری تورکەکان بەرامبەر بەئەرمەنەکان پەرەی سەند دەوڵەتە ئەوروپاییەکانیش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەناوی پارێزگارییکردن لە کریستیانەکان زۆرتر دەستیان

---

(٢١١) سیسل جۆن ئەدمۆندس، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠-٥٢.

(٢١٣) محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤٠.

(٢١٤) هەستیار کەمال نوری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٢.

دەخستە کاروباری وڵاتی عوسمانیەوە ئەمە ئەوەندەی تر تورکەکان دوژمنایەتیان بەرامبەر بەئەرمەنیەکان بەهێز بوو.[(٢١٥)] کوردستان وەك پردێك بوو بۆ ڕێگاو بانەکانی هاتوچۆکردن و پەڕینەوەی بەریتانیا بۆ ڕۆژهەڵات و ڕووسیا بۆ بەندەرەکان (ئاوەگەرمەکان) ئەو بارودۆخانە کاریگەریەکی زۆریان لەسەر بارودۆخی کوردستان هەبوو.[(٢١٦)]

بارودۆخی ئێرانیش لە هی عوسمانی خراپتر بوو، وڵاتە زلهێزەکان لە (١٩٠٧) ئیرانیان دابەشکرد، بەپێی ڕێکەوتنەکە ئێران کرا بەسێ بەشەوە، بەشی ناوەند وەکو ناوچەیەکی ئازاد بۆ بازرگانی هەردوولا دانرا، بەشی باکوور تەرخان کرا بۆ ڕووسیا، بەشی باشوور بۆ بەریتانیا، بەمە بەریتانیا مەترسی پەرەسەندنی دەسەڵاتی ڕووسیا بەرەو کەنداو گەیشتنی بەهیند بێ خەم بوو، ئێران بەدوای هێزی سێیەمدا دەگەڕا بۆ بەهێز کردنەوی دەسەڵاتی خۆی.[(٢١٧)] عوسمانیەکان کەوتنە هێرش و پەلاماردان لەساڵی (١٩٠٧) شاری وان و ناوچەکانی ورمێیان کۆنترۆڵ کرد، بەرەو و تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ ڕۆیشتن، خراپی دەسەڵاتی ئێران بەراورد بەعوسمانی هۆکارێك بوو کوردی ناوچەکە بەرەو قەڵەمڕەوی عوسمانی بڕۆن، لەهەمان کاتدا بەریتانیا و فەڕەنسا و ڕووسیا داوایان لە عوسمانی کرد ئەم هێرشانە بوەستێنێت، ئێران لەگەڵ ڕووسیا لەئەنجامی فراوانخوازی عوسمانی لەچەند لاوە زەرەرمەندبوو، عوسمانیەکان گوێیان

---

(٢١٥) محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١٣.
(٢١٦) هەستیار کەمال کوردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٠.
(٢١٧) هەستیار کەمال کوردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٤.

بەداخواییەکان نەدا و بەردەوام بوون لەسەر فراوانخوازی و لە ٣ی شوباتی (١٩٠٨) سـابڵاغیان داگـیر کـرد، بـەرێنمایی بـەریتانیا هێـزی سـوارەی حەمیدیـەیان لـە سـنوورەکان زیـادکرد، ڕووسـەکان لـەبری ئـەوەی داوا لەعوسمانیەکان بکەن کۆتایی بە هێرشە بەردەوامـەکانی خـۆی بێنـێ وەك تۆمەت ئەم کارەیان دایەپاڵ کورد. لە کانوونی دووەمی (١٩٠٨) یەکـەمین کۆبوونـەوە لـە لایـەن ڕووسـیا و بـەریتانیا لـە پیتـەربۆرگ سـازکرا بـۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بەو کێشـانە.[٢١٨] لـە بـەهاری سـاڵی (١٩١١) ڕژێمـی (تورکیـاری فـەتات) کەوتـە نـاو تەنگژەیـەکی سیاسـی قوڵـەوە، ئـەوەبوو ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی لەماوەی دوو ساڵدا ڕووبەڕووی سێ جەنگ و دوو کودەتای حکومەت بووەوە. دوای ئـەوەش هـەموو ناوچـە ژێردەسـتەکانی لـەباکووری ئـەفریقیا لەدەسـتدا. لەگـەڵ زۆربـەی ناوچـە ژێردەسـتەکانی ئەوروپا ئەو کاتـەی لیژنـەی ئیتحـاد و تـەرەقی بـۆ مـاوەی سـاڵ و نیوێـك دەسـەڵاتی لەدەسـتدا لـە (٢١)ی تـەموزی سـاڵی (١٩١١) تـا (٢٣) ی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩١٣) تـەختی دەسـەڵات کەوتـە دەست حزبـی (حوڕیـەت و ئیئـتلاف)ی محافیزکـار.[٢١٩] بـەم شـێوەیە هـەموو دەوڵەتـە گەورەکان بەشێوەیەك چاویان بڕیبووە، خاکی ژێر دەسـەڵاتی عوسمـانی، هەریەك لەوان دەیویست بەشی خۆی بەدەست بێنـێ، ئـەڵمانیاش بـەناوی پشتیوانی و هاوکاری لە دەوڵەتی عوسمـانی نزیـك دەبـووەوە، لـە شـەوی (٢٢) ی ئـاب (١٩١٤) دوو پـاپۆڕی جـەنگی ئـەڵمان هێـزی دەریـایی

---

(٢١٨) هەستیار کەمال کوردی ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٧-٢٨٩.

(٢١٩) ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٤.

بــەریتانیایان لەمەدیتەرانــە خافلاَنــد و لــەدەردەنیل تێپــەڕین و ڕێــی ئەستەمبوڵیان گرتەبەر، ئەو پاپۆڕە شەرکەرانە لەشەوی (٢٩) ی تشـرینی یەکەم گەیشتنە دەریای ڕەش و چەند لەنگـەرگای ڕووسـانیان گوللـەباران کرد.[٢٢٠] وە لە (٢٩) ی تشرینی یەکـەم سـاڵی(١٩١٤) ئوسـتۆلی عوسمـانی (فیودیا) و (سیفاستیبول) و (اودیا) و (نوفورسیسك) هێرشیان کردە سـەر ڕووسـیا. لـەئاکامی ئـەوەدا ڕووسـیا دژی عوسمـانی شـەڕی ڕاگەیانـد.[٢٢١] دوای سێ ڕۆژ لەهێرشی ئوستۆلی عوسمانیەکان علی موانئ ڕووسـیە لـە ٢ ی تشرینی دووەمی (١٩١٤) لەپەلاماری هێزی سـوپای عوسمـانی هێرشـی کردەسەر شـاری قـارس داگـیری کـرد کەپێشـتر لەلایـەن ڕووسـەوە داگـیر کرابوو.[٢٢٢] بەریتانیا و فەڕەنساش لەڕۆژی پێنجی نۆڤیمبـەر تێکـەڵی ئـەو شەڕە بوون.[٢٢٣] ئیتر تورکیـا خـۆی خسـتە نـاو ئـاگری جـەنگی یەکـەمی جیهانی و لەئەنجامی سەرکێشی و لووت بەرزی تورکەکان، کۆتایی هـاتنی جـەنگی یەکـەمی جیهـانی و دۆڕانـی تورکیـا و هاوپەیمانـەکانی دەوڵـەتی عوسمانی هەڵوەشایەوە و ئیمپڕاتۆریەتی فراوان و پان و بەرینی عوسمانی بەش بەش کرا و تەنیا ئەو بەشەی تورکیاری ئەمڕۆ مایەوە.

---

(٢٢٠) سیسل جۆن ئەدمۆندس، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣.

(٢٢١) مجموعه من الباحپین السوفیت، سەرچاوەی پێشوو، ص١٦.

(٢٢٢) الدکتور فرست مرعی، سەرچاوەی پێشوو ، ص ٣٥.

(٢٢٣) سیسل جۆن ئەدمۆندس، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣.

# بەشی سێیەم
# بارودۆخی کوردستان لەسەرەتای سەدەی بیستەم

لەسەرەتای سەدەی بیستەم گەلێك ڕووداوی گرنگ ڕوویدا لەناو وڵاتانی دراوسێی کوردستاندا، وەکو شۆرشی روسیا لە ساڵی (١٩٠٥)، مشروتیەی ئێران لە ساڵی (١٩٠٥-١٩٠٦) چاکسازی (اصلاحات)ی دەستووری لە وڵاتی عوسمانی ساڵی (١٩٠٨)، ئەمانە هەموویان بەرهەمی رووداوەکانی بەر لەخۆیان بوون لە سەدەی نۆزدە، نەتەوەی کوردیش چاوی کرابووەوە و لە مەبەست و ئامانجی ئەو شۆڕشانە گەیشتبوو چۆن سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیرانی نەتەوەکان هەر تاقمە بۆ خۆی کەوتبووە چالاکی و داوای چاك کردنی باری وڵات و ژیانی هاوڵاتیانی خۆیان دەکرد، کوردیش ماوەیەك بوو لەسەدەی نۆزدەوە زانایان و ڕۆشنبیرانی کورد کەوتبوونە

خۆیان و هەستی نەتەوایەتیان بەناو جەماوەردا بڵاودەکردەوە و نەتەوەی کوردیان هان دەدا لەوە زیاتر بێدەنگ نەبن، بەرامبەر بەجەور و ستەمی داگیرکەرانی کوردستان.[1] بەهۆی ئەو بارودۆخەی لە ئێران و ڕووسیا هاتبووە ئاراوە، ڕەوش و بارودۆخی کورد لەنێو قەڵەمڕەوی عوسمانیدا هۆکارێك بوو بۆ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی دژی عوسمانییەکان، هەر لەبەر ئەمە لەتشرینی دووەمی (١٩٠٥) کوردی دەرسیم و بایەزید و بەدلیس ڕاپەڕین، چونکە کاربەدەستانی عوسمانی دەیانویست باجیان لێوەربگرن.[2] دواتر ئەمە شارەکانی تریشی گرتەوە هەروەکو جەلیلی دەڵێ: کوردەکانی ئەستەمبوڵ لەساڵی (١٩٠٦) لەبەردەم دەزگاکانی حکومەت لە ئەستەمبوڵ خۆپیشاندانێکی گەورەیان کرد و بێزاری خۆیان دەربرییبوو بەرامبەر کاربەدەستانی عوسمانی و جەور و ستەمیان لەگەڵ گەلی کورددا، بۆ یەکەم جار ئافرەتانی کوردیش لەو خۆپیشاندانە بەشدار بوون و پاش ئەوە لە ساڵی (١٩٠٧) لەشاری بدلیس خۆپیشاندانێکی لەو جۆرەی ئەستەمبوڵ کرا (٥) هەزار کەس بەشداری کرد، هەموو داواکاری لابردنی کاربەدەستە پیسەکانی حکومەتی تورکیان دەکرد لە ناوچەکەیاندا، داوای لابردنی والیان دەکرد و پەلاماری فەرمانگەی پۆلیسخانە و چەند دەزگایەکی تری حکومەتیاندا، دەستیان بەسەرداگرت.[3] ڕۆشنبیران و سەرکردەکانی کورد و ئەرمەن هەوڵیاندا لەو

---

[1] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧٣.
[2] هەستیار کەمال کوردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٠.
[3] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧٣.

بارودۆخەدا پەیوەندی نێوانیان باش بکەن و خەبات بکەن دژی دەوڵەتی عوسمانی بۆ بەدیهێنانی مافی ڕەوای نەتەوەکانیان، ڕۆژنامەی (نوردار)ی ئەرمەنی ژمارەی (٢٨)ی ڕۆژی (١٦-١-١٩٠٠) گووتوویەتی: عوسمان بەگ یەکێکە لەئەمیرەکانی کورد لەترسی تورکەکان ولاتەکەی خۆی بەجێ هێشتووە و یەکێکە لەوانەی ساڵەهایە بۆ ئەوە تێکۆشاوە کورد و ئەرمەنی هێزەکانیان یەك خەن بۆ ئەوەی پێکەوە دژی عوسمانیەکان خەبات بکەن.[٤]

لەتورکیا کوردەکان یەکەم نەتەوە بوون لە ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیدا شۆڕشیان هەڵگیرساند، ئەمەش هەر لەخۆوە نەبووە، بەڵکو لەساڵی (١٩٠٥) کاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی یەکەمی رووسی. کاریگەریەکی گەورەی هەبوو لەسەر ڕۆژهەڵاتی کۆلۆنیالی. ڕژێمی ستەمکاری لەتورکیا ئەمیش هەروەك ڕژێمی شاهەنشاهی لە ئیران داتەپیبوو. بەم لاولادا دەکەوت لەژێر گوشاری تورکی و ناتورکیش بەئاگاهاتبوونەوە و لاسایی ئەزموونەکەی گەلانی ڕووسیای قەیسەریان دەکردەوە. لە سەرەتاکانی ساڵی (١٩٠٦) چەند ڕاپەڕینێکی تازە هەڵگیرسا، لە نێو دانیشتوانی کورد لە ویلایەتی ئەرزرۆم و بدلیس. ئەستێرەی (بەشاریێ چەتۆ) درەوشایەوە لەسنجەقی (سیرت) لەنێو سەرکردە شۆڕشگێڕەکان، کردەوە سەربازییەکان ویلایەتی دیاربەکریشی گرتەوە، چەندین جموجۆڵ و بزوتنەوەی هاوبەش لەنێو کورد و عەرەب بەرپا بوو لەدژی دەسەڵاتی تورکی لە باشووری کوردستان. هەروەها لە ساڵی (١٩٠٧- ١٩٠٨) تاوەکو

---

[٤] محەمەد ڕەسوڵ هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢٣.

شۆڕشی (تورکیای فەتات) پێکدادانی چەکداری ڕانەوەستا لەنێوان کورد و هێزە حکومیەکان لە دەرسیم و بدلیس و ناوچەکانی دەوروبەریان. [٥]

لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٠٨) تەنگژەی شۆڕشگێڕی گەیشتە چڵەپۆپە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوە بوو لە (٢٣) ی تەمووزی (١٩٠٨) سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەفەرمانرەوایی لابرا و لە ساڵی دواتر بەشێوەی یەکجارەکی لەسەر تەختی سوڵتانی لابرا. [٦]

شۆڕشی دەستووری و گەڕانەوەی مەشروتیەت لەساڵی (١٩٠٨–١٩٠٩) هانی کوردەکانیدا چاو ببڕنە دامەزراندنی حوکمێکی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لەناو دەوڵەتی عوسمانی، سیاسەتی (تورکیای لاو)یش لەسەرەتادا وای لەکوردەکان کرد ئەو داوایە بکەن (حوکمی ئۆتۆنۆمی)، بەڵام ئاوات و هیوایان بەرەو کزبوون چوو کاتێ تورکیای لاو، دەستیان دایە سیاسەتی بەتورك کردن و تۆرانیەت و چەوساندنەوەی ئەو کەسانەی کە تورك نەبوون. [٧] پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی تازە و نەتەوەییەکانی کورد لەچەند مانگی سەرەتایی دەسەڵاتی (تورکیای فەتات) پەیوەندییەکی زۆر دۆستانە بوو، بەجۆرێك سەرکردە کوردەکان (ئەمین عالی بەدرخان و سەید عەبدولقادر و شەریف پاشا و سەرکردەی تریش) ئومێدیان وابوو سەرکردە نوێیەکانی ئیمپراتۆریەت مافەکان بەکەمە نەتەوەییەکان ببەخشن. سەرکردەکانی لیژنەی (ئیتحاد و تەرەقی) لەلای خۆیانەوە پشتگیریان

---

[٥] ن. لازاریف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٦– ٢٦٧.
[٦] ن. لازارێف، سەرچاوەی پێوو، ل ٢٧٣.
[٧] د. وەلید حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل 247.

دەکرد، لەم خواست و ئومێدەی کورد و کەمە نەتەوەییەکانی تریش. ئەمەش بۆ تۆکمە کردن و جێگیرکردنی پێگە و شوێنی خۆیان. بەخێرایی چەندین ڕێکخراوی سیاسی و روناکبیری دامەزرا، (کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی کوردستان) یەکێ بوو لە گەورەترین ئەو ڕێکخراوانە، هەروەها چەندین یانەی کوردی کرایەوە لە هەرێمەکان و هەموو ئەو شوێنانەی کوردی لێ نیشتەجێ بوون. یانەی بدلیس لە گەورەترین یانەکان بوو، ژمارەی ئەندامەکانی گەیشتە هەشت هەزار ئەندام. بەڵام زۆری نەخایاند ئەم یانانە داخران بەهۆی ئەوەی دەستیان کرد بەبڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و پڕوپاگەندە دژی حکومەت.[٨] لەساڵی (١٩١٠) سەید عەبدولقادر لە ڕۆژنامەکانی تورکیەوە بەیانێکی بڵاوکردەوە تیایدا داوای حوکمی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد کردبوو، بەڵام ئەو بەیانە بەلای زۆربەی کوردەکانەوە دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو، بەتایبەتی بەلای لاوەکانەوە کە ئەوان بیروباوەڕی پێشکەوتوخوازیان هەبوو، بۆیە لاوەکان بەتایبەتی خوێندکاران هەوڵی دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی تریاندا ناویان لێنا ( کۆمەڵەی هیوا) ئۆرگانێکی تایبەتیان نەبوو، ئەم کۆمەڵەیەش زۆر لەگەڵ کۆمەڵەی پێشوو جیادەکرایەوە.[٩]

سولتان محەمەد ڕەشاد کە دوای عەبدولحەمیدی دووەم هاتەسەر تەخت، وەك بوکە شوشەیەك وابوون بەدەست لیژنەی (ئیتحاد و تەرەقی) بەهێز. بۆیە خواستی بەرهەڵستکاری لەجاران زیاتر بوو لە کوردستان و

---

[٨] ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٤.

[٩] د. ولید حمدی،سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٤.

ڕیزەکانیان یەکدەخست، لەگەڵ گۆڕانی نەتەوەییەکان ئەوانەی چوونە سەر ڕێگای دژایەتی کردنی حکومەت.[١٠]

کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی بەنیاز بوو، لەماوەی ساڵانی (١٩٠٨ تا ١٩١٤) سیاسەتی تواندنەوەی کورد و لەناوبردنی ئەرمەن جێبەجێ بکات. بەڵام ئەو ماوەیەی بەزۆرزانی و شتێکی ئەوتۆی دەست نەکەوت، بۆیە زووتر دەستی دایە شەڕێکی خوێناوی دژی کورد و ئەرمەن و یۆنانیەکان. ئەویش یەکەم سەرەتا بوو بۆ بڵاوکردنەوەی بیری تۆرانیەت، کە ئامانجی ئەو حکومەتە تازەیە بوو، پاش کۆتایی هێنان بەکێشەکانی تورکیا، پەل بهاوێ بۆ دەرەوەی سنوورەکەی.[١١] نێردراوەکانی (تورکیای فەتات) ئەوانەی نێردرابوون بۆ ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ دەستیان کرد بەبڵاوکردنەوەی تۆوی دووبەرەکی و دژایەتی لەنێوان کورد و ئەرمەنییەکان، هەروەها لەنێوان خودی سەرکردە کوردەکان، ئەوانەی لە ململانێ دابوون لەسەر دەسەڵات.[١٢] دوای ئەوەی تورکە لاوەکان سیاسەتیان گۆڕی و توندوتیژیان بەرامبەر بەکورد بەکارهێنا، لەزۆر شوێن و جێگای تری کوردستان ڕاپەڕین دژ بەسیاسەتی تورکە لاوەکان ڕوویدا. یەك لە هۆکارە گرنگەکانی سەرهەڵدانی ئەو ڕاپەڕینانە زیادکردنی باج و گومرگ بوو لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە بەسەر خەڵکی ناوچەکەدا، زۆر بێ ڕەحمانە خەڵکی دەچەوساندەوە، ئەمە بەتەواوی ژیانی دانیشتوانی ناوچەکانی

---

(١٠) ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٩.

(١١) د. وەلید حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣.

(١٢) ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٥.

هەراسان کردبوو، ئیتر لەتوانایاندا نەما بوو بەرگە بگرن، ئەو باردۆخە قبولّ بکەن. لەو بارەیەوە سەرکردەکانی ڕاپەڕینی دەرسیم بەنێوی خواستەکانی دانیشتوانی ئەو دەڤەرە لەڕێکەوتی ٨ ی مایسی سالّی (١٩٠٨) نوسراوێکیاندا بەبارەگای جەنگی قەفقاس، لەم نوسراوەدا سەبارەت بەهەلّوێستی خۆشیان بەرامبەر بە ڕووس دواون، ئامادەن بەدە هەزار چەکدارەوە هاوکاریان بکەن.[١٣]

لەگەلّ ئەو هەموو هەست و سۆزەی کوردەکان بەرامبەر بەڕووسیا هەیانبوو، بۆ ئەوەی بەهاوکاری ڕووس بتوانن سەربەخۆیی بەدەست بێنن و لە حوکمی زۆرداری تورك ڕزگار ببن، بەلاّم ڕووسیا هیچ گوێی بەم هەست و سۆزەی کوردەکان نەدا، لەم بارەیەوە کۆلۆنیل (Chardigny) لەقەوقاز بۆ ژەنەڕالّ (Janin) سەرۆکی مسیۆنی فرەنسی لە ڕووسیا دەنوسێت"سیاسەتی ڕووسیا لەبەرامبەر کوردەکان هێندە جێگای خۆشحالّی نەبوو، ڕووسیا نەیتوانی بەهیچ شێوەیەك هاوکارێکی دلّسۆزیان لێ دروست بکات بەقازانجی خۆی، دەسەلاّتدارانی سەربازی بەشوێن ئەوەشدا نەکەوتن بەفریای دانیشتوانە کوردەکان بکەون، کە لەناو کولّەمەرگیەکی قولّ دادەژیان." لەگەلّ ئەوەشدا هەموو ئەو ڕاپەڕین و تەقینەوە نیشتمانیە لەمێژینانەی کورد هەستی خۆبەبێگانە زانین لە دەولّەتی عوسمانی و ئێرانی، هەستی یەك بوون و خۆڕزگارکردن لەدەسەلاّتی عوسمانی و پێکهێنانی دەولّەتی سەربەخۆ بووە ئامانجی سەرەکیان، هەمیشە لەکاردابوون بۆ بەدیهێنانی دەولّەتی سەربەخۆ.

---

[١٣] هەستیار کەمال کوردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٧.

عەبدولڕەزاق بەدرخان[١٤] ڕۆڵی گرنگی گێڕا لە بزوتنەوەی ئـازادیخوازی گەلی کـوردا، لەبـەهاری (١٩١١) پێوەنـدی بەکونسـۆڵی ڕووسـیاوە دەکـات لەوان، دەڵێت : "ئامادەی ڕاپەڕینین و ئەگەر یارمەتیمان بـدەن ئامـادەین شاری وان بگرین، سەرباز و چـەکدارە کوردەکـانی نـاو سـوپای تورکیـاش ژمارەیـان یـەکجار زۆرن ئامـادەن بێنــە ڕیـزی شۆڕشــەوە". عبـدولڕەزاق متمانەیەکی زۆری بەهاوکاری کردنی ڕووسەکان هـەبوو، هەوڵـەکانی لـەناو هۆزە کوردەکانی ورمێ چڕکردەوە، بەڵام ڕووسیا هیچ هاوکـاری نـەکردن، خۆدزینەوەی ڕووسیا لەکورد وای کرد لەلایەن سوپای عوسمانی ناوچەکە کـۆنترۆل بکرێـت.[١٥] ئـەم قۆناغـە بـەوە دەناسـرێتەوە دابڕانێکـی تـەواو ڕوویـدا لــەنێوان سـەرکردەکانی کـورد (سـەرۆك خێڵــەکان و سـەرکردە نەتەوەییەکان) جەماوەر لەلایەك و دامودەزگـا فەرمانڕەواییـەکانی تورکیـا لەلایـەکی تـر، کوردەکـان هـیچ نیشـتمانپەروەرێتی عوسمانیـان پێوەدیـار

---

[١٤] عەبـدولڕەزاق بــەدرخان: لــە بنەماڵــەی گــەورەی بەردخانــە، بەدرخانیــەکان بنەماڵەیەکی تێکۆشەری کوردن، ئەم بنەماڵەیە چەندین کەسی ناوداری هـەبووە ڕۆڵـی گرنگیان لەمێژووی کورد بینیوە، دیارترینیان میر بـەدرخان پاشـایە (١٨٥٦-١٩٢٦)، یەکێك لـەوان عبـدولڕەزاق بـەدرخان کـوڕی نـەجیب پاشـای بـەدرخان لـە بزوتنـەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردا هەوڵی زۆریدا، پێوەندی بە ڕووسیاوە کرد بۆ ئەوەی متمانەی ئەوان بەدەست بێنیّ، بەڵام رووسەکان هاوکاریان نەکرد. (هەسـتیار کـەمال نـوری، ل ٢٤٧-٢٤٩) عەبدولرەزاق قوتابی حاجی قادری کـۆیی بـووە و بەمنـداڵی دەرسـی پـیّ وتـووە، عەبـدولرەزاق ڕۆڵێکـی گرنگـی بینیـوە لـە هاوکـاری لەگـەڵ سمکـۆی شـکاك لەبزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە کوردستانی ئێـران. بڕوانـە: محەمـەد رسـول هـاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥٨.

[١٥] هەستیار کەمال کوردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٧-٢٤٩.

نـەبوو. بـەڵكو بەپێچـەوانەوە خۆیـان ئامـادەدەكرد بـۆ بـەرپا كردنـی شۆڕشێكی سەرانسەری. عەبدولرەزاق بانگەشەی بۆ دەكرد، لـە شـوباتی سـاڵی (١٩١٢). خواسـت و ئـارەزووی دۆسـتانەش بـەرەو ڕووسـەكان لەپەرەسەندن دابوو لەنێو سەركردەكانی كوردا، ڕاستە حكومەتـە مـاوە كورتەكـەی (حورییـەت و ائـتلاف) هەوڵیـدا لەیـەك تێگەیشـتنێكی هاوبـەش بدۆزێتەوە لەگـەڵ سـەركردە كوردەكـان، دوای ئـەوەی هەسـتا بەدروسـت كردنی (ڕابیتەی كوردەكان) وەپەنای بردەبەر هۆكاری بـەكارهێنراوی تـر، ئەویش خۆش كردنی ئاگری دوژمنایەتی نێـوان كـورد و ئەرمەنـەكان بـوو. بەڵام كوردەكان ڕازی نەبوون پشتگیری لێ بكەن. چونكە هیچ جیاوازیەكی ئەوتۆیان بەدی نەدەكرد لەنێو كوتلە سیاسـیە توركـەكانی ڕكابـەر لەسـەر دەسـەڵات لــە ئەسـتەمبوڵ، بۆیــە هــەروەكو جــاران دەسـتیان كـرد بەخۆسـازدان بـۆ شۆڕشـێكی دژ بـە توركـەكان، بـۆ ئـەو مەبەسـتەش لیژنەیەكی تایبەتیان دروست كرد، لە ئەرزرۆم و چەند لقێكیان بۆ كردەوە لە (وان و دیاربـەكر و ئورفـە) و چـەند ناوچـەیەكی تـریش. هـەروەها ئـەم لیژنەیە كاری دەكرد بۆ بەسەربازكردنی (٧٠) هـەزار شۆڕشـگێڕی چـەكدار لە ناوچەكانی ئەرزرۆم و بـدلیس و بایەزیـد و مـوش. هـەروەها خـەیرەدین بەگی سەرۆكی روویكردە ڕووسیا تا داوای یارمەتی و پشـتگیری لێ بكـات، هەروەك یەكی لە سەركردەكانی كـورد دەڵێ:"ئەگـەر ڕووسـەكان پەلـەیان بكردایە، ئەوە ڕزگارمان دەبوو...لەم حكومەتە توركیـە لاواز و بـێ هێـز و بەدڕەوشتە".[١٦]

---

[١٦] ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٥ –٢٨٦.

سەرۆكە كوردەكان هەمیشە لەهەوڵی بەدەست هێنانی سـەربەخۆیی دا بوون، لەساڵی (١٩١٢) حسێن بەدرخان لەئەرزرۆم لیژنەیـەكی ڕێكخسـت و شۆڕشی هەڵگیرسان، ئیـدی لەسـاڵی (١٩١٢) كاربەدەسـتانی ئەسـتەمبوڵ داوایان لە لایەنە پەیوەندیدارەكان كرد پەیوەندی بەسەرۆكە كوردەكانەوە بكەن، داوای گەڕانەوەیان لە عەبدولڕەزاق بـەدرخان كـرد. ئـەوجا ڕووسـیا بڕیاریدا بەوردی ئاسایش لەناوچە بەرقەرار بكا و هەتا بتـوانێ هاوسـەنگی دەسەڵاتی خۆی لەكوردستانی نێو قەڵەمڕەویان بپارێزێت و ڕێگاش لەیـەك گرتنی خێڵە كوردەكان بگرێت.[١٧] بەرپاكردنی شۆڕشێكی سەرانسەری لـە كوردستانی توركیا لەوكاتەدا مەحاڵ بوو، چونكە كۆمەڵگای كـورد پارچـە پارچە ببوو، بەپێی سیمای خێڵەكی و شـتی تـریش بۆیـە ئامادەنـەبوو بـۆ كارێكی لەو جۆرە. بەڵام زۆر بوونی بێزاری و نـاڕەزایی لـەنێو دانیشـتوانی كـورد لـە ئیمپڕاتۆریـەتی عوسمـانی لـەو سـاڵانەدا گەیشـتبووە ئاسـتێكی مەترسیدار. ئەوەی هۆكار و یارمەتیـدەر بـوو بـۆ ئـەم حاڵەتـە ئـەو ڕژێمـە دیكتاتۆریەكەی هەرسـێ حكومەتەكـەی (توركیـای فـەتات) بـوو (ئـەنوەر، تەلعــەت، جــەمال) دوای گەڕانــەوەی لیژنــەی (ئیتحــاد و تــەرەقی) بــۆ دەسەڵات لە ٢٣ی كانونی دووەمی (١٩١٣) پێك هاتن.

یاریدەدەری كونسۆڵی ڕووسی لەوان ئاماژەی بەهەوڵێكی عەبـدولڕەزاق كـردووە، لەسـاڵی (١٩١٣) دا لەكۆنگرەیـەكی لەشـاری وان بـۆ شـێخان و كەسایەتیە ئاینیەكان سازی كردووە، سەبارەت بـە هاوكـاری شۆڕشـەكەی لایەنگریان دەستەبەر بكـات . بۆئـەم مەبەسـتە تـوانی لایـەنگری شـێخانی

---

[١٧] هەستیار كەمال كوردی، سەرچوەی پێشوو، ل ٣١٥.

ئێزیدی و مارشەمعون و ئاشوورییەکان دەستەبەر بکات، لەلایـەکی دیکـەوە پەیوەندی بەکەسە ناسراوەکانی پارتی (داشناق)ی ئەرمەنەوە کرد، بـەڵام لایەنگریان نەکرد، بەو پێیە عەبدولڕەزاق پلانێکی دانا دەبوو سەعید بـەگ هێرش بکاتەسەر ناوچەی ئوجاغ (ئارشاج) و عەبدولڕەزاقیش لای خۆیەوە هـەوڵی ئـازاد کردنـی بۆتـان بـدات، هـەروەها سـەید تـەها سـەرکردایەتی هێرشـێکی دیکـە بکـات بەئاراسـتەی ناوچـەی باشـقەڵا و سمکـۆش سەرپەرشتی هێرش بکات بەرەو ناوچـەی سـەرا لەسـەر سـنوور.[18] بـەڵام دیـارە مردنـی حوسـەین بـەگ بـەدرخان ئـەو نەخشـانەی هـەموو تێکـداو زەرەرێکـی زۆری گەیانـدە بنەماڵـەی بـەدرخان. (کامیـل بـەگی) بـرای جێیگرتـەوە، ئەمـە لەلایـەك و لەلایـەکی تریشـەوە هێـزە تورکیـەکان لـە هێرشـێکی پەلـەدا بـۆ سـەر ئـەو ناوچـانە، نەخشـە و پلانـەکانی ئـەمانی تێکدا.. چونکە ئەم هێرشە پەلەیە بۆ سەر ناوچـە کوردیـەکان بـووە هـۆی دەستگیر کردنی چەند سەرکردەیەکی کوردەکان، لەوانە (دەروێش ئاغـا و عەلی ئاغا) هێزێکی تـری تورکـەکانیش لـە موسـڵەوە گەیشـتە جـەزیرە تـا لەوێ ئاسایش بگەڕێنێتەوە بەلای خۆیاندا.[19]

عەبـدولڕەزاق لـە ئەنجامـدانی پلانێـك بـۆ ڕاپـەڕینێکی گـەورە لـە کوردسـتان. داوای لـە (ڤارەنتسـۆڤ داشـکۆڤ) کـرد ڕێگـای بـدەن بنکـەی بزوتنەوەکەی لە ئێران بێت. لەبەرامبەردا ئامادەیە لەبری ئەوەی سـەر بـە عوسمانیـەکان بێـت سـەر بـەئێران بێـت. ئەگـەر لـەم کارەشـدا پشـتگیری

---

[18] هەستیار کەمال کوردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٤.

[19] د. وەلید حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٣.

نەکەن ئەوا داوای هاوکاری لە ئـەڵمانیا دەکـات. سـەبارەت بـەم داواکاریـە لەناوەڕاسـتی کـانوونی یەکـەمی سـاڵی (١٩١٣) نامەیـەکی بـۆ وەزارەتـی کاروبـاری دەرەوە نووسـی ئەمـە کـارێکی سوودبەخشـە بـۆ ئێمـە ئەگـەر کوردەکانی ئێران بەم جۆرە ڕێك بخەین، ئەو توانا و دەسەڵاتەمان دەداتێ لەدوا ڕۆژدا کار بکەینە سەر کوردەکانی تورکیا و شتێکی باشـە بـۆ ئێمـە، ئەم هاتنە پێشەوەیەی عەبدولڕەزاق لەدەست نەدەین، بەمەرجێك بـەپارە و پول یارمەتی بدەین، وادیارە پێویستی پێی هەیە و بەلایەوە گرنگـە... هاتنی بۆ سانپیتر بۆرگ. بـەڵام ئـەم پێشـنیارە لەلایـەن بـاڵیۆزی ڕووسـیا لەئەسـتەمبوڵ و وەزیرەکانـەوە ڕەت کرایـەوە. (گێرسـی) دژی ئـەم کـارە بـوو، لـە (١٤)ی شـوباتی (١٩١٤) گێرسـی دانـی بـەو ڕاسـتیەدا نـاوە کەکاربەدەسـتانی ڕووسـیا نایانـەوێت پەیوەندییـەکی نزیکیـان لەگـەڵ سـەرۆکە کوردەکـان هـەبێت و هـیچ جـۆرە بەرپرسـیاریەتیەك ناخەنـە ئەستۆی خۆیان.[٢٠]

بەرژەوەندی ڕووسیا لەگەل دروست کردنی کوردستانێکی سـەربەخۆدا یەکی نەدەگرتەوە، ئەوەی مەبەستی ڕووسیا بوو شوێن پێـی خـۆی لـەناو دەوڵەتی عوسمانیدا لەرووی سیاسی و ئابووری و سەربازیدا بەهێز بکـات، کوردیش ئەمـەی زۆر بـاش دەزانـی، بـەڵام لەناچـاریدا پـەنای دەبردەبـەر ڕووسیا، بەرلەجـەنگی یەکـەمی جیهـانی ڕووسـیاش هەمیشـە هـەوڵی دەدا کـورد بـەلای خۆیـدا رابکێشـێت، بـەڵام تـەنیا بەمەبەسـتی پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانی خۆی، لەسەرەتای سەدەی بیستـەم و دوای ڕێکـەوتنی

(٢٠) هەستیار کەمال کوردی، سەرچاوەی پێشوو،ل ٢٥٥.

لەگەڵ دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان هەرگیز هاوکاری کوردیان نەکرد، بەڵکو هەوڵی دەدا بۆ بەرقەراکردنی ئاشتی لەناوچەکەدا بەمەبەستی دابین کردنی بەرژەوەندیەکانی خۆی. ئەڵمانیاش دەوڵەتی عوسمانی هاندەدا هێرش بکاتە سەر ڕووسیا. عوسمانییەکان لایان وابوو ئەڵمانیا لەجەنگدا سەرکەوتوو دەبێت و ئەوانیش لەم سەودایە سوودمەند دەبن و دەتوانن ناوچەکانی لەدەست چوویان بگەڕێننەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، بەلام وەك دەرکەوت لەم ڕایەدا بەهەڵەچووبوون. لەم کاتەشدا کوردستان لەحاڵەتی جۆش سەندن دابوو، نێردراوەکانی عەبدولرەزاق وەکو شێخ تەهای شەمدینی و کەسانی تر لەسەرکردەکانی ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵ دەستیان کرد بەپڕوپاگەندەی بەهێز دژ بەتورکیا بۆ ماوەی چارەکێ لە ساڵی (١٩١٣) لەناوچەکانی ئەرزرۆم و وان، بەلام ناکۆکییەکانی نێوانیان لەسەر سەرکردایەتی و ئاڕاستەی سیاسەتی دەرەوەیان (کۆمەڵێکیان وەکو عەبدولرەزاق بۆ نموونە سەربە حزبێك بوو لایەنگیری ڕووسیا بوو، کۆمەڵێکی تر سەر بە حزبێکی لایەنگیری بەریتانیا بوو) ئەمانە بوونە هۆی لەمپەر لەبەرپا کردنی شۆڕشێکی گشتی و سەرانسەری. هەر لەبەر ئەم هۆیانە جموجۆڵە چەکداریەکەی ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵیش (ناوچەکانی دیاربەکر و سیرت) بەپەرتەوازەیی مایەوە. لەنیوەی دوەمی ساڵی (١٩١٣) کۆمەڵەی (کۆمەڵەی کوردستان– جمعیە کوردستان) کە لەوێ کاری دەکرد دەستی کرد بە پڕ چەك کردنی خێڵەکان، بەلام پروپاگەندە سیاسیەکان بەشێوەیەکی سەرەکی لە تورکیا و دەرەوەی تورکیا ئەنجام دەدا، و (گۆڤاری مەشروتیەت — الدستور)ی دەردەکرد لەفەرەنساوە.

نەتەوەییەکان هەستان بەدابەش کردنی چەندین نووسراو لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، دەیان هەزار مۆر و ئیمزای لەخۆگرتبوو بانگەشەی کوردەکانی دەکرد بۆ خەبات و تێکۆشان لە پێناو سەربەستی و ئازادیدا.

داواکاری سەرەکی نەتەوەییەکان کارگێڕیەکی خۆجێیەتی و کەلتوری بوو بۆ کوردستان. بەڵام داواکاریەکەیان زۆر ڕادیکاڵی بوو. گەیشتە ئەو سنوورەی داوای دامەزراندنی میرنشینێکی سەربەخۆیان دەکرد، بەڵام هەروەك جاران تەبایی و یەك ڕیزی بوونی نەبوو لەنێو نەتەوەییەکانی کورد. هەروەها کاریگەریەکی زۆریان نەبوو لەسەر هەڵوێستی ڕاستەقینە لە کوردستان.[٢١]

لەئاکامی سیاسەتی تورکە لاوەکان و گەشەکردنی بیری نەتەوەیی کورد، چەندین بزوتنەوە و ڕاپەڕین ڕوویدا، یەك لە هۆکارە گرنگەکانی سەرهەڵدانی ئەو ڕاپەڕینانە زیادکردنی باج و گومرگ بوو لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە بەسەر خەڵکی ناوچەکەدا، ئەمە بەتەواوی ژیانی دانیشتوانی ناوچەکانی هەراسان کردبوو، چیتر لەتوانایاندا نەمابوو ئەو بارودۆخە قبوڵ بکەن.[٢٢]

لەدوای شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا هەتا دەست پێکردنی شەڕی جیهانی لە زۆر بەشی کوردستاندا ڕاپەرین و شۆڕشی پەرتەوازە و لێك جیاواز سەری هەڵدا، بەبزوتنەوەکەی ئەمین عالی بەدرخان و مەدحەت بەدرخان دەستی پێکردووە، تەنانەت تاکو سەرەتای سەدەی بیست ئەم

---

[٢١] ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٨.

[٢٢] هەستیار کەمال کوردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٧

ناوچەیە لە بەربەرەکانیدا بەردەوام بووە، تاکو ڕاپەڕینەکەی مەلا سەلیم و شێخ شەهابەدین، لە ئەنجامدا مەلا سەلیم لە کۆنسولگەری ڕووسدا لە تورکیا گیرا و لە سێدارە درا.[٢٣] ئەمەی دواییان ڕاپەڕین و بزوتنەوەیەکی درێژخایەن بووە و مەبەستی باسەکەی ئێمەیە، هەوڵ دەدەین بەپێی بڕست و دەست کەوتنی سەرچاوە و بەڵگەنامەکان باسی بکەین.

## ڕاپەڕینی مەلا سەلیم و شێخ شەهابەدین و هاوڕێکانی

بەر لە دەست پێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی تاقمی ئیتحاد و تەرەقی لەژێر پەردەی چاکسازی دەستووریدا نەخشەی ئەوەیان کێشا بوو دەست بگرن بەسەر کاروباری وڵاتدا، وەك پێشتر ئامازەمان پێدا، لەساڵی (١٩٠٨) سوڵتان عەبدولحەمید ناچارکرا یاسایەك دەربارەی چاکسازی دەستووری مۆر بکا پێی دەووترا (خطى همايون) بەپێی ئەو دروشمانەی ئیتحاد و تەرەقی بەرزیان کردبووەوە، بەر لە دەرچوونی ئەو دەستوورە دەبوایە نەتەوەی کوردیش لەناو وڵاتی عوسمانیدا مافی نەتەوایەتی خۆی دەستگیر بوایە، بۆیە ڕۆشنبیرانی کورد چ لە دەرەوەی وڵاتی عوسمانی و چ لەناو وڵاتی عوسمانی لەسەرەتادا لایەنگیری ئیتحاد و تەرەقی بوون، لەگەڵیاندا بەشدار بوون، لەو چالاکی و جموجۆڵانەی بۆ سەرگرتنی ئەو مەبەستە درا بوو، بەڵام هەر کە تاقمی ئیتحاد و تەرەقی لەپاش مۆر کردنی دەستوور بوون بەدەسەڵاتدار و کاروباری وڵاتیان گرتەدەست، ئیتر لەبەڵێنەکانی پێشوویان پاشگەز بوونەوە و کوردی

---

[٢٣] بوار نورەدین، میرعەبدال خانی بدلیس، چاپی یەکەم ، سلیمانی ٢٠٠٧، ل ٦٩.

نائومێد ناچاربوو بۆ پاراستنی خۆی و بۆ بەدەستهێنانی مافی خۆی، بکەوێتە خۆی و بێزاریی خۆی دەربڕێ و ڕووبەڕووی کاربەدەستانی تورك بێتەوە.[٢٤] کاتێك ژۆن تورك بۆیان دەرکەوت بەئاسانی چارەسەری ئەو کەم و کوڕیانەیان پێ نەدەکرا، لە زەمانی سوڵتان عەبدواحەمید پەیدا بوو، ئینگلیز و فەرەنسا و ئەڵمانیا و رووسیا بە تەواوەتی دەستیان خستبووە ناو کاروباری وڵاتەوە، لەدوای شکانی تورك لەشەڕەکانی تەرابلس و باڵقاندا لەساڵانی (١٩١١–١٩١٢) باری دەوڵەتی عوسمانی بەتەواوەتی قورس و ئاڵۆز ببوو، کەوتنە خراپەکاری لەگەڵ دانیشتوانی ژێر دەسەڵاتیان، بۆیە ناحەزەکانیان دژیان کەوتنە جموجۆڵ.[٢٥] کورد یەکێك بوو لەوانەی دژی ئیتحاد و تەرەقی کەوتبوونەکار، لەم ڕووەوە پەیامنێری گۆڤاری (ئارارات)ی ئەرمەنی ژمارە (٣) ساڵی (١٩١٣) لەلاپەڕە (٧٨)یدا لەلەندەن دەرچووە باسێکی بڵاو کردبووەوە، وتبووی کوردەکان بۆیان دەرکەوتووە ژۆن تورك زۆری پێ ناچێ هەموو مافێکی کورد پێشێل دەکا، بۆیە لاوازی ئەو ڕۆژەی تورکیان بەهەل زانیبوو، سەرۆکە کوردەکان لەئەستەمبوڵ دەستیان کرد بەخۆ ئامادەکردن، لەمانگی ئایاری (١٩١٢) کۆبوونەوە و بڕیاریاندا حزبێکی یەکگرتوو پێك بهێنرێت، لەو کۆبوونەوەیەدا ئامانجی ئەو حزبەیان دەست نیشان کرد و بڕیاریاندا دەست بکرێت بەڕاپەڕینێك لەو ڕاپەڕینەدا تاکتیکی ئەلبانەکان بەکاربهێنرێت، باج نەدرێت بەحکومەت و کاربەدەستانی تورك لە

---

(٢٤) محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥٨.

(٢٥) محەمەد رسول هاوار، هەمان سەرچاوە، ل ٣٦٧.

کوردســـتان بکرێنـــە دەرەوە، حکومـــەتێکی کـــاتی ســـەربەخۆی کـــورد دابمەزرێت.[٢٦]

ڕێکخستنی نهێنی بەناوی (ئیرشاد)ەوە هەبوو چەند کەسایەتیەکی نێو هۆزەکـانی وەك (هۆرسـیکی عـەزیز بـەگ) و (زیرکـی عەگیـد ئەفەنـدی) و عەشیرەتی شێخ عوسمـان ئەفەنـدی و سـەلیم ئەفەنـدی ( مـەلا سـەلیم) و (بەکر ئەفەندی)، ئەم ڕێکخراوە چاپخانەیەك و سندوقێکی داراییان هەبوو، بەپێی پلانی بەدرخانیەکان لەهەوڵی دروست کردنی میرنشـینێکی کوردی سەربەخۆ دابوون، کوڕە گەورەکەی بەدرخان بەگیش بکرێتە سەرۆکی.[٢٧] بـەپێی ئـەو نامانـەی لەلایـەن بـاڵیۆزی رووسـیاوە نێـرراون بـۆ وەزارەتـی دەرەوەی رووسیا دەردەکەویَ ڕێکخراوێکی نهێنی کورد هـەبووە، بـەناوی (ئیرشاد) خۆی ئامادە کردبـوو بـۆ دەسـت کـردن بەڕاپـەڕینێك، هـەروەکو (خیرالدین بـەرازی) بـۆ (شـترمزی)ی کونسـوڵی ڕووس لـە ئـەرزرومی ڕوون کردبـووەوە لـەناو ئەنـدامانی ئـەو ڕێکخـراوەدا چـەند کەسـێکی تێـدابووە وەکو: (سیبکی عەزیز بەگ)، (زیرکـی عەقیـد ئەفەنـدی ئەلاشگیرنسـکی)، (شـێخ عبـدالرحمن ئەفەنـدی)، سـەلیم ئەفەنـدی (مـەلا سـەلیم)، (بـەکر ئەفەندی).

ژۆن تـورك بەترسـەوە دەیڕوانیـە ئـەو کۆبوونـەوە و خۆکۆکردنـەوەی کورد، کەوتە تەقەلا بۆ تێکدانی نێوانیـان، لەلایەکـەوە بـە نهێنـی بـەڵێنی

---

[٢٦] محمد رسول هاوار، ەمانهسەرچاوە، ل ٣٥٨.

[٢٧] د. جەلیلی جەلیل راپەرینی ١٩١٤ ی بەدلیس، گۆڤاری پەیڤین و: سـدیق سـالح ، ژ ٨ ساڵی ٢٠٠٠، ل ٢٠٤–٢٠٥– هەستیار کەمال نوری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٦.

دابوو بە ئەرمەنییەکان، کە دەرەبەگە کوردەکان لەناوچەی ئەرمەنیەکانـدا دەردەکـــەن و لەلایـــەکی تریشـــەوە دەرەبەگـــە کوردەکانیـــان دژی ئەرمەنیەکان هان دەدا.(٢٨)

دەربارەی بزوتنەوەی هەستی نەتەوایەتی کورد لەو ڕۆژانـەدا هـەروەکو (چێرکۆف)ی کونسوڵی رووسیا لە بـدلیس لەنامـەی ڕۆژی (٢٧-١-١٩١٢) دا باسی کردووە، لەناو ئەرشیفی سـالآنی (١٩٠٧-١٩١٣) ی باڵیۆزخانـەی رووسیا لە ئەستەمبوڵ پارێزراوە، لەو نامەیەدا وتوویەتی: ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ هەسـتی نەتەوایـەتی لـە نـاو کـوردا پەرەدەسـتێنێت و مێشـکی هـەموو کوردەکانی ناوچـەی بدلیسـی پـڕ کـردووە و لەسـنووری ئـەوێش چـووەتە دەرەوە، (چـێرکۆف) لەباسـەکەیدا وتویـەتی: کوردەکـان بـۆ ئـەوەی لـە بدلیس و ویلایەتەکانی تر دەسەڵات بگرنەدەست، لەناوچـەکانی سێرت و خارزان، بۆتان، شێروان، خێزان و ماردین، و لیڤین و جزیـرە و سـلێڤان و زاخۆ و سلێمانیە و کەرکوك خەڵك دەیانویست دەست بگرن بەسەر کۆگای چـەکەکانی حکومەتـدا، کاربەدەسـتانی حکومـەتیان لێ دەربکـرێ و کـوڕە گەورەکــەی بــەدرخان بکرێــت بەســەرۆکی ئــەو ئەمارەتانــە، لەشــێوەی ئەمارەتەکانی ئەڵمانیا.(٢٩)

بەڵام ئەو هاوارەی کوردان بۆ جیهانی شارستانیتیان بەرز کـردەوە بـێ سوود بوو، چونکە هیچ جـۆرە پەیوەندیـەکیان لەگـەل جیهـانی دەرەوەدا نەبوو، نەبیسترا، یان بابڵێین جیهانی دەرەوە نەیاندەویست پەیوەنـدییان

(٢٨) محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو،ل ٣٧٠-٣٦٩.

(٢٩) محەمەد رسول هاوار، هەمان سەرچاوە، ل ٣٦٨.

لەگەڵ کورد هەبێت، هۆیەکی دیکەی بەهاناوە نەهاتنی کوردان ئەوە بوو کورد سەر بەئاینی ئیسلام بوون و بەکوشتاری ئەرمەنەکان تاوانبار کرابوون، لەبەرئەوەی حکومەتی عوسمانی لەکاتی خۆی جل و بەرگی کوردی کردبووە بەر سەربازان و بەریدابوونە سەر ئەرمەن تا جیهانی دەرەوە وابزانێ کورد ئەرمەنەکان دەکوژن، بۆیە ئەوروپا و ئەمریکا گوێیان بەو هاوارەی کورد نەدەدا.[٣٠]

جێگری کونسوڵی رووس لەوان لەو ڕووەوە نووسیویەتی: " بزوتنەوەی کورد دوو ڕووی هەیە، یەکەمیان بریتیە لە بزوتنەوەی هەستی نەتەوایەتی لەناو ڕۆشنبیرەکاندا، دووهەم: ئەوانەن دژی ئەرمەنیەکانن، سەرکردەی بەشی یەکەم عەبدولرەزاق بەدرخانە، بەشی دووەمیان پیاوە ئاینیەکانن، کەسەر بە سوڵتانی تورکی فێڵباز و دەستبڕن، حکومەتی تورك پۆلیسی خۆی هەیە دەنێرێتە سەر بازرگانەکانی کورد بەهۆی بەکرێگیراوەکانیانەوە، وەکو (جەعفەر و حسین) دەستیان کردووە بە کوشتنی کورد، یەکێکی وەکو (خەیرەدین بەرازی) کاتێك بەهەندێ پارەوە لە ئێرانەوە دەگەڕایەوە، چەند بەیانامەیەکیشی پێ بوو، تیایدا داوا کرابوو کەس نابێ ملکەچ بێ بۆ تورکەکان، ئەو خەیرەدینە لەلایەن تورکەکانەوە کوژرا، دەم و دەست (سلێمان بەگ) و دوو برایان گرت، کە ناویان (فارحۆ) و (نوری) بوو، لەگەڵ (ربانی مستەفا بەگ)ی قائمقامی ناوچەکە، چەند کەسێکی تریشیان گرت  و حکومەت بڕیارێکی تازەی دەرکرد، بۆ سەندنی باجی مەڕ و ماڵات(ئەغنام رسومی) و باجی

---

[٣٠] عەبدولعزیز یامولکی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٧٤.

بازرگانێتی و ٢٠٪ی باجەکەی لەچاو هی پێشوودا زیاد کرا و باجی گومرگ کرا بە دووقات."[٣١]

کورد لەڕەفتاری تورکەکان بێزار ببوون، بەهەموو شێوەیەك لێیان دوور دەکەوتنەوە، لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا هێزەکانی (حەمیدیە)ی کوردی ڕیزەکانی سوپای تورکیان بەجێ هێشت، چونکە هیچ باوەڕێکیان بەو شەڕە نەبوو، بەمەش حکومەتی تورکی دەستی کرد بەدەرکرنی یاسا و نیزامی ئەو تۆ ڕاوەدووی کوردەکانی دەکرد، بەزیندانی کردن، لەسێدارەدان، دەرکردنیان لەشار و گوندەکانی خۆیان، بۆ ناوچە دوورەکانی تورکیا بۆ ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ، تا تەرتەو وەرتە بن و لەناو بۆدەقەی کۆمەڵی تورکیدا بتوێنەوە.[٣٢]

دژایەتی کردنی تورکەکان لەلایەن کوردەوە تەنیا کێشەی ئابووری نەبوو، بەڵکو لەم ڕۆژانە کورد لەژێر کاریگەری نەتەوەکانی تردا هوشیار بوووەوە، داوای مافی رەوای خۆی و دامەزراندنی دەوڵی سەربەخۆیی بۆ کورد دەکرد، لەم بارەیەوە (باسیل نیکتین) دەڵێت: لەوە بەدواوە تەنیا هەر کێشەی ئابووری هۆی ڕاپەڕینەکانی کورد نەبووە، بەڵکو هەستی نیشتمان پەروەریتیش ڕۆڵێکی زۆر کاریگەری بینیوە لە ڕاپەڕینی سەرکردەکانی کوردا، جەماوەریش چوونە پاڵیان. حکومەتی ئیتحاد و تەرەقی لەبەرئەوە دەستی کرد بەترساندن و سەخلەت کردن و گرتنی لاوان و ڕۆشنبیران و سەربەخۆیخوازانی کورد. لەئاکامی سیاسەتی تورکە

---

[٣١] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧٠.

[٣٢] د.وەلید حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٩.

لاوەکـان و گەشەسـەندنی بـیری نەتـەوەیی کـوردی، چـەندین بزوتنـەوە و راپەرین ڕوویدا، خوالیخۆشبوو (مەلا سـەلیم)ی سـەرگەورەی بنەماڵەیـەکی دەسەڵاتداری دەوروپشتی (بدلیس) کەمێك پـێش یەکـەم جـەنگی جیهـانی بـەبێ پـەردە و بـەدەنگێکی بـەرز هـاواری کـرد داوای سـەربەخۆیی کـورد دەکـات و شـێلگیرانە بـۆ بـەدیهێنانی تێدەکۆشـێ. ئـیتر ڕاپـەڕینێك بـە سـەرۆکایەتی مـەلا سـەلیم و شـێخ شـەهابەدین سـەری هەڵـدا، لەناوچـەی بـدلیس جـەماوەرێکی زۆر لـەدەوری کۆبـووەوە و ڕۆژ بـەڕۆژ ڕاپەڕینەکـە پـەرەی دەسـەند، بـەڵام بـەهۆی بـارودۆخی ئـەو کاتـەی ناوچـەکە و پێنەگەیشـتنی ڕاپەڕینەکـە شکسـتی هێنـا و حکومـەت هێزێکـی گـەورەی کـردە سـەری و مـاڵ و منـداڵیان لـەنێو بـرد و خۆشـی دەسـتگیر کـراو لەسیدارە درا.[٣٣]

## بدلیس مەڵبەندی ڕاپەڕینەکە

بدلیس هەمیشە مەڵبەنـدی بـەرخودان و بەرەنگاربوونـەوەی دوژمنـانی کورد بووە، ئەمجارەش کەمێك پێش جەنگی یەکەمی جیهانی بەهۆی زوڵـم و سـتەمی تورکـەکان لـەم ناوچـەیە ڕاپـەڕینێکی گـەورە سـەری هەڵـدا، ئەگەرچـی تورکـەکان زوو ڕاپەڕینەکـەیان سـەرکوت کـرد، بـەڵام بێگومـان کاریکـەری بەسـەر خـەباتی ڕزگـاریخوازی کـوردەوە جـێ هێشـت، لەبـەر گرنگی ناوچەی ڕاپەڕینەکە پێویسـتە کـەمێك دەربـارەی دەڤـەری بـدلیس بدوێین.

---

[٣٣] عزیز یامولکی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦.

پارێزگـای بـدلیس یەکێکـە پارێزگاکـانی تورکیـا و دەکەوێتـە ناوچـەی ڕۆژهــەڵاتی ئــەنادۆڵ (بــاکووری کوردســتان)، شــاری بــدلیس ناوەنــدی پارێزگـــای بدلیســـە، لـــەرۆژئاوای گـــۆڵی وان هەڵکـــەوتووە، ناوچـــەکە بەردەلانێکی دڕە و چیای ڕژد و لێڕەوارێکی چڕە، لەڕابردوودا ڕەوەنـد و خێڵاتـی کـوردان دەهاتنـە ئـەو زۆزانانـە و داهـات و قـازانجی زۆریـان لـەو ڕێگایـەوە پێدەگەیشـت، شـارە گرنگـەکانی (ئـەخلات و مـوش و خـەنس) بـوون. شــاری بــدلیس گرنگــی زۆری هــەبوو وەك دەربەندێکــە لــەنێوان ئازربایجان و دیاربەکر و ڕەبیعـە و ئەرمەنسـتاندا.[٣٤] ڕووبـەری پارێزگاکـە (٤١٣، ٨ کم٢)، ژمارەی دانیشتوانی (٦٧٨,٣٨٨) کەسە، تەنیا ناو شاری بەدلیس بەپێی سەرژمێریەکانی سـاڵی ٢٠١٠ ژمـارەی دانیشـتوانی ٤٣,١٠٩ کەس بووە. زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن.[٣٥] هەر لەکۆنەوە دانیشتوانی شـــاری بـــدلیس چـــەند جـــۆرە چـــین و توێـــژێکی نەتـــەوەیی و ئـــاینی تێدانیشـــــتەجێن، زۆربـــــەی دانیشـــــتوانەکەی کـــــورد و ئەرمـــــەنین و موسـولمانەکانی ئــەوێ لەســەر ڕچــەی شــافعین و هەنـدێکیش پــەیڕەوی ئەبوحەنیفەن و بەخۆیان دەڵێن حەنەفی.[٣٦]

ئەم سنوورە لەڕووی پێوانە و ژمارەی دانیشتوانەوە هەمیشە لە بەرزی و نزمیدا بووە، ئەمین زەکی دەربارەی کەم بووونـەوەی ویلایـەتی بـدلیس کەچـوار لیوا(بـدلیس، مـوش، گـنج، سـیرت) بـووە بـەر لـە شـەڕی یەکـەم (٣٩٨,٩٠٠) کەس بووە، بەڵام بـەپێی سـەرژمێری حکومـەتی تورکیـا لـەم

[٣٤] شرفخانی بدلیسی، شرفنامە، و:هەژار، چاپی دووەم، تاران ١٩٨١، ل ٦٤١.
[٣٥] بدلیس، www Wikipedia.org
[٣٦] شرفخانی بدلیسی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤٣.

ساڵانەی دواییدا(مەبەستی دوای چاپ کردنی کتێبەکەی ١٩٣١) ژمارەی ئەو ویلایەتە (٢٨٢,٥٧٨) کەس دانراوە، ناو شاری بدلیس خۆی بەر لە شەڕی یەکەم ٣٨ هەزار کەس بووە، بەڵام لەدوای سالی ١٩٢٩ بەپێی کتێبەکەی (المناك جوتی) ژمارەی شارەکە تەنیا (٩) هەزار کەس بووە.[٣٧] بۆ کەم کردنەوەی ژمارەی دانیشتوانی سنوورەکە هەمیشە حکومەتی تورکیا خەڵکەکەی ڕاگواستووە و بڵاوەی پیێ کردوون، لە زەمانی سوڵتان سەلیمی یەکەم عەشیرەتی(حسنانلو)[٣٨]لە شوێنەکانی خۆیانەوە لە چیاکانی نزیك شاری بدلیسەوە گوێزرانەوە بۆ سەر سنووری روسیا و ئێران بۆ ئەوەی سنوورەکانیان پێ بپارێزن، کاتێك شا عەباسی سەفەوی ئەو ناوچەیەی داگیر کرد ئەو عەشرەتە و هەموو لکەکانی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، گواستنیەوە بۆ ناوچەی خوراسان و لەوێ بەزۆر نیشتەجێ کران. (دوور نییە کوردانی ئێستای خوراستان پاشماوەی ئەوان بن)، بێ گومان بەشێکی زۆری حەسنانلو لە شوێنی خۆیان مابوونەوە.[٣٩]

خاوەنی شەرەفنامە دەڵێ: ناوچەکانی دەوروبەری بدلیس یەکجار خۆشن و شارەکانی ئەخلات و موش و خەنس، شاری کەوناران و

---

[٣٧] محەمەد ڕسوڵ هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢.

[٣٨] حەسنانلو: بەحەسنانیەش ناویان دەبەن، نزیکەی سێ هەزار بنەماڵەن، لەسنوورەکانی تورکیا و عیراق و ئێران و چیاکانی نزیك بدلیس و ویلایەتی کەرکار نیشتەجێن. هەشت تیرەن: تەلیە، جاکیە، حەیدەرانلو، خوراسانلو، سەپیکانلو، جبرانلو، زیلانلو، ئەدمانلو ئەم سێ تیرەی دوایی لەسەر سنوورن. (مەردۆخ، مێژووی کورد و کوردستان، ل ٩٥)

[٣٩] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو ل ٦٥.

شـوێنەواری وارش و قـەڵای لەمێژینـەی هـەرلێ مـاون، ئـەولیا چـەلەبی دەربارەی سنوری میرنشـینی بـدلیس بـەناوی سـنووری ئەیالـەتی بـدلیس دەڵـێ:" لای خۆرهـەڵاتی دەگاتـە (تـەختی وان) شـوێنی سـەر میراوەتـی قەراغ دەریای وانە، هەر لەلای خۆرهـەڵاتی قـەڵای (وەسـتان)ی هـەکاریش هەیە، لای باکووری (شیروان)ە و لای قیبلە هاوسنووری (هێزان)ە، دیسان هەر لای قیبلە قۆناغێك دوور دەگاتـە سـنووری بـەگی(زرقی) لای خۆرئـاوا بەسێ قۆناغ دەگاتە بەگی(حـەزۆ)ی سـەر بـە دیاربـەکر، هـەروەها بەسـێ قۆنـاغ ئـەولاتر ڕووە و بـاکوور لەگـەڵ بـەگی (تـەرجیل) و بەچـوار قۆنـاغ لەگـەڵ بـەگی (چیاقچـور) هاوسـێیە، لای ئەسـتێرەی دەشـتی (مـوش ) و خاکی(نـامردوان)ی ئەرزڕۆمـە، لـەلای بـاکورەوە بەسـێ ڕۆژ دەگاتـە (مەلازگرد)ی سەر بە ئـەرزڕۆم، لای بـاکووری خۆرهـەڵاتی سـنجاقێکی وان بەگی (ئەخلات)ە لـە ڕخـی دەریـا، تـەنیا لای خۆرهـەڵاتی بـێ پەیوەندیـە ئەویش دەریای وانە."[٤٠]

لەدەوری تەیموری لەنگدا ئـەمیری بـدلیس (حـاجی شـرف بـەگ) بـوو، ملکەچـی تـەیموری کـرد و حورمـەتێکی زۆری دی و (پاسـین) و (مـلاز گرد)یشی دایە، بەڵام لەدواییدا لەلایەن (ئیق صوفی) بریکـاری تـەیمورەوە حەپس کراو لەناوچـوو. شـەرەفنامە دەڵـێ: لـەدوای حـاجی شـرەف بـەگ (ئەمیر شەمسەدین) بـۆ تـە حـاکم، لـەزەمانی ئـەم مـیرە (قەرەیوسـف)ی قەرە قۆینلی هاتۆتە بدلیس.[٤١] فەرمانرەواکانی ئازربایجـان وەکو(وێسـفی

[٤٠] بوار نورەدینی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٩.
[٤١] شرفخانی بدلیسی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٥.

قــەرەقۆینلی) و (حەســەنە درێــژی ئــاق قــۆینلی) گرتوویانــە و تێیــدا ماونەتــەوە. یەکــەمجار لەســەردەمی عەباســیەکاندا (ســولّتان ئەحــەدوڵلا) لەدەست ڕۆمیە مەسیحیەکانی دەرهێنا، پاشان حەسەنەدرێژ لەوانی سەند و ســاڵی (٨٦١ ك) ئــەو حەســەنە شــکا، ئــیتر کەوتــە دەســت بنەماڵــەی (ئەحەدوڵلا ). پاشتر لەساڵی (٩٢٠ ك) خانی بدلیس سەری بۆ سەلیم خان دانەواند، ئێرە کرایەوە بە حکومەت و بەسەربەخۆیی درایە دەست خۆیان، لە فەرمانەکانی سولّتاندا نازناوی (خانی عالیشیان– خانی پایەبـەرز) یـان بۆ دەنوسریٚ."

لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا، هەنـدیٚ لـە میرنشـینە کوردەکـان، هۆکارێکی گرنگ بوون بۆ هێشتنەوەی ناسنامەی گەلی کـورد و چوارچـێوە و پێکهاتــەی کۆمەڵایــەتی و شارســتانی و ئــابووری، تەنانــەت لــەبواری سیاسیشــدا ڕۆڵێکــی پــڕ بایــەخیان هــەبووە، لەهــەمان کاتــدا هەمیشــە بەربەستێکیش بوون بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان و پاراستنی سـامان و ســەروەریەکانی گــەل، ئەگــەر وەك پێویســت نــەیانتوانیبیٚ بــەرەنگاری ڕووداوەکـانی ســەردەمەکەیان بووبنــەوە، ئــەوا لەهــەمان کاتـدا کۆمــەڵێك ئەرکی نەتــەوەیی و کــەلتووریان بــەجیٚ گەیانـدووە. کـەم بیسـتراوە گـەلی کورد ڕاپەڕینی دژی ئەم دەسەڵاتە کوردیانە کردبیٚ، بەڵکو هەمیشە زۆرێك لە دانیشـتوان، پشـتگیر و هاوکـاری ئـەو میرنشـینانە بـوون، لەبـەر ئـەوە دەتوانین بڵێین زۆرێك لەو میرنشینانە خاوەن چوارچێوەیەکی بڕوا پێکـراو و قبولّ کراو بوون لەناو دانیشتواندا. هەر لەکۆنەوە مـیر و دەسـەڵاتدارانی بدلیس پەیوەندیەکی تەواویان هەبووە بە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان.

بەدرێژایی مێژوو توانیویانە بەربەستێکی بەهێز و گران بن لەبەردەم هەموو ئەو شالاَوانەی بۆیان کراوە، تەنانەت تاکو سەرەتای سەدەی بیستەم ئەم ناوچەیە لە بەربەرەکانیدا بەردەوام بووە، و تاکو یاخی بوونەکەی مەلا سەلیم و شێخ شەهابەدین.[٤٢]

## کەسایەتی مەلا سەلیم

مەلاسەلیم ئەفەندی بەدلیسی کەسێکی گەورە و ناسراوی کورد بوو،[٤٣] مەلا سەلیم ئەفەندی یەکێکە لە شێخە گەورەکانی (خێزان) لەکاتی خۆیدا لەڕووی تێگەیشتن و زانین دادەنرا بە جێنشینی (شێخ صیغەالله خێزانی) کە شێخی خێزان بوو، چونکە خەلیفەی جێگری شێخ بوو. وەکو (ئیسماعیل حەقی شاوەیس) باسی کردووە: مەلا سەلیم ئەفەندی پیاوێکی گەورەبوو، کەسایەتیەکی دینی گەل پەروەر بوو، زانا و شاعیر و ئەدیب بوو، جگە لە زمانی کوردی، زمانی تورکی و عەرەبی و فارسی دەزانی و شارەزایی لە هەموو شێوە زارەکانی کورددیدا هەبوو، مەلاسەلیم زانایەکی گەورە بوو، دیوانی (مەسنەوی بخاری)ی بەناوبانگی بەشێوەی کرمانجی شەرح و تەفسیر کرد بوو، لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا دوو جار بۆ ئەستەمبوڵ و چوارجاریش بۆ حجاز چووە ! .

زانیاریمان دەربارەی پێشینەی مەلا سەلیم زۆر نییە، بەلاَم دوای ئەوەی شێخ عوبەیدوڵلا دەچێتە ئەستەمبوڵ دەستبەسەری دەکەن،

---

[٤٢] بوار نورەدین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٩.

[٤٣] هەستیار کەمال کوردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٦

بەپەساپۆرتێکی ساختە ڕادەکات و خۆی دەگەنێتەوە بارەگاکەی خۆی لە نەهری، جارێکی تر دەکەوێتە تەقەللای دەست پێکردنەوەی شۆڕش و ئەم جارەش هەر لەئێرانەوە دەست پێدەکاتەوە، بەڵام دوبارە لە (٢١-١٠-١٨٨٢) لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی دەگیرێتەوە و بەهێزێکی گەورەوە لەگەڵ (١٠٠) خێزانی لایەنگری ڕەوانەی موسڵ دەکرێن، دوایی لە (٢٣-١٢-١٨٨٢) لە موسڵەوە بەڕێی ئەسکەندەرونە بەیروت، حیجاز، لە (تائیف) نیشتەجێ دەکرێن، دوای ماوەیەك ڕۆژی (٩ی زیلحەجەی ساڵی ١٣٠٠) کۆچی/ (١٢-١٠-١٨٨٣زایینی) کۆچی دوایی کردووە[٤٤]. پێ دەچێت مەلا سەلیم بەشداری ڕاپەڕینی ١٨٨٠ی کردووە و یەکێك بووە لەو (١٠٠) خێزانەی لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری دوورخراوەتەوە بۆ حیجاز.

(ئیسماعیل حەقی شاوەیس)، کە خۆی یەکێك بووە لەو ئەفسەرە کوردانەی ئەو ڕۆژانە لەتورکیادا بووە و ئاگاداری ڕووداوەکان بووە باسێکی دەربارەی ڕاپەڕینی مەلا سەلیم، لە گۆڤاری (ڕۆژی نوێ) ی ژمارە ٨ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٦٠) بڵاوکردۆتەوە، کە لەشاری سلێمانی دەرچووە، لەوەدا وەکو بیرەوەریەکی خۆی باسی ئەو شۆڕشە و بارودۆخی ئەو ڕۆژانەی کردووە و وتوویەتی: " مەلاسەلیم ئەفەندی یەکێك بووە لە شێخە گەورەکانی خێزان، لەبەر ئەوەی مەلا سەلیم ئەفەندی کوردایەتی دەکرد و هەوڵی دەدا بۆ سەربەخۆیی و لەوانە بوو بۆ

---

[٤٤] حسن علی خانی گەروسی، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لەبەڵگەنامەکانی قاجاری دا، وەرگێڕانی محەمەد حەمە باقی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٧، ل ١٦.

سـەربەخۆیی کوردسـتان تێکۆشـابوو. لەبەرئـەوە بەفـەرمانێك لەلایـەن سولّتان عەبدولحەمید مەلا سەلیم و شێخ عەبدولقادر ئەفەندی کوڕی شـێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینانی و حاجی موسی بـەگی خۆیتـەلی لەسـاڵی (١٨٩٤) زاینی دوور خرانەوە بـۆ شـاری (مەدینـەی منـەوەرە) لـەحجاز و هـەر لـەو ساڵەدا بوو سولّتان عەبدولحەمید هەرا و گێچـەڵی ئەرمەنییـەکانی دروسـت کرد بوو، عەبدولحەمید ئەرمەنیەکانی دژی گەلی کورد هاندا بوو بۆ ئـەوەی دژی کورد شەڕ بکەن و ئاژاوە بنێنەوە، بەم شـێوەیە ئـەو شـەڕە لەلایـەن ئەرمەنیەکانـەوە هەڵگیرسـا، ئیمپریـالیزمی ئینگلیـز دەسـتی هـەبوو، قەیسـەری ڕوسـیا (چـار نیکـۆلای)ی رووسـیش بەشـداری ئـەو ئاژاوەیـە بوو.[٤٥]

جگەلەوەش هەر لەم ساڵەدا (موسـی بـەگی هیزانـی) لەلایـەن کۆمـەڵی ئەرمەنییەکان (تاشناق)ەوە کوژرا بوو، تورکـەکان ئـەو ڕووداوانـەیان کـرد بـەبیانوو گـەلێك لـەپیاوە گـەورە بـەهێز و توانـا و دەسترۆیشـتووەکانی کـوردی دوور خسـتەوە بـۆ حجـاز.[٤٦] دوای گەڕانـەوەی مـەلا سـەلیم لـە ئـاوارەیی کەوتـە گـەڕان بـەناو عەشـیرەتەکانی کوردسـتاندا بـۆ بـڵاو کردنەوەی هەستی نیشتمان پەروەری و کوردایـەتی، هـانی دەدان لـەدژی دەوڵـەتی عوسمـانی و دامەزرانـدنی دەوڵـەتی سـەربەخۆ بـۆ گـەلی کـورد، ئەوەی زۆر گرنگە کاتێ مەلا سـەلیم خـەریکی بڵاوکردنـەوەی بیروبـاوەڕی کوردایـەتی و ڕزگـاری کوردسـتان بـوو (شـێخ صـبغەاللەی خێزانـی) کـە

---

[٤٥] اسماعیل حقی شاوەیس، ناودارانی کورد– مـەلا سـەلیم ئەفەنـدی، گۆڤـاری ڕژی نوێ، ژمارەی ٨، سالی ١، تشرینی دووەم ١٩٦٠، ل٢١.

[٤٦] اسماعیل حقی شاوەیس، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.

شێخی خێزان و سەرۆکی هەموو نەقشـیەکانی تورکیـا بـوو، کۆچـی دوایـی کرد، مەلا سەلیم خۆی خەلیفەی جێنشینی ئەو بوو، بەڵام مەلا سـەلیم لـە جیـاتی ئـەوەی خـۆی بچـێتە جێگـای شـێخ، بـەڵکو کوڕەکـەی (شـێخ صبغەالله)، کە ناوی (شێخ شەهابەدین) بـوو، لـەجێگای خـۆی بـەجێگری باوکی دانا، ئەگەرچی تەمەنی دە ساڵان بوو، ڕێوشوێنی بۆ ئەو کوڕە دانـا و فێـری زانیـاری سـۆفێتی و ئیرشـادی کـرد بـوو، پێـی گەیانـد، (شـێخ شـەهابەدین) لـەجێگاو بارەگـای بـاوکی دادەمـەزرێنێت و فێـری زانیـاری سوفێتی و دینیەکانی دەکات، ئەمە سەرنجی زۆربەی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، بەڵام (مەلاسەلیم) بـڵاوی کـردەوە پیـاوی ئاینـدار و سۆفی نـابێ تەنیا هەر بۆ سـوودی خـۆی هـەوڵ بـدا، بـەڵکو پێویسـتە لەسـەری خـۆی بتوێنێتـەوە لـەناو گـەورەیی خـوادا، خۆشەویسـتی ئـادەمیزاد و مـرۆڤ و نیشتمان پەروەری و بۆ هەردوو دنیاش هەوڵبدا.[٤٧] ولیـد حەمـدی دەڵـێ: (شێخ شەهابەدین) برازای (شێخ سـەعید) بـووە، لـە کاتێکـدا (ئیسـماعیل شاوەیسی) وتوویەتی (شێخ شەهابەدین کوڕی شـێخ صـبغەالله) بـووە، بەپێی هەردوو سەرچاوەکە (شێخ سەعید) و (شێخ صـبغەالله) بـرای یـەك بـوون، کەچـی (ئیسـماعیل شـاوەیس) لەباسـەکەیدا نەباسـی (سـەعید) و نەباسی (جەلالەدین)ی کردووە.[٤٨]

لـەکاتی گـەڕانی (مـەلا سـەلیم) بـەناو عەشـیرەتەکانی کـورددا، بـۆ بڵاوکردنەوەی هەستی کوردایەتی و ئامادەکردنیان بۆ ڕاپـەڕینێکی گـەورە

---

[٤٧] اسماعیل حقی شاوەیس، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.

[٤٨] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦٤.

شـێخەکانی کـورد لـەو بارەیـەوە بەتـەواوەتی هاوکـاری بـوون، جگەلـە کاروبـاری ئـاینی بیروبـاوەڕی نیشـتمان پەروەرێتیشـی بـەناو خەڵکـدا بڵاودەکـردەوە.[٤٩] کەسـایەتی (مـەلا سـەلیم) و پەنـد و ئامۆژگاریـەکانی کاریگەری زۆری لەسەر خێڵەکانی ئەو ناوە هەبوو، خەڵکەکەش باوەڕیـان بەقسەکانی هەبوو و گوێیان لێ دەگرت، و سـەرنجیان بـۆ ئـەوە ڕادەکێشـا گەلی کورد پێویستە هەوڵ بدا بۆ ڕزگار بوونی نیشتمانەکەی.[٥٠]

## گەڕانەوەی مەلاسەلیم و هاوڕێکانی بۆ کوردستان

زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان دەڵێن دوای ئەوەی (شێخ عوبەیـدوڵڵا) لەڕاپەڕینەکەی شکستی هێنا، عوسمانیەکان دووریان خستنەوە بۆ شـاری موسڵ، دواتریش لەگەڵ سەد خێزان لە لایەنگرانی دووریـان خسـتنەوە بـۆ حیجار بۆ شاری مەککە، هەرچەندە ئێستا هیچ سەرچاوەیەك لەبەردەسـت نیـە ئـەوە بسـەلمێنێ، بـەلام پێدەچـێت (مـەلا سـەلیم) یـەکێك بێـت لـەو دوورخراوانەی لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵڵا دوورخرانەوە بۆ حیجاز، (ئیسماعیل حـەقی شـاوەیس) دەڵـێ: لەسـاڵی (١٨٩٤) زاینـی بەفـەرمانێك لەلایـەن سوڵتان عەبدولحەمید (مەلا سەلیم) و (شـێخ عەبـدولقادر ئەفەنـدی کـوڕی شـێخ عوبەیـدوڵڵای شـەمزینانی) و (حـاجی موسـی بـەگی خۆیتـەلی) دوورخرانـەوە بـۆ شـاری (مەدینـەی منـەوەرە) لـەحجاز، دواتـر لەسـاڵی (١٨٩٦) سـوڵتان عەبدولحەمیـد لـە (مەلاسـەلیم) و (شـێخ عەبـدولقادر) و

[٤٩] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٠) – (اسماعیل حقـی شـاوەیس، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.

[٥٠] اسماعیل حقی شاوەیس، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.

(حــاجی موســی بــەگ) خــۆش بــوو، ڕێگــا دەدرێــت بــەدوورخراوەکان لەحیجازەوە بگەڕێنەوە کوردستان.[٥١]

(مــەلا ســەلیم) لــە ئاوارەیشــدا هەمیشــە بــیری ئــازادی و ڕزگــارکردنی کوردستان لەلای یەکێك بوو لەکارە لەپێشینەکانی، لەبەرئەوە کاتیٚ (مــەلا ســەلیم) لەگــەڵ پیــاوە مەزنــەکانی کوردســتاندا لەشــاری مەدینــە دەســت بەســـەر بـــوون، هەمیشـــە لەگـــەڵ هـــاوڕیٚ دوورخراوەکـــانی دەربـــارەی سەربەخۆیی کوردستان گفتوگۆی کردووە، لـە شـاری مەدینـە (مەلاسـەلیم ئەفەندی) و (حاجی موسی بەگ) و (سەید عەبدولقادر شەمزینانی) لەگەڵ ئەو کـوردە تێکۆشـەرانەی تـر دوورخرابوونـەوە، لـە کۆبوونەوەیەکدا ئـەو کوردانەی تـریش کـە لـە کوردسـتانەوە چـوو بـوون بـۆ حـەج بـۆ حیجـاز، ئەوانیش لەو کۆبوونەوەیە بەشداری دەکەن و بە ئامادەبوونی هەمووان لە بارودۆخی کوردستان دەکۆڵنەوە، لەزوڵم و زۆرداری و دەسەڵاتی نالـەباری حکومــەتی عوسمــانی دەدوێــن، لەئەنجامــدا هــەموویان لەســەر مەرقــەدی پێغەمبەر (د.خ) لەشاری مەدینە سوێند بـۆ یـەکتر دەخـۆن، لـە دەوڵـەتی عوسمانی جیاببنەوە و کوردسـتانێکی ئـازاد و سـەربەخۆ پێـك بێـنن، لـەو کۆبوونەوەیــەدا پـــەیمانێکیان بەســـت کـــاتیٚ گەڕانـــەوە بـــۆ کوردســـتان هەریەکەیان لە ناوچەی خۆیدا شێلگیرانە هەوڵ بدەن، بۆ ئەوەی ئەم گەلی کـوردی هــەژار و چەوســاوەیە لــەڕێگای خــەبات و تێکۆشـانەوە لـە زوڵـم و زۆری و نالەباری دەوڵەتی عوسمانی ڕزگار بکەن.[٥٢]

---

[٥١] اسماعیل حقی شاوەیس، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.

[٥٢] اسماعیل حقی شاوەیس، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٢.

## خۆئامادە کردن بۆ ڕاپەڕینەکە

لەسالّی (١٨٩٦) سولّتان عەبدولحەمید لە (مەلاسەلیم) و (شێخ عەبدولقادر) و (حاجی موسی بەگ) خۆش بوو، بە فەرمانی سولّتان عەبدولحەمید گەڕانەوە بۆ کوردستان، بەلاّم بەپێی هەندێك لە سەرچاوەکان (شێخ عەبدولقادر) و هاوڕێکانی دوای کودەتای ئیتحاد و تەرەقی لە سالّی (١٩٠٨) گەڕانەوە بۆ کوردستان، (مەلا سەلیم) لەسەر ئەو بەلّێنەی لەئاوارەیی لە حیجاز دا بووی، هەر کە گەڕایەوە کوردستان کەوتە چالاکی نواندن، دەستی کرد بەبزوتنەوەیەکی نیشتمانی و ڕاگەیاندنی شۆڕش و ڕاپەڕین، و بلاّوکردنەوەی کاری ڕاپەڕینەکە و پڕوپاگەندە دژی کاربەدەستانی دەولّەتی عوسمانی، (مەلا سەلیم) بەناو کوردستاندا گەڕا و چووە لای کوردەکانی باشقەلاّ و وان و موش و بدلیس و دیاربەکر بیروباوەڕەکانی خۆی لە ناویاندابلاّودەکردنەوە، کەسایەتی (مەلا سەلیم) پەند و ئامۆژگارییەکانی کاریگەری زۆری لەسەر خێلّەکانی ئەوە ناوە هەبوو، خەلّکەکەش باوەڕیان بەقسەکانی هەبوو و گوێیان لێ دەگرت، و سەرنجیان بۆ ئەوە ڕادەکێشیا گەلی کورد پێویستە هەولّ بدا بۆ ڕزگار بوونی نیشتمانەکەی، بەو جۆرە زۆربەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە خۆیان ئامادە کرد بۆ ڕاپەڕین، جگەلە هەندێك لە شێخەکانی قادری نەبێت، لەبەر ناکۆکی لەسەر هەندێ بۆچوونی شێخایەتی و لەبەر خودپەرستی و بێ بایەخ هاوبەشی بیروباوەڕی (مەلا سەلیم) ناکەن، (گوایە لەبەر ئەوەی نەقشی مەزهەبە) (شێخ عەبدولرەحمان تاگی) لە

(بولانیق و موش) به لایەنگرێتی (مەلا سەلیم) قایل نەبوو.[٥٣] ئەمە بۆ یەکەمجارە سەرچاوەیەك باسی کێشەی نێوان ڕێبازی قادری و نەقشبەندی کردووە لەکاتی ڕاپەڕینەکە.(ئیسماعیل حەقی شاوەیس) وتوویەتی: تورکەکان جیاوازی ڕێبازی ئاینیان بۆ سوودی خۆیان بەکارهێنا، توانیان سوودی لێ وەربگرن و دووبەرەکی لەناویاندا پەیدا بکەن، توانیبوویان شێخەکانی قادری لەقەزای (کیفرا) کە (شێخ عەبدولباقی) و (شێخ حسین) بوون، هەردووکیان قادری بوون و تورکەکان توانیبوویان ئەوانە بکەن بە لایەنگیری خۆیان، دژی (شێخ شەهابەدین) (کە نەقشبەندی بووە) بەکاربێنن، بەپێی پیلانی تورکەکان ئەوانە خیانەتیان لە (شێخ شەهابەدین) کرد و لەکاتی ڕاپەڕینەکەی بدلیس، کاتێ شێخ شەهابەدین شاری بدلیسی لەدەست تورکان ڕزگار کردبوو، هەردوو هێرشیان بردە سەر شاری بدلیس و شان بەشانی تورکەکان لەگەڵ کورد دا کەوتنە شەڕەوە، بەڵام بۆ ئەوەی خوێن نەرژێ (شێخ شەهابەدین) شاری بدلیسی بەجێ هێشت و ڕووی کردە (مکس و سێرت) بەو جۆرە دیسان تورکەکان بدلیسیان داگیر کردەوە. کێشەی نێوان تەریقەتی قادری و نەقشبەندی هەر بیانوویەك بوو، ئەگینا لەڕاستیدا ئەوانە هیچ کات ئامادەنەبوون هاوکاری ڕاپەڕین و شۆڕشی کورد بکەن، چونکە ناوبراو سەر بە سوڵتان عەبدولحەمید بوون.[٥٤]

---

(٥٣) اسماعیل حقی شاوەیس، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.

(٥٤) محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦٠-٣٦١.

کاتێ (مەلا سەلیم) لە هەوڵ و گەڕانی بەردەوام بوو بەناو عەشیرەتەکانی کوردستاندا بۆ بەدەستهێنانی ڕاو سەرنجی هاوولاتیانی کورد، بۆ ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری دژی عوسمانیەکان بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کورد، شێخەکانی کوردستان هەموویان ئەم هەنگاوەی (مەلاسەلیم) پەسند دەکەن و پێ خۆشحاڵ بوون، بەدڵ و بەگیان هاوکاری (مەلا سەلیم) دەکەن لەبڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی نیشتمان پەروەری، لەو بارەیەوە بەتەواوەتی هاوکاری بوون، جگەلە کاروباری ئاینی بیروباوەڕی نیشتمانپەروەریشی بەناو خەڵکدا بڵاوکردەوە، بەم شێوەیە (مەلاسەلیم) لەناو زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستانی تورکیادا بیروباوەڕی پیرۆزی کوردایەتی بڵاودەکاتەوە، جگەلە کوردەکانی تورکیا تەنانەت کاردەکاتە سەر کوردەکانی قەفقازیش، وەکو ناوچەکانی قاقزمان، قارس، ئەردەهان، دەروێش و مریدێکی زۆری پەیدا کرد، مامۆستا و زانا و پیاوە تێگەیشتووەکانی کورد بیروباوەڕەکانی (مەلا سەلیم)یان پەسند کردووە و بۆ هاوکاری (مەلا سەلیم) (کۆمەڵی عولەما) فتوایان دەرکرد، نابێ بەپێی شەرع زانا ئاینیەکانی کوردستان خزمەت و یارمەتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەکان بکەن، بەتایبەتی لە ژێر فەرمان و ڕژێمی عوسمانیدا ناگونجێت کورد دین و قازێتی و موفتێتی پەسند بکات. چونکە حکومەتی عوسمانی بەپێچەوانەی خیلافەتی ئیسلام و شەریعەت لەکاردایە و بەخراپەکاری ڕەفتار دەکەن، بەرامبەر مەزەبی جەعفەرییەکان (عەلەوییەکان) هەڵوێستێکی دوژمنانەیان وەگرتووە، بە هۆی ئەوەی

دووبــەرەکی دەخاتــە نــاو ئیســلام و ئەمــە بــۆ ســوودی حکومــەت بەکاردێنیٚ.[٥٥]

کاتیٚ (مەلا سەلیم) خـەریکی بڵاوکردنـەوەی بیروبـاوەڕی کوردایـەتی و ڕزگـاری کوردسـتان بـوو (شـێخ صـبغەاللەی خێزانـی) شـێخی خێـزان و سەرۆکی هەموو نەقشیەکانی تورکیـا، کۆچـی دوایـی کـرد، (مـەلا سـەلیم) خۆی خەلیفەی جیٚ نشینی ئەو بوو، بەڵام لە جیاتی ئـەوەی خـۆی بچـێتە جێگـای شـێخ، بـەڵکو کوڕەکـەی (شـێخ صـبغەاللە) کـە نـاوی (شـێخ شەهابەدین) بوو، لەجێگای خۆی بەجێگری باوکی دانـا، ئەگەرچـی منـداڵ بـوو، بـەڵام ڕێوشـوێنی بـۆ ئـەو کـوڕە دانـا و فێـری زانیـاری سـۆفێتی و ئیرشـادی کـرد و پێـی گەیانـد، لەبـەر ئـەوە (شـێخ شـەهابەدین) (مـەلا سەلیم)ی وەك پشت و پەنای خۆی و جێگای ئومێدی خەڵك سەیر دەکرد، لەبەر ئەوە زۆر جار تکای لە (مەلا سەلیم ئەفەندی) کرد بـوو دابنیشـێت و وازبێنیٚ، هەر چیەکی (مەلا سەلیم) بیڵێت ئـەم جێبـەجیٚ دەکـات، دێهـاتی پـیٚ دەدات، بـەڵام (مـەلا سـەلیم) کـۆڵی نـەدا و لـە پێنـاوی گـەلی کـورددا لەچالاکی خۆی نەدەکەوت، لە هەڕەشە و گوڕەشەی تورکـەکان نەترسـا و هەمیشە ئیرشادی دینی و میللی خۆی دەکرد و دەیووت: هەتا لـە پێنـاوی دین و نەتەوەی کوردا خۆم گیان فیدا نەکەم واز ناهێنم".

---

[٥٥] اسماعیل حقی شاوەیس، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.

## سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکە

چالاکیەکانی (مەلا سەلیم) و هوشیار بوونەوەی کورد بۆ بەدەست هێنانی سەربەخۆیی، تورکەکانی ترساند، ئەوسا تاهیر پاشا والی بدلیس بوو، لەگەڵ کورددا نەرم بوو، نەیدەویست شارەکە شێواوی و ئاشوبی تێ بکەوێ، بەڵام حکومەت بەنیاز بوو چالاکیەکانی کورد هەپروون بەهەپروون بکات، لەبەر ئەوە لەپایزی (١٩١٠) (ئیسماعیل حەقی پاشا)ی دامەزراند، ناوبراو پیاوێك بوو بەدژایەتی کردنی کورد ناوی دەرکرد بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی ئیتحادییەکان داوای لێ کرد بەو ئەندازەیە توند نەبێ لەگەڵ کورد، بۆ ئەوەی نەك کوردەکان لە دژی حکومەت ڕاپەڕن، بەڵام کورد لەو کاتەدا کەوتنە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نهێنی، بەناوی ڕێنمایی و نەخشەدانان بۆ خۆسازدان بۆ هەڵایسانی ڕاپەڕینێکی جەماوەری فراوان، بۆ ساناکردنی ئەم کارە (مەلا سەلیم) یەکێ لە گەورە پیاوانی شاری بدلیس بوو پەیوەندی ژێر بە ژێری لەگەڵ ئەرمەنەکاندا دروست کرد، بۆ ڕێکەوتن لەسەر ئەو کارەی پێویستە ئەنجام بدرێ. لەموش و بدلیس چاوی بەسەرکردەکانیان کەوت، بۆ دامەزراندنی هاوپەیمانیەتیەکی (کوردی- ئەرمەنی)، لەسەر ئەوە ڕێکەوتن ناوچەکە لەلایەن هەردووکیانەوە بەڕێوەببرێ، ڕێکەوتنامەکە لەلایەن هەردوولاوە ئیمزاکرا.[٥٦]

بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی لەجێگری کونسوڵی بەریتانیا لەویلایەتی وان وە گەیشتبوو، لە(تەحسین بەگ)ی والی وان وەری گرتووە، هەرچەند دەڵێ:

---

[٥٦] دکتۆر عبدالله عەلیاوایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٦.

نابێ پشتی پێ ببەسترێ، والی هۆی ڕاپەرینەکە بەهاندانی (مەلا سەلیم) داوەتە قەڵەم، لەو ڕاپۆرتەدا بە (خەلیفە سەلیم)یشی ناودەبات، کە مەلا و مامۆستای شێخی کۆچ کردوو (جەلالەدین) بووە، کە شێخی خێزان و باوکی (شێخ سەعید عەلی) بوو. والیەکەی تورك (تەحسین بەگ) لەو ڕاپۆرتەدا کە جێگری کونسوڵ ناردوویەتی دەڵێ: ئەو (مەلا سەلیم) ناوەهانی کوردەکانی ناوچەی بەدلیس، خێزان، دادیك، نەسیرت، مودیکانیشی داوە، داوا لە حکومەت بکەن بەپێی شەریعەت و ئاینی ئیسلام حوکم بکەن و دەسەڵاتی پیاوە ئاینیەکان بگەڕێننەوە، کە لەوەوبەر دەسەڵاتیان درابوویە لەژێر سێبەری سوڵتانی عوسمانیدا.[٥٧] لەئەنجامی تێکۆشانی خەباتگێڕانی کورد تێکرای گەلی کورد و لەسەر ڕۆشنایی ئاکامەکانی ئەم بزوتنەوەیە و لەپێناوی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی کوردایەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەهەر شەش ویلایەتەکە ڕاپەین، کە بریتی بوون لە: (ویلایەتەکانی ئەرزڕۆم، خەرپوت، ئالعەزیز، دیاربەکر، بدلیس، وان)، خەڵکی ئەم شەش هەرێمە بەیەکجاری کەوتنە خۆیان و هەستی نەتەوایەتی لەناویاندا پەرەی سەند، بەم جۆرە خەلیفە (مەلا سەلیم) لەگەڵ گەلێك زانا و شێخ و سەردارەکانی ئەو ناوچانە پەیمانیان بەست و لەناو خۆیان بەڵێنیاندا، بەتایبەت لەگەڵ ناوچەی ئەرزوروم و وان و بدلیس لەسەر ئەوە ڕێکەوتن پێویستە کوردستان (ئیدارەیەکی خودموختاری) هەبێت، بەڵام ئەو ئیدارەیە بە دەوڵەتی عوسمانیەوە ببەسترێتەوە و سەر بە خەلافەتی عوسمانی بێ، حکومەتی عوسمانی بەرامبەر بەوە شپرزە

---

[٥٧] د. وەلید حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٤.

بــوو. هەوڵیــدا بزوتنەوەکــە ســەرکوت بکــا و (مەلاســەلیم) بگرێــت، لــە حــوزەیرانی (١٩١٠) لەشــکری نــاردە ســەر (مەلاســەلیم) و لەســەر ڕێگــای (وان– بدلیس) دا لەلایەن ئالآیەکی سوپای تـورك.[٥٨] کـەبریتی بـوون لـە (٤٠) کەس لە هێزەکانی جەندرمە توانیان (مەلا سەلیم) دەستگیر بکـەن، بەبەندکراوی ناردیان بۆ بەدلیس تا لەوێ دادگایی بکرێ.[٥٩] کاتێـك (شـێخ شەهابەدین) بـەوەی زانـی زۆر نیگـەران بـوو، لەبـەر ئـەوە دەسـت بـەجێ بەخۆی و (١٠٠) سەد سواری کوردەوە هێرشی بردە سەر ئالآکەی تـورك و لەئەنجامی شەڕێکی سەختدا (مەلا سـەلیم)یان ڕزگـار کـرد.[٦٠] دوای ئـازاد کردنــی (مــەلا ســەلیم) لەلایــەن هێزێکــی چــەکدارەوە، دوای ئــەم ڕووداوە ڕاپەڕینەکەش پەلی هاویشـت تـا کـار بـەوە گەیشـت چـەند شـێخ و پیـاوی ئاینی چوونە پاڵ ڕاپەڕیوانی کـوردەوە، لەوانـە (شـێخ شـەهابەدین کـوڕی شـێخ صـبغە اللــە شـێخ جەلالــەدین)، و بـرازای (شـێخ سـەعید عـەلی)، کــەپیاوێکی ناســراو و گــرنگ بــوو لــە ناوچــەکەدا. (شــێخ ســەعید)یش پیرۆزبایی لەو ڕاپەڕینەو لەسـەرکەوتنی (مەلاسـەلیم) کـرد.[٦١] لەئـەنجامی ئەمەدا (مەلاسەلیم) ناوبانگی بەرز بووەوە و وەك کەسایەتیەکی نیشـتمان پـەروەری گەورە دەرکەوت و ناوبـانگێکی بـۆ دروسـت بـوو، لـەماوەی دوو ڕۆژدا ژمارەی بەشداربوانی ڕاپەڕینەکە لە (٤) هەزارکەسـەوە بـوو بـە (٨)

---

[٥٨] اسماعیل حقی شاوەیس، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.
[٥٩] د. وەلید حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٤.
[٦٠] اسماعیل حقی شاوەیس، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.
[٦١] د. وەلید حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٤.

هەزار کەس.[٦٢]. دوای ئەوەی (مەلا سەلیم) لەلایەن (شێخ شـەهابەدین) و هێزێکی چەکداری کوردەوە ئازاد کرا، ئەمەش سەرەتایەك بوو بۆ ڕوودانی ڕاپەڕینێکی گـەورە لەسـاڵی (١٩١٤) لەبـدلیس و ناوچـەکانی دەوروبەریـدا کورد بەشداری تێداکرد.[٦٣]

(مەلاسەلیمی بدلیسی) کەسێکی گەورە و ناسراوی کورد بوو، ئەو کاتە لەلایەن دەسـەڵاتدارانی عوسمانیـەوە لەناوچـەی (کومـاج) لـەنزیك خێـزان دەستگیرکرا، سەبارەت بەهۆکاری دەسـتگیرکردنی (مەلاسـەلیم)، والی وان بەکونسۆڵی بەریتانی دەڵێت:" ئەو (مەلا سـەلیم) نـاوە هـانی کوردەکـانی ناوچـەکانی بـەدلیس، خێـزان، دادیـك، ئەسـیرەت، مودیکـاینش داوە، داوا لەحکومـەت بکـەن بـەپێی شـەریعەت و ئـاینی ئیسـلام حـوکم بکـەن و دەسـەڵاتی پیـاوە ئاینیـەکان بگەڕێننـەوە، کـە لـەوە بـەر دەسـەڵاتیان درابوویە لەژێر سێبەری سوڵتانی عوسمانیدا"[٦٤]

ئـــەم ڕووداوە کاریگـــەری زۆری کـــردە ســـەر کاربەدەســـتانی تـــورك (مەسەلەی کوردستان) لای تورك ئاشکرا بـوو، شـەڕ لـەنێوان هـەر دوولادا هەڵگیرسا. لەشکری تورك لە ناو شاری بدلیسدا بریتی بوو، لە چوار تـابور سەرباز و بەتاریەیەکی تۆپ و (١٢) دوانـزە مـەترەلۆز لەگـەڵ ئـەو هـەموو چەك و لەشکرەشدا (شێخ شەهابەدین) هێرشی کردە سـەریان لـە بـدلیس

---

[٦٢] دکتۆر عبداللە عەلیاوایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٨.

[٦٣] هەستیار کەمال کوردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٦.

[٦٤] د. ولیـد حمـدی، سەرچـاوەی پێشـوو، ل ٢٥٤– هەسـتیار کـەمال کـوردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٦.

تورکەکان شکان، لەئەنجامدا (٢) دوو تۆپ و (١٠) دە مەترەلۆز و (٣٠٠) سێ سەد تفەنگ لەلایەن لەشکری کوردەوە گیرا و (٣٢٠) سێ سەد و بیست سەربازی تورك بەدیل گیران، کوردیش لەو شەڕەدا (٥٠) پەنجا شەڕکەری کورد شەهیدبوون، بەو جۆرە سوپای تورك بەرەو دیاربەکر شکا و والی بدلیس ڕایکرد. بەڵام لەمانگی ئابی (١٩١٠) لە شاری دیاربەکرەوە تیپێکی سوپای تورك هێرشی بردە سەر بدلیس، دوای شەڕێکی سەخت سوپای زۆرداری عوسمانی شاری بدلیسی داگیرکردەوە، لەم شەڕەدا زۆربەی پێشڕەوی لەشکری تورك لە ئەرمەنیەکان بوون، لەبەر ئەوەی خرابوونە پێشەوەی سوپاکەیان زۆریان لێ کوژران، لەهێزی کوردیش لەو شەڕەدا شەهیدی زۆری هەبوو. بەڵام شەڕ بەمە کۆتایی نەهات، دوای ئەوە جارێکی تر (شێخ شەهابەدین) لە ڕۆژهەڵاتی شاری بدلیس لەگەڵ لەشکری تورك دایان بەیەکدا و تورکەکان شکان و (شێخ شەهابەدین) جارێکی تر شاری بدلیسی لەتورکەکان سەندەوە.[٦٥]

ئەوەی جێگای داخە تورکەکان زۆر جار هەستی ئاینی هەندێ هۆز و سەرۆکی کوردیان بەکارهێناوە و بەلای ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا ڕایان کێشاون، بەبۆنەی مەزهەب و مەزهەب پەرستیەوە دووبەرەکیان خستووەتە ناو سەرۆکە کوردەکانەوە، هەندێ جار لەگەڵ نەتەوە دراوسێکانیان بەشەڕیان داون، لەئەنجامدا زیانی زۆر گەورەیان بە بزوتنەوەی کوردایەتی گەیاندووە، بەقازانجی خۆیان و حکومەتی عوسمانی، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا تورك لەم شەڕەدا چەند شێخێکی

---

[٦٥] اسماعیل حقی شاوەیس، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٤.

کوردی بۆلای خۆی ڕاکێشا، بەناوی (مەزهـەبی قادریـەوە) لـە شـێخەکانی قـادری لەقـەزای (کفـرا Kefra) (شـێخ عەبـدولباقی) و (شـێخ حسـینی قــادری)، حکومــەتی عوسمــانی بەبەرژەوەنــدی خــۆی دژی (شــێخ شەهابەدین) بەکاری هێنان، لەئەنجامدا ئەمانـە خیانـەتیان لەگـەڵ (شـێخ شەهابەدین) کـرد و لەگـەڵ سـوپای تورکـدا هێرشـیان کـردە سـەر شـاری بـدلیس، بـەڵام سـەرەڕای ئـەوەی (شـێخ شـەهابەدین) شـاری بدلیسـی بەدەستەوە بوو، بـۆ ئـەوەی لـەناو کـوردا براکـوژی ڕوونـەدات و لـەنێوانی کورد و کورددا خوێن نەرژێت شاری بدلیسی بەجێهێشت. بەرەو (مـوکس– سـعرت Muks- siert) کشـایەوە و تـورك شـاری بدلیسـیان داگـیر کردەوە. بێ گومان هەموو کاتێك ناڕێکی کوردەکان لەناو خۆیانـدا سـەری شۆڕشەکانی خۆی گرتۆتەوە، شـەڕی تـەواو کـورد بـەکورد بـووە، چـونکە زۆرێك لە خێڵ و هۆزە کوردەکان بوون، کە دووزمـانی و شـەرانگیز بـوون. ئەمـە جگەلـەوەی لـە زەمـانی سـوڵتان (سـلێمانی قانونی)یـەوە تورکـە عوسمانیەکان فێر ببوون پشتی میرێکی لاوازیان دەگرت بۆ لەناوبردن یـان لاواز کردنی میرێکی بەهێز، بێ گومان دواتر لاوازەکەشیان تێك دەشکاند.

(مـەلا سـەلیم) هـەتا بـەهاری سـاڵی (١٩١٣) لـەو ناوچـانەدا مایـەوە دەسـەڵات و حکومـەتی عوسمـانی تـەنیا لـەناو شـاری بـدلیس دەسـەڵاتی هەبوو، فەرمانڕەوایی عوسمانی تەنیا لەناو شاری بـدلیس بـوو، دەرەوەی شار و دەوروبەری هەمووی بەدەسـت سـوپای کـوردەوە بـوو. هەرچـەندە بارودۆخەکە کەمێك ئارام بوو، وەك ئـەوەی لـە نێـوان هـەردوو لەشـکرەکە

(کورد و تورك) وەك پەیمانێکی ئاشتی بەسترابێت وابوو، بەڵام جار جارە شەڕ ڕووی دەدا و هەر دوولا بەرامبەر بەیەکتر لە گوماندا بوون.(٦٦)

لەپێش شەڕی گەورەدا بە ساڵێك لەولاتی بدلیسدا لە ئیدارەی (مەلا سەلیم) و (شەهابەدین) و (شێخ عەلی) دا ڕزگارکردنێکی دی روویدا، هەرا هەتا ناو شاری بدلیس کاریگەری کرد، بەڵام هێزی تورك زوو پێڕاگەیشت و ئەم جوڵانەوەیەی کپ کردەوە.(٦٧) پاش ئەوەی حکومەتی ئیتحادیەکان پێی زانی کەوتە تیرۆرکردنی سەرکردەکانی کورد، لەم رووەوە لەمانگی ئەیلولی (١٩١٣)، ( خەیرەدین بەرازی) لەلایەن نۆکەرانی ئیتحادیەکانەوە لەکاتی گەرانەوەی لە ئێران تیرۆر کرا. ناوبراو چوو بوو بۆ ئێران و بەبڕێك پارەوە هاتبۆوە بۆ سوود لێ وەرگرتنی بۆ سازکردنی ڕاپەڕین و کڕینی چەك، ئیتحادییەکان تەنیا بەوە نەوەستان سەرکردەکانی کورد تیرۆر بکەن، بەڵکو کەوتنە زیادکردنی باج و دواتریش لاوانی کوردیان ناچار کرد بچن بۆ سەربازی. تێکۆشەرانی ئەم شارە (بدلیس) هەر لە کۆنەوە بەردەوام بوون، لەسەر چالاکی نیشتمانپەروەرانە، لە دژی داگیرکەرە عوسمانیەکان، لە ساڵی (١٩٠٨) زیاتر پەرەی سەند، لەم ڕووەوە یانەیەك تیایدا کرایەوە ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە هوشیاری گشتیدا گێڕا ژمارەی ئەندامەکانی بەخێرایی زیادی کرد، لە ئەنجامدا کاربەدەستە ئیتحادییەکان ترسیان لێ نیشت، چونکە سڵیان لەپەرەستاندنی چالاکیەکانی ئەم یانەیە دەکردەوە.(٦٨)

---

(٦٦) اسماعیل حقی شاوەیس، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

(٦٧) محەمەدئەمین زەکی بەگ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٤.

(٦٨) دکتۆر عبدالله عەلیاوایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٦.

لەبەهاری (١٩١٣) دا لەناوچەی (شێروان)ی سەر بە (سێرت) سەرۆکە کوردەکان کۆبوونەوە بۆ دروست کردنی ئەمارەتێکی سەربەخۆ و پێوەندی کردن بە ڕووس و کاربەدەستانی قەفقاس، بڕیاریاندا (کەمال بەگ)[٦٩] بنێرێت بۆ ئەوەی هەڵوێستی ڕووسەکان تێ بگا بەرامبەر بەکورد، ئایا چەکیان لەوان دەست دەکەوێ یا چەك لە ڕێگای خاکی ئەوانەوە دەگاتە کوردستان. هەروەکو کونسوڵی ڕووس لە بدلیس بۆ (غیرس)ی باڵیۆزی نووسیبوو (دەربارەی باڵیۆزی روس لە ئەستەمبوڵ) ئاگاداری کرد بوو بزوتنەوەی کورد گەیشتبووە ویلایەتی موسڵ، شێخەکانی کورد بۆ بیرکردنەوە لە دروست کردنی ئەمارەتێکی کورد کۆبوونەوەیەکیان کرد. دەوڵەتە زلهێزەکان بەوردی چاودێری بارودۆخەکەیان دەکرد، کونسوڵی ڕووس لە ڕاپۆرتێکدا وتوویەتی لەناوی ئەو کەسانەی بەشدار بوون لەڕاپەڕینەکەدا دەردەکەوێ ئەمە بزوتنەوەیەکی ئاینی بووە.

دەوڵەتی ڕووسیا بەهیچ شێوەیەك نەیدەویست هاوکاری کورد بکات، جگەلە پاراستنی بەرژەوەندبیەکانی خۆی، بەڵکو لەجیاتی هاوکاری و یارمەتیدانی کورد لەشوباتی (١٩١٤) ڕێکەوتنێك مۆرکرا لەنێوان ڕووسیا و تورکیا، سەبارەت بەچاکسازی لە ئەرمینیای ڕۆژئاوا. بەڵام ئەم ڕێکەوتنامەیە وەك مەرەکەبی سەرکاغەز مایەوە، لەئەنجامی هەڵگیرسانی

---

[٦٩] جلیلی لە پەراویزی لاپەرە ١٩٦دەربارەی ئەو کەمال بەگە وتوویەتی : خەڵکی سێرت بوو، لە فەرەنسا خوێندبووی و دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەر لە تفلیس مایەوە و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ خەریکی کاروباری زانیاری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی بووە.

جـەنگی یەکـەمی جیهـانی. فەرەنسـا و بـەریتانیاش هاوپـەیمانی ڕووسـیا بوون، هیچ هاوکاریەکیان نـەکرد، لـە گوشـار خستنەسـەر ئەسـتەمبولّ بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد و ئەرمەنیـەکان. لەترسـی بـەهێز بـوونی دەسـەڵاتی ڕووسـی لەناوچـەکانی کـورد و ئەرمەنیـەکان لەرۆژهـەڵاتی ناوەراست.[٧٠]

دبلۆماسـیەکانی ئینگلیـز وێـلّ بـوون بـەدوای ئـەوەدا بـزانن ئـاخۆ کوردەکـان هـەتا چ ڕادەیـەك خۆیـان کۆکردبـووەوە، چـۆن پـەیوەنـدیان بەناوچەکانی تری کوردەوە دەکرد، کونسولّی ئینگلیز هەولّیـدا پـەیوەنـدی بە(کەمال بەگ)ەوە بکات، سەرکردایەتی ڕاپەڕینەکە چەند هـەنگاوێکی نـا بۆ پێوەندی کردنـی نێـوان کـورد و ئەرمەنیـەکان، لەسـالّی (١٩١٣) (مـەلا سەلیم) پەیوەندی بەنوێنەری ئەرمەنیەکانـەوە کـرد لـە مـوش و بـدلیس و ناوچـەی تـارون، لەگـەلّ سـەرۆکەکانی ئەرمەنیـدا کۆبـووەوە.[٧١] باسـی پەیمانێکی دوو قۆلّیان کرد و هەردوولا لەسەر ئەوە ڕێکەوتن ئەو ڕاپەڕینـە بریتیبـیّ لـە ڕاپـەڕینی کـورد و ئەرمـەنی، لەناوچـە ئـازاد کراوەکانـدا ئەرمەنیـەکان مـافی ئۆتۆنۆمیـان دەبـیّ، (گـارۆ ساسـۆنی) ئاگـاداری ڕووداوەکانی ئـەو ڕۆژانـە بـووە، لـەو کتێبەیـدا لـە بـیروت چـاپی کـردووە بـەناوی (بزوتنـەوەی نەتەوایـەتی کـورد و پەیوەنـدی لەگـەلّ ئەرمەنیـدا) لەباسی ئەو ڕێکەوتنەدا خەفەتی ئەوەی خواردووە نەیتوانیبوو دەقی ئـەو ڕێکەوتنەی دەست بکەویّ، بەلاّم ئاماژەی بۆ بەشە گرنگـەکانی کـردووە و وتوویەتی: " جگەلە ئەو بـەلّێن و بڕیارانـەی درابـوون بـۆ چارەسـەرکردنی

---

[٧٠] ن، لازاریف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٠.

[٧١] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦٩.

کێشـەی زەوی وزار. برایـەتی کـورد و ئەرمـەنی، باسـی ئـەوەش کرابـوو بەتێکۆشـان و بـە هاوکـاری کردنـی هـەردوولا باسـی سـەربەخۆیی ویلایەتـەکانی ڕۆژهـەڵاتیش کرابـوو، بـە چ شـێوەیەك کاروباریـان ببرێـت بـەڕێوە."[٧٢] ئـەم بزوتنەوەیـە وەك بـەهێزترین بزووتنـەوە و جموجـۆڵی کوردەکان لەناوچەی بدلیس بـەرپا بـوو، کـە (مـەلا سـەلیم) پێشـەوایەتی ڕاپەڕینەکەی دەکرد و (عبدولڕەزەاق) و (یوسف کامـل) و (شـێخ تـەها) و (سمکۆ) چالاکانە بەشداریان تێدا کرد.[٧٣]

## دوا هەنگاوەکانی ڕاپەڕینەکە

لـەمانگی ئـازاری (١٩١٤) ناوچـەی بـدلیس سـاز و ئامـادە بـوو بـۆ تەقینەوە بەهۆی سیاسەتی شـۆڤێنی حکومـەتی تـورك دژی کـورد. (مـەلا سەلیم) بەڕاسپاردەی ڕێکخراوەکە پەیوەندی بە سەرۆکی ئەرمەنـەوە کـرد و دڵنیای کردەوە کورد هاوسۆزی ئەرمەنەکانە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری ئەرمەن هاوکاری کورد بکەن، بۆ ڕزگار بوون لـە ستەمی ئیتحادیەکان. تورکـەکانی شـارەکە ترسـێکی زۆریـان لێ نیشـت، بۆیـە والی بدلیس ویستی کێشەکان بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکـات، تـا ئـەو کاتـەی هێـزی دیکـەی پـێ دەگـات، لـەم سـۆنگەیەوە داوای وتوێـژی لەسەرکردایەتی ڕاپەڕینەکە کرد.(مەلا سەلیم) بـۆ ئـەم مەبەسـتە چـوو بـۆ شار، لەوێ بووبە میوانی یەکێ لە کەس و کـاری خـۆی. والـیش سـێ جـار بەدوایدا نارد تا بچێ بۆ بارەگای حکومەت بـۆ گفتوگـۆ و ڕێکـەوتن. بـەڵام

---

[٧٢] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦٩ –٣٧٠.

[٧٣] ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٩.

(مەلا سەلیم) ئەمەی ڕەت کردەوە و گووتی والی دەبێت خۆی بچێ بۆ لای و وتوێژی لەگەڵ دا بکات.[74]

ڕاپەرینی کوردەکان بەسەرکردایەتی (مەلا سەلیم) لەساڵی (١٩١٤)دا لەبەدلیس و ناوچەکانی دەوروبەری کورد بەشداری تێدا کرد، .....بەشدارانی شۆڕش داوایان دەکرد تورك لەدامودەزگا و بەڕێوەبەرایەتیەکاندا لابرێن، چونکە گەندەڵن و ناوچەکە تاڵان دەکەن و بەدەسەڵاتی بێگانەی دەفرۆشن. دەبێت دەسەڵات پەیڕەوی لەشەریعەتی ئیسلام بکات، پێویستە میرنشینێکی کوردی سەربەخۆ دابمەزرێت، هەرچەندە سوپای عوسمانی هەوڵیدا ئەم بزوتنەوەیە کپ بکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەکدارەکانی کورد توانیان لەناوەندی مانگی ئازاردا دەوروبەری شاری بەدلیس بگرن و پاشان والی شارەکە کەوتە گفتوگۆ لەگەڵیاندا، بەڵام ئەنجامی نەبوو، شۆڕشگێڕانی کورد توانیان لە ٣ ی نیسان شاری بەدلیس گەمارۆ بدەن و کۆنترۆل بکەن.[75] لەئەنجامی خراپی باری ئابووری وڵات و بەهۆی بڵاوبوونەوەی گرانی و برسێتی خەڵك لە ئەنجامی ئەو هەلۆێستە لەو بارودۆخەدا (مەلا سەلیم) چەکدارێکی زۆری کۆکردەوە، دەیەوێت هێرش بکاتەسەر دام دەزگاکانی عوسمانی، بەهۆی کوردەکانی بدلیسەوە ئاگاداری نیاز و جم و جۆڵی تورکەکان بوو، لە ڕۆژی (١٠-٣-١٩١٤) بەناوی کوردە ڕاپەڕیوەکانەوە نامەیەکی نارد بۆ سەرۆکی ئەرمەنییەکان لە بدلیس و هەستی برایەتی کوردی بۆ دەربڕییوو بەرامبەر بەئەرمەنییەکان.[76]

---

(٧٤) عبدالله عەلیاوایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٧.

(٧٥) هەستیار کەمال کوردی، سەرچاوەی پێوو، ل ٢٥٧.

(٧٦) محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧٢.

هەر وەکو (چێرکۆف) لە ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی رووسیا ساڵی (١٩١٤) باسی کردووە، ئیتر کورد لە وزەیدا نەمابوو بڕیاریاندا باج نەدەن بەحکومەت، ئەوانەی لە بدلیسەوە نێررابوون بۆ (مۆرکی) و (خوبود) دەرکران. پەیامنێرە ئەوروپاییەکان باسی کوردەکانی (ترایبر) و دیاربەکر و موسلْ و ناوچەکانی تریان کردووە، چۆن بڕیاریان دابوو باج نەدەن بەحکومەت، لە(بایزید) بەرەنگاری هێزەکانی حکومەت بوونەوە و لەنزیك (ریزا) سەربازەکانی کورد لەهێزی حکومەت جیابوونەوە و دەچوونە پاڵ یاخیبووەکان. بۆ نموونە پەیامنێری ڕۆژنامەی (ئورایزن)ی ئەرمەنی ژمارە (٦٦)ی ڕۆژی (٢٧- ٣-١٩١٤) نووسیبوی: " کوردە یاخیبوەکان دەڵێن : لەبەرچی کاربەدەستانی حکومەت موچەی زۆر وەردەگرن و ژمارەی ئەو بەرتیلخۆرانەی تورك هەر خەریکی ڕاو و ڕووتن، ژمارەیان تابێ زۆرتر دەبێ؟ ئەم کردەوەیە هەمووی بۆ ئەوەیە جوتیاران و دانیشتوانی شارەکانی کوردی پێ هەژار بکرێ.[٧٧] ئەم هەڵوێستەش سیاسەتێکی باوی زلهێزەکان بوو، هەریەك لە ڕووسیا و بەریتانیا رایان وابوو، پێویستە پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بکەن. بەهیچ جۆرێك لەگەڵ سەربەخۆیی کورد و ئەرمەندا نەبوون.[٧٨] لەئاکامی سیاسەتی ناڕەوای دەوڵەتی عوسمانی ڕۆژ بەڕۆژ راپەرین و سەرهەڵدان گەرمتر بوو.[٧٩]

---

[٧٧] محمد رسول هاوار، هەمان سەرچاوە ، ل ٣٧١.

[٧٨] هەستیار کەمال کوردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٣.

[٧٩] د. سعد بشیر اسکندر ، الدیمقراطیة وحق تقریر المصیر القومی،السلیمانیة، ٢٠٠٤. ص ٤٨.

## ڕووبەڕووبوونەوەکەی شێخ سەعید عەلی
## لە خێزان (قەرسۆ) لە ساڵی ١٩١٤

بەهۆی سەندنی باج شێخ سەعید عەلی کوڕی جەلالەدین لەگەڵ هێزی حکومەت تووشی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی بوو، (د. وەلید حمدی) ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیەی (شێخ سەعید)ی وەکو ڕاپەڕین ناو بردووە، بەڵام لەڕاستیدا هەر لەدوای ئازادبوون و چالاکیەکانی لەژێر سەرکردایەتی (مەلاسەلیم) و (شێخ شەهابەدین)دا ڕاپەڕین تەواوی ناوچەکەی گرتبووەوە، هەموو ناوچەکە لەلایەن ڕاپەڕیوان کۆنترۆڵ کرابوو، حکومەت تەنیا لەناو شاری بدلیس دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو، تەنانەت هەندێك لەڕاپەڕیوان هێرشیان دەکردە ناو شاری بدلیس و بۆ ماوەیەك تێیدا دەمانەوە و لەگەڵ پەلاماری حکومەت چۆڵیان دەکرد و لێی دەچوونە دەرەوە، لەڕاستیدا ڕاپەڕیوان مەبەستیان نەبوو شاری بدلیش کۆنترۆڵ بکەن، تەنیا وەك پیشاندانی دەسەڵاتی خۆیان بە حکومەت و دانیشتوان شارەکەیان دەگرت، ئەگینا مەبەستیان تێدا مانەوەی نەبوو، (شێخ سەعید)یش یەکێك بوو لەبەشدار بووانی ڕاپەڕینەکە، بەڵام تورکەکان بۆ پڕکردنەوەی خەزێنەی بەتاڵ بوویان، زۆرجاریش بۆ دروست کردنی کێشە لەناوچەکانی کورد و ئەرمەن پەنایان دەبردەبەر زیادکردنی باج لەسەر دانیشتوان، دەربارەی ئەو باج سەندنە ڕۆژنامەی قەفقاسی ژمارە (٨٤) لە ساڵی (١٩١٤) باسی ئەوەی کردووە چۆن تورکەکان لە دوای شەڕی باڵکان لەجیاتی ئەوەی بەباشی لەگەڵ کوردا ڕەفتار بکەن، کەچی دەستیان کرد بەزۆرکردنی باج و کار گەیشتە ڕادەیەك باج لە منداڵیش دەستێنرا، هەر

کاربەدەستە بەشێوەیەك و بەئارەزووی خۆی باجی دەسەند.[٨٠] بۆ ئەو مەبەستە لەساڵی (١٩١٣)دا تورکە لاوەکان لەپێناوی چاك کردنی بواری سەربازی و داراییان، داوایان لە (شێخ سەعید عەلی کوڕی جەلالەدین) کرد ئەو بڕە باجەی لەسەریەتی بیدات، لەگەڵ ئەو کەسانەی دەوروبەری ڕەوانە بکات تا خزمەتی سەربازی بکەن، بەڵام شێخ لە وەڵامدا پێی ڕاگەیاندن ئەوان سەرکردەیەکی ڕوحین و لەم تەرزە داواکاریانە بەخشراون، کۆمەڵێك خزمەتیش پێشکەش بەخەڵك دەکەن بەبێ بەرامبەر، لەبەرامبەر وەڵامی (شێخ سەعید عەلی)دا تورکە لاوەکان هێزێکی گەورەیان ڕەوانەی ناوچەکە کرد، بەڵام شێخ سەعید نزیکەی حەوت سەد سوارەی پڕ چەك و ئازای کوردی کۆکردەوە و (ئارشاك سافر ستیان :س، پ، ل ١١٢) توانی دەست بەسەر شاری بدلیس و دەوروبەری دابگرێت.[٨١] لەبەرامبەردا عوسمانییەکان ناوچەکەیان بەجێ هێشت، هەرچەندە (شێخ سەعید عەلی) لەم کارەدا داوای هاوکاری لە دیانەکان کرد، بەڵام هیچ ڕەزامەندییەکیان دەرنەبڕی، ئەم دەسەڵاتەی شێخ و چەکدارەکانی یەك هەفتە بەردەوام بوو، پاش تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە تورکەکان هێرشیان کردە سەریان، ئەویش ڕۆیشتنە ناو کونسوڵخانەی رووسیا لەبەدلیس[٨٢]، بەڵام رووسیا وەك هەڵوێستەکانی پێشووتری ئەم جارەش هیچ هاوکاریەکی کوردی نەکرد، وەك هەمیشە ئەمە هەڵوێست و سیاسەتی

---

[٨٠] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧١.
[٨١] د. ولید حەمدی سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٣.
[٨٢] دوور نیە ئەمە لەگەڵ ڕووداوەکانی مەلا سەلیم تێکەڵیەك هەبێت.

زلهێزەکـان بـوو. تـەنیا لەخـەمی پاراسـتنی بەرژەوەندیـەکانی خۆیانـدا بوون.[(٨٣)]

(د.وەلید حمدی) باسی ئەوەی کـردووە، وادەردەکـەوێ شـێخ سـەعید عەلی پەیوەندی لەگەڵ شێخی بارزان (شـێخ عەبدولسـەلامی بـارزانی– بـرا گەورەی مەلا مستەفا بارزانی)[(٨٤)] هەبووبێ بۆیە بەهەماهـەنگی و پێکـەوە

---

[(٨٣)] هەستیار کەمال کوردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٢.

[(٨٤)] شێخ عەبدولسەلامی دووەم کوڕی محەمـەد کـوڕی شـێخ عەبدولسـەلامی یەکـەم، دوای شـێخ محەمــەدی بــاوکی شــێخایەتی بــۆ دەمێنێتــەوە، تــابلێی جەربــەزە و بەجموجۆڵ بوو. دەتوانین بلێین لەسەر دەستی ئەو خێڵی بـارزان پێـك هات.(مامخـان شـێروانی، بــارزان و ڕەچــەڵەکی بارزانیــان،چ دووەم،ســتۆکهۆڵم، ١٩٩٥،ل ٦٥–١٣) چونکە تـا سـەردەمی ئـەو هـەر چـوار تـیرەی بـەناوبانگ (بـەرۆژ، مـزوری، شـێروانی، دۆڵەمەری)، یەکێتی خێڵیان لێ پێك نـەهاتبوو، شـێخ عەبدولسـەلام بـەهۆی سـەرقاڵی بەکاروباری خێڵە تازە پێکهاتووەکەی نەیدەپڕژایـە سـەر شـێخایەتی، بۆیـە وردەوردە خۆی لەئیرشاد دوورەپەرێز کرد، مەیدانی بۆ مەلا شـێخ عەبـدولڕەحمانی ئـامۆزای کـە خەلیفە(جێگر)ی بوو ئاوەڵاکرد تابەکاری ئیرشادی مریدانـەوە خـەریك بێـت، شـێخ بـۆ بەرگری لەسەربەخۆیی عەشیرەت و ناوچەکەی، تووشی شەڕی بەردەوام بووە، لەگەڵ عەشـیرەتەکانی دەوروبـەری، لەئەنجامـدا بـەهۆی شـکاتی سـەرۆك عەشـیرەتەکان عوسمانی هێرشی کردەسەر و ئەمەی کردە بیانوو بۆ هێنانی لەشکر بۆ سەر ناوچـەکە بەسەرکردایەتی محەمەد فـازل پاشـای داغسـتانی لـەکۆتایی سـاڵی ١٩٠٧ لەئەنجامـدا شێخ شکا و هەڵات بۆ ناو ئاشووریەکان (د.وەلید حمدی،ل ٢٥٨)، دەربـارەی ئـەوەی ڕووبەڕووبوونـەوەی ١٩١٣ی شـێخ عەبدولسـەلام لەگـەڵ تورکـەکان هۆکـاری سیاسـی بووبێت لە کتێبی جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانیی کوردسـتان، ئامـاژە کـراوە: شـتێکی زانستیانە نییە هەرچی ململانێی کـوردە لەگـەڵ کاربەدەسـتانی دەوڵـەتی عوسمانیـدا هۆکەی ببرێتەوە سەر هەستی نەتەوایەتی، تێوەگلانی شێخ عەبدولسـەلام بـارزانی لـە ململانێ لەگەڵ کاربەدەسـتانی موسـڵ و وردتـر و بەشـێوەیەکی تایبـەت لەگـەڵ فـازڵ پاشای والی موسڵ، ناچێتەوە سـەر هـۆی سیاسـی، چـونکە شـێخ عەبدولسـەلام هـەر لەبنەڕەتدا هیچ دیدێکی سیاسی بۆ مەسەلەکان نـەبووە و هێشـتا هەسـتی نەتـەوەیی

لەیەك ڕۆژدا پەلاماری بدلیس و بارزان بدەن. بەمەبەستی شڵەژاندنی هێزەکانی تورك و پارچەکردنی ئەو هێزانە، بۆیە (شێخ عەبدولسەلام) لەو مانگەدا ڕاپەڕینی خۆی دەست پێکرد و هێزەکانی تورك لە موسڵ و وان بەرەو بارزان کشان بۆ سەرکوتکردن و دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکە. هەر لەوکاتانەش ڕاپەڕین لەباریەزید ڕوویدا، هاوکات بوو لەگەڵ هەردوو ڕاپەڕینەکەی بارزان و بدلیس، ئەمەش نیشانەی ڕێك و پێکی بزوتنەوەکە بوو. هێزەکانی تورکی پەلاماری شێخ عەبدولسەلامیاندا لەبارزان، پاش شەڕێکی دوو ڕۆژە، هێزەکانی شێخ عەبدولسەلام و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی کورد، کە شێخ تەهای شەمزینان بوو،

---

بەو ئەندازەیە پەرەی نەسەندبوو، بیر لە سەرکردایەتی کردنی بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی بکاتەوە، ئاشکرایە تا ئەو کاتە بیری عوسمانیزم واتە خۆبە عوسمانی زانی لەهەر بیرێکی تری ناوچەکە، لەوانە بیری کوردایەتی، زاڵتر و دەستڕۆیتر بوو، بزوتنەوەی نەتەوەیی لەناوەڕۆکدا بزوتنەوەیەکی شارییە، پێویستی بەپێکهاتەیەکی ئایدۆلۆژیە لەو سەردەمەدا لەناوچەکە بەدی ناکرێ. ئەو یاداشتەش لە ۱۹۰۸ گەورە پیاوانی بادینان لەوانە شێخ عەبدولسەلام بۆ ئیستامبوڵیان نارد، هیچ ناوەڕۆکێکی نەتەوەیی نیە و ئاماژە بۆ هیچ پەرەسەندنێك لە بواری هۆشیاری نەتەوەیی ناکا، داخوازی لەبابەتی دیاری کردنی فەرمانبەری کوردی زان لەناوچەکە، دانانی دادوەری بەمەزهەب شافعی نەك حەنەفی لەدادگاکاندا، نەهێشتنی ئەو باجانەی لەگەڵ ئیسلامدا ناگونجێن و دەستخستنی خزمەتگوزاری پێویست بۆ ناوچەکە، لەناوەڕۆکدا داخوازیی سیاسی نین و هیچ دوورایییەکی نەتەوەیشیان لێ بەدی ناکرێ. شێخ عەبدولسەلام لەنێو بارزانیەکاندا بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی کاریگەری پێك هێنا، بەڵام سەبارەت بە هەڵسوکەوتی وەك ڕابەرێکی سیاسی ناسیونالیست هیچ بەڵگەیەکی بەرچاو لە ئارادا نیە. بڕوانە: دکتۆر عەزیز شەمزینی، جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی ی کوردستان، وەرگێڕانی: فەرید ئەسەسەرد، چاپی چوارەم، سلێمانی ۲۰۰٦، ل ۱٤۰.

هەموویان کشانەوە بۆ خاکی ئێران.[٨٥] شێخ عەبدولسەلام لەسەرەتادا چووە ورمێ و ماوەیەك لەوێ بەنهێنی مایەوە، لەژێر چاودێری و ئاگاداری سمکۆی شکاك و سەید تەها دابوو، پاشان لەگەڵ سمکۆ پەیوەندی بە کونسوڵخانەی ڕووسیاوە کرد و داوای یارمەتی و پشتگیری لە ڕووسیا کرد، بۆ ئەوەی هاوکاری بکەن، تاکو دژی عوسمانییەکان ڕاپەڕین بەرپا بکات. بەڵام ڕووسەکان دژی هەر چەشنە یارمەتیدان و ڕاپەڕینێکی شێخە دژی تورکیا، نەك ئامادەنەبوون هاوکاری بکەن و ڕێگا نادەن شێخ بگەڕێتەوە کوردستان و پێویستە لەژێر چاودێری ڕووسیا دابێت و بەبێ پرسی ڕووسیا هیچ کارێك نەکات.[٨٦] لەو کاتە (سلێمان پاشای نظیف) بووبە والی موسڵ دەستی کردەوە بەناردنی هێز دژی شێخ عەبدولسەلام، دوای نائومێد بوونی لە ڕووسیا شێخ عەبدولسەلام بەناچاری ڕێگای گەڕانەوە بۆ بارزان هەڵدەبژێرێ، لەڕێگای گەڕانەوەیدا لەگوندی (کەنکەجین) لەلایەن (سۆفی عبداللە) ناوێکەوە خیانەتی لێ دەکرێ، لە شیرین خەودا شێخ عەبدولسەلام دەگیرێ و دەدرێتە دەست حکومەتی عوسمانی و لە ١٤-١٢- ١٩١٤ شێخ عەبدولسەلام لە موسڵ لەسێدارە دەدرێ.[٨٧]

شێخ عەبدولسەلام یەکێك بوو لەو حەوت کەسایەتیە کوردەی ڕێز و خۆشەویستیان لەلای هەموو ئەو کوردانە هەبوو کەوتبوونە ناوچەی نێوانی

---

[٨٥] د. وەلید حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٨.

[٨٦] هەستیار کەمال کوردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٩-٣٢٠.

[٨٧] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩٥.

ڕۆژهەڵاتی ئامێدی و وان و موسڵ. هەموو ئەو ڕووداوانەی لە کوردستانی باکوور و باشوور و ڕۆژئاوا لەبەهاری ساڵی (١٩١٤) ڕوویاندا، هەموو کۆڵەگەکانی دەسەڵاتداری تورکی لەم ناوچانە لەراندەوە.[٨٨]

## تەقینەوەی ڕاپەڕینەکە

سەرەڕای ئەوەی ئاژاوە و پشێوی هەموو وڵاتی گرتبووەوە، بڵاوبوونەوەی گرانی و برسێتی تەنگی بەخەڵك هەڵچنی بوو، خەڵك لەوپەڕی ژیانی سەخت و ناخۆشی و کوڵەمەرگیدا دەژیان، لەوە زیاتر لە وزەیاندا نەمابوو بەرگەی ئەو ژیانە نالەبارە بگرن، ڕۆژنامەی (ئازتامارت)ی ئەرمەنی ژمارە (١٥٢٤) ی (٢٩-٣-١٩١٤)ی باسی کردووە: گرتنی سەرباز لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی و ئەرکی بەخێوکردنی بەسەر شانی دانیشتوانەوە کارێکی وای کردبوو، ببووە هۆی بڵاوبوونەوەی گرانی و برسێتی، تەواو ژیانی پەك خستبوو، ژنێك گەیشتبووە تینی و ئارامی نەمابوو، بەخۆی و منداڵەکانیەوەچوو بووە بەردەرگای دەزگایەکی حکومەت و هاواری کردبوو، هەموومان بە زیندوویی بنێژن، چونکە ئەوەی هەیبوو بۆ بەخێوکردنی منداڵەکانی حکومەت هەمووی بردووە بۆ خۆی و ئیتر منداڵەکانی بەچی گوزەران بکەن؟!.[٨٩]

---

[٨٨] ن. لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٩.
[٨٩] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧١.

له ئەنجامی ئەو هەڵوێستە و لەپەرۆشـی بـۆ ژیـان و گـوزەرانی خـەڵك، لەو بارودۆخەدا (مەلا سەلیم) چەكدارێكی زۆری كۆكردەوە و لە شـارەكەی خـۆی (كومـانش) سـەنگەری هەڵكەنـد و داوای لەخـەڵك كـرد لـەدژی دەسـەڵاتی عوسمـانی یـەك بگـرن، هـەموو لایـەك بـەپیر بانگەوازەكـەی (مەلاسەلیم)ەوە چوون، لادێیە ئەرمەنیەكانی دراوسـێی (مـەلا سـەلیم) لـەماڵەكانی خۆیان دەستیان كـرد بەدروسـت كردنـی شـیر بـۆ ڕاپـەڕیوەكان، لەسەر تكای (مەلا سـەعید) (مەبەسـتی شـێخ سـەعیدی شـێخ جەلالـەدین بووە، كە بەرلەمە باس كراوە)، ئەرمەنیـەكانی گونـدی (خولتیـك) پـتر لـە سەد تەوزینیان بۆ ڕاپەڕیوەكان دروست كرد، بەیانات

بەناو خەڵكدا بڵاو كرایەوە، داوا لە خەڵك كـرا دژی توركـە زۆردارەكـان ڕاپەڕن، زۆری پێنەچوو ئاڵای شۆڕش بەرز كرایەوە، دروشمی سەربەخۆیی بڵاوبووەوە، لەهەنـدێ شـوێنی تـر وەكـو ناوچـەكانی (تاتیـك) و (خێـزان) دەستیان گرت بەسەر ڕێگاو بانەكان و چەكیان لە پـۆلیس و سـەربازەكان سەند، لەهەموو لایەكەوە چاوەڕوانی گەیشتنی (مەلا سەلیم)ی سەركردەی بزوتنەوەكە بوون.

كوردەكـان نموونـەی قارەمـانێتی و ڕەوشـت بـەرزی بـوون، یـەكێك لەڕەوشـتە باشـەكانی ئـەو كوردانـەی بـەناو گونـدەكانی ئەرمەنیەكانـدا تێپەریان دەكرد، بەبێ ڕازی بوونی ئەرمەنیەكان هـیچ كـارێكی نەشـیاویان نەدەكرد، بـەپارە نەبوایـە نانیـان لەكـەس وەرنـەدەگرت، گـەلێك ڕۆژنامـە باسـی ئـەو هەڵوێسـتەی كوردیـان كـردووە، ئەمـە بـووە هـۆی ئـەوەی ئەرمەنیـەكان ببـوون بـە دۆسـتی كـورد، ڕۆژنامـەی (ئـۆرایزون) باسـی

هاوکاریکردنی جوتیاره ئەرمەنیەکانی بڵاوکردبووەوە، چۆن چووبوونە پاڵ ڕاپەڕیوەکان.[٩٠] لەسەرەتای شۆڕشەکە ژمارەی شۆڕشگێڕان چوار هەزار کەس دەبوو، لە ڕێکەوتی نۆ(٩)ی ئازای ئەو ساڵەدا (١٩١٤) چوونە پاڵ شۆڕش و دواتر پەیتا پەیتا ژمارەیان زیادی دەکرد، بەشدارانی شۆڕش داوایان دەکرد تورك لە دامودەزگا و بەڕێوەبەرایەتیەکانیان لابـبرێن، چونکە گەندەڵن و ناوچەکە تالان دەکەن و بەدەسەڵاتی بێگانەی دەفرۆشن، هەروەها دەبێ دەسەڵات پەیڕەوی لە شەریعەتی ئیسلام بکات، پێویستە میرنشینێکی کوردی سەربەخۆ دابمەزرێت. هەرچەندە سوپای عوسمانی هەوڵیدا ئەم بزووتنەوەیە کپ بکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەکدارەکانی کورد توانیان لەناوەندی مانگی ئازادا دەوروبەری شاری بدلیس بگرن.[٩١] لەدواییدا هێزێکی کوردی (٣٠) کەس دەبوو، بەسەرکردایەتی (مەلا سەلیم) و (شێخ شەهابەدین) و کەسانی تر، بەرەو شاری بەدلیس هێرشیان برد، توانیان دەوروبەری شارەکە لەدەست تورکان ڕزگاربکەن، لەدواییدا نامەیەکیان بۆ والی شارەکە نارد، داوایان لێ کرد ڕێگایان بدات داواکارییەکانی خۆیانی بدەنێ، والیش بڕیاریدا بەتەنیا پێشوازیان لێ بکات، بەڵام سەرکردایەتی ڕاپەرینەکەی کورد بەوە ڕازی نەبوون، داوایان کرد هەموویان بەیەکەوە بچنە ناو شارەکە، نەك چەند کەسێکیان، هەروەها داوایان لە مەسیحیەکانی شارەکە کرد، ئەوان ترسیان نەبێت، چونکە کوردەکان سەروماڵیان دەپارێزن، ئەوان بەتەنیا

---

(٩٠) محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧٢.

(٩١) هەستیار کەمال کوردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٧.

دوژمنی تورکە داگیرکەرەکانن، والی نەیتوانی کوردەکان بەکشانەوە ڕازی بکات. گفتوگۆ لەنێوانیاندا چەند ڕۆژێکی خایاند، شارەکە لەژێر سایەی کوردەکاندا بوو.[٩٢]

کاتێك (مەلا سەلیم) هەوڵیدا بچێتە ناو شاری بدلیسەوە، والی تورك بەناوی وتوێژکردنەوە ویستی (مەلا سەلیم) و هاوکارەکانی دوابخات، هەتا هێزی تورکی پێدەگات، بەڵام تەقەلایەکی بێ سوود بوو، پاشان والی شارەکە کەوتە گفتوگۆ لەگەڵیاندا.[٩٣] هەروەکو لە ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی روسیا باڵیۆزخانەی روس لە ئەستەمبوڵ ساڵی (١٩١٢– ١٩١٤) باسی گفتوگۆیەکی (مەلا سەلیم)ی تێدایە بە تورکەکانی گوتبوو: " تائێستا کورد هەر خۆی پاراستووە لە سەربازەکانی تورك، بەڵام بەم نزیکانە هەموو کورد بۆ ئەوە ڕادەپەڕێ پارێزگاری لە مافی خۆی بکات، و دەسەڵاتی تورکە وڵات فرۆشەکانیش نەمێنێ."[٩٤]

هەرچەندە سوپای عوسمانی هەوڵیدا بزووتنەوەکە کپ بکاتەوە، بەڵام چەکدارەکانی کورد توانیان دەوروبەری شاری بدلیس بگرن و شارەکە گەمارۆ بدەن، والی شارەکە کەوتە گفتوگۆ لەگەڵیاندا، بەڵام سوودی نەبوو، شۆڕشگێڕەکان شارەکەیان گەمارۆدا.[٩٥] دواتریش کوردەکان هێرشیان کردە سەر شاری بدلیس و لە ماوەیەکی کەمدا ڕزگاریان کرد و

---

[٩٢] د. وەلید حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٤.

[٩٣] هەستیار کەمال کوردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٧.

[٩٤] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٣.

[٩٥] هەستیار کەمال کوردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٧.

ڕۆژی (٣)ی نیسـانی (١٩١٤) لەشـارەکەدا مانـەوە، ڕابـەری ڕاپـەڕیوەکان (مەلا سەلیم) و (شێخ شەهابەدین) و (شێخ عەلی) بـوو. لـە گرتنـی شـاردا کوردەکان هیچ تالآنێکیان نەکرد. ئازاری ئەرمەنیەکانیشیان نەدا.[٩٦]

وادیار بوو کوردەکان دەیانویست هێزەکانی خۆیان پیشان بدەن، نەك داگیرکردنی شارەکە، بەوەش کاربەدەستانی حکومەت ناچـار بکـەن سـەر بۆ داخوازییەکانیان شۆڕ بکەن. کـار گەیشـتە ئـەو ڕادەیـە کاربەدەسـتانی حکومەتی عوسمانی بە تاوانی بـیٚ دەسـەلآتی و کەمتەرخـەمی والی شـاری بـدلیس (مەزهـەر بـەگ)یان گـۆڕی، ئـەو شـارەکەی بـەجیٚ هێشـت و موتەسەڕیفی سیرەت، (مستەفا عەبـدولخالق بـەگ)یان نـارد بـۆ شـارەکە، (مستەفا عەبدولخالق بەگ) کابرایەکی کەللەڕەق و سەرگەرم بوو، زۆر دژی نەتەوەی کورد بوو، ئەمیش یەکسەر هێزێکـی چـەکداری (٨٠٠) کەسـی لـە خـەڵکی شـارەکە کـۆکردەوە، بـەناوی (حـەرەس شـەعبی)یەوە هێزێکـی دروست کرد و فەرمانی پیٚ کردن بازاڕەکان بپارێزن، یارمـەتی جەندرمـەی نیزامی تورك بدەن بەشەوان. پاش ئەوەی لـە ڕۆژی (١٥)ی ئـازار هێزێکـی پاڵپشـتی تورکـەکان ژمارەیـان (٣٠٠) کـەس بـوو، لەناوچـەکانی مـوش و وانەوە گەیشتنە شارەکە، (مستەفا بەگ) لەڕۆژی یەکی نیسـاندا فـەرمانی هێرش بردنیدا بـۆ سـەر ئـەو هێـزە کوردانـەی لـە شـارەکەدا خۆیـان قـایم کردبوو، لەسەربانی یەکێك لە دێرە ئەرمەنیەکاندا دامەزرابوون، کوردەکان توانیبوویان ماوەی دوو ڕۆژی تەواو بەرگری بکەن، بـەلآم پـاش گەیشـتنی

[٩٦] دکتـۆر عبداللـە عـەلیاوایی، سەرچـاوەی پێشـوو، ل ٢٠٨ – هەسـتیار کـەمال کوردی، سەرچاوەی پێشوو،ل ٢٥٧.

هێزێکـی پشـتگیری تورکـەکان ژمارەیـان (١٥٠) سـەربازێك دەبـوو، کـە بـەڕێگای دەریـا گەیشـتبوونە شـارەکە، چـوار ڕەشاشـیان لەگـەڵ دابـوو، لەموشەوە گەیشتنە بەدلیس، هێزی کوردەکان ناچار بوون بکشـێنەوە بـۆ دەرەوەی شارەکە.[٩٧] (مستەفا عەبدولخالق بـەگ) بـەو کەللـەڕەقی و دڵ پڕ لە کینەوە دوای ئەوەی کرا بەوالی دەستی کرد بەهێرش بردن بـۆ سـەر ڕاپەڕیوەکان، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لـە سـەربازەکان خۆیـان دوورە پـەرێز ڕاگـرت، و وتیـان ئێمـە دەسـتمان ناچـێتە خـوێنی بـرا کوردەکانمانـەوە، (چێرکۆف) لەنامەیەکدا بۆ بـاڵیۆزی رووس لـە ئەسـتەمبوڵ ئاگـاداری کـرد بوو، هەندێ لەو سەربازانەی نێررا بـوون بەقسـەی حکومـەتیان نـەدەکرد. بەرامبەر بەو بارودۆخە حکومەت لـە ناوەڕاسـتی مـانگی مـارتی (١٩١٤) دا بـارودۆخی عـورفی ڕاگەیانـد، جەندرمـە تورکـەکان لـە بـدلیس لـە نزیـك کەنیسەیەکی ئەرمەنیەکانەوە، چوار کەسیان لە پیاوەکانی (مـەلا سـەلیم) گرت.[٩٨]

(ئیسـماعیل شـاوەیس) تـەنیا باسـی (مـەلا سـەلیم) و (شـێخ شەهابەدین)ی کـردووە، کـە چـالاك بـوون و سـەرکردەی ئـەو بزوتنەوەیـە بوون، لەکاتێکدا (د. وەلید حەمدی) پەنای بردۆتەبەر دیکۆمێنتەکانی نـاو ئەرشـیفی وەزارەتـی دەرەوەی بـەریتانیا، بـەپێی دیکـۆمێنتی ژمـارە ( Fo.371-2130 ) ڕۆژی (٢٢-٣-١٩١٤) تۆمـار کـراوە، بریتیـە لـە ڕاپۆرتێکی جێگری کونسوڵی بەریتانیا لە (وان)ەوە ناردویەتی بۆ بـاڵیۆزی

---

[٩٧] د. وەلید حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٦.

[٩٨] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧٣.

حکومەتی بەریتانیا لە ئەستەمبوڵ.[٩٩] باسی ئازایی و قارەمانێتی (شێخ سەعید)ی کردووە.

لەمانگی ئازاری ساڵی (١٩١٤) دا (شێخ سەعید عەلی کوڕی شێخ جەلالەدین) لەناوچەی خێزانی نزیك بەویلایەتی بەدلیس و دەریاچەی وان، سەرکردایەتی ڕاپەڕینێکی خوێناوی کوردەکانی کرد، باوکی (شێخ سەعید) یەکێك بوو لەپیاوە ئاینیە ناسراوەکانی کورد لەتورکیا، ئەویش بەرامبەر بەحکومەتی عوسمانلی ڕاپەڕی لەسەردەمی جەنگی (رووسی — تورکی)دا لەساڵی (١٨٧٧) دا، (وەك بەشدارێك ڕاپەڕینی شێخ عوبەدوڵلا) ڕاپەڕینەکەی (شێخ سەعید) ناوچەکانی (داویك و کارجیکان)ی گرتەوە، بۆیە حکومەتی تورکیا کەتیبەی فەوجێکی سەربازی لەمانگی ئازاردا نارد بۆ دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکە، بەڵام هێزەکانی ڕاپەڕیو توانیان هێزە تورکیەکە بشکێنن و ناچاریان بکەن بکشێنەوە، حکومەتی عوسمانی بەناچاری هێزێکی تری نارد بۆ ناوچەکە، هەردوولا کەوتنە شەڕێکی خوێناویەوە لەدەوروبەری شاری بەدلیس لەمانگی نیسانی ئەو ساڵەدا، لەئەنجامدا هێزەکانی (شێخ عەلی) ناچار کران بەوەی بکشێنەوە بۆ دەرەوەی شارەکە.[١٠٠]

حکومەتی تورك لەمانگی مارتی (١٩١٤)، هێزێکی گەورەی نارد بووە سەر (شێخ سەعید) لەدەوروبەری بدلیس، لەسەرەتای مانگی نیسانی (١٩١٤) لەشەڕێکدا ناچار کرا بدلیس بەجێ بێڵێت و لەو ڕاپۆرتەی

---

(٩٩) محەمەد رسول هاوار، هەمان سەرچاوە، ل ٣٦٤.

(١٠٠) د. وەلید حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٣.

پێشـوودا نووسـراوە (تەحسـین بـەگ)ی والی وان بـە جێگـری کونسـوڵی گوتبـوو ئـەم ڕاپۆرتـە بەهانـدانی (مـەلا سـەلیم) بـووە، نـاوی خـۆی نـاوە (خەلیفە سـەلیم) کـە مـەلای تایبـەتی (شـێخ جەلالـەدین)ی کـۆچ کـردووە بــووە، (لەڕاپۆرتەکەیــدا وتــراو زۆر بــاوەڕیش بەقســەکەی والی تــورك ناکرێت).[١٠١]

وەك هەموو جارێك ئەم جـارەش زۆر دەمگـۆی وا بڵاودەکرایـەوە ئـەم ڕاپەڕینـە بەهانـدانی تـورك بـووە لـە دژی ئەرمەنـەکان، ئەگەرچـی (مـەلا سەلیم) پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ ئەرمەنـەکان هـەبوو، ڕاپـەڕیوانیش هـیچ کات ئـازاری ئەرمەنـەکانیان نـەدا، ئەرشـیفی وەزارەتـی دەرەوەی روسـیا نامەیــەکی (چــێرکۆف)ی تێدایــە لەســاڵی (١٩١٤) وتوویــەتی: ئەگــەر کوردەکـان بەهانـدانی تـورك پـەلاماری ئەرمەنیـەکانیان بدایـە، ئـەوە بـێ گومان حکومەتی تورك بەرامبـەر بـەوە هیچیان لـە کوردەکـان نـەدەکرد، لەلایـەکی تـرەوە ڕۆژنامـەکانی تـورك زۆر بـەکورتی باسـی ڕاپەڕینەکـەی کوردیـان بلاودەکـردەوە، ئـەمجارەش وەکـو ڕاپــەڕین و بزووتنــەوەکانی ڕابردوو وێڕای حکومەتی عوسمانی رووسیا و بەریتانیا و وڵاتە زلهێزەکـانی تـر، کەوتنـە بڵاوکردنـەوەی دەمگـۆی خـراپ و نـاو و نـاتۆرەی خـراپ لـە ڕاپەڕینەکە، زۆرجار هەواڵنێرەکانی ئینگلیز و فەرەنسە و هەنـدێ جـاریش هـی رووسـەکان، ڕاپەڕینەکـەی کوردیـان بەبزوتنەوەیـەکی کۆنەپەرسـتانە لەقەڵــەم دەدا، و وایــان بڵاودەکــردەوە ڕاپەڕینەکــە تــەنیا بەمەبەســتی

---

[١٠١] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦٤.

دژایەتی کردنی چاکسازی دەستووری بووە. لەلایەکی ترەوە هەروەکو ڕۆژنامەی ئۆرابزۆن لە ژمارە (٦٧)ی ڕۆژی (٢٨- ٣- ١٩١٤) دا باسێکی ڕۆژنامەی (دیلی تلگراف)ی بڵاوکردبووەوە لەوەدا وتبووی ڕاپەڕینی سەرۆکەکانی کورد، وەکو شەڕێکی پیرۆزی دژ ئەرمەنیەکان وابووە، ڕۆژنامەی ( تایمس)ی لەندەنیش هەڕەشەی ئەوەی کرد بوو، هەر شتێك بەسەر ئەرمەنیەکاندا بێ ئەوا کورد بەرپرسیار دەبێ، چونکە ڕێگا لە تورکەکان دەگرن چاکسازی دەستووری سەر بگرێت. [١٠٢]حکومەت لەژێر سەرپەرشتی والی (مستەفا عەبدولخالق بەگ) دەستی کرد بەهێرش بردن بۆ سەر ڕاپەڕیوەکان و پەلاماردانی کورد، (چێرکۆف) لەنامەیەکدا بۆ باڵیۆزی روس لە ئەستەمبوڵ ئاگاداری کرد بوو هەندێ لەو سەربازانەی نێررا بوون بەقسەی حکومەتیان نەدەکرد.[١٠٣]

بەشێکی زۆری هێزەکانی حکومەت چوونە سەنگەری کوردەوە، چەندەها کورد و ئەرمەن ڕازی نەبوون شەڕی ڕاپەڕیوەکان بکەن. بەرامبەر بەو بارودۆخە حکومەت لە ناوەڕاستی مانگی مارتی (١٩١٤) دا بارودۆخی عورفی ڕاگەیاند، دەسەڵاتی هەرەمەکی بەسەر شاری بەدلیسدا سەپێنرا و کاربەدەست و جەندرمە تورکەکان لە بدلیس لە نزیك کەنیسەیەکی ئەرمەنیەکانەوە، چوار چەکداری مەلا سەلیمیان گرت، ئەویش داوای ئازاد کردنی کردن و هەڕەشەی کرد ئەگەر ئازاد نەکرێن

---

[١٠٢] محەمەد رسول هاوار، هەمان سەرچاوە، ل٣٧٨.

[١٠٣] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧٣.

(٢٥) جەندرمە لـە جياتيـان دەرفێنـێ.[١٠٤] دەربـارەی ئـەو چـوار گـيراوە، پـەيامنێری ڕۆژنامـەی (ئـۆرايزۆن) لـە ژمـارە (٦٥)ی (٢٦- ٣-١٩١٤) دا نووسيويەتی: لە نزيك كەنيسـەی (خادراگاشـار) چـوار كـورد گـيران و بـە كەلەپچە كراوی نێرران بۆ بەنديخانـە، لـە ڕێگايانـدا هـەر چـواريان بەسـەر بەرزی و شانازيەوە دەڕۆيشتن تا خرانە بەنديخانەوە، تا ئەمڕۆ چوار ڕۆژە هێشتا هەر لە بەنديخانـەدان. وەكـو جليلـی باسـی كـردووە، مـەلا سـەليم دەست بەجێ داوای بەردانی ئەو گيراوانەی كرد، و هەڕەشەی كرد، ئەگـەر بەرنەدرێن ئەويش (٥) پێنج جەندرمە لە جياتی ئەوان دەگرێ.[١٠٥] پاشـان شەڕێك لەنێوان هێزەكانی حكومەت بەپاڵپشتی تۆپەوە لەگـەڵ هێزەكـانی كورد ڕوويدا و كورد سەركەوتنی تێدا وەدەست هێنا.[١٠٦]

پـاش ئـەوە زۆری پێنەچـوو شـەڕێكی قـورس دەسـتی پـێ كـرد و توركەكان ويستيان بە تۆپبـاران كوردەكـان بشـكێنن، بـەڵام بـەفرو بـاران ئيشـەكەی لێ تێكـدان و مـەلا سـەليم بـەخۆی و (٧٠٠) حـەوت سـەد چـەكدارەوە پـەلاماری هێزەكـەی توركيانـدا و پاشەكشـەی پێكـرد بـۆ پێدەشتەكان، بەڵام ڕاپەڕيوەكان زۆر بەنارێك و پێكی دەجوڵانـەوە، بۆيـە نەيانتوانی كارێكی وا بكەن خەڵكێكی زۆر ببێتە لايـەنگريان، ڕاپـەڕيوەكان زۆربەيان بريتی بوون لـە ڕەش و ڕووتـی بـێ پـێڵاو بـەناو بـەفر و سـەهۆڵ

---

[١٠٤] دكتۆر عبدالله عەلياوايی، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٠٨. —محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو ل ٣٧٣.

[١٠٥] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧٣.

[١٠٦] عبدالله عەلياوايی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٨.

بەنداندا دەڕۆیشتن، لەڕووی چەك و تفاقی جەنگیەوە پۆشتە نەبوون، چەکی هەندێکیان بریتی بووە لە خەنجەر و شیر و ڕم و تەور، ژنیش شان بەشانی پیاو شەڕی دەکرد و خۆراك و فیشەکیان بەکێش دەکرد، لەڕاستیدا ڕاپەڕینەکە نموونەیەکی بەرزی ئازایەتی و کۆڵنەدان و لەخۆبوردن بوو، بەڵام ڕۆژگار لەگەڵ کوردا نەبوو، نەیتوانی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن خۆی بگرێ.(١٠٧)

دەربارەی ڕەفتاری ڕاپەڕیوەکان لەو شۆڕشەدا، ڕۆژنامەی (ئۆرایزن) لە ژمارە (٧٤)ی ڕۆژی (١٠- ٤- ١٩١٤) نووسیویەتی: "کوردە شۆڕشگێڕەکان و جەماوەری کورد بەوپەڕی باشی و دۆستایەتیەوە ڕەفتاریان لەگەڵ ئەرمەنییەکانی ناوچەکەدا دەکرد و زۆر جار بەبێ پارە نانیان لە ئەرمەنیەکان وەرنەدەگرت، تەنیا مەگەر پێویستیان بە سوتەمەنی هەبوایە لەو ڕۆژە سارد و سەختەدا ناچار بوون لێیان وەربگرن." ئەنجومەنی وەزیرانی تورك لە بڵاوبوونەوەی ڕاپەڕیوەکان ترسان و پاشتر ئەنجومەنی وەزیرانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ تاوتوێ کردنی بارودۆخی بدلیس کۆبۆوە و بڕیاریاندا هێزێکی گەورە بنێرێ بۆ بدلیس لە هێزی موسڵ و تەرابزونەوە سەرکردایەتی کردنی ئەو لەشکرکێشیە بەئیحسان پاشا سپێردرا.(١٠٨) ئەنجومەنی وەزیرانی تورك لە ترسی بڵاوبوونەوەی ڕاپەڕینەکە بڕیاریاندا هێزێکی گەورە بنێرێ بۆ بدلیس و بڕیاریدا (ئیحسان پاشا)ی سەرکردەی هێزی موش بکرێ

---

(١٠٧) محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧٤.

(١٠٨) دکتۆر عبدالله عەلیاوایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٨.

بەسـەرکردەی ئـەو هێـزە کـە زۆر شـارەزا بـوو لـە نانـەوەی ئـاژاوە و ڕێکخستنی پیلان و فرِوفێڵ، دەستی کرد بەوەی کورد و ئەرمـەنی بکـا بـە دوژمنـی یـەك بـۆ ئـەوەی ئەرمەنیـەکان یارمـەتی کـورد نـەدەن، بـۆ ئـەو مەبەستە چووە لای سـەرکردەی ئەرمەنیـەکان لـە مـوش و داوای لێ کـرد هێزێکی ئەرمەنی ئامادەبکا بۆ ئەوەی شان بەشـانی حکومـەت دژی کـورد شەڕ بکا. دەربارەی ئەوە لـە دۆکـۆمێنتی ئەرشـیفی وەزارەتـی دەرەوەی روسـیا لەسـاڵی (١٩١٤) دا تۆمـار کـراوە، (گـارۆ ساسـۆن)ی ئەرمـەنی بەرامبەر بـەو تەقەلایـەی ئیحسـان پاشـا بەگاڵتـە پێکردنـەوە نوسـیوێتی: ئەرمەنیەکان بۆ ئەوەی لەگەڵ تورکەکاندا توشی گێچەڵ نەبن ناچار بـوون داخوازی ئیحسان نوری پاشا قبوڵ بکەن، بەڵام لە هـەمان کاتـدا بـەنهێنی کوردەکانیشیان لەوە ئاگادارکردبووەوە.[١٠٩] ئیحسان پاشا دەسـتی کـرد بەسـوتاندنی خـانووی کوردەکـانی سـەر ڕێگـای هێزەکـەی بـێ ئـەوەی بـەزەییان بەکەسـدا بێتـەوە، جلیلـی باسـی هەڵوێسـتی دەوڵەتـە ئەوروپاییـەکانی کـردووە بـۆ نموونـە باسـی ئـەڵمانیای دۆسـتی تورکیـای کردووە هەر لە سەرەتاوە دژی ئـەو ڕاپەڕینـە بـووە، بەشـێوەی دوژمنانـە سەیری کردووە، باڵیۆزی ئەڵمانیا لە ئەستەمبوڵ (فـون فـاغینیفیم) داوای لە حکومەتی تورك کرد بە زووترین کات ئەو ڕاپەڕینە دامرکێنێتەوە، (فون سـاندیرس)، کـە بـۆ چـاودێریکردنی هێزەکـانی تـورك چـووبووە تورکیـا، بەپەلـە چـووە ناوچـەی ئـەرزڕۆم و ئـەرزنك، ڕووداوەکـان دەریـان خسـت هەڵوێست و بارودۆخ لە سوودی کورد نەبوو، چونکە شۆڕشەکەیان ناڕێك و

---

[١٠٩] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧٤

پێك بوو، له ناسك ترین كاتدا هەندێ لـه كـوردە ناسـراوەكانیش بـوون بـه لایەنگیری حكومەت، ڕاپەڕیوەكان ناچاربوون له بدلیس بچنه دەرەوە.[(١١٠)]

ئیحسان پاشا هەوڵی نانەوەی دووبەرەكیدا لەنێوان كورد و ئەرمەنـدا لەم هەوڵەیدا دەستەیەكی له ئەرمەنـەكان بـۆ دەسـت وەشـاندن لـه كـورد پێـك هێنـا، بـەڵام ئەرمەنـەكان بەدزیـەوە تەتـەریان بـۆ سـەركردایەتی ڕاپەرینەكـه نـارد و ئاگاداریـان كردنـەوە ئـەوان تـەنیا بەڕووكـەش بەپێكهێنانی ئەو دەستەیه ڕازین و ئامادەنین شەڕی كورد بكەن، لەو هەرا و جەنجاڵـەدا سـوپای عوسمـانی بەهـەر ناوچـەیەكدا تێدەپـەڕی، تـاڵان و وێرانكاریەكی زۆری دەكـرد. تـا لەدوایـدا دەسـتی بەسـەر شـاری بدلیسـدا گـرت.[(١١١)] لەئاكامـدا ژمارەیـەكی زۆر لـه كـورد كـوژران، توركـەكان زۆر دڵڕەقانـه كەوتنـه دژایـەتی كردنـی شۆڕشـگێڕان و ژمارەیـەكی بەرچـاوی كەسایەتیه دیارەكانی ویلایەتەكه دەسگیركران و ئەشكەنجەدران.[(١١٢)]

هەروەها (ن. لازاریف)یش دەڵێت: لەسەرەتای نیسـانی سـاڵی (١٩١٤) شۆڕشـگێڕەكان دەسـتیان گـرت بەسـەر بدلیسـدا، بـەڵام نـەیانتوانی پارێزگاری لێ بكـەن. توركـەكان هەسـتان بـه دامركاندنـەوەی ڕاپەڕینەكـه دوای ئـەوەی هێـزی تریـان بـۆ هـات، بـه شـێوەیەكی دڕندانـه تۆڵـەیان سەندەوە له شۆڕشگێڕەكان.[(١١٣)]

---

(١١٠) محەمەد رسول هاوار، هەمان سەرچاوە ، ل ٣٧٥.

(١١١) دكتۆر عبدالله عەلیاوایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٨.

(١١٢) هەستیار كەمال كوردی ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٨.

(١١٣) ن. لازارێـف، سەرچـاوەی پێشـوو، ، ل ٢٨٩.– د. فاضـل رسـول، سەرچـاوەی پێشوو، ل ١٤٠.

ڕۆژی (١٨-٤-١٩١٤) حکومەتی تورکیا لە وان و موش و دیاربەکر و ئەرزڕۆمەوە بەسێ تیپ سەربازی ئامادەکرد و هێرشی کردە سەر شێخ شەهابەدین و خەلیفە سەلیم ئەفەندی زازا و لەشەڕێکی خوێناویدا شێخ محەمەد شیرین برای شێخ شەهابەدین و سەید عەلی ئەفەندی ئامۆزای هەردووکیان بەدیل گیران و لەشاری بدلیس لەگەڵ (١٠) دە کوردی تردا هەڵواسران و گیانیان لەپێناوی کوردا بەخت کرد.[١١٤]

## کۆتایی هاتنی ڕاپەڕینەکە

ئاکامی هێرشی دوژمن و گیرانی شێخ محەمەد شیرین و سەید عەل ئەفەندی و هاوڕێکانیان کاریگەری زۆری کردە سەر ڕاپەڕینەکە، مەلا سەلیم ئەمەی زۆر لاگران بوو، بەرامبەر بەم ڕووداوە بێ دەنگ نەبوو، ویستی هێرش بکاتە سەر بدلیس بۆ ئەمە ئازایەتیەکی مەردانەی نواند، شەبەیخونێکیان کرد و بەخۆی و (٤٠) چل پیاوی فیداکارەوە بەشەو چوونە ناوشاری بدلیسەوە، دەستیان کرد بەشەڕ کردن، بۆ ماوەی (٥) پێنج سەعات لەناو شاری بەدلیسدا لەگەڵ لەشکری عوسمانیدا شەڕ کرا، لەئەنجامی ئەو شەڕەدا دوو ئالآی قوماندانی و (٥) پێنج ئەفسەر و (١٤٠) سەد و چل سەربازی لەشکری تورك کوژران، ئەمانە زۆریان بەگوللەی یەکتر کوژرابوون لەشەڕەکەدا، لەبەرئەوەی شەو دەبێت لەتاریکیدا جەندرمەی تورکی دەحەپەسێن و سەریان لێ شێوا بوو، هێزی کورد ئەوەندە شەڕێکی قارەمانانەیان کرد، بەڵام کە ڕۆژ بووەوە مەلا سەلیم و

---

[١١٤] اسماعیل حقی شاوەیس، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦.

(٤٠) قارەمانە هاوڕێکانی لەهەموو لایەکەوە گەمارۆ دران، (١٠) دەکەسیان لێ دەکوژرێت و (٢٠) کەسیان خۆیان دەربازدەبن و دەگەڕێنەوە، مەلا سەلیم لەگەڵ (١٠) کەسی تردا نەیانتوانی دەربازبن و خۆیان گەیاندە ناو کونسوڵخانەی ڕووسیا لە بدلیس.[١١٥] ئەگەرچی ئەم چالاکیەی مەلا سەلیم و هاوڕێکانی ئازایەتی و قارەمانێتی گەورەی تێدا بوو، بەڵام لەهەمان کاتدا هەڵەیەکی خۆکوژی گەورە بوو ئەنجامەکەی بەشکست دوایی هات، دەبوایە بەشێوەی تر بەردەوام بوایە تاکو هەلێکی لەبارتر دەهاتە ئاراوە، بۆ ئەوەی توانیبای لە داهاتوودا تۆڵەی هاوڕێکانی بکاتەوە و ڕاپەڕینەکەی گەشە پێ بدایە، تاکو دوا قۆناغی ڕزگار بوون، بەڵام بەهۆی ئەم هەڵە گەورەیە ڕاپەڕینەکەی شکستی هێنا، بەشێك لە هاوڕێکانی شەهید بوون و خۆی و بەشێك لە هاوڕێکانی پەنایان بردەبەر کونسوڵخانەی ڕووسەکان و ئەوانیش پەنایان دان.[١١٦]

دەسەڵاتدارانی عوسمانی داوایان لە کونسوڵخانەی ڕووسیا کرد ئەو پێنج کەسە تەسلیم بە ئەوان بکرێنەوە، بەڵام کونسۆڵی ڕووسی داواکەی ڕەت کردنەوە و گووتی بێ ئاگاداری باڵیۆزی وڵاتەکەم ئەو کەسانە نادەمەوە. والی تورك ئەم حیکایەتەی گێڕاوەتەوە گووتوویەتی: ١٠٠ تا ٢٠٠ سەربازی کورد لەو شەڕەدا کوژران، بەڵام ژمارەی کوژراوە تورکەکانی تەنیا بە ١٢ کەس مەزەندە کردووە، لەدواییدا هێزەکانی تورك

---

(١١٥) اسماعیل حقی شاوەیس، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦.

(١١٦) د. وەلید حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ، ل ٢٥٦- د. فاضل رسول، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٤٠.

گەمارۆی کونسوڵخانەی ڕووسی لە شارەکەدا، تا مەلا سەلیم و هاوڕێکانی دەرباز نەبن، حوکمی عورفی لە بەدلیسدا ڕاگەیەنرا، فەرمان لە بالێۆزی رووسەوە دەرچوو کونسوڵی بەدلیس ئەو پەنابەرانە نەداتەوە دەست هێزە تورکیەکان و بەهەرچی شێوەیەك بێ دەرباز بکرێن.[117]

د. ولید حمدی ئاماژەی بۆ نامەیەکی ( Sir Mallet) کردووە لە ڕۆژی (١٣–٤–١٩١٤)[118] دا ناردبووی بۆ (Sir Edward Grey) تێیدا باسی ئەوە کراوە حکومەتی ڕووس بڕیاری دابوو ئەو پەنابەرانە نابێ بدرێنە دەست حکومەتی تورك ئەبوایە دەرباز بکرانایە.[119] مەلا سەلیم و هاوڕێکانی هەتا کاتی دەست پێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی لەناو کونسوڵخانەی ڕووسیا دەمێننەوە.[120] دوای ئەوەی مەلا سەلیم و هاوڕێکانی شکستیان هێناو چوونە ناو کونسوڵخانەی رووسیاوە، تورکەکان ورەیان بەرزبووەوە و ئێوارەی هەمان ڕۆژ عوسمانییەکان هێزێکی گەورەیان ناردبووە سەر ناوچەکە و توانیان ڕاپەڕینەکە کپ بکەنەوە لەئاکامدا ژمارەیەکی زۆر کورد کوژران، تورکەکان زۆر دڵڕەقانە کەوتنە دژایەتی کردنی شۆڕشگێڕان و ژمارەیەکی بەرچاوی کەسایەتیە دیارەکانی ویلایەتەکە دەستگیرکران و ئەشکەنجە دران.[121]

---

(١١٧) د. وەلید حمدی، هەمان سەرچاوە، ل ٢٥٦.

(١١٨) ئاماژەی رۆژەکە لەهی ولید حمدی لەگەڵ نوسینی ئیسماعیل حقی شاوەیس جیاوازی رۆژیکیان هەیە.

(١١٩) د. وەلید حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٦.

(١٢٠) اسماعیل حقی شاوەیس، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦.

(١٢١) هەستیار کەمال کوردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٨.

کاتێك وەزیری دەرەوەی تورکیا داوای لە (کێرس)ی باڵیۆزی ڕووس کرد بوو ئەوانەی پەنایان بردبووە بەر کونسولخانەی ڕووس لە بدلیس هەموویان بدرێنە دەست حکومەت، لەوەڵامدا باڵیۆز پێی دەڵێ: ئەوانە پەنابەری سیاسین، بۆیە مافی ئەوەیان هەیە لەلایەن کونسوڵی ئێمەوە بپارێزرێن. ئەڵمانەکانیش لەو هەڵوێستەی ڕووس ناڕازی بوون، لە (٢- ٦- ١٩١٤) دا (ئەندیرس)ی کونسۆڵی ئەڵمانیا چووبوو بۆ ئەرزڕۆم، (چێرکۆف) ببینێت بۆ ئەوەی بزانێ چارەنووسی مەلا سەلیم و تاقمەکەی لەناو کونسۆلخانەی ڕووسدا چۆن دەبێ، ئایا مەلا سەلیم هەروا لەوێ دەمێنێتەوە. ڕۆژنامەکانی تورك وەکو (صباح) و (طنین) و (ئیقدام) بۆئەوەی گوشار بخەنە سەر ڕووس بڵاویاندەکردەوە ڕاپەڕینی کوردەکان بەهاندانی بێگانە بووە، کاربەدەستانی تورك کونسولخانەی ڕووسیان لە بدلیس بەوە تاوانبار کرد بوو دز و جەردە و ڕاو و ڕووتکەرانی گرتووەتە خۆی و دەیانپارێزێ.[١٢٢]

بەوجۆرە مەلا سەلیم لە کونسولخانەدا مایەوە، تاکو دەست پێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی (٢٨- ٧- ١٩١٤)، سەرچاوەکانی تریش هەربەم جۆرە باسیان کردووە، بەم شێوەیە تورکیا لەماوەی چەند مانگێکی کەم ڕاپەرینەکەی ورد و خاش کرد و دای مرکاندەوە.[١٢٣]

جلیلی ئاماژەی بۆ ڕۆژنامەی (مشاك)ی ئەرمەنی کردووە باسی چۆنیەتی بەجێ هێشتنی کوردی کردووە لە شاری بدلیس وتوویەتی:

---

[١٢٢] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧٧-٣٧٨.

[١٢٣] د. فاضل رسول، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٤٠.

کوردەکان ماڵ ئاواییان لە ئەرمەنیەکان کرد و جوتیارەکانی کورد لەترسی درندەیی و تۆڵەسەندنەوەی تورك ناچار بوون پەناببەنەبەر چیاکان، ڕۆژنامەی (ئۆرایزون) ژمارە (٧٨)ی ڕۆژی (٢٥- ٤-١٩١٤) باسی ئەوەی کردووە کاتێك کوردەکان گوندەکانی خۆیان بەجێ هێشت مەڕو مالات و ژن و منداڵەکانیان لای ئەرمەنیەکان بەجێ هێشت. شێخ سەعید عەلی (٨٠٠) هەشت سەد چەکداری هەبوو لە گوندی (غایدی) بەبێ بەرگری خۆیدا بەدەستەوە، کە تورکەکان ماڵەکەیان پشکنی لەوێ سکالایەکی مەلا سەلیمیان دۆزیەوە وێنەی نێررا بوو بۆ کونسوڵی ڕووس، کە لەلایەن هەزاران کوردەوە مۆر کرابوو، ئەمە بووبە هۆی تاوانبار کردنی شێخ سەعید،[١٢٤] لەگەڵ نزیکەی دووسەد کەس لە کوردەکان دەستگیر کران، چەند پیاوێکی ناسراوی لەگەڵدا بوو، کە ئەمانە بوون: شێخ سەعید عەلی، کوڕەکەی سەلاحەدین، فاخر خەلیل، مەلا محی دین، مەلا حەیدەر، مەلا خەلیل ئەمانە هەموویان خەڵکی خێزان بوون. حاجی حسین ئاغا، زاوای شێخ سەعید عەلی بوو، جەعفەر ئاغا خەڵکی کارتیشیگان بوون..فەرید ئاغا ئامۆزای شێخ سەعید عەلی بوو، حوسنی بەگ کاواشی.[١٢٥]

دوژمنانی کورد بۆ ناشیرین کردنی ڕاپەڕینەکانی کورد، هەمیشە پەنایان بەر قسەی نەشیاو دانەپاڵ ڕاپەڕینەکانی کورد بردووە، بێ ئەوەی حساب بۆ ئەوە بکەن زۆربەی پێشەوایانی کورد لەو سەردەمەدا شێخ و پیاوە ئاینیەکانی کورد بوون، بەلام ئەوان وەك بزوتنەوەی ئاینی

---

(١٢٤) محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧٥.
(١٢٥) د. وەلید حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٦.

ئاماژەیان بۆ دەکردن نەك بزوتنەوەی نەتەوەیی، لەم بارەیەوە کونسولی بەریتانیا لە ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێ: بەو ناوانەی لەسەرەوە هاتوون دەردەکەوێ ئەو بزوتنەوەیە، بزوتنەوەیەکی ئاینی بووە، چونکە زۆربەی زۆری ناوەکانی پیاوی ئاینین، دادگای سەربازی تورکی حوکمیدا بەسەر ١٧ کەسیان بەلەسێدارەدان، ٦٠ کەسیان بەدوورخستنەوە، ڕاپۆرتەکە ڕۆڵی شێخ سەعید بەڕۆڵێکی نادیار و تەماوی ناودەبات...دووان لەو کەسانەی حوکمیان درا بەسەردا و لە ڕاپەڕینەکە بەشداریان کردبوو، خۆی و براکەی لەبەندیخانەوە هەڵاتن و ڕزگاریان بوو ئەویش (شێخ محەمەد ئەمین و براکەی موحەمەد خان) خەڵکی سێرت بوون، هەردووکیان لە هێرشەکەی سەر شاری بەدلیسدا بەشدار بوون.[١٢٦]

پاش دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکە حکومەتی عوسمانی کەوتە گرتن و ڕاوەدوونانی دانیشتوانە کوردەکانی ناوچەکە، لەماوەی مانگی نیسان و مایس دا هەزاران کورد گیران، ئەوانەی بەشدار بوون لەو ڕاپەڕینەدا ماڵ و گوندەکانیان کاول کرا،[١٢٧] جلیلی ئاماژەی بۆ سەرچاوەیەکی ئەڵمانی کردوە (Oktange puke postor) کە لە ڕۆژی (١٣- ٥-١٩١٤) تیایدا وتراوە، کونسولی ئەڵمانیا لە ئەرزڕۆم بەوپەڕی دڵخۆشیەوە کاربەدەستانی خۆی لەوە ئاگادار کردەوە. ئحسان پاشا لە ناوچەکانی: سمیك، خێزان، غوزالدە، شاتێ، نەك تەنیا هەر ڕاپەڕیوەکان بەڵکو

---

[١٢٦] د. وەلید حمدی، هەمان سەرچاوە ، ل ٢٥٦.

[١٢٧] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧٥.

(٢٥٠٠) دووهــەزار و پێــنج ســەد کــوردی تریشــی گرتــووە لەوانــەی لــە سەربازێتی ڕایان کردووە.

عوسمانییەکان بەوپەڕی دڵڕەقی و بێ ویژدانی رەفتاریان لەگەڵ کورد دەکــرد، بەتایبــەت ئەوانــەی گــیران و کەوتنــە بەندیخانــەوە، ڕووداو و بەســەرهاتەکانی ئــەو ڕۆژگــارە نموونــەی بــێ ویــژدانی و وەحشــیگەری تورکەکان پیشـان دەدا، (چـێرکۆڤ) لەنامەیەکیـدا بـۆ بـاڵیۆزی رووسـیا لـە ئەسـتەمبوڵ ئاگـاداری بـاڵیۆزی کـردووە، دوێنــێ (١٠)ی نیسـان، کاتێـك کوردێکیان لەزیندانەوە برد بۆ لێپرسینەوە لەم سەرەوە بە لەشـێکی سـاغ برابوو، بەڵام بەسەرشـکاوی و بەخوێنـەوە هێنرایـەوە بـۆ بەندیخانەکـەی، لەبەندیخانەیەکی تردا ئەفسەرێکی تورك لەجیاتی ئاوی خواردنـەوە میـزی دابـوو بـەگیراوەکان، کـوردێکی برینـدار لـە شـەڕدا گیرابـوو لەبەندیخانـەدا ئەفسەرە تورکـەکان ئەوەنـدەیان بەپێلەقـە لێـدا بـوو گیـانی دەچـووبوو، بەندیخانەی بدلیس پڕە لە گیراوی کورد و ئەرمەنی، مرۆڤ نـازانی چـۆنیان بـاس بکـا و ئـەوی لـە بەندیخانـە بـێ شـێت دەبـێ، بەندیخانـەکان وایـان لێهاتووە جێگەی کەسی تری تێدا نابێتەوە بـۆ ئـەوەی شـوێن بـۆ گـیراوی تازە پـەیدابکرێ دادگـای سـوپایی پـەیتا پـەیتا گیراوەکـان ئیعـدام دەکـا، بـەڵام زۆری پێناچــێ دووبـارە بەندیخانەکـە پڕدەبێتـەوە.[١٢٨] حکومـەتی عوسمانی کەوتە ڕاوەدوونانی شۆڕشگێڕان و پاك کردنـەوەی ناوچـەکە لـە ڕاپەڕیوان، هەتا ئەو کاتە شێخ شەهابەدین لە ناوچەکە مایـەوە، بـەڵام لـە ڕۆژی ٢٦ ی نیساندا شێخ شەهابەدین لەلایەن قایمقامی (ئارجیش) لەنزیك

---

[١٢٨] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧٦.

(دیـاردین) دەسـتگیر کـرا، لەکاتێکـدا دەیویسـت لەگـەڵ حـەوت هاوڕێیـدا دەرباز بن.[129] کومەت بەوپەڕی دڕندەییەوە لەڕۆژی (٧)ی مایس (١٩١٤) لەشـاری بـدلیس (١١) کەسـایەتی نـاوداری کـورد لەوانـەی بەشـداری ڕاپەڕینەکەیان کردبوو لەسێدارەدران، بریتی بوون لەمانە:

١-شێخ شەهابەدین

٢-شێخ عەبدولشەریف

٣-شێخ سەعید عەلی

٤-مەلا فەقی عەلی

٥-مەلا جنیدی

٦-مەلا مەجید

٧-حاجی حەیران

٨-حاجی بایز

٩- حاجی خورشید.

١٠- عەلی ئەفەندی (لەوەوبەر حەرەسی تایبەتی سوڵتان بوو)

١١-مەلا محی دین.[130]

بێ جگە لەوانە (١٠) دە کەسـی تـریش هەڵواسـران (باسـی ناوەکانیـان نەکراوە.)[131]

---

(١٢٩) د. وەلید حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٦.

(١٣٠) د. وەلید حمدی، هەمان سەرچاوە، ل ٢٥٧.

(١٣١) محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦٦.

هەروەکو (لازارێف) باسی کردووە: بەپێی بڕیاری دادگای سوپا شێخ سەعید عەلی و شێخ شەهابەدین و چەند کەسێکی تر لەسێدارە دران و بۆ چاوترساندنی خەڵك لاشەکانیان بە هەڵواسراوی لەمەیدانی بازاڕدا هێڵرابوونەوە و ناوەکانیان لەسەر پارچە پەڕۆیەك نووسرابوو بەسنگیاندا هەڵواسرابوو. ئەوانەی دەبرانەبەر قەنارە چۆن بەوپەڕی سەر بەرزیەوە دەیانڕوانیە پەتی قەنارەکە و مەلا ڕەسوڵ لەوێوە هاواری کردە سەربازەکانی تورك کەوا دڵنیابن نەتەوەی کورد بەم زووانە لە زۆرداری و ستەمی تورك ڕزگاری دەبێ. [١٣٢] مەلا ڕەسوڵ، کاتێ بەرەو سێدارەکە ڕۆیی گوتی:" کورد بەردەوام دەبێ لەسەر تێکۆشان لە پێناوی وەدەست هێنانی مافەکانماندا تۆڵەی خۆمان لە تورك دەکەینەوە."[١٣٣]

لەسەرەتای مانگی ئایاردا (کامل بەگ) لەشاری سێرت گیرا و لەگەڵ خزمێکیدا نێررا بۆ ئەستەمبوڵ کاتێ بەربەرەکانی گرتنەکەی کرد کوشتیان.[١٣٤] ڕۆژی (١١) ی مایس چوار کەسی تریش لەسێدارەدران و حوکمی چوار کەسیش بە لەسێدارەدانی دەرچوو، جگە لەمانە (٧٨) کوردی تریش حوکم دران بە (١) ساڵ تا (١٠١) ساڵ، ئەم حوکمانە دڵی گەلی کوردی نیگەران کرد و جەماوەری کوردستان ئەم حوکمانەیان بەلاوە سەیر بوو، ئەوپەڕی دڵڕەقی و بێ بەزەییانەی پێوەدیار بوو، بەتایبەت بەرامبەر کەسانێك ڕێز و خۆشەویستی لەناو خەڵکدا هەبوو...کەس لەچنگی دەسەڵاتدارانی تورکیا قوتارنەبوو، تەنیا مەلا سەلیم نەبێ، کە

---

[١٣٢] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧٦.

[١٣٣] دکتۆر عبدالله عەلیاوایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٩.

[١٣٤] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٧.

ئەندامێکی چالاك و ئیشکەر بوو، بۆ بڵاوکردنەوەی هوشیاری نیشتمانی و نەتەوەیی کورد لە کوردستانی تورکیادا، هەتا ئەو کاتە لە کونسولخانەی رووسی لە بەدلیسدا مابۆوە.[١٣٥]

پاش داگیرکردنی شارەکە فەرماندەی سوپا ئیحسان پاشا زۆر کەسی گرت ژمارەیان لەماوەی دوو مانگدا گەیشتە هەزار کەس، ئیتر زیندانەکان پڕ خەڵکانی گیراو بوون، بەهۆی ئەمەوە دەوروبەری (٣٠٠) ژن لە شارەکەدا خۆپیشانیان ساز کرد، داوای ئازاد کردنی مێرد و کوڕەکانیان کرد. ئەم خۆپیشاندانە لە مێژووی کورددا بەدیاردەیەکی هەڵکەوتوو دەژمێردرێ. بەڵام جەندرمەکان بڵاوەیان بەخۆپیشاندەرەکان کرد. ئیحسان پاشا داوای لە کاربەدەستانی کۆنسولگەی رووسیا کرد مەلا سەلیمی بداتەدەست، بەڵام داواکەی ڕەت کرایەوە، مەلا سەلیم تا هەڵایسانی جەنگی یەکەمی جیهان لەوێ مایەوە.[١٣٦] دواتر لە ئاکامی هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا دوای دەست پێ کردنی شەڕ و تێکچوونی پەیوەندی نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ڕووسیا عوسمانیەکان ئەو هەلەیان قۆستەوە، هێزەکانی عوسمانی هێرشیان کردە سەر کونسولخانەی ڕووسیا و پەلاماری کونسۆلخانەکەیان دا و تالانیان کرد و مەلا سەلیم و دە کەسی هاوڕێیان هێنایە دەرەوە و لە سێدارەدران.[١٣٧]

---

[١٣٥] د.وەلید حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٧.

[١٣٦] دکتۆر عبداللە عەلیاوایی، سەرچاوەی پێشوول ٢٠٩.

[١٣٧] هەستیار کەمال کوردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٨ –محەمەدئەمین زەکی بەگ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٤.

کـاتیَ تورکـەکان مـەلا سـەلیم و دە قارەمانەکـەی لەگەڵیـدابوون لـە کونسـۆڵخانە هێنایـە دەرەوە هـەموویان لەبـەردەمی کونسـوڵخانەکەی ڕووسدا هەڵواسین، بەتاوانی کوردایەتی و لادان لەدین، کاتیَ خەلیفـە مـەلا سـەلیم لـە سـێدارە درا تەمـەنی (٦٥) شەسـت و پێـنج سـالَ بـوو، کاتێـك هێنایانە بەر پەتی سێدارە بۆ هەڵواسین.[١٣٨]

والی بدلیس لێی پرسی:

"خۆ تۆ دەتووت خوا سەرکەوتنتان دەداتیَ کەچی وا ژێر کەوتی؟".

مەلا سـەلیم لـە وەڵامـدا فـەرمووی: "بـەڵیَ خـوا سـەرکەوتنی بەئێمـە بەخشـی، بـەڵام لـەناو خۆمانـدا خـائین هـەبوو، لەبەرئـەوە خـوا سەرکەوتنەکەی لە ئێمە سەندەوە، بەڵام خـوا مردنـی بـۆ هـەموو مرۆڤێـك داناوە، مردن بۆ هەمووان یەك ڕەنگە."

ئینجـا مـەلا سـەلیم لەبـەر پـەتی سـێدارە ڕووی لـە والی بـدلیس کـرد هاواری کرد و گوتی:

" مژدەبیَ لەتۆ ...تۆ دۆزەخیت و جێگات جەهەنەمە، چونکە من هـاتم وە هەقم تەڵقین کردیت کەچی تـۆ پەسـندت نـەکرد، لەپاشـان فـەرمووی: مـردن بـۆ گیـانی ئێمـەمانان نییـە، دڵنیـابن گـەلی کـورد حسـابێکتان هـەر لەگەڵدا دەکات و هـەرگیز لـە حسـابی کـورد دەرناچیت، ئێـوە لـە دنیـا و لەقیامەتیشـدا هـەر ژێـر دەکـەون، چـونکە حـوکم و سـەڵتەنەتی درۆ و دەلەسە و فرت و فێلَ و تەڵەکەبازی بەزوڵم و زۆرداری ناچێتەسـەر و هـەق داناپۆشـریَ."بەم ڕەنگـە گەورەیـەك لـە گـەورە پیاوەکـانی کـورد و

---

[١٣٨] اسماعیل حقی شاوەیس، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦.

قارەمانێکی مەزنمان دوا هەناسەی گیانی لەسێدارەدراوی لەڕێگای گەلدا بەخشی. دوای ئەوەی مەلا سەلیم و هاوڕێکانی هەڵواسران بەپەتی سێدارەوە "٧" حەوت ڕۆژی ڕەبەق لاشەکانیان بەهەڵواسراوی مانەوە، بەو جۆرە گیانی پاکی مەلا سەلیم ئەفەندی لە لەشی پیرۆزی جیادەبێتەوە لەگەڵ دە قارەمانەکەی لەگەڵی دابوون، بوونە قۆچی قوربانی ڕێبازی ڕزگاری کوردستان.[١٣٩]

لەدواییدا حکومەتی عوسمانی هێرشەکانی گواستەوە بۆ (جەزیرەی ئیبنوعومەر) مەڵبەندی بنەماڵەی بەدرخانییەکان، هەرچەندە کوڕانی ئەو بنەماڵەیە دەستێکیان نەبوو لە ڕاپەڕینەکانی بەدلیسدا، بەڵام دەسەڵاتدارانی تورک حەسەن بەدرخان برای عەبدولڕەزاق بەدرخان یان دەستگیر کرد، برازاکەشی سلێمان بەگ جەندرمەی هێزەکانی تورک تەقەیان لێ کرد و کوشتیان.[١٤٠]

لای تورکەکان وابوو ئیتر ڕاپەڕینی کورد کۆتایی هاتووە، بۆیە ڕەفتاری خراپی خۆیان وازیان نەهێنا، بەوپەڕی دڵڕەقیەوە ڕەفتاریان لەگەڵ کورد دەکرد، دانیشتوانی ویلایەتی ئەرزڕۆم دووبارە لە حکومەت یاخی بوون، باجیان نەدا بەحکومەت و بەرامبەر بەو هەڵوێستە تازەیە سەرۆکی لیژنەی (الوحدە والتقدم)ی تورک لە کۆبوونەوەیەکدا دانی بەوەدا نابوو، کە هێشتا نەتوانراوە ڕاپەڕینەکەی کورد بەتەواوی لەناو ببرێ، جلیلی لە کتیبەکەیدا باسی (بیرغ میلد)ی کونسوڵی ئەڵمانیای کردووە: لە

---

[١٣٩] اسماعیل حقی شاوەیس، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧.
[١٤٠] د.وەلید حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٧.

تــەرابزون ترســی ئــەوەی لێ نیشــتبوو دووبــارە ڕاپــەڕینێکی تــری کــورد سەرهەڵبداتەوە، لەڕاستیدا لەحوزەیرانی (١٩١٤) دا لە قــەزای (مــوتکی) و (غرزان) لەسەرنەدانی باج شەڕێکی قورس قەوما پــاش ئــەوەی تورکــەکان لــەجیاتی بــاج مــەڕومالاّتیان بــەزۆر زەوت دەکــرد و لــە بــازاڕی بدلیســدا بــەئارەزووی خۆیــان دەیــان فرۆشــت، حکومــەت بــۆ هێــور کردنــەوەی هەڵوێست چەند کوردێکی ناسراویان لە ئەستەمبوڵەوە نارد بۆ ناوچەکە بۆ ئەوەی بیر لەهیچ ڕاپەڕینێکی تر نەکەنەوە، بەڵام ئەو تەقەلایەی حکومەت بێ سوود بوو.[١٤١]

ڕاپەڕینی سەرنەکەوتووی بەدلیس ساڵی (١٩١٤) بەتونـدترین شـێوەی دڕندانــە لەلایــەن عوسمانیەکانــەوە ســەرکوت کــرا.[١٤٢] لــە ئــەنجامی دامرکاندنەوەی ئەو ڕاپەڕینە سوڵتان مـەدالیای مەجیـدی بەپلـەی یەکـەم بەخشــی بــە (عەبــدولخالق بــەگ) و (تەحســین بــەگ) هــەردوو والی بەدلیس.[١٤٣]

ڕەنگــە یــەکێ لــە گــرنگترین هۆکارەکــانی ژێرکــەوتنی ئــەم ڕاپەڕینــە پەیوەندی بەوەوە هەبووبێ مـەلا سـەلیم یـەك مـانگ کـاتی دیـاری کـراوی ڕاپەڕینەکــەی پێشخســت. ســەرباری ئــەوەی شــارەکانی تــر بەشــداریان لەڕاپەڕینەکەدا نەکرد و لاسەنگیەکی زۆر لەنێوان هێزە بەشـەڕهاتووەکاندا هەبوو، جگەلـەوەی هەنـدێ لـە خێڵـەکوردەکان شـان بەشـانی هێزەکـانی

---

(١٤١) محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧٨.

(١٤٢) د. وەلید حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٠.

(١٤٣) د. وەلید حمدی، هەمان سەرچاوە ، ل ٢٥٦.

ئیحسان پاشا دژی ڕاپەڕینەکە شەڕیان کرد و پشتیوانیان لە داگیرکەران کرد.[١٤٤]

لەگەڵ ئەوەی بزوتنەوەی کوردەکان هەر بە پارچە پارچەیی و سەرپێیی مایەوە، بەڵام ئاماژەیەکی زۆریدا بە هاتنی سەرەتای قۆناغێکی تر لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کورد زیاتر پێ بگەیەنێت. هەروەها بەشداری کرد لە ڕووخاندنی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی، کە لەڕاستیدا وەك بەندیخانەیەکی گەلان وابوو لەوانەش گەلی کورد. ئەم ڕووداوانە راستەوخۆ ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر بارودۆخی نێو دەوڵەتی هەرێمەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی باشوور لە ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی. چونکە لەهاوشانی کوردەکان کەمە نەتەوەییەکانی مەسیحی و ئەرمەنەکان و ئاشوورییەکان لەو ناوچانەدا نیشتوجێ بوون. ئەم هاتنە ناوەوەی ئەو وڵاتانە بارودۆخی کەمەنەتەوەییەکانی نەگۆڕی بۆ حاڵێکی باشتر.

فەرەنسا و بەریتانیاش کە هاوپەیمانی ڕووسیا بوون هیچ هاوکاریەکیان نەکرد لە گوشار خستنەسەر دەسەڵاتی ئەستەمبوڵ بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد و ئەرمەنەکان. لەترسی بەهێزبوونی دەسەڵاتی ڕووسی لەناوچەکانی کورد و ئەرمەنیەکان لەڕۆژهەڵاتی ناوەراست هەروەها ئاراستەی هەردوو بزوتنەوەی کورد و ئەرمەنەکان رووە و ڕووسیا بوو.

---

[١٤٤] دکتۆر عبدالله عەلیاوایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٩.

له هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا کورد بەشداریکردنیان لە جەنگ و پاڵپشتی سوپای تورك ڕەتکردەوە، ژمارەیەکی کەم نەبێت، هێزی (حەمیدیە)ش کە لەکاتی خۆیدا لەسەر دەستی سوڵتان عەبدولحەمید دروست کرابوو. لەسەرەتای ئەو جەنگەدا پاشەکشەیان کرد و لەڕیزی سوپا نەمانەوە، دوای ئەمە تورکەکان کوردەکانیان بەخائین ناوبرد و داواشیان دەکرد هەر هەموویان دوای کۆتایی جەنگ سزای خیانەتیان لەگەڵدا بکرێ. بۆیە کاربەدەستانی تورك بەموافەقەتی( سوڵتان ڕەشادی پێنجەم) جۆرە یاسا و نیزامێکی ئەوتۆیان پێ ئیمزاکرد بۆ ڕاوەدوونانی کوردەکان و دەرکردنیان لەشار و گوندەکانی کوردستان و ڕاگوێزانیان لەولاتی باو و باپیریاندا بۆ شوێنە دوورەکانی ئەو ولاتە. بەپێی (ماددەی ٨) لەیاسای مامەڵەکردنی کوردە ڕاگوێزراوەکان. بەهیچ جۆرێ ئەو کوردانە بۆیان نەبێ بگەڕێنەوە بۆ هەوارگەی خۆیان، زێدی باو و باپیریان نەلەکاتی جەنگ و نەلەدوای جەنگیش، بەپێی ئەو یاسایە دەبوایە ناو و ناونیشانی ئەو کوردانە بنوسرایە و لەو شوێنانەدا بەگروپی بچوك بچوك نیشتەجێ بکرانایە و دوور بونایە لەیەکتر، لەو شارە دوورانەدا لەژێر چاودێری دەزگا جاسوسیەکاندا بونایە، بەپێی ( ماددەی ١٢)ی

ئەو یاسایەش دەبوایە ئەو کوردانە چەك بکرانایە و هەر (٣٠٠) کەسیان لە شوێنێکی زۆر دووردا نیشەجێ بکرانایە و پەیوەندیان بەیەکەوە نەبوایە. ئەم یاسایەش بۆ ئەوە بوو کوردەکان لە داهاتوویەکی نزیکدا بتوێنەوە بەزۆر بکرێن بەتورك. بەلام کاتێك تورکەکان بینیان ئەو هەموو کارە شۆڤێنزمانەیان کوردەکانی ناچار نەکرد واز لە زمانی خۆیان بێنن و

بەتورکی قسەبکەن، ئینجا پەنایان بۆ ئەوە برد زیاتر دووریـان بخەنـەوەبۆ شـارەکانی ڕۆژئـاوای ئـەنادۆڵ و هــەر (١٠) کـورد لـەنێوان (١٠٠) تـورك نیشــتەجێ بکــرێن، گــەر سەرپێچیەکیشــیان لێ دەرکــەوت، ئــەوا وەك ئەرمەنیەکان بەکۆمـەڵ لـەناوبېرێن. فەرماگـەکانی کـۆچ لەئەسـتەمبوڵ لـە سـاڵی (١٩١٥) نیشـانی دەدەن دەسـەڵاتدارانی تـورك لـەو سـاڵەدا (٧٠٠) هـەزار کوردیـان گواسـتۆتەوە بـۆ ڕۆژئـاوای ئـەنادۆڵ. کەچـی نیـوەی ئـەو ژمارەیە گەیشتۆتە ئەو شـارانە. ئەمـەش دەریـدەخا نیوەکـەی تـر هـەموو بەپێ ئەو ڕێگا سەخت و دوورەیان دەبڕی، لەو کۆڕەوە سامناکەدا ژیانیان لەدەست دابێ و سەرما و سۆڵە و برسێتی و ماندووبوون و نەخۆشـی قـڕی پێهێنـابن. بەمـەش تورکـەکان توانیـان سیاسـەتی لـەناوبردنی کوردەکـان جێبــەجێ بکــەن، هــەروەك لەوەوبــەر ئــەو سیاســەتەیان بەرامبــەر مەسیحیەکان و ئەرمەنەکان پیادە کردبوو.[١٤٥]

## ڕەنگدانەوەی ڕاپەڕینەکە لەڕۆژنامە و بڵاوکراوەکاندا

ئەگەرچی ڕاپەڕینەکەی مەلا سەلیم و شێخ شـەهابەدین و هاوڕێکانیـان کارێکی خۆکرد و هەڵچوونی ناخی هاووڵاتیانی کورد بـوو، دژی دەسـەڵاتی عوسمـانی بـۆ بەدەسـت هێنـانی مـافی نەتەوایـەتی کـورد، بـەڵام پـاش سەرنجدان لە بڵاوکراوەکانی ناو ئەو ڕۆژنامانە، دەردەکەوێ چۆن هیچیان بەشێوەیەکی ڕاست و بەمەبەستێکی پاك لەڕاپەڕینەکەی کـورد نـەدواون و هیچیان باسی ئەو هەموو جەور و ستەم و زۆرەی کاربەدەستانی تورکیـان

[١٤٥] د. وەلید حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤.

نەکردووە، کە گەلی کوردی والێکرد بوو دەست بداتە چەك و کوردیان بەوە تاوانبار کردبوو، دژی چاکسازی دەستووری بووە، و دەیانگووت کورد ڕێگایان لە کاربەدەستانی تورك گرتبوو ئەو کارە گرنگە بەئەنجام بگەیەنن، هیچیان باسی ئەوەیان نەکردووە ئەوەی دژی چاکسازی دەستووری بووە تورکەکان بوون نەك کورد، چونکە تورکەکان بوون لە بەڵێنەکانی خۆیان پاشگەز ببوونەوە بەرامبەر بەکورد، بەر لە چاکسازی دەستووری لەساڵی ١٩٠٨ بەڵێنیان بەکورد دابوو مافی خۆیان دەستگیر دەبێت، بەهۆی ئەوەوە بوو کورد بەوپەڕی دڵسۆزیەوە لەسەرەتادا هاوکار بوو لەگەڵ ژۆن تورك و ئیتحاد و تەرەقی بۆ سەرگرتنی یاسای چاکسازی دەستووری.[١٤٦]

ڕۆژنامەی ( العهد الحدیث)ی روسی لە ژمارە ١٣٦٦٢ ی ڕۆژی ٢٤- ٣- ١٩١٤ بەرپەرچی درۆ و دەلەسەکانی ئینگلیز و روسی دابووەوە، بەباسێك بەناوی کورد و ئەرمەنی، لەوەدا وتبووی هۆی ڕاپەڕینی

کوردەکان بەهۆی کاری خراپ و نالەباری کابەدەستانی تورکەوە بووە، بەئاشکرا باری ژیانی ناوچە کوردیەکانیان پشت گوێ خست بوو، جلیلی بۆ بەرپەچدانەوەی درۆ و دەلەسەکانی تورك و رووس وتوویەتی ڕۆژنامەکانی ئەرمەنیەکان لە هەموان باشتر و ڕاستتر هەواڵ و دەنگوباسەکانیان بڵاودەکردەوە و بەقوڵی چوو بوونە بنج و بناوانی هۆی ڕاپەڕینەکە.[١٤٧] نوسەرێکی وەکو (ناڤاساردیان)ی شارەزا بەڕووداوەکان

---

[١٤٦] د. وەلید حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤.

[١٤٧] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧٩.

ناوەڕۆکی باسەکانی ناو ڕۆژنامەکانی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکانی بەدرۆ دەخستەوە، کە وتبوویان ڕاپەڕینەکەی کورد ڕاپەڕینێکی کۆنەپەرستانە بووە لە کاتێکدا تورکەکان خۆیان لە هەموو کەس زۆرتر کۆنەپەرست بوون و دژی خواست و داخوازیەکانی ئەرمەنی بوون، بە پێچەوانەی ئەو ڕۆژنامانەوە بزوتنەوەکەی کوردی بەبزوتنەوەیەکی نەتەوایەتی حساب کردووە و وتوویەتی لە ناو کوردا ژمارەیەکی زۆری وا هەیە هەستی نەتەوایەتی پاڵی پێوەناون ڕێبازێکی شارستانی بگرنەبەر و بەشێوەیەکی مرۆڤانە ڕەفتار بکەن. هەمان نوسەر لەباسێکی تری دا بەناوی (ڕاپەڕینی کوردەکان یا کوشتاری ئەرمەنیەکان) وتوویەتی: " بزوتنەوەی کورد دژی ژۆن تورك بووە و دژی ئەرمەنی نەبووە و لەو ڕاپەڕینەی دژی حکومەت کردبوویان هیچ کوشتارێکیان لەئەرمەنی نەکردووە ئیتر ڕۆژنامە ئەوروپاییەکان ئەوەیان کرد بوو بەبیانوو بەڕاپەڕێنێکی کۆنەپەرستانەیان لەقەڵەم دابوو"[148]

نوسەرێکی تری ئەرمەنی (متراك) لەباسێکدا لە ڕۆژنامەی (مشاك) وتبووی دروشمی شەریعەتی ئیسلامی تەنیا ڕووی دەرەوەی ڕاپەڕینەکەی کورد بووە، لەڕاستیدا ناوەڕۆکەکەی بریتی بووە لە دەربڕینی هەستی نەتەوایەتی کورد. سەرنوسەری ڕۆژنامەی (مشاك) کە (ئاراکیلیان) بووە لە ڕۆژنامەکەیدا وتوویەتی: وردە وردە باری ڕاستی بزوتنەوەکەی کورد ڕوون دەبێتەوە و ئەو هەموو درۆ و دەلەسانەش ئاشکرابوون دژی ئەو ڕاپەڕینەیان بڵاودەکرایەوە، دەبێ بەدڵنیاییەوە بڵێین ئەو ڕاپەڕینەی کورد

---

[148] محەمەد رسول هاوار، هەمان سەرچاوە، ل ٣٨٠.

بزوتنەوەیەکی سیاسی بووە، بە هیچ جۆرێك بەلای چەتەگەری و ڕاو و ڕووت کردن و دەمارگیری ئاینی نەچووە و دەست درێژی نەکراوەتە سەر دانیشتوانی بێ تاوان ئەمە پێچەوانەی درۆ و دەلەسەی ئەوانەیەدەیانەوێ ناوی کورد بزڕێنن، ئەم ڕاپەڕینەیان بۆ ئەوە بووە ئۆتۆنۆمی بۆ نەتەوەکەی خۆیان مسۆگەر بکەن.[149]

هەروەکو لە کتێبی (العلاقات الدولة فی عهد الامبراتورية) بەرگی دووهەم، زنجیرەی سێیەم، لەلاپەڕ ٢٦٩ دا باسی ئیتحاد و تەرەقی کردووە چۆن هەموو جۆرە هەنگاوێکی نابوو بۆ ئەوەی ڕەگ و ڕیشەی ڕاپەڕینەکەی کورد نەهێڵێت، لە ٤- ٤- ١٩١٤ لە کۆبوونەوەیەك (مەدحت فکری) وتوویەتی لەدوای ڕاگەیاندنی دەستووری ساڵی ١٩٠٨ ژمارەیەکی کەم لە کوردە بەئەدەبەکان نەبێ ئەوانی تر هیچیان نەبوون بەلایەنگری ئەو دەستوورە، ئەمە بە هۆی هاندانی کامل بەدرخان و سمکۆ و ساویت بەگ بوو لەگەڵ چەند کوردێکی تردا لە ژێر سایەی پاراستنی باڵیۆزخانەی ڕووسدا بوون (مەبەستی مەلا سەلیم بووە).[150] یەکێك لەو ڕۆژنامانەی لەو کاتەدا کاریگەری هەبوو ڕۆژنامەی (ئاڕاڕات) باسی راپەرینەکەی بڵاوکردبووەوە لەبەرئەوە حکومەت بۆ سزای ئەو ڕۆژنامە ئەرمەنیە ڕۆژنامەکەی داخست).[151]

---

[149] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٠.
[150] محەمەد رسول هاوار، هەمان سەرچاوە، ل ٣٧٧.
[151] محەمەد رسول هاوار، هەمان سەرچاوە، ل ٣٧٦.

## هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی ڕاپەڕینەکە

١–ئـەو بزوتنــەوە و ڕاپەڕینانــە بەشـێوەیەکی گشـتی بریتیبــوون لــە دەربرینی بێزاری بەرامبـەر بـە جـەور و سـتەمی کاربەدەسـتانی تـورك لـە ڕاپەڕینەکەی مەلا سەلیم و شێخ شـەهابەدیندا زۆر تـر ڕەنگـی دابـووەوە، بـەڵام بەشـێوەیەکی گشـتی هـەموویان بـێ نەخشـە بـوون، هـەر یەکـەی لەناوچەیەکی تایبەتدا ڕوویداوە و پێوەندی بەناوچـەکانی تـرەوە نـەبووە، سەرکردە و عەشایرەکانی ناوچەکانی تر بەشێوەیەکی گشتی لەڕاپــەرین و بزوتنەوەیەکی تایبەتدا هاوکار نەبوون، ئەگەر چی لە زۆربەیاندا ئەوپــەری ئازایــەتی و لــەخۆبوردوویی و دڵسـۆزیەکی ئاشـکرایان تێـدا بـووە، بـۆ مەبەستیکی پیرۆز دەسـتیان پێکـراوە، بـەڵام هیچـیان لـە بزوتنەوەیـەکی عەشایری بەولاوە تێنەپەراند، لەزۆربەیاندا خیانەت و خۆفرۆشی هەندێ لە سەرکردەکانی کورد لە ناسکترین کـاتی ئـەو شـۆرش و ڕاپەڕینانـەدا بۆتـە هۆی دامرکاندنەوەی بزوتنەوەکە و دووبارە هـەموویان بـێ نەخشـەبوون و حسابی توانای دارایی و سوپایی نەکراوە لەلایەن شۆڕشگێڕەکانەوە. هـەر ئـەم بێنەخشـەییە بـوو، ئەگەرچـی مـەلا سـەلیم و هاوڕێکـانی ئازایـەتی و قارەمانێتی گـەورەیان نوانـد، بـەڵام لەهـەمان کاتـدا هەڵەیـەکی خۆکـوژی گەورە بوو بەئەنجامـدانی چـاکیەکی بـێ بەرنامـە ئەنجامەکـەی بەشکسـت دوایی هات، دەبوایە بەشێوەی تر بـەردەوام بوایـە تـاکو هـەلێکی لـەبارتر دەهاتە ئاراوە، بۆ ئەوەی توانیبای لە داهاتوودا تۆڵەی هاوڕێکانی بکاتەوە و ڕاپەڕینەکەی گەشە پێ بدایە، تاکو دوا قۆناغی ڕزگار بوون.

٢– شۆرشێك بەقەمە و شیر و تفەنگی ژەنگاوی کۆن کرابی، بە هیچ جۆرێك بەرگەی هێزی حکومەتی پڕ چەك و مەشق پێکراوی نەگرتووە و هەر لە سەرەتاوە ئەنجامەکەی دیارە بەزیانێکی زۆر کۆتایی بەو راپەرین و شۆرشانەوە دەهێنرا.(١٥٢) بەڵام کورد ناچاری ئەو شۆرشانە کراوە، لە پیش وەختی ئامادەبوون دەست بەو شۆرشانە بکات، لەلایەکی تریش دژایەتی زۆری دەوڵەتە گەورە و بریاربەدەستەکانی ئەو کاتەی دنیا وەك روسیا و بەریتانا و فەرەنسە دژی کورد کارەکەی بەرەو شکست دەبرد.

٣– هۆی سەرەکی سەرنەکەوتنی ڕاپەڕینەکەی کوردی لەوەدا بوو، راپەرینەکە لە رووی ڕێکخستنەوە لاوازبوو. نەبوونی ڕێکخراوێکی سیاسی و هێزێکی پڕ چەکی مەشق پێکراو لە هەموو ڕاپەڕین و بزوتنەوەکاندا دووبارە بۆتەوە و ئەوانەی لەیەکێك لەو ڕاپەڕین و بزوتنەوانەدا بەشداریان کردبێ، هەریەکەیان لە شوێنی خۆیدا بەشێوەیەکی عەشایری و هەڕەمەیی و ناوچەگەری بەشداری کردووە، هەر سەرۆکی عەشیرەتێکی بەشدار بوو کوژرابێ یا کۆڵی دابێ، یالەلایەن عوسمانیەکانەوە فریودرابێ و خۆی فرۆشت بێت، ئیتر هەموو چەکدارەکانی ئاشبەتاڵیان کردووە، بێ گومان بەشدار بووانی ئەو ڕاپەڕین و بزوتنەوانە ناکۆکی و دووبەرەکی لەناویاندا هەبووە، لەو ڕووەوە حکومەت بەپێی سیاسەتکی داڕێژراو توانیویەتی ئاگری دووبەرەکی و ناکۆکی نێوان شۆڕشگێڕەکاندا بەرپابکا و زۆر جار حکومەت بۆ تێکدانی کورد چاوی لە ڕەفتاری هەندێ دەرەبەگ و سەرکردەی عەشایری کورد پۆشیوە و ڕێگای پێداوە لەناوچەکەی خۆی بەئارەزووی خۆی زوڵم لە دانیشتوان بکا، بەوە حکومەت ئەو جۆرە

---

(١٥٢) محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٤.

کەسانەی کردووە بەدەسکەلای خۆی و لەکاتی پێویستدا بەکاری هێناون بۆ تێکدانی ڕیزەکانی کورد.

٤- پێشبڕکێی نێوان دەوڵەتە سەرمایەدارەکان بۆ ئەوەی هەر یەکەیان خۆی دەسەڵاتدار بێ لە کاروباری ئابووری و سیاسی دەوڵەتی عوسمانیدا، ڕووسیا و بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا...هتد، ئەوانە هەمیشە بەئاشکرا دژی هەموو بزوتنەوە و ڕاپەڕینەکانی کورد بوون، ئینگلیزەکان لەو بارەوە لە هەموویان زۆرتر سەرگەرم بوون، بەماوەیەك پێش دەست پێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی ئەڵمانیاش هاتبووە کایەوە، توانیبوویان تورکیا بەلای خۆیاندا کێش بکەن، دژی ئەوە بوون کورد ببێتە هۆی لاوازبوونی دەوڵەتی عوسمانی دۆستیان، کە نەخشەی شەڕی جیهانی لەلایەن ئەڵمانەکانەوە بۆ کێشرا بوو، ئەو دەوڵەتانە هەریەکەیان لەکاتی خۆیدا بەشێوەی تایبەتی خۆی گوشاریان خست بووە سەر تورکەکان، بەوپەڕی دڵڕەقیەوە لە کوردەکان بدەن، بۆ ئەوەی ئاسایش و ئارامی وڵاتی ئەو دۆستەیان نەکەوێتە مەترسیەوە.[١٥٣]

٥- هیچ دەوڵەتیکی ئەوروپایی پشتی راپەرینەکەی کوردی نەگرت، بەریتانیا لە هەموان زیاتر چاوی لەوەبوو راپەرینەکەی کورد لەناوبەریت. لەورۆژانەدا دیبلۆماسیەتی بەریتانیا پشتگیری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەکرد. بەنیازی ئەوەی دەسەڵاتی خۆی لە دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا بچەسپینێ. شتێکی ئاشکرایە، هەموو ئەو دەوڵەتە ئەوروپاییانەی دەستیان خستبووە کاروباری حکومەتی عوسمانیەوە، جگەلەوەی نەیان

---

[١٥٣] محەمەد رسول هاوار، مان هسەرچاوە، ل ٣٨٥.

ویستبوو بەهۆی کوردەوە ئاسایشی وڵاتی عوسمانی تێك بچێت. شتێکی تریش هەبوو هەر لەکۆنەوە بیریان لێ کردبووەوە کە بریتی بووە لەوە ڕێگا نەدرێ بەکورد خۆی بەهێز تر بکا لە هێز و دەسەڵاتی ئەو کریستیانانەی کە ماوەیەك بوو دەیان میسنێریان نارد بووە ناوچەکانیان و بنکەیان بۆ دروست کرد بوون و خستبوویانە مێشکیانەوە بەهیچ جۆرێك نەبن بەهاوکاری کورد لەڕاپەرین و شۆرشەکانیان، دژی حکومەتی عوسمانی، ئەرمەنی و ئاشووریەکانیش خۆیان لە هیچ بزووتنەوەی کورد نزیك نەدەکردەوە، لایان وابوو تەنیا دەوڵەتە ئەوروپاییەکان ئەوان رزگار دەکات، هەتا رادەیەکیش ئەو دروشمە ئاینیانەی لەهەندێ شۆرش و ڕاپەرینی کوردا بەرزکرا بووەوە بۆنی دژایەتی لێ هاتبوو بەرامبەر بەهەندێ لە کریستیانەکان، زۆر کاریگەر بووە لەسەر نەگرتنی هەوڵی پەیدا بوونی دۆستایەتی و هاوکاری کردنی کورد لەگەڵ کریستیانەکان بەشێوەیەکی ستراتیژی.

٦- یەکێ لە گرنگترین هۆکارەکانی ژێرکەوتنی ئەم ڕاپەڕینە وەك هەموو ڕاپەڕینەکانی بەر لەخۆی پەیوەندی بەوەوە هەبوو مەلا سەلیم بەهۆی بارودۆخی تایبەتی ناوچەکە کاتی دیاری کراوی ڕاپەڕینەکەی پێشخست. چونکە هێشتا وەك پێویست نەتوانرابوو، ئامادەکاری بکرێ. سەرەڕای ئەوەش شارەکانی تر بەشداریان لەڕاپەڕینەکەدا نەکرد و لاسەنگیەکی زۆر لەنێوان هێزە بەشەڕهاتووەکاندا هەبوو، جگەلەوەی هەندێ لە خێڵە کوردەکان بیرورا و بەرژەوەندی تەسکی عەشیرەت خوازی خۆیان لە سروشت و خواستی راپەرینەکە لا گرنگ تر بوو، بۆیە

شانبەشـانی هێزەکـانی ئیحسـان پاشـا دژی ڕاپەڕینەکـە شـەڕیان کـرد و پشتیوانیان لە داگیرکەران کرد. ئەگەر کوردەکان لەناو خۆیانـدا یـەکێتیان هەبوایـە ئـەوە لـەناوبردنی ئـەو راپەرینـە لەسـەر دەوڵـەتی عوسمـانی زۆر دەکـەوت.[١٥٤] بـەڵام وەك مـەلا سـەلیم لـەکاتی لەسـێردارەدانی ئامـاژەی پێدا، خیانەتی خائنانی ناوخۆی ڕاپەڕینەکە هۆکارێکی بەهێزی شکستەکە بوو.

٧- هەرچەندە مەلا سەلیم هەوڵی زۆریـدا بـۆ پـەیوەنـدی گـرتن لەگـەڵ مەزهـەب و دینـەکانی تـردا، بـەڵام ئـەو کێشـەیەی لـەنێوان (سـوننی) و (عەلەوی)دا بەهۆی دروست بوونی سوارەی حمیدیەوە پەیدا ببوو زیانێکی زۆری گەیانـد بـە شۆرشـەکانی کـورد، وەکـو دەردەکـەوێ لەشۆرشـەکانی شیخ سەعیدی پیران و هەندێ شۆرشی تردا، عەلەوییەکان بەشـدارنەبوون لەتۆڵـەی ئـەو ڕەفتـارە نارێکانـەی سـەرکردە سـونیەکانی نـاو سـوارەی حمیدیـــە بەهانـــدان و ڕاســـپاردەی تورکـــەکان دژی عەلەوییـــەکان کردبوویان.[١٥٥]

٨- نەبوونی یـەکیتی لـەنیوان کـورد و ئەرمـەن و عـەرەب و ئاشـووری دەورێکـی کـەمی بـۆ ژێرکـەوتنی ڕاپەڕینەکـەی کـورد نـەبوو. ئەرمـەن و ئاشووریەکانیش بەدوو دڵیەوە دەیانراوانیە بزوتنەوەکەی کورد. بـەریتانیا و ڕووسیا وەك هاوئاین سەیری ئەو کەمە ئاینیانەیان دەکـرد. بـەڵام لـەوە بـەولاوە داردەسـتیکی بەرژەوەنـدی ئیمپریالیسـتی خۆیـان بـن هیچـی تـر

---

[١٥٤] دکتۆر عبدالله عەلیاوایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٩.

[١٥٥] محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٦.

(١٥٦) عبدالله عەلیاوایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٠.

نەبوون. لەدوارۆژیشدا کە دیتیان بەکەڵکیان نایەن بێ سێودوو وازیان لێ هێنان.

٩- ناوچەکە چەند ململانێیەکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بەخۆوە دیوە، وەك ململانیی (ئێران- دەوڵەتی عوسمانی) و (ڕووسیا - دەوڵەتی عوسمانی) و هەوڵی بێ وچانی دەوڵەتانی ئەوروپا بۆ هێنانەکایەی ناوچەیەکی دەسەڵات بۆ خۆیان، لەو وڵاتانەی بەشێکی دەوڵەتی عوسمانیان پێکدەهێنا، لەوانە کوردستان، گەورەترین ململانێی نێوان بەریتانیا و روسیا و پاشان ئەلمانیاش وەك زلهێزێك هاتەسەر شانۆی سیاسی ناوچەکە.[١٥٦]

١٠- بەهۆی سەرکردایەتی کردنی دەرەبەگەکان و دەسەڵاتیان لەجوڵانەوە و ڕاپەڕینەکانی نیشتمانیدا بەشێوەی خێڵەکی بەرهەمێکی شومی هەبوو، چونکە زۆرجار زوو گەشەی کرد و لەهەمان کاتدا هەر بەنەمان یا کوژرانی سەرۆکی ڕاپەڕین، ڕاپەڕینەکەش لەنێو دەچوو. زۆرجاریش سەرۆکەکان لەبەر پاش کەوتوویی و نەخوێندەواری بوونە قوربانی نەخشە و پیلانەکانی ئیمپریالیزم و فریویان خواردووە. یەکێك لە کۆسپەکانی جوڵانەوەی نەتەوایەتی کورد ئەوەبوو لە کاتێکدا دەبوو سەرۆکەکانی تەنانەت ڕێزەکانیشی شارستانی و خوێندەواربن، هێزی شەڕکەری لەعەشیرەت و سەرۆك عەشیرەتەکان پێك دەهات، کە ئاسۆی بیرکردنەوەیان زۆر تەسك بوو، تەنیا تاڵان کۆکردنەوە و کزکردنی دەسەڵاتی حکومەتیان بەلاوە گرنگ بوو.[١٥٦]

---

[١٥٦] د. عبدالرحمن قاسملو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٧.

## ئەنجام

مەلا سەلیم و هاوڕێکانی بەوپەڕی گیانی لەخۆبوردوویی و قارەمانێتی هەوڵی ڕزگارکردنی کورد و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەرخۆیان دا بۆ نەتەوەی کورد، بەڵام بەهۆی چەندین هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی ئەو ڕاپەڕینە ئامانجەکانی نەپێکا و شکستی هێنا، لەگەڵ ئەوەی بزوتنەوەی کوردەکان هەر بەپارچە پارچەیی و سەرپێی مایەوە و کاریگەری خراپی لەسەر ڕەوشی سەربەخۆیی و بەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی کورد هەبوو، ڕاپەڕینی بدلیس بەسەرکردایەتی مەلا سەلیم ئەگەرچی تەمەنی درێژخایەن نەبوو بەشکست و لەناوچوون کۆتایی هات، بەڵام تائاستێکی زۆر ئاماژەی دا بەسەرەتای هاتنی قۆناغێکی تر لەبزوتنەوەی نیشتمانی کورد زیاتر گەشە بکات و پێی بگەیەنێ، هەروەها بەشداری کرد لە

خێراکردنی پرۆسەی داڕوخانی ئیمپڕاتۆریـەتی عوسمـانی، لەڕاسـتیدا وەك دەگووترا بەندیخانەیەکی ڕاستەقینەی گەلان بوو لەوانەش گەلی کورد.

ئەم ڕووداوانە ڕاستەوخۆ ڕەنگدانـەوەی هـەبوو لەسـەر بـارودۆخی نێـو دەوڵەتی و تەواوی هەرێمـەکانی ژێردەسـەڵاتی ئیمپڕاتۆریـەتی عوسمـانی. چـونکە لــە هاوشــانی کوردەکــان کەمــە نەتەوەیــەکانی مەســیحی و ئەرمەنـەکان و ئاشـووریەکان لـەو ناوچـانەدا نیشـتەجێ بـوون، ئـەوانیش هوشــیاربووبوونەوە و داوای ســەربەخۆییان دەکــرد. ڕووســیا و وڵاتــانی گـەورەی ڕۆژئـاواش بـۆ قۆزتنـەوەی ئاڵۆزیـەکانی ئـەم ناوچـەیە بەتونـدی دەسـتیان خسـتە نـاو کاروبـاری دەوڵـەتی عوسمـانی لـەژێر پـەردەی پارێزگاری کردن لەمافی مەسیحیەکان و بەتایبەت ئەرمەنەکان، ئەم هاتنە ناوەوەی ئەو وڵاتانە بارودۆخی کەمە نەتەوەییەکانی نەگۆڕی بۆ حـاڵێکی باشتر، چـونکە هـەموو وڵاتـانی گـەورە و بڕیاربەدەسـتی ئـەو کاتـە زیـاتر بـەدوای بەرژەوەنـدی تایبـەتی خۆیانـدا وێـڵ بـوون نـەك مـافی گـەلانی ژێردەستەی عوسمانی. فەرەنسا و بەریتانیاش هاوپەیمانی ڕووسـیا بـوون هـیچ هاوکاریـەکیان نـەکرد لــە گوشــار خستنەســەر ئەســتەمبوڵ بــۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد و ئەرمەنیـەکان. لەترسـی بـەهێز بـوونی دەسـەڵاتی ڕووسـی لەناوچـەکانی کـورد و ئەرمەنییـەکان لەرۆژهـەڵاتی ناوەراست . لەبەر ئەوە لەو کاتەدا بارودۆخەکە هەر بەهەڵواسراوی مایەوە تاکو کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی و دابەشـکردنی دەوڵـەتی عوسمـانی لەلایەن وڵاتە زلهێزەکانەوە.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوە کوردیەکان

١- ئیسماعیل بێشکچی، تێزی مێژووی تورك تیۆری زمانی خۆر و کێشەی کورد، و: ئاسۆس هەردی ، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠١.

٢- بوار نورەدین، میرعەبدال خانی بدلیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٧، سلیمانی

٣- جەعفەر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، سلێمانی ٢٠٠٤.

٤- حسن علی خانی گەروسی، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لەبەڵگەنامەکانی قاجاری دا، وەرگێڕانی محەمەد حەمە باقی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٧.

٥- د. عبدالرحمن قاسملو، کوردستان و کورد، و: عبداللە حسن زادە، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٦.

٦- د. فەرهاد پیربالّ، سولّتانە عوسمانیەکان، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٧.

٧- دکتۆر جەلیلی جەلیل، ڕاپەڕینی کوردەکان سالّی ١٨٨٠، وەرگێڕ لەرووسیەوە: دوکتۆر کاوس قەفتان، چاپخانەی الزمان-بەغدا، ١٩٨٧.

٨- دکتۆر عبدوللا عەلیاوەیی، کوردستان لەسەردەمی دەولّەتی عوسمانیدا، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەلاّت، هەولێر ٢٠٠٤.

٩- دکتۆر عەزیز شەمزینی، جولاّنەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان، و: فەرید سەسەرد، چاپی چوارەم، سلێمانی ٢٠٠٦.

١٠- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی گەلی کورد، ئامادەکردنی: عەبدوڵڵا زەنگەنە، چاپی یەکەم ، بەرگی دوەەم ، هەولیر ٢٠٠١.

١١ – د. وەلیـد حمـدی، کـوردو کوۆدسـتان لەبەڵگەنامـەکانی بـەریتانیادا، و:محەمەد نوری تۆفیق، چاپخانەی ئۆفسێتی تیشك، سلێمانی١٩٩٩.
١٢– دیوانی حاجی قادری کۆیی لێکۆڵینـەوە و لێکدانـەوەی : سـەردار حەمیـد میران– کەریم مستەفا شارەزا–سنه ٢٧٠٧ کوردی.
١٣– سیسیل جۆن ئیدمۆنـدس، کـورد تـورك عـەرەب، ورگێڕانـی لەفرسـیەوە: حامید گەوهەری، چاپی دووەك ، هەولێر ٢٠٠٤.
١٤– شرفخانی بدلیسی، شرفنامه، و:هەژار، چاپی دووەم، تاران ١٩٨١.
١٥– شێخ محەمەد مەردۆخی کوردستانی، مێژووی کورد و کوردستان، و: زانەر محەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠١١.
١٦– عەبدولعزیز یامولکی، بیرەوەریەکانی عەبدولعـەزیز یـامولکی، وەرگێڕانـی: سدیق سالح، ١٩٩٩.
١٧– عبدالرقیب یوسـف و سـدیق سـاڵح، بیرەوەریـەکانی ئەحمـەدی حـەماغای پشـدەری تۆمـارکردن و ئامـادەکردنی: عبـدالرقیب یوسـف، سـدیق سـالح، سلێمانی، ٢٠٠١.
١٨– عەلی وەردی، چەردەیەکی کۆمەڵایەتیانە لەمێژوی نویی عیراق، و: غـەفور ساڵح بەرگی سییەم.
١٩– عـەلی وەردی، چـەردەیەکی کۆمەڵایەتیانـە لەمێـژووی نـوێی عـیراق، ، و: غەفور ساڵح عەبدوڵڵا، بەرگی سییەملەسالی ١٨٧٦–١٩١٤.
٢٠– کامەران محەمەد حاجی، کوردستان لەبازنەی کێشـەی ڕۆژهەڵاتـدا ١٨٠٠–١٩٠٠، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٧.
٢١– گیلان، کوردەکـانی ئێـران و هێرشـی عوسمـانی، وەرگێڕانـی لەفەڕەنسـی یەوە نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپی یەکە، سلێمانی ٢٠٠٤.

٢٢– گۆران ئیبراهیم ساڵح، کەرکوك لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیـدا لـەنێوان ساڵانی ١٨٧٦–١٩٠٩ز، سلێمانی ٢٠٠٧.
٢٣– محەمەد ئەمین زەکـی بـەگ، خولاصـەیەکی تـاریخی کـورد و کوردسـتان، سەرجەمی بەرهەمی محەمەدئـەمین بـەگ، ئامـادەکردنی: رەفیـق سـالح، چـاپی چوارەم، سلیمانی ٢٠٠٦.
٢٤– محەمـەد حەمـە بـاقی، شۆرشـی شـێخ عوبەیـدوڵڵای نـەهری ١٨٨٠ لـە بەڵگەنامەکانی قاجاریدا، چاپی یەکەم هەولێر ٢٠٠٣.
٢٥– محەمەد سالّح ئاکرەیی، کورد و دەوڵەتی سەربەخۆ بەپێی بەڵگەنامـە نێـو دەوڵەتییەکان، چاپی یەك، دهۆك ٢٠٠٧.
٢٦– محەمەد ڕەسوڵ هاوار، کورد و باکوری کوردستان لەسەرەتای مێـژووەوە هەتا شەری دووهەمی جیهان، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، ٢٠٠٦.
٢٧– مارتین ڤان برونەسـن، ئاغـاو شـیخ و دەولـەت، و: د.کـوردۆ عەلی،بـەرگی یەکەم، سلێمانی ٢٠١٠.
٢٨– محەمـەد حەمـە بـاقی، ڕاپـەڕینی هـەمزاغای مـەنگوڕ لەبەڵگەنامـەکانی قاجاریدا ١٨٥٤– ١٨٨٠، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٢.
٢٩– مامخـان شـێروانی، بـارزان و ڕەچـەڵەکی بارزانیـان، چـاپی دووەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٥.
٣٠– نـەجاتی عەبـدوڵڵا، شۆرشـی عوبەیـدوڵلای نـەهری لەبەڵگەنامـەکانی فەرەنسیدا (١٨٧٩–١٨٨٢)، سلێمانی ٢٠٠٤.
٣١– ن. لازاریـف، مێـژووی کوردسـتان، و:وشـیار عەبـدوڵڵا سـەنگاوی، هـەولێر ٢٠٠٨، چاپخانەی رۆژهەلات.

٣٢ –نەوشیروان مستەفا، چەند لاپەرەیەك لەمیژوی رۆژنامەوانی کوردی ، ١٨٩٨–١٩١٨، ب١ سلیمان ٢٠٠١.
٣٣– نێلیدا فوکارۆ، کوردانی سوریا لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسیدا، وەرگێڕانی لە ئەڵمانیەوە: هەڵۆ بەرزنجی، سلیمانی ٢٠١٢.
٣٤– هەستیار کەمال کوردی، سیاسەتی رووسیای قەیسەری بەرامبەر بەکورد(١٨٥٠– ١٩١٤)، سلێمانی ٢٠١١.

**سەرچاوە عەرەبیەکان**

١–أرکان حمةأمین الزرداوی، نشأة وتطور الجمعیات والاحزاب والتیارات السیاسیةالکوردیة فی العراق.طبعة الاولی ، بغداد ٢٠٠٩.
٢– الدکتور فرست مرعی، تأریخ التبشیر المسیحی فی کردستان، السلیمانیة ٢٠١١.
٣– باسیلی نیکیتین، الکرد– دراسة سوسیولوجیة وتأریخیة، المترجم فی الفرنسیة: الدکتور نوری تالبانی، طبع الثاثة، السلیمانیة ٢٠٠٧.
٤– د. سعد بشیر اسنکندر ، الدیمقراطیة وحق تقریر المصیر القومی،السلیمانیة، ٢٠٠٤.
٥– د. فاضل رسول، کردستان والسیاسة السوفیتیة فی الشرق الاوسط، ترجمة عن الالمانیة: غسان نعسان، ٢٠٠٨.
٦– عبدالرزاق محمود القیسی، محطات اثرت فی حیات الکورد وحرکاتهم القومیة، السلیمانیة ٢٠١١.

٧- غسان نعسان، مسالة ابادة الارمن امام المحكمة أو قضيةطاعت باشا، الطبعة الثالثة، السنة ٢٠٠٩، ، ص ٥٢.
٨- فواد على احمد، الاتصال السياسى فى الاحزاب الكوردية، السليمانية ٢٠٠٩.
٩ - كنياز ابراهيم ميرزويف ، موسوعة الكرد الصغرى، السليمانية٢٠٠١.
١٠- مجموعة من الباحثين السوفيت، تاريخ توركيا المعاصر، ترجمة: الدكتور هاشم صالح التكريتى، السلمانية، ٢٠٠٧.

**گۆڤار**

١- اسماعيل حقى شاوەيس، مير عەبدولرەزاق بەدرخان، گۆڤارى رۆژى نوى، ژ٧ سالى ١ تشرينى ١٩٦٠. ئامادەكردنى :د.هيمدادى حوسين، بەرگى دووەم، هەولێر ٢٠١١.
2- اسماعيل حقى شاوەيس، مێژووى نەتەوەيەك-كۆمەڵى كوردستان، گۆڤارى رۆژى نوى، ژ٦ سالى ١ ئەيلولى ١٩٦٠، ئامادەكردنى: د.هيمدادى حوسين، بەرگى دووەم، هەولێر ٢٠١١.
٣- اسماعيل حقى شاوەيس، ناودارانى كورد -مەلا سەليم، گۆڤارى ڕۆژى نوێ ، ژ ٨ سالى ١، تشرينى دووەمى ١٩٦٠، ئامادەكردنى :د.هيمدادى حوسين، بەرگى دووەم، هەولێر ٢٠١١.
٤- د. جەليلى جەليل راپەرينى ١٩١٤ ى بەدليس، گۆڤارى پەيڤين و: سديق سالح ، ژ ٨ ساڵى ٢٠٠٠، ل ٢٠٤-٢٠٥.
٥-مصطفى محمد كريم، جەنگى (قەرم) ١٨٥٣- ١٨٥٦ ز هۆكار و دەرەنجامەكانى، گ. مێژوو، ساڵى سێيەم، ژ١٠ بەهارى ، ٢٠٠٩ .

٦- م.کامەران محەمەد حاجی، کوردستان لەیاداشتی چەند گەریدەییەکی رووسیدا، گ. مێژوو سالی سییەم ژ٩ زستانی ٢٠٠٩.
٧- هوگر طاهر توفیق، مجلە کورد تعاون و ترقی غەزتسی ١٩٠٨- ١٩٠٩، گۆڤاری مێژوو، ساڵی یەکەم، ژ ٣ هاوینی ٢٠٠٧.

**ڕۆژنامە**

١- ئومید عوسمان، کورد و ئەرمەن لە یادوەری یەکتر دا، کوردستانی نوی،٦٠٤٨، پینج شەمە، ١١-٤-٢٠١٣.

**ئینتەرنێت**

١- لە١-٨-٢٠١٣ سایتی شار پریس www.Shar press
٢- جەبار قادر، کوشتاری ئەرمەن و باری ئەوڕۆی کورد لەتورکیا،. www.Dengekan.com
٣- یاسین کەریم، چارەنوسی ٣ میللەتی جینۆساید کراو، ١٩-١٠-٢٠١٢، www.kurdstanpost.com.